





سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- شەهین تاڵەبانی: هونەرمەند ئەو کەسەیە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی بێت........................................................................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٤
٢- خامنەیی تاجی ڕێبەری جیهانی ئیسلام دەنێتە سەری خۆی............ و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن پوور ..... ١٠
٣- دیاریی کۆماری ئیسلامی، مەرگ و وێرانی!........................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٣
٤- هەر کەس شەڕخواز نەبێ "حەیوان"ە!.................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٧
٥- هەواڵی ساختە چەکێکی ستراتیژی ڕێژیمە تۆتالیتارییەکانە................................ ئازاد مستۆفی ..... ٢٠
٦- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ؟........................................................... ئەلبورز ڕووئین‌تەن ..... ٢٨
٧- مەستانەوێژی شەیدای چیا (شەهید محەممەد خودامرادی)........................................ برایم چووکەڵی ..... ٣٢
٨- پەیامی پیرۆزبایی ناوەندیی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان.......................................................... کوردستان میدیا ..... ٣٥
٩- سێبەری قورسی شەڕ بەسەر ئێرانەوە........................................................ مەنسوور مرووەتی ..... ٣٧
١٠- ئاخۆ ئێران دەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ حیزبوڵڵا بدۆزێتەوە؟.................................... د. شوکریە برادۆست ..... ٤٠
١١- شێعر چییە؟.......................................................................... ئاکۆ ئەلیاسی ..... ٤٤
١٢- خەمی مرۆڤ نییە، خەمی هیلالی شێعەیە.................................................... هەردی سەلیمی ..... ٤٨
١٣- ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ........................................ د. ئەحمەد محەممەدپوور ..... ٥١
١٤- داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان.......................................... سمایل شەرەفی ..... ٥٧
١٥- خولانەوە لە بازنەی شەڕدا................................................................ سمایل شەرەفی ..... ٦٥
١٦- کێ خراپی لێک داوەتەوە؟................................................................ عەلی بداغی ..... ٦٨
١٧- دەوڵەتی پزشکیان پاش دوو مانگ............................................................ هەردی سەلیمی ..... ٧١
١٨- هاواری نەبڕاوەی ژنان لە بێدادیی کۆماری ئیسلامی............................................ سمایل شەرەفی ..... ٧٤
١٩- ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بەرە.............................................................. شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٧
٢٠- کاریگەرییەکانی سەرکەوتنی ترامپ لەسەر ئابووریی ئێران...................................... شارۆخ حەسەن‌زادە ..... ٨٠
٢١- دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە............................................. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ٨٣
٢٢- ڕێبەری بێ بەرپرسایەتی.................................................................... مەجید حەقی ..... ٨٦



سەرچاوە
Serchawe

٢٣- گۆڕەپانی فیناڵ........................................................... کەریم پەرویزی ..... ٨٩
٢٤- ڕەوتی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە، چارەسەری یا مەترسی!........................ ئەلبورز ڕووپین‌تەن ..... ٩٣
٢٥- هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید غەفوور هەمزەیی).............................................. برایم چووکەڵی ..... ٩٨
٢٦- مەیسەم موڕادی: ئیسرائیل بە پلانی "نەزمی نوێ" دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان دارمانی یەکجاری بکات.................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٠٢
٢٧- بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان سەرەڕای مەترسیی شەڕ........................................... هەردی سەلیمی ..... ١٠٩
٢٨- نبەشدارکردنی کەمینەکان لە دەوڵەتی پزشکیاندا، مەبەست و دەرەنجام......................... حەسەن واژی ..... ١١٢
٢٩- ئەمریکا و سەهیۆنیزم لەمەودوا تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن................................... دارسمە ..... ١١٥
٣٠- دوو ڕووداو................................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١١٨
٣١- کاتێک مووشەک تەرەقەیە و چەند تاڵێکی فڕ هۆکاری ڕووخاندن!......................... ڕەزا دانشجوو ..... ١٢١
٣٢- خوێن لەبری نان: کار - مەرگ، جەستەی ناسەرەوەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات .. د. ئەحمەد محەممەدپوور .. ١٢٤
٣٣- بودجەیەک لە پێناو هەژارترکردنی خەڵک و بەهێزترکردنی سپای پاسداران................. سولێمان تاشان ..... ١٢٩
٣٤- سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لەنێوان ئیسلام و تورکبووندا................................. ئاگری ئیسماعیل‌نژاد ..... ١٣٤
٣٥- ئازادیی سیاسی وەک پێشمەرجی بووژانەوە و پەرەپێدانی ئابووری.......................... ناسر ساڵحی‌ئەسڵ ..... ١٣٩
٣٦- ولایەت بیمار.................................................................................. پژمان شەریعەتی ..... ١٤٣
٣٧- پرسی کورد وەک دەرفەت، لە هەموو بەشەکانی کوردستان.................................... فەتاح ڕەسووڵی ..... ١٤٦
٣٨- هەلومەرجی ئێران هەر ئینقلابییە.......................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٥٠
٣٩- گۆشت مەخۆن و خۆتان گەرم داپۆشن!.................................................... عەلی بداغی ..... ١٥٣
٤٠- ڕوانگەی ستراتێژیک......................................................................پژمان شەریعەتی ..... ١٥٦
٤١- خەسارناسییەک بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا......................................... هەردی سەلیمی ..... ١٦١
٤٢- مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات................................................................ هەڤپەیڤین: عەلی بداغی ..... ١٧١
٤٣- چارەسەری سەرەکی هەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە........................ ڕەحمان گەورکی ..... ١٧٦
٤٤- حیجابی میلیاردی!........................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٧٩
٤٥- چۆن ئێران بۆ سەر ئیسرائیل شکستی هێنا؟.............. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەن‌پوور ..... ١٨٢
٤٦- سارۆ خوسرەوی: گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت......... ............................................................................ وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١٨٧

# شەهین تاڵەبانی: هونەرمەند ئەو کەسەیە بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی بێت



**دیمانە: شەهرام سوبحانی**

**ئاماژە:**

**هونەر و مۆسیقا شێوازێکن لە دەربڕینی هەست و سۆزی مرۆڤەکان کە قەڵەم و وشە لە ئاست دەبڕینی ئەو هەست و سۆزانە بێ ئاکام ماوەتەوە. وەکوو چۆن دەڵێن: "لە شوێنێک کە وشە کەم دێنێ، ئەو کاتەیە کە مۆسیقا دێتە مەیدان و ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ" هونەرمەندانیش وەک ئەکتەری سەرەکی ئەم شانۆیە بە بزواندنی هەستی خەڵک و خولقاندنی دەیان ئەسەری سرنجڕاکێش ڕۆڵێکی سەرەکی لەم بەشەدا دەگێڕن. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە دنیای هونەر و ژیانی هونەرمەندان دیمانەیەکی لەگەڵ هونەرمەندی ناوداری کوردستان خاتوو "شەهین تاڵەبانی" پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو شەهین لەگەڵ ئەوەدا جەنابت یەکێک لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستانی، بەڵام با لە زمانی خۆتانەوە سەرەتا باسێکمان هەبێت لە ژیانی هونەریتان، لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی ئەو ژیانە هونەری و پڕ بایەخەتان. و ئەوەیکە چۆن بوو کە هاتنە نێو دنیای هونەر؟

**شەهین تاڵەبانی**: لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستی ئاراستەی جەنابتان، دەسخۆشی‌تان لێ دەکەم کە ئەم دەرفەتەتان بەمندا کە بتوانم لە خزمەتتاندا بم. من هونەرمەند شەهین تاڵەبانیم با لێرەوە دەست پێ بکەم کە هەر منداڵێک لە تەمەنێکا پێی ئەزانن کە چە بەهرەیەکی هەیەو تواناییەکانی چین، من لە کلاسی دوو و سێی سەرەتایی مامۆستای کلاس ئاگادار بوو کە دەنگێکی تایبەتم هەیە، ئەو کاتانە لە هەفتا یەک ساعەت بەرنامەی مۆسیقامان بوو و زۆر کات مامۆستا داوای لە من دەکرد کە گۆرانی بڵێم، جارجاریش لەمەودوا بەرنامەیەک بوو بە ناو بەرنامەی "کودک" من بەشداریم ئەکرد و کلاس سێ و چوار تا پێنج و شەشیشی سەرەتایی هەروا بەرنامەیەکی دیکە بوو کە من بەشداریم ئەکرد لە ناو مەدرسەکەمانا. بەڵام کاتێک گەورە بووم و چوومە قۆناغێکی دیکەی خوێندن" ڕاهنمایی" ئیتر دوازدە، سێزدە ساڵە بووین وهەستمان کرد کە بۆ کچ گۆرانی خوێندن لە بازێ جێگەگەلا باش نییە و بە عەیبیان دەزانی، منیش ئیتر دووریم کرد لە بەرنامەکان. و ئەگەر داوایان بکردای کە بچم لە حزووری خەڵکا گۆرانی بلیم ئیتر نەدەچووم، بەڵام کە چوومە دەبیرستان بەس بۆ ڕەفێقەکانی خۆم جار جارێک گۆرانیم بۆیان ئەخوند تاکوو کلاسی نۆ یانێ سێ ساڵ لە دەبیرستان تەواو بوو دوای ئەوە من لە ئیمتحانێکدا بەشداریم کردوو و قەبووڵ بووم بۆ ئەوەیکە دەرسی مامۆستایەتی بخوێنم، بەمجۆرە بۆ دوو ساڵ لێنیچە کە ئیتر کچێکی گەورە بووین وهێشتا هەر جوان نەبوو لە زۆربەی جێگە تۆ لە بەرانبەر خەڵکا گۆرانی بڵێت بەڵام هەروا لەو دوو ساڵەدا بۆ هاوڕێیەکانم گۆرانیم ئەخوەند ئەو کاتە ١٧ ساڵەم بوو کە بەرنامەیەک پێش‌هات کە بۆ یەک هەفتە بچینە سەیرانێک بە ناوی "ئاویەر" لێنە هەفتەیەک بوو مامۆستاکان کە قەرار بوو ببین بە مامۆستای داهاتوو بەرنامەمان بوو دوای ئێواران کە دەرسمان تەواو ئەبوو لە دەوری یەک جەم ئەوینەو گۆرانیمان ئەوت تاکوو ئێوارەیەک بەڕێزێک هات وتی: من "عەباسی کەمەندی"م ناوە و لە ڕادیۆ کار ئەکەم. گوێی لە دەنگم بوو، قاوی لێم کرد وتی: "من حەز ئەکەم بیت ببیتە گۆرانیبێژ و لە ڕادیۆدا گۆرانی بڵێت" بەڵام من پێمخۆش بوو کە جوابی بدەمەوە و بڵێم نابێت کەی بۆ کچ لێرا ئیسە لەم تەمەنا بەتایبەت لەناو کوردەواریدا ئەبێت گۆرانیبێژیت. وتێ: ئەوە "فەتانە" گۆرانی ئێژێت قەیچی ئەکات. منیش وتم: نە، من ئەو کارە ناکەم. ماوەیەکی زۆر هەرهات، هەر چوو، هات بۆ ماڵمان وتی: کە عەیب نییە و تۆ دەبێ گۆرانی بڵێی و گۆرانییەکم هەیە بەناو "سەبری گوڵفرۆش" پێمخۆشە تۆ بیخوێنی. کاک عەباسی کەمەندی بۆ ماوەی پێنج بۆ شەش مانگ هەرهات و هەر ڕۆیشت تاکوو ڕازی بووم. هەرچەند کە بنەماڵەی خۆم ئەهلی هونەر بوون. بەڵام بۆ ئەوانیش قسەی خەڵک کاریگەری خۆی هەبوو، من دوای پێنج بۆ شەش مانگ ڕازیم بووم کە بیخوێنم، بەڵام بە شەرتێک کە ناوی من بگۆڕن بە ناوی " ویدا" ئەویش خۆشکێکم بوو کە ئەو کاتە زۆر منداڵ بوو و قەبووڵیان کرد و گۆرانی "سەبری گوڵفرۆش" یەکەم گۆرانی بوو کە کاک عەباسی کەمەندی ئامادەی کردبوو و ئێمە ڕۆیشتین بۆ پرۆڤەکردن و دوای چەن ڕۆژێک لە ڕادیۆی سنە لەگەڵ گرووپی مۆسیقای ئەو کات کە بەداخەوە ناوەکەیم لەبیرنەماوە تۆمارمان کردوو و گۆرانی "سەبری گوڵفرۆش" هاتە بەرهەم و دوای چەن ڕۆژ دەنگدانەوەی زۆری لە سنە و شارەکانی دیکە هەبوو و زۆربەی جێگەکان حەزیان لێ بوو و خەڵک دەیانگوت داخۆم ئەوە کێیە ئەو گۆرانییەی خوێندووە و نەیاندەزانی منیش بە کەسم نەدەگوت کە ئەوە من بووگم، دوای



سەرچاوە
Serchawe

ئەویچە ماوەیەکی پێچوو تازە چووومە ناو کلاس و مامۆستا بووم، منداڵێک گۆرانییەکی خوێند بە ناو " دوێشەو خەوم دی دووروا بیماری" زۆر مێلۆدییەکەیم پێ خۆش بوو، منیش پێوەندیم بە کاک عەباس کەمەندییەوە گرت و وتم: ئەم مێلۆدییەش جوانە بەس شێعرەکانی بگۆڕین بە فۆلکلۆر ئەو گۆرانییەشم تۆمار کرد. و ئیتر دوای ئەو دوو بەرهەمە گۆرانیم نەخوەند لە سنە نەمام و قسمەت وابوو کە بچم بۆ تاران.

**شەهرام سوبحانی**: هەر هونەرمەندێک بە ئاوازێک یان بە بەرهەمێکی جیاواز جێگەی تایبەتیی خۆی لەنێو دڵی خەڵکدا دەکاتەوە. پێتان وایە کام بەرهەمی هونەریی ئێوە توانیویەتی زۆرترین کاریگەریی لەسەر خەڵک و بەردەنگەکانتان بکات؟ بۆ؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو گۆرانییەی کە حازر بووم و ڕازی بووم بیخوێنم یەکەم گۆرانی بوو کە بە ناوی" سەبری گوڵفرۆش" ئەو کات ئێمە لەگەڵ کاک عەباس کەمەندی لە ڕادیۆی سنە تۆمارمان کرد. ئەڵبەتە لە کاتێکا ئێمە لەگەڵ کاک عەباس کەمەندی پڕۆڤەمان ئەکرد هەر ئەو کاتە گرووپی مۆسیقا وتیان: زۆر زۆر جوان ئەوێت کە بە دوو قۆڵی بیخوێنن. کاک عەباس کەمەندی بە ڕەحمەت بێت وتی: "نەوڵڵا من ئەو کارە ناکەم، ئەو بۆ خۆیی دەنگی زۆر خۆشتر لە دەنگی منەو بۆ ئەو کارە حەیفە با هەر بۆ خۆیی بیخوێنێ". بەڵام گرووپی مۆسیقا وتیان: ئێوە دووبارە بیخوێنە و با ئێمە گوێمان لێ بێ. خوێندمانەوە دووبارە گرووپی مۆسیقا ئیسراریان کرد کە نابێ، دەبێ بە دوو قۆڵی بیخوێنن و شتێکی جیاوازە و زۆریش جوان ئەبێت. ئیتر بەو جۆرە ڕازی بووین هەردووکمان بە یەکەوە دوو قۆڵی ئەو گۆرانییەمان بە ناو "سەبری گۆڵفرۆش" خوەند. بەڵام بەڕاستی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە هەموو ڕۆژێک چەندین جار ڕادیۆ لە هەموو لایکەوە بڵاوی ئەکردەو، و تەنانەت تا "قەسرشیرین" و "کرماشان" و تەنانەت ئەو بەرهەمە توانی سنووری ڕۆژهەڵاتیش تێپەڕبکات و بگاتە باشوور.

**شەهرام سوبحانی**: با لە زمانی شەهین تاڵبانیەوە ببیستین کە هونەرمەند کێیە؟ و بە کێ دەوترێت هونەرمەند؟

**شەهین تاڵەبانی**: هەروا کە وتم لە منداڵییەوە هەر منداڵێک بۆ خۆی ئەگەر لە هەر بوارێکدا بەهرەیەکی هەبێت نیشانی ئەدا و ئەزانێت کە چ توانایەکی هەیە. ئێستا ئەو تواناییە چ بەشی مۆسیقا بێت یان گۆرانی، یا شێعر و... بەگشتی دەتوانم بێژم کە جەوهەرەی ئەو شتە لە ناخیاندا خۆی نیشان ئەدات و دەریدەخات کە مایەی هونەرمەندبوونی تێدایە یان نە، و ئەتوانم بێژم کە هونەرمەند ئەو کەسەیە کە "داهێنەر بێت و داهێنانی نوێ بکات " ئەو کەسەیە کە تەواوی وجودی، ئێحساسی لەسەر کارێک کە سوودمەند بێت بۆ وڵاتەکەی بۆ خەڵکەکەی تەرخانی بکات یان بە واتایەکی تر بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوەکەی بێت. و هەر وڵاتێک ئەگەر بتوانێ لە هەموو بوارێکی هونەردا گەشە بکات ئەو وڵاتە دەوڵەمەند دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئەو وڵاتە بناسن. بە بڕوای من هونەرمەند ئەبێت

کارێک کە ئیکات ئیمانی پێ بێت و بەو جۆرە کارەکەی بەدڵی خەڵک و سوودمەند ئەبێت یان بە واتایەکی تر ئەتانم بێژم کە " قسەی دڵی خەڵک بکات" ئەو کات لای خەڵک هونەرمەندە، و هەروەها هونەرمەند ئەبێ خاوەن کەسایەتییەکی تایبەت بێت چونکە کەسایەتی هونەری بۆ خەڵکەکەی ئەوێتە ئۆلگوویەک و خەڵک شتی لێ فێر ئەبن. و هەموو شتێکی ئەو هونەرمەندە بۆیان تایبەت و سرنجڕاکێش ئەبێت و لە هونەرمەند زۆر شت فێر ئەبن جا ئەو کاتەسە دەتوانین بەو کەسە بێژین هونەرمەند.

**شەهرام سوبحانی**: بە پێی ئەزموونەکانی خۆتان و هونەرمەندانی دیکەش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کۆسپانەی لە بەردەم هونەرمەندی دەروەست دەبن یان لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆیان دروست دەکرێ چن و چۆنن؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو کاتە بەس قسەی خەڵک بوو کە ڕێگری ئەکرد لە ئەو کەسەی کە خاوەن بەهرەی دەنگی خۆشی بوو، بەتایبەت بۆ کچان، تەنانەت بۆ کوڕە کانیش من بنەماڵەم دەناسی کوڕەکەشیان دەنگی خۆش بوو، بەڵام ئیجازەیان پێیان نادا کە دوای بەهرەکەیان بکەون، هۆکارەکەشی هەروەک ئاماژەم پێکرد قسەی خەڵک بوو، بۆ ئەو کاتە. بەڵام ئێستا ئیتر ئەوە نەماوە ئیتر ئیسە ئەزانن کە هونەر سامانێکە بۆ وڵاتێک کە بەڕاستی هونەرمەندی ڕاستەقینەی تێیدا بێت و کاری هەروا وتم سوودمەند بێت وهونەرەکەی ببێتە هۆی ئەوەیکە ئەو وڵاتە دەوڵەمەند بێت لە هەموو بوارێکی هونەری. بۆ مەسەلەی دەسەڵات تا جێگەیەک بۆی بکرێ ڕێگری دەکات هەرچەند ئێستاش لە ڕۆژهەڵاتا بە تایبەت گروپی مۆسیقا من ئاگادارم کە زۆر زۆر پێش چووگن و گۆرانیبێژیشی باشمان هەیە کە توانیگیانە خۆیان بگەیننە باشوور و دەربکەون و بەداخەوە دەبێ ئەو ڕاستییەش بگوترێ کە هێشتا لە ڕۆژهەڵاتا بە تایبەت کچان ئەو مەجال و ئیمکاناتەیان لە بەردەستدا نییە کە بەهرەکانی خۆیان نیشان بدەن و لە ئاکامدا دەتوانم بێژم تەنیا ئەو سەردەمە زۆرتر قسەی خەڵک بوو کە دەیتوانی ڕێگر بێت و دیوارێکی بەرزی لەبەینی ئەو کەسانا دروست دەکرد کە گەرەکی بوو کاری هونەری دەست پێ بکات.

**شەهرام سوبحانی**: پێمان خۆشە لێرەدا باسێک لە هونەرمەندی نەمر "فەتانە وەلیدی" بکەن، کە تایبەتمەندییەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندە چی بوون؟ و چەندە کاریگەرییان لەسەر هونەرمەندانی پاش خۆیان داناوە؟

**شەهین تاڵەبانی**: فەتانەی ڕەحمەتی ڕۆحی شاد بێت کە داخێکی گەورەشە کە بەڕاستی زۆر زۆر پێمان ناخۆش بوو کە لەو حاڵەتا بوو و بەداخەوە هەر زوویش دونیای هونەری بەجێهێشت کە ئەوە بۆ خۆیی باسێکی جیاس، بەڵام فەتانە هەر بە هۆی ئەوەیکە بابی ئەهلی هونەر بوو و لەم پێوەندییەدا زۆر زۆر هەوڵیدا کە فەتانە ببێتە گۆرانیبێژێکی باش و ئەگەر سرنجتان دابێت لە حاڵەتی خوێندنی گۆرانییەکانا فەتانە ڕازی نەبوو و بە نەزەرم هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە ڕۆحی لە



سەرچاوە
Serchawe

حاڵەتی خەمۆکیدا بوو و لە ناخی خۆیەوە ناڕەحەتییەکی هەبوو کە نەبوونی دایکی بوو یا هەر مەسەلەیەکی تر و هیچ وەخت بە ڕۆحییەکی شادەوە گۆرانی نەدەگوت، بابی زۆری لێ ئەکرد کە گۆرانی بڵێت و ئەو دەنگە جوانە و ئەو دەنگە خۆشە زۆر زۆر سوودمەند بوو و کارەکانی زۆر جوان بوو و توانایەکی زۆر زۆر جوانی بوو و پێموایە ئەگەر ڕۆحییەکی باشتری بووای کاری لەوە باشتر و جوانتری ئەکرد. و هەر ئەوەیکە وتم چونکە بابی لە پشتی بوو نیشانی دا کە ئەگەر کەنیشکێکی تریش هونەر و بەهرەیەکی بێت دەتوانێ بە شێوە نیشانی بدات کە ئەمە بۆ خۆیی کاریگەرییەکی باش بوو لەو سەردەمەدا.

**شەهرام سوبحانی**: هەر پێوەندییدار بە پرسیاری پێشوو ئەو تایبەتمەندییانەی کە "فەتانە وەلیدی" لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی جیاوازتر نیشان ئەدا چین؟

**شەهین تاڵەبانی**: بۆ وڵامی ئەم پرسیارە بەڕای من دەنگی هونەرمەندە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەیکە بە نیسبەت هونەرمەندەکانی تر جیاوازتر دەربکەوێت. و پێوەندی هەیە بە شێوازی دەنگەکە، سۆز و هێزی دەنگەکە. و دەنگی هونەرمەند " فەتانە وەلیدی"یش دەنگێکی جوان و تایبەت بوو و هەروەها ئەو پشتگیرییەی کە لەلایەن بنەماڵەکەوەیە بەتایبەت باوکی کە هەیبوو توانی ئەو بەهرەیەی کە هەیەتی نیشانی بات و پێش بکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: چۆن باس لە ڕچەشکێنی ژنان بۆ هاتنە نێو دونیای هونەر ئەکەن؟ بە تایبەت لە سەردەمی بەرێزتان کە زۆر شت ڕێگر بووە لە بەردەم ژنان لەم بەشەدا؟

**شەهین تاڵەبانی**: ئەو کەسە کە ڕچەشکێنی کرد لەو سەردەمەدا هونەرمەندی نەمر "فەتانە وەلیدی" بوو و ئەگەر منیش کردبێتم، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لە هەر بنەماڵەیەکدا پێویستە دایک و باوک پشتی ئەو کچ و کوڕە بەهرەمەندانە بگرن کە بەڕاستی بەهرەیەکیان هەیە. بە تایبەت لە بواری هونەری، بەڕای من زۆر زۆر گرینگە کاتێک کە بزانی کوڕەکەت یان کچەکەت بەهرەیەکی هەس، ئەبێ ئەو پشتگیرییە بکەی بۆ ئەوەیکە بتوانێت لە کارەکەیا پێش بکەوێت و کاری جوان پێشکەش بکات و دونیای هونەر بە بەرهەمەکانی دەوڵەمەندتر بکات. بۆ ئەو مەسەلەیە بەڕای من ئەو شتانەی کە ڕێگر بوون قسەی خەڵک بوو، چونکە بەڕاستی قسەی خەڵک لەو کاتا زۆر زۆر گرینگ بوو، خەڵکی ئەو سەردەمەش هەمیشە و دایم چالاکی ژنانیان بەتایبەت لە کاری هونەریدا بە عەیب و عار دەزانی، و ئەوە بۆ خۆیی دەبووە هۆی ئەوەیکە ڕێگر بێت لە بەردەم ژنان و کچان و ئەو کەسانەی کە بەڕاستی خاوەن بەهرە بوون.

**شەهرام سوبحانی**: ئەوە پرسیاری زۆر کەسە کە هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" لەمێژساڵە دەنگ و بەرهەمی نوێی نییە،



سەرچاوە
Serchawe

**یەکەم بۆ؟ دووهەم ئایا هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" جارێکی دیکە بە بەرهەمی نوێ دەگەڕێتەوە لای ئەویندارانی دەنگ و هونەرەکەی؟**

**شەهین تاڵەبانی**: من بەداخەوە لە کوردستان کێشەیەکم بۆ هاتەپێش کە حەز ناکەم باسی بکەم، چۆن هەرچی بێت ئێمە کوردین، و بووە هۆی ئەوەیکە من لە دونیای هونەر دوور بکەومەوە. ئێستاش دوو سیدی گۆرانی تازەم هەیە و حەزم ئەکرد هەمووی بەرهەمەکان ئامادە بکەموو و پێشکەشی ئەو هەوادارانەی بکەم کە حەزیان لێیە گوێبیستی بەرهەمی تازەی من بن. بەڵام بەداخەوە ئەو مەسەلە کە بۆ من هاتەپێش بووە هۆی ئەوەیکە نەتوانم ئەو دوو سیدییەکە ئامادە بکەم و هەمیشەش پێمخۆش بووە کە یەک شێرکەت یان یەک، دوو ئێسپانسێری باشم بۆ پەیدا بێت کە بتوانن یارمەتیم بکەن تا من بتوانم بەرهەمەکانم ئامادە بکەم و بۆ جارێکی دیکە بکەوێتە بەر گوێ خەڵکی ئازیز و خۆشەویستی کوردستان و چێژی لێ وەرگرن.

**شەهرام سوبحانی: وەک دوایین پرسیار ئەگەر قسەیەکتان مابێت و هەروەها ئەو پرسیارە کە هونەرمەند "شەهین تاڵەبانی" چ پەیامێکی تایبەتی بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان و تازەلاوانی ئەو بوارەدا هەیە؟**

**شەهین تاڵەبانی**: قسەی من بۆ خەڵکی خۆشەویستی کوردستان بەتایبەت لاوانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە ئێستا دونیای تەکنۆلۆژی کارێکی کردووە ئیتر مێشکی هەموو ئینسانێک زۆر زۆر گۆڕاوە و دونیای هونەریان بینیوە و ئەزانن، کە هەر وڵاتێک لە هەر بوارێکی هونەردا پێش بکەوێت ئەو وڵاتە وڵاتێکی دیار و دەوڵەمەند دەبێت، هەر وڵاتێک هونەری تێیدا نەبێت مردووە و ئاواتەخوازم کە خەڵک پشتگیری لە هونەر بکەن و یەک گلییەک کە من هەمە لە خەڵکی کورد ئەڵبەتە لە باشوور، چونکێ من لەحاڵی حازردا لە ڕۆژهەڵات نیم و ساڵهایە لێی دوورم، هیوادارم ئەوان وا نەبن بۆ هونەرمەندانی کورد، هیوادارم ئەرزش دابنێین و پشتگیریان لێ بکەن و ئەگەر ئەتوانن یارمەتیان بدەن با بەرهەمی تازەیان ببێت، گلەکەی من ئەوەیە کە بەداخەوە بەو ڕادەیەی کە ئەررش بۆ هونەری بێگانە وەک " تورک، فارس، عەرەب" دادەنێین بۆ هونەری کوردی ئەو ئەرزشە دانانێین. هیوادارم خەڵک بە هونەرمەندی کورد بایەخ بدا، نرخ بدەن ئەرزشیان بۆ دابنێین، ڕێزیان لێ بگرن و هەروەک وتم هونەرمەندی کورد بەلایانەوە ڕێز و خۆشەویستی ببێت. من ئاواتەخوازم ڕۆژێک ببێت هونەری کورد بە ئاستی هونەری دونیا بگەیت بەتایبەت ژەنیارەکان پێویستە ڕێزیان لێ بگیردرێ، چونکە ژەنیارەکان زەحمەت ئەکێشن و کات دادەنێین بۆ ئەوەیکە ئەو هونەرە فێر بن و بەڕاستی بەرهەمی گۆرانیبێژکانیش بە مۆسیقاوە ڕەنگ و جوانی دەگرێ و زیاتر دەردەکەوێ، هیوادارم ئەم گلەیی منە کە هەروەک وتم ئیتر نەبێت کە بێژم هونەرمەندی کورد بە ڕادەی هونەرمەندانی وڵاتانی دیکە ئەرزش و نرخ و بایەخیان ببێت.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# ئاخۆ ئێران دەتوانێ جێگرەوەیەک بۆ حیزبوڵڵا بدۆزێتەوە؟



نەیشنال ئینتەرێست – شوكریە برادۆست

كەماڵ حەسەنپوور كردوویەتی بە كوردی

هێرشی حەوتووی ڕابردوو بۆ سەر ئیسرائیل وردەكاریی ئەگەری گۆڕینی ستراتێژییەكەی دەخاتە ڕوو. ڕێبەری گەورەی ئێران، عەلی خامنەیی لە یەكەم ڕێوڕەسمی دوای كوژرانی قاسم سولەیمانیدا گوتی، "تەوەری بەرگریی" ئیسرائیلی شكست داوە و "ڕێژیمی زایۆنیستی ٧٠ ساڵ بەرەو دواوە گێڕاوەتەوە." ئەو هەروەها داوای لە موسڵمانان لە ئەفغانستان تا یەمەن و لە ئێران تا غەززە كرد ئامادەی هەڵوێستگرتن دژی ئیسرائیل بن.

ئەو ئەگەرچی ئیدیعای سەركەوتنی كرد، ئێران لە ئاكامی لەكیسچوونی سەرنجڕاكێشی دەسەڵاتی حیزبوڵڵا لە لوبنان، بەرەوڕووی دووڕییانی ستراتێژیك بووەتەوە. حیزبوڵڵا دەیان ساڵ بوو بریكاری بەهێزی تاران لە دنیای عەرەب بوو و وەكوو كاناڵێك لەنێوان ئێران و خەڵكی شیعە لە دنیای عەڕەب و تاقمە چەكدارەكانی دیكە لە ناوچەدا كاری دەكرد. بۆ وڵاتێكی ناعەڕەبی وەكوو ئێران، زمان و ئەتنیكی حیزبوڵڵا دەوری یەكلاكەرەوەیان لە دامەزراندن و پێكەوە بەستنەوەی "تەوەری

بەرگریی"دا گیراوە. لە ماوەی ڕابردوودا، پرەستیژ و دەسەڵاتی ڕەقی حیزبوڵڵا لە ئاکامی کوژرانی نەسروڵڵا و کوشتنی زنجیرەی ڕێبەرییەکەی، لێکهەڵوەشانی پەیوەندییەکانی و هێرشەکانی سوپای بەرگریی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە و سامانەکانی، بە شێوەیەکی دراماتیک تێکرما. بە پێچەوانەبوونەوەی وەها بەرچاوی بەختی، ئێران لێرەوە بەرەو کوێ دەچێ؟

داگیرکاریی ئیسرائیل لە لوبنان بووەتە هۆی ئاوارە بوونی میلیۆنێک مرۆڤ و ناچار بوون پەناگایەک لە بەشەکانی دیکەی وڵات بدۆزنەوە و ئەو شوێنانە زۆربەیان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵان. بێجگە لەوە، نزیکەی ٧٦٠٠٠ لوبنانی لەگەڵ ٢٠٠ هەزار پەنابەری سورییەیی ڕایانکردە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە. کارەساتی سیاسی و ئابووری کە لوبنان پێش دەستپێکی دوژمنکارییەکان پێیدا تێپەڕ دەبوو تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی دەسەڵاتی مشەخۆرانەی حیزبوڵڵا لە نێو سیاسەت و کۆمەڵگەی لوبناندا بوو. نەبوونی پشتگیریی لە لایەن دەوڵەتی لوبنانەوە ئاستی بێزاریی لەنێو جەماوەری حیزبوڵڵادا، لە کاتێکدا کە دوژمنایەتی لە نێوان پەنابەرانی شیعە و خەڵکی ناشیعەی لوبنان قووڵتر دەبێتەوە، پەرە پێ داوە. ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ناسەقامگیریی و دابەزینی ئاستی خۆشەویستیی بەرانبەر بە حیزبوڵڵا. دروستکردنەوەی حیزبوڵڵا وەبەرهێنانی بەرچاوی کات و سامان دەخوازێ، کە ڕەنگبێ ئێران، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی قەیرانە ئابوورییەکانی خۆی، نەتوانێ دابینی بکات.

بەڵام، تاران ئامرازی دیکەی لە سندووقی ئامرازە ناوچەییەکەیدا هەیە و ڕەنگبێ بەو زووانە بە تەمای دەستنیشانکردنی جێگرەوەی دەوری باڵادەستی حیزبوڵڵا، کە سەردەمانێک هەیبوو، بێ. میلیشیای شیعەی حەشدی شەعبی عێراق ڕەنگبێ یەکێک لە بژارەکان بێ. بەڵام، تایبەتمەندیی پارچە پارچەی ئەو تاقمە، لە تواناییەکانی کەم دەکاتەوە. حوسییەکانی یەمەن ڕەنگبێ هیوابەخشترین بژارەی ئێران بن.

هێرشی ئێران بە ١٨١ هاژەک لە حەوتووی ڕابردوودا وردەکاریی لەمەڕ ئەگەری گۆڕانی ستراتێژی ئێران دەخاتە ڕوو. یەکەم، هێرشەکە ویستی ئێرانی بۆ قبووڵکردنی ڕیسکی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازیی نیشان دا. خامنەیی تەنانەت دانی پێدا نا کە بێتوو پێویست بێ ئێران دیسان هێرش دەکاتەوە سەر ئیسرائیل. بە لەبەرچاوگرتنی بڕیاری ئیسرائیل بۆ تۆڵەئەستاندنەوەی بەهێز، دەورێکی تۆڵەئەستاندنەوەی یەکیان لەوی دیکە، ئەگەری قووڵتربوونەوەی کێشەکە بە شێوەیەکی بەربڵاوتر و تەنانەت جەنگی تەواو، وێدەچی گەلێک نزیک بێ. لەو سێناریۆیەدا، جەنگی هاژەکیی درێژمەودا بە شێوەی ئێران دەتوانێ مودێلێک بێ بۆ حوسییەکان، کە بەپێچەوانەی حیزبوڵڵا، هاوسنووری ئیسرائیل نین. حوسییەکان هەر ئێستا تواناییەکانیان لە ئۆپەراسیۆنەکانی دەریای سووردا نیشان داوە و، بە ڕەچاوکردنی ستراتێژیی هاژەکیی، دەتوانن

دەستڕۆیشتوویەکەیان پەرە پێ بدەن و بایەخی خۆیان وەکوو بریکاری تاران لە کێشەیەکی بەربەرینتر لەگەڵ ئیسرائیل بەرز بکەنەوە.

بە پێچەوانەی حەشدی شەعبی پارچە پارچە، حوسییەکان تاقمێکی یەکپارچەتر بە پێکهاتەی ڕێبەرییەکی یەکگرتوو، لە شێوازی حیزبوڵڵان و بە پشتگیریی سوپای پاسداران دامەزراون. حوسییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر ئۆپەراسیۆنی مەزن لە یەمەنەوە بەڕێوە دەبەن و توانایی سەربازیی خۆیان بە بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئورووپاییەکان لە دەریای سوور، بە ئامانجگرتنی ڕکابەرەکانی ناوچەیی ئێران، وەکوو عەرەبستانی سعودی و، تەنانەت هێرش بۆ سەر ئیسرائیل بە هاژەکی درێژمەودا نیشان داوە .

فاکتەرەێکی سەرەکی دیکە ڕوسیەیە. مۆسکۆ حوسییەکان وەکوو سامانی ستراتێژیک، لەگەڵ بەرینترکردنەوەی وروژاندنەکانی دژی ڕۆژاوا سەیر دەکات. سەرهەڵدانی پەیوەندیی حوسی - ڕووسی دەرفەتێکی تاقانە بۆ ئێران دەستەبەر دەکات تا دەستڕۆیشتوویی ناوچەیی خۆی بەهێزتر بکات. بە هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕووسیە، تاران دەتوانێ زەختی زۆرتر بخاتە سەر ڕکابەرەکانی لە ناوچەدا و کەڵک لە دۆخی حوسییەکان وەرگرێ تا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، ئورووپا و ئیسرائیل تێک بدا. ئەو هاوپەیمانییە ڕەنگبێ ڕێگە بە ئێران بدا تا بە شێوەیەکی کاریگەر لەگەڵ ڕووسیە لەسەر ئامانجە ژێوپۆلیتیکییە بەربەرینترەکانی هاوئاهەنگ بێ، وەکوو بەربەرەکانی لەگەڵ دەستڕۆیشتوویی ڕۆژاوا لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بنکۆڵ کردنی پەرگالی جیهانی.

بۆیە، هێشتا زوویە بگەینە ئەو دەرئەنجامە کە لاوازیی حیزبوڵڵا دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەدا؛ بەڵام ئەوە دەتوانێ ببێتە هۆی گۆڕینی ستراتێژی. بێتوو حوسییەکان پشتگیریی بەرچاو لە ڕوسیە وەرگرن، دەتوانن بیسەلمێنن کە دەتوانن هاوبەشێکی گەلێک بەکەلکتر بن. چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی وڵاتە یەکگرەتووەکان و هاوپەیمانەکانی لەگەڵ هەڕەشەی حوسییەکانی یەمەن و مەترسییەکانی بۆ سەر ڕێگا ئاوییەکانی دەریای سوور، لەوە بەدواوە پرسێکی فرە گرینگتر دەبێ.

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# دیاریی کۆماری ئیسلامی، مەرگ و وێرانی!



**ڕەزا دانشجوو**

هاتنەسەرکاری نیزامی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت بە دیاردەیەکی ناوازە ناو ببرێت. نیزامێک هەڵقوڵاوی بیری ویشک و کۆنەپەرستی، کە بە شێوەیەکی سەیر لە ڕێبەندانی ٥٧دا لەلایەن تاقمێک نوخبە و ڕۆشنبیری چەپ، ناسیۆنالیست و ئیسلامگەرا یارمەتی درا و پشتیوانیی لێکرا، تا ئەم ڕووداوە چارەنووسسازە بێتە تاڵترین یادوبیرەوەریی نەک هەر ئێرانییەک بەڵکوو تاڵترین بیرەوەریی میلیۆنان کەس لە وڵاتە جیاوازەکاندا. لە ڕاستیدا ئەمە تەنیا خەڵکی ئێران نەبوون کە کەوتنە بەر هێرشی دڕندانە و بێبەزەیی ئەم پەتا گەندەڵ و وێرانکارەوە، بەڵکوو جوغرافیایەکی بەرفراوان ساڵیانێکە لە دەستی ئەم پەتا و بەڵا بێکۆتاییە دەناڵێنن!

مەسەلەی هەناردەکردنی شۆڕش یان بە واتایەکی باشتر هەناردەکردنی نائەمنی و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی مێژوویەکی بە درێژایی ژیانی شەرمەزاریی ڕێژیم هەیە. ئەگەر لە پەیوەندی نێوان بەشێک لە سەرکردەکانی ڕێژیم و تاقمێک گرووپی لوبنانی وەک "بزوتنەوەی ئەمەل" لە پێش شۆڕشی ٥٧ چاپۆشی بکەین، دەبێ بگوترێت هەنگاوی یەکەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی یان بە پێی لێکدانەوەکانی ڕێژیم "هەناردەکردنی شۆڕش" بانگهێشتکردنی یاسر عەرەفات

ڕێبەری "بزوتنەوەی ئەلفەتح" بۆ تاران بوو؛ هەرچەندە عەرەفات چ لە ڕووی باوەڕی ئایینی و چ لە ڕووی سیاسییەوە جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەبوو. بە شێوەیەکی گشتی ئەم بابەتە دەکرێت بە کورتی لە چەند بەشێکدا پۆلێن بکرێت؛

## بزووتنەوەی بەناو ڕەوتی شیعە

هەوڵی پلانداڕێژراو و درێژخایەنی ڕێژیم بۆ دۆزینەوەی ڕەوتی پەیوەست بە ئایینی شیعە دەتوانرێت وەک بەشێک لە ستراتیژی کاریگەریی مەلاکان لە ئێران باس بکرێت. شیعەی سیاسیی گرێدراو بە وەلایەتی فەقیهـ قیبلە و ڕووگەکەی لەجیاتی کەعبە ڕوو بە تاران و ڕێبەری ڕێژێمە. ئەوە لە کاتێکدایە کە گرێدراویی ئەم ڕەوتە لەگەڵ دەسەڵاتی وەلایەتی فەقیهـ دەیان جار لەلایەن جەریانی سەربەخۆ و ناحکوومی مەرجەعیەتی شیعە ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازەندەی توند بۆتەوە، بۆ نموونە دەتوانرێت ئاماژە بە تاقمێک مەرجەعی ناسراوی شیعە بکرێت کە بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە ئەم خوێندنەوە ناڕاست و ملکەچییە لە شیعە، تووشی ئازار، بێڕێزی و تەنانەت زیندان و دوورخستەوەی زۆرەملێ ڕێژیم بوونەوە. ڕەوتی ملکەچی شیعە لە پاکستان و عێراق و لوبنان یان تاقمێک مەلای گوێڕایەڵ وەک شێخ زەکزاکی لە نیجێریە دەتوانن لەم گرووپەدا جێگیر بکرێن.

ئەگەرچی ڕەوتی شیعەی خۆسپێر و بەستراوە بەڕواڵەت چوارچێوەی ئایینیی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا گوێ لە زاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ژێرفەرمانی خامنەیییە. لە ڕاستیدا لەم خوێندنەوەیەدا دین و ئایین ئامێرێکە بۆ پاراستنی تاج و تەختی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی. ڕێژیم چەندین جار لەم ڕەوتە مەزهەبییانە وەک ئامرازێک بۆ گوشار خستنە سەر ڕکابەرە سیاسییەکانی لە وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەلکی وەرگرتوە. دەستەواژەی ڕێبەری شیعەکانی بەحرەین، پاکستان یان تەنانەت عەرەبستانی سعوودیە داهێنانێکی کۆماری ئیسلامییە بۆ پێشخستنی ئەم ئامانجە. ڕکابەریکردن لەگەڵ سعودیە وەک یەکێک لە زلهێزەکانی ناوچەکە بە یاریکردن بە کارتی سەرکوتکردنی شیعە لەم وڵاتەدا نموونەیەکی ڕوونی ئەم هەوڵەیە. بەڵام ئەوەی دەبێت بگوترێت ئەوەیە کە بەکارهێنانی شیعەکان لە وڵاتانی وەک بەحرەین و سعوودیە نەک یارمەتیدەر نەبووە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان، بەڵکوو هەمیشە بۆتە هۆی زوڵم و دووبەرەکی زیاتر ودابڕانیان لە خەڵکی دیکەی وڵاتەکەیان.

## بەکرێگیراوانی بە وەکالەت

کۆماری ئیسلامی بۆ هەناردەکردنی شۆڕش! تەنیا بە ڕەوتی شیعەی خۆسپێر نەبەستراوەتەوە. بۆ حکوومەتێک کە سەرکوتکردن


سەرچاوە
Serchawe

وخنکاندنی دەنگی خەڵک بە گرنگترین ئامرازی حوکمڕانییەکەی دادەنرێت، ڕوونە کە دروستکردنی گرووپە میلیشیاکانی بە وەکالەت چەندە گرنگ و پێویستە. ئامانجی سەرەکی ڕژێم لە دروستکردنی ئەم گرووپانە لە ڕاستیدا هەناردەکردنی قەیرانە نێوخۆییەکان بۆ وڵاتانی دیکەیە. لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، تاکە ڕێگا بۆ دوورکەوتنەوە لە قەیرانە بێکۆتایی و کەڵەکە بووەکانی ناوخۆیی، دروستکردنی ئاژاوە و قەیران لە شوێنێکی تره! لە چاوی ویلایەتی فەقیهدا باشترین ئەلتەرناتیڤ بۆ چارەسەری هەر کێشەیەک دروستکردنی کێشەیەکی گەورەتره لەپێناو پاڵنانی ڕای گشتی بۆ ئاراستەیەکی تره! جگە لەوەش نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە پڕوپاگەندە بەشێکی گرنگی سیستمی حوکمڕانی ڕێژیم بووە و هەیە. پێویستە دان بەوەدا بنرێت کە لانیکەم بەشێک لە کۆمەڵگا هەڵخەڵەتاویی خوێندنەوەی پۆپۆلیستی دەسەڵاتی ساختەی کۆماری ئیسلامی دەبن و هەندێکجاریش لە ژێر کاریگەری ماشێنی تەبلیغی ڕێژیمدان. ئەم نیگایە گەمژانەیە تەنانەت لە هەندێک کەسانی نزیک لە ڕەوتی بەناو ناسیونالیزم (و لە ڕاستیدا سەڵتەنەت تەڵەب)دا دەبینرێت کە هەندێکجار زۆر لە ڕژێم زیاتر پەرۆشی ئەم گروپە تیرۆریستییانن!

ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە ئەدای ئەم هێزە بەوەکالەتانە، قووڵایی کارەساتەکە و دەستکەوتی شەرمەزاری کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی بۆ ئەو وڵاتانە دەردەخات. عێراقی لە دەستی سەدام ئازادکراو ساڵانێکە لە ژێر سایەی هێزی بەکرێگیراوانی حەشدی شەعبی ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە. دوای سەدام، عێراق کە هیوای ئەوەی بوو تامی دیموکراسی بچێژێت ئێستا گوێ لە فەرمانی تاران و دیکتاتۆری ڕێژیمە بۆ چوونە نێو شەڕ یان گرژی لەگەڵ وڵاتێکی دیکەیە. لە شوێنێکدا کە حکوومەتی هەڵبژاردەی خەڵک کەمترین ڕۆڵی لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا نییە و هێزە بەکرێگیراوەکانی سەر بە ڕێژیم قسەی ئەوەڵ و ئاخر دەکەن! یەمەن لە ناوەڕاستی شەڕێکی نێوخۆییدایە، سەرەڕای ئەوەی کە حوسییەکان لە رووی ئایین و باوەڕەوە زور لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و وەلایەتی فەقیهـ دوورن، بەڵام لە ژێر کاریگەری پارە و یارمەتی ماڵی بەردەوام و نەپچڕاوی ڕێژیم چاویان لە سەر ئەم ناکۆکییانە بەستووە و خەریکی وێرانکردنی وڵاتەکەیانن! گوێ لە فەرمانی دیکتاتۆر بۆ تەقەکردن لە هەر ئاراستەیەک، هەندێک جار لە سعوودیە، هەندێک جار لە ئیسرائیل، هەندێک جار لە کەشتیەکان ناو دەریا و هەندێک جاریش بەرەو هاوسێ, دراوسێ و هاونیشتمانانی خۆیان!


چیرۆکی غەززە و حەماس لەم ڕۆژانەدا بۆتە باسی هەر شوێن و کەسێک! حەماسی سەلەفی بە بینینی بەخشندەیی بێسنووری ڕێژێم و پاڵپشتی بەردەوامی ماڵی پشتی لە هەموو بیروباوەڕەکانی کرد و ئامادەیە بۆ لەنێوبردنی غەززە! خاکێک کە لەژێر یەکساڵ هێرشی بەردەوامی ئیسرائیل بە تەواوی خاپوور و وێران بووە و ئێستا بۆتە بیابانێکی بێ بەرهەم وکۆتا دڵخۆشی سەرکردە ڕزگاربووەکانی حەماس تونێلەکانیەتی! چیرۆکی حیزبوڵڵا تەواو جیاوازە, حیزبوڵڵا وەک کۆنترین و وەفادارترین هێزی بەکرێگیراوانی ڕژێم لای سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی خاوەنی جێگە و پێگەی تایبەتە. حیزبوڵڵا تەنیا بەکرێگیراو

نین ئەوان گیانفیدا و نۆکەری ئاڵقەلەگوێی ڕێبەری ڕێژێمن. ئاشکرایە باجی ئەم ملکەچی و خۆسپێرییە بێسنوورە نەهامەتی و سەرلێشێواوی زیاتری خەڵکی بێتاوانی لوبنان و بێگومان وێرانی زیاتری لوبنانە. خەڵکانێک کە پێدەچێت ئیتر لەگەڵ شەڕ و ئاژاوەگێڕی بەردەوامی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی ڕاهاتبن! شەڕێک کە هەر جار ناچاریان دەکات زێد و ماڵ و نیشتمانیان جێ بهێڵن و هەڵوەدای غەریبایەتی بن.

ئەوەی باس کرا بەشێکی بچووکە لە چیرۆکی ساڵانێک ئاژاوەگێڕی و سازدانی قەیران لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا. لە ڕاستیدا وەک لە سەرەتاوە گوترا ئەمە تەنیا خەڵکی ئێران نین کە زەرەمەند و زیان لێکەوتووی ڕۆڵی وێرانکەر و تێکدەری کۆماری ئیسلامی و سەرکەردەکانی بوون، بەڵکو بە ملیۆنان کەس لە چەندین وڵاتی جیاوازدا بە هۆی سیاسەتی نامرۆڤانە و حوکمڕانی ناڕاست و دروێنەی کوماری ئیسلامی ژیانیان کەوتۆتە نەهامەتی و ماڵ و حاڵیان کاوڵ بووە. مەرگ،کوشتارو وێرانی تاکە دەستکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ڕۆژهەڵات نێوەڕاست بگرە لە تەواوی جیهان بووە. دەسەڵاتێک کە بوونی شووم و نگریسی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری تا ئەمڕۆ تێکەڵاوی نائارامی و گرژییە! دەسەڵاتێک کە مانەوە و بەردەوامیی خۆی لە سازدانی قەیران و ناسەقامگیریی وڵاتانی دیکەدا دەبینێت! سیستەمێک کە مانەوەی پەیوەست بە ڕەشایی و تاریکایی یە و تاکە سەوقاتی بۆ ژیان مەرگ و وێرانییە!

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# هەر کەس شەڕخواز نەبێ "حەیوان"ە!




**شەماڵ تەرغیبی**

بەرنوێژی هەینیی دەسنیشانکراوی بەیتی ڕێبەریی خامنەیی لە ئیسفەهان، ڕێکەوتی ٢٧ی ڕەزبەر و لە نوێژی هەینیی ئەم شارە و لە کاتی خوتبەدا باسێک دێنێتە گۆڕێ لەپێوەندی لەگەڵ شەڕ و ململانێی نێوان ئیسراییل و ئێران و لە چەند خولەکدا هەندێ کەتوار و هەقێقەتی ناپەسەندی ئایدیۆلۆژیکی نیزامەکەی دەخاتە ڕوو کە جێگەی سەرنجن. ناوبراو لە خوتبەکەیدا بەدوور لە هەرچەشنە ئەدەب و ڕێزێک ڕوو لەو کەسانەی بەشداری نوێژی هەینی ناکەن و ڕەخنەیان هەیە لە شەڕاشۆڕییەکانی تاران بەرامبەر بە ئیسراییل، دەڵێ ئەوانە ترسەنۆک و "حەیوان"ن!

بەحەیوانزانینی ڕەخنەگرانی حکوومەتی و ئەو کەسانەی باوەڕیان بە نیزامە جێگەی پەسندەکەی ئاخوند تەباتەبایی نییە لەڕاستیدا شکاندنی کەرامەتی مرۆڤانەی تەواوی ئەو کەسانەیە کە لە جوغرافیای سیاسیی ئێراندا دەژین و ئەمەش سەرچاوەگرتوو لە زەینی نەخۆش و هیستریایی ئەوانە کە هەر کەس هاوڕایان نەبێ و نەکەوێتە نێو پیلانگێڕییەکانیان و داکۆکی لە نامەشروعبوونیان نەکات بە گلاو و دوژمن و ترسەنۆکی دەناسێنن.

ڕوویەکی تری ئەم باسە ئەو کەتوارەیە کە ئەوەی ناوبراو بەسەر زاریدا دەهێنێ نەک بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بەڵکوو تێڕوانینی ڕاستەقینەی بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامییە؛ واتە پڕئاشکرایە کە ئەوەی بەرنوێژی هەینی لە ئێران ڕۆژانی هەینی دەیڵێن تەئید و پەسندکراوی بەیتی ڕێبەرییە و دەبێ وەک ڕاگەیاندنی ڕەسمی و فەرمی حکومەت چاوی لێ بکرێ.

ئەوەیکە جێی مشتومڕ نییە ئەو ڕاستییەیە کە هەموو وڵاتانی جیهان دەیانهەوێ لانیکەم لە ناوچەی دەوروبەری خۆیاندا شوێندانەرییان هەبێ و لەڕاستای بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەنگاو دەنێن؛ جیا لە هەموو پرسە ئابووری و بەرژەوەندییە سیاسییەکان، کاریگەری و شوێندانەری دەوڵەتان لە سەر دەوروبەری خۆیان بۆ پرسێک بە ناوی ئەمنیەت دەگەڕێتەوە کە ڕێژیمەکان وا دەخوازن لە نێو ڕای گشتیی وڵاتانی دەوروبەر و ناوچەدا بە ڕێژیمێکی بەهێز و کاریگەر و خاوەن هێژمۆنی بناسرێن تاکوو، هیچ ڕکەبەر و دوژمنێک تەماحی زەبروەشاندنیان لە مێشک نەکەوێ.

بەومانایە کە تەنانەت ئەگەر بە شێوەی کردەییش هێرش نەکەنە سەر یەکتر تا بیسەلمێنن کە بەتوانان لانیکەم بە شێوەی ڕەوانی لە نێو ڕای گشتیی خەڵکانی ناوچەکەدا وا بنوێنن کە هەرکەس دەستیان بۆ ببات، دەستی کورت دەکەنەوە و ئەمە دەبێتە بەربەستێکی زێهنی کە ڕکەبەرەکان هەوڵی پیلانگێڕانی لە دژ نەدەن.

لەسەر ئەم ئەساسە و بە ناسیاوییەک کە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیە دەتوانین بڵێین ئەم ڕێژیمە نەک ئەمنیەتی خۆی بە ئەمنیەتی خەڵکانی نێو ئێرانەوە نابەستێتەوە، بەڵکوو ئەمنیەتی خۆی لە نائەمنکردنی ژیانی خەڵکانی دیکەدا دەبینێتەوە!

خامنەیی و باندە مشەخۆرەکەی و یەک لەوان ئەم بەناو بەرنوێژی هەینییەی ئیسفەهان هەموو وڵاتان دەکەن بە دوژمنی وڵاتی ئێران و هەموو خەڵکی ئێرانیشیان پێ فریوخواردووی دوژمنە و بە حەیوان و کاڵفام و نەزان پێناسەیان دەکەن! لێرەدا پێویستە فلەشبەکێک بۆ ڕابردوو بدەینەوە؛ ئەو دەمەی کە کەسێکی وەک خومەینی دەیگوت شەڕ نێعمەتێکی ئیلاهییە و لەسەر ئەم لۆژیکە نالۆژیکییە ئێرانی بەرەو هەڵدێر و ماڵوێرانی و کاولکاری برد کە ئاسەوارەکەی ئێستاشی لەگەڵدا بێ بە ڕوخساری زۆرێک لە شارەکانەوە دیارە.

لە بەشێکی تری قسەکانیدا ئاخوند تەباتەبایی باس لە هۆکاری شەڕ لەگەڵ ئیسراییل دەکات و وا دەنوێنێ کە بەڵێ ئەوە ئێمەین کە داکۆکیکاری دینی ئیسلامین و ئەگەر ئێمە نەبین ئەوا دینەکەمان و خاکەکەمان لەکیس دەچێ و دەفەوتێ لەحاڵێکدا هەر ئەم زاتە ناخ‌پیسانەبوون کە لە ڕابردوودا هەم پرسی دینیان لای خەڵکی باوەڕمەند سووک کرد و بە

ئاکاری نابەجێیان و بەناوی دینەوە تاوانکاری و تاڵانکارییان کردووە و تا ئێستەش هەر بەردەوامن لێی.

کۆماری ئیسلامی بۆ درێژەدانی تەمەنی خۆی، پەرەی بە شەڕ و تیرۆریزم لە ناوچە و جیهاندا داوە و لەپاش خەڵکی ئێران لە سووریە و عێراق و لوبنان و بەحرەین و یەمەن تاوانی خوڵقاندووە و تاوان دەخوڵقێنێ. بۆیە دەتوانین بڵێین جەنابی تەباتەبایی ئەوەیکە شەڕخواز بێ "حەیوان"ە! نەک خەڵکانێک کە بەدوای ئاسایش و هێمنی و پێکەوەژیانی ئارامن!

١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# هەواڵی ساختە چەکێکی ستراتیژی ڕێژیمە تۆتالیتارییەکانە




**ئازاد مستۆفی**

ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان هەواڵی ساختە وەک بەشێک لە ستراتیژی بەربڵاوتریان بۆ پاراستنی دەسەڵات و کۆنترۆڵکردنی تێڕوانینی گشتیی و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە. ئەم ڕێژیمانە بۆ دارشتنی چۆنیەتیی تێڕوانینی هاووڵاتیان بۆ جیهان و حکوومەتەکەیان و هێزە دژبەرەکان زۆر پشت بە دەستکاریکردنی زانیاری دەبەستن. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان هەواڵی ساختە وەک ئامرازێک بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکیی خۆیان واتە پاراستنی دەسەڵات، بە هەر نرخێک بووێت. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵدەدەن ڕەوتی زانیاری لە کۆمەڵگەدا کۆنترۆڵ بکەن. لە سیستمە تۆتالیتارییەکاندا، هەقیقەت تەنیا ڕاستییەکی بابەتیی نییە بەڵکو شتێکە کە دەتوانرێت بۆ خزمەتکردنی ئامانجەکانی ڕێژیم لە قاڵب بدرێت و دەستکاری بکرێت. ڕێژیم بەکۆنترۆڵکردنی چۆنیەتیی تێڕوانینی خەڵک بۆ جیهان، دڵنیای دەدات لەوەی دەسەڵاتەکەی بێ ئەملاولا دەمێنێتەوە و ئۆپۆزسیۆن بە لاوازیی دەهێڵرێنەوە. ئەم ستراتیژە بەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکیدا بەش کراوە:

### ١- پاراستنی دەسەڵات

ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان پشت بە هەواڵی ساختە دەبەستن بۆ بەهێزکردنی شەرعیەتی خۆیان و خۆیان وەک تاکە دەسەلاتێک کە توانای حوکمڕانیی خەڵکیان هەیە، پێشان دەدەن. ئەوان ڕاپۆرتگەلێ دروست دەکەن کە ستایشی سەرکەوتنەکانی ڕێژیم بێ و لە هەمانکاتدا شکستەکانی، گەندەڵی یان پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ پەردەپۆش دەکەن و بەدروستکردنی چیرۆکێک کە بە ڕوانگەیەکی ئەرێنی پیشانیان دەدات، وەهمی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی و نەدۆڕانی دروست دەکەن. هەروەها هەواڵی ساختە یارمەتی ئەم ڕێژیمانە دەدات کە وێنەیەکی ناڕاستی نەیارەکانیان وەک گەندەڵ، ناڕێکخراو یان بەهاوتەریب لەگەڵ دوژمنی بیانیدا بیانناسێنن. ئەم دەستکاریکردنە خەڵک بەقەناعەت دەگەیەنێ کە هیچ بەدیلێکی بژاردەیی بۆ ڕێژیمی ئێستا نییە و کۆنترۆڵی درێژخایەن بۆ ڕێژیمی تۆتالیتەر مسۆگەر دەکات.

### ٢- کۆنترۆڵکردنی تێڕوانینی گشتیی

کۆنترۆڵی هزر و تێڕوانینی گشتی بۆ مانەوەی ڕێژیم زۆر پێویستە. حکوومەتە تۆتالیتارییەکان بەتوندی کۆنترۆڵکردنی میدیا و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە، واقیعێکی جێگرەوە دروست دەکەن کە هاووڵاتیان بە زانیاری هەڵە یان سەرلێشێواو لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان سەرقاڵ دەکەن. ئەمەش بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەک دەگرێتەوە کە ڕێژیم و سەرکردایەتی ناکارامەکەی شکۆمەند دەکات، ئۆپۆزسیۆن مەترسیدار و نالێهاتوو پێشان دەدات هەروەها هەڕەشەی دەرەکی یان نێوخۆیی بۆ ترساندنی بیروڕای گشتیی و پشتبەستن بە حکوومەت بۆ پشتیوانی کوێرانە، یان باشتر بڵێین قەیران دروست دەکات بۆ نموونە ڕێژیم دەتوانێ بەدۆکیۆمێنت و هەواڵە ساختەوە بانگەشەی ئەوە بکات کە زلهێزە بیانییەکان پیلانگێڕی لە دژی وڵات دەکەن یاخود ئۆپۆزسیۆن کردەوەی تیرۆریستی بەڕێوە دەبەن. مەبەست لەم چیرۆکانە ترساندنی خەڵکە بۆ گوێڕایەڵی و پشتیوانی کردەوە توندوتیژەکانی حکوومەت و سەرکوتکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و بزووتنەوە نارەزایەتییە جەماوەرییەکان. ڕێژیمە تۆتالیتارییەکان بەدروستکردنی چیرۆکی ساختە، پێش بە ڕوانینی هاووڵاتیان بۆ دەرەوە دەگرن و ڕەخنەگرتنیش سنووردار دەکەن. میدیای کۆنترۆڵکراو دەبێتە تاکە سەرچاوەی هەقیقەت و تەحەدای کردەوەکانی ڕێژیم یان پرسیارکردن لەلایەن خەڵکەوە زەحمەت دەبێ.

### ٣- دووبەرەکی‌نانەوە لەنێو ئۆپۆزیسیۆندا

هەواڵی ساختە بەبێ ڕەواییکردنی دەنگی دژبەران و بێدەنگکردنی ڕەخنەگران، ڕۆڵێکی گرنگ لە پاسیڤکردنی ئەوان

دەگێڕێت. ڕژێمە تۆتالیتارییەکان لەوە تێدەگەن کە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەرخۆدانی ڕێکخراو هەڕەشەیە بۆ سەر دەسەڵاتەکەیان بۆیە هەواڵی ساختە بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردەهێنن: تەحەدای چالاکوانان و نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ کە بەفریو وێنەی ئەوان خەوشدار بکەن. ڕێژێمی تۆتالیتار بە دروستکردنی چیرۆکی ساختە، ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بەتێوەگلان لە کارە نایاساییەکان یان هاوکاری لەگەڵ دوژمنە دەرەکییەکان تۆمەتبار دەکات، ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی ئەوەی کە پاڵپشتی گشتیی لەنێو لایەنگران و نەیارانی سیاسەتەکانی حکوومەتی کەم ببێتەوە. ئامانجێکی دیکەی هەواڵی ساختە، دروستکردنی دووبەرەکییە لە نێوان ئۆپۆزسیۆندا.

دەسەڵاتی تۆتالیتار بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست دەربارەی ئۆپۆزسیۆن، سەرلێشێواوی و بێمتمانەیی لەنێو ئەو کەسانەدا دروست دەکات کە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات دەدەن و بێگومان ڕێگری لە بەشداریکردنی بەربڵاوی دەربڕینی نارەزایەتی دەگرێت. کاتێک ڕێژێمی تۆتالیتار توانی لە ڕێگەی زانیاری ناڕاست و هەواڵی ساختەوە خەڵک بخەڵەتێنێت کە نەیاران تاوانباری توندوتیژن یان بریکاری دەرەکین، ئەوە خەڵک کەمتر پشتیوانی ئۆپۆزسیۆن دەکەن و ناچنە نێو دۆزی ئەوانەوە. لەبنەڕەتدا ئەم ڕژێمانە بەکۆنترۆڵکردنی ڕاپۆرت و فۆرمپێدان بەدرکی هاووڵاتیان لە گرووپگەلی جیاواز، پێشگیری دەکەن لە بەرخۆدانێکی ڕێکخراو و بەمجۆرە تەمەنی درێژخانەتی خۆیان گەرەنتی دەکەن. ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان هەواڵی ساختە نەک تەنها وەک تاکتیک، بەڵکو وەک چەکێکی ستراتیژی بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵک و هەستکردن بە حکوومەتەکەیان و سەیرکردنی جیهانی دەوروبەریان. بە دەستکاریکردنی زانیاری، کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدا دەپارێزن و ژینگەیەکی پڕ لە سەرلێشێواوی و ترس دروست دەکەن و بەشێوەیەکی سیستماتیک ئۆپۆزسیۆن سەرکوت دەکەن.

### چەند هۆکارێکی سەرەکی هەیە کە ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بۆ پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە دەبەن:

### کۆنترۆڵکردنی زانیاری

ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان هەوڵی قۆرخکردنی زانیاریی لە کۆمەڵگەدا دەدەن. بەکۆنترۆڵکردنی ڕاپۆرت و بەسەرهات لە ڕێگەی هەواڵی ساختەوە، دەتوانن ڕێگری لە متمانەی میدیای سەربەخۆ یان ئۆپۆزسیۆن بگرن. واتە ڕژێم دەبێتە تاکە سەرچاوەی "ڕاستی" و گەرەنتی ئەوە دەکات کە وەشانی ڕووداوەکانی تاکە وەشانە کە دەگاتە جەماوەر.

## ڕیکلام و شەرعیەتدان

هەواڵی ساختە وەک پڕوپاگەندە بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شیاو و پڕشکۆ لە حکوومەت بەکاردەهێنرێت و زۆرجار حکوومەت وەک کەسێکی بەهێز، خێرخواز یان بێ هەڵە وێنا دەکرێت. ڕژێمەکان ڕاپۆرتگەلێ پێشان دەدەن کە زیادەڕۆیی لە دەستکەوتەکانیان دەکەن و ڕاپۆرتی شکستەکان سەرکوت دەکەن و کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان بەدناو دەکەن و حکوومەت دەکاتە تاکە دەسەڵاتی شەرعی کە توانای سەرکردایەتیکردنی وڵاتی هەبێت. بۆ نموونە ڕژێمێک دەتوانێت بەدرۆ بانگەشەی ئەوە بکات کە گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان پەیوەستن بە زلهێزە دەرەکییەکانەوە یان خەریکی تیرۆریزمن بۆ ئەوەی ڕەوا بە ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکان و تێکدانی ڕەوایەتی ئۆپۆزسیۆن بدەن.

## سەرکوتکردنی نەیاران

ڕێژیمە تۆتالیتێرەکان بە بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست سەبارەت بە ئۆپۆزسیۆن، نارەزایەتییەکان، یان کەسایەتییە سیاسییەکان؛ ئامانجیان بێ ئیعتبارکردنی ڕەخنەگرانی خۆیانە. هەواڵی ساختە نەیاران بە تاوانبار، خیانەتکار، یان بریکاری حکوومەتە بیانییەکان ناوزەد دەکات. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چوونە ریزی ئۆپۆزسیۆن دابەزێت و ڕێگری لەخێراتربوونی جووڵانەوەیەکی دژی دەسەڵات بگیرێت. لە هەندێک حاڵەتدا ڕژێم بەدرۆ داستان و ڕاپۆرت بۆ شکست یان هەڵوەشاندنەوەی گرووپە ئۆپۆزسیۆنەکان دادەڕێژێ و مەبەستی ئەوەیە ئەو وەهمە دروست بکات کە بەرخۆدان بێهودەیە و ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو هاووڵاتیاندا بێنێتەدی و ئیرادەیان دابەزێنێت.

## دروستکردنی ئاژاوەی زانیاری

تاکتیکی سەرەکی ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان بریتییە لە پڕکردنەوەی کەشی زانیاری بە زانیاری دژبەیەک یان چەواشەکارانە. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی و زەحمەتە مرۆڤ سەر لە ڕاستی دەربکات. کاتێک هەواڵی ساختە بڵاودەبێتەوە، هاووڵاتیان دڵنیا نین کە متمانەیان بە کام سەرچاوە هەبێت، ئەمەش توانای ڕێکخستن یان تەحەدای کاریگەرانەی ڕژێم لاواز دەکات. ئەم "ئاژاوەگێڕییەی زانیاری" یارمەتیدەرە بۆ ناسەقامگیرکردنی هاووڵاتیان و ناسەقامگیرکردنی بزووتنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنیش.



سەرچاوە
Serchawe

## ساختەکردنی هەڕەشە یاخود دروستکردنی دوژمن

زۆرجار ڕژێمە تۆتالیتارییەکان بۆ دڵەڕاوکێخستنە نێودڵی هاووڵاتیان باسی هەڕەشەی دەرەکی یاخود ئەگەری شەڕێ بۆ لەدەستدانی بەشێک لەخاکی نیشتمان دێننە ئاراوە. ئەم بابەتە یارمەتی ڕژیم دەدات بۆ یەکخستنی دانیشتووان لە ژێر دۆزی هاوبەشدا کە بەزۆری پێویستی بە ڕێوشوێنی تاکڕەوانە لە پێناو "ئاسایشی نەتەوەیی"دا هەیە. لەڕاستیدا لە ڕێژێمە توتالیتارییەکان شتێک بەناوی ئاسایشی نەتەوەیی بوونی نییە و ئەوەی هەیە دابینکردنی ئاسایشە بۆ سەرکوتگەران. بۆ نموونە ڕەنگە هەواڵی ساختە بانگەشەی ئەوە بکات کە دوژمنی دەرەکی یاخود دەرەوەی سنوور، پیلانگێڕی بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات دەکەن، پاساو بۆ کردەوەی سەربازی، سانسۆر، یان چاودێریکردنی جەماوەری دەهێنن. ئەم تاکتیکە سەرنجی خەڵک لە پرسە ناوخۆییەکانی وەکو گەندەڵی یان پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لا دەبات و لەبری ئەوە، هەستی ناسیۆنالیزم و گوێڕایەڵی دەسەڵات لای هاووڵاتیان بەهێزتر دەکات.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا دیتمان کاتێ خۆپێشاندەران لە ئێران پشتیوانییان لە ڕووداوەکانی کوردستان دەکرد و درووشمی پشتگیریان دەدا، ڕێژیمی ئێران کە زانی ئەو کوردستانفۆبیایەی بانگەشەی بۆ دەکرد بووەتە بڵقی سەرئاو، ئیتر هێرشی کردە سەر بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنە کوردییەکانی دیکە و بەلارێدابردنی بیروڕای گشتیی، هەروەها لەدەرەوەی ئێرانیش ڕەزا پەهلەوی بەهێنانەئارای باسی یەکپارچەیی خاک؛ بوونەهۆی سەرکوتی توند و خوێناوی شۆڕشی بەربڵاوی ژن، ژیان، ئازادی.

## پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتی سەرکوتگەرانە

هەواڵی ساختە بیانووی یاسایی توند و چاودێری یان توندوتیژیی دژ بە گرووپەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. بۆ نموونە، ڕێژیم زانیاری ناڕاست سەبارەت بە هەڕەشەیەکی تیرۆریستی نزیک یان نائارامی مەدەنی بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی پاساو بۆ سەرکوتکردنی ئازادییە مەدەنییەکان بهێنێتەوە. حکوومەت بەدروستکردنی قەیران یان زیادەڕۆیکردن لە هەڕەشە، دەتوانێت سیاسەتی تاکڕەوانە بەبیانووی پاراستنی سەقامگیری گشتی جێبەجێ بکات.

## لاوازبوونی نۆرمەکانی دێموکراسی

ڕێژێمە تۆتالیتارییەکان بنەما دێموکراسیەکان وەک ئازادیی قسەکردن، هەڵبژاردنی دادپەروەرانە و ڕۆژنامەگەری سەربەخۆ،


سەرچاوە
Serchawe

وەک هەڕەشەیەکی وجوودی سەیر دەکەن. هەواڵی ساختە بۆ تێکدانی ئەم نۆرمانە بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتی ناڕاست سەبارەت بە ساختەکاری لەهەڵبژاردن، گەندەڵی لەدامەزراوە دێموکراسیەکان، یان شکستی دێموکراسی لە وڵاتانی دراوسێ بەکار دەهێنرێت. دەسەڵاتی تۆتالیتەر ئەو بڕوایە دروست دەکات کە دیموکراسی ناسەقامگیر و گەندەڵە و بەمشێوەیە دەیەوێ خەمساردی یان پشتیوانی لە ڕێبازی پاوانخوازانەی ڕێژیم بەهێزتر بکات.

## دروستکردنی ترس و گوێڕایەڵی

ترس ئامرازێکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵکردنی هاووڵاتیان و زۆرجار هەواڵی ساختە بۆ هێنانەئارای دڵەڕاوکێ و هەستکردن بە نائەمنی بەکاردەهێنرێت. ڕێژێمەکان بە پەرەپێدانی هەواڵ و ڕاپۆرتی تاوانەگشتییەکان، ئاژاوە، یان هەڕەشە (ڕووداوی ڕاستەقینە یاخود هەڵبەستراو)، دەتوانن خەڵک بێدەنگ بکەن بۆ ئەوەی لە بەرانبەر بەڵێنی سەقامگیریی و ئاسایشدا؛ سنووردارکردنی زیاتری ئازادییەکانیان قبووڵ بکەن.

## ڕێژیمی ئێران و ڕۆژنامەنووسە بەوەکالەتەکانی

لە ئێران کەلکوەرگرتن لەهەواڵی ساختە لەلایەن ڕێژیمەوە، ستراتیژێکی باو بۆ لادانی ناڕەزایەتی گشتیی و بەدناوکردنی ئۆپۆزسیۆن و بێدەنگکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆیە. حکوومەت بەتایبەتی لە ڕێگەی میدیاوە کە قۆرخی کردووە، زۆرجار بەشداریی هەڵمەتی زانیاری ناڕاست دەکات و ئامانج لێی سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی و نفووز لە ڕای گشتییە. ڕێژیمی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە سیاسەتەکانی خۆی لە ڕێگەی میدیای دەوڵەتی و پەیامنێرە بەوەکالەتەکانیەوە کە هەناردەی وڵاتانی گرنگی کردوە، بەرەو پێشەوە ببات و لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختەدا بەرهەمدارتر بێت. ڕێژیمی ئێران و بەکرێگیراوانی توانیان لە ساتەوەختە گرینگەکانی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، بیروڕای گشتی بەلاڕێ ببەن و خواستی ئازادیخوازان سەرکوت بکەن. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و گێڕانەوەی ساختە لەلایەن ڕێژیمی ئێران و بریکارەکانییەوە سەبارەت بە کوردستان، بەلوچستان و... کە بووەتە جێی سەرنجی خەباتی دژ بە تۆتالیتاریزم، وایکردووە لە ساتەوەختی مێژوویی و بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشدا بیروڕای گشتیی بوەستێنن یان بەلاڕێی ببەن. بەتایبەت لە شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بە وروژاندنی بابەتگەلی لاوەکی و وتنەوەی بوختانگەلی سەدانساڵەی دەسەڵات سەبارەت بە نەتەوەکانی ئێران، شەرعییەتیان بەسەرکوتی وەحشیانەی خەڵک لەلایەن دەسەڵاتەوە دا.

## زانیاریی ناڕاست سەبارەت بە ناڕەزایەتییەکان

لە ڕووداو و ناڕەزایەتییەکانی ئەمدواییە بۆ هەمووان سەلمێنراوە کە ڕێژیمی ئێران بۆ شێواندنی نێوەڕۆکی ناڕەزایەتییەکان،

هەواڵ و ڕاپۆرتی ساختە بەکاردەهێنێت. میدیای ئێران کە هەمووی سەر بەدەوڵەتە، نارەزایەتییەکان بە پاڵپشتی دوژمنان، دەستێوەردانی دەرەکی وڵاتانی ڕۆژئاوایی، ئیسرائیل، یا ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات تۆمەتبار دەکات. گێڕانەوەی ڕێژیم، خۆپیشاندەران وەک "بریکاری حکوومەتە دەرەکییەکان" یان "تیرۆریست" دەنوێنێ نەک هاووڵاتییەک کە داوای دادپەروەریی، ئابووری و گۆڕانی سیاسی دەکات. ڕێژیم بەم کارە هەوڵی بێ شەرعییەتی نارازییان دەدا و وەک خائین یان دەستوپێوەندی بیانییەکان وێنایان دەکات و هەوڵ دەدا هاوسۆزی گشتیی بۆ خۆپیشاندەران لەنێو ببات و ئاسانکاری و پاساو بۆ سەرکوتی توندوتیژانەی هێزی سەرکوتگەر بهێنێتەوە. هەروەها ڕێژیم بەدوای ئەوەوە بوو کە سەرنج و هۆش لە بابەتگەلی نێوخۆیی و ڕیشەی ڕاستەقینەی نارەزایەتییەکان لابدات کە دیارە بووە هۆی بەلاڕێدابردنی شۆڕشەکە و بەشێوەیەکی کاتی توانی سەرکوتی بکات.

## ئامانجی هەواڵی ساختە لێدانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە

ڕێژیمی ئێران هەڵمەتەکانی هەواڵی ساختە دژ بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لەکاتی نارەزایەتییەکان و دواتریش، هەمیشە چڕتر دەکاتەوە. یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکان لەناوبردنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە. دەوڵەتی ئێران و میدیاکانی چەندین جار بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵات هاندەری خۆپێشاندانی نێوخۆی وڵاتن و لەگەڵ ڕێکخراوە سیخوڕییە بیانییەکان بۆ تێکدانی سەقامگیری وڵات لەپێوەندیدان. ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە نفووزی بەسەر نارەزایەتییەکاندا زێدەڕۆیی دەکات بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێ لە بێ ئێعتبارکردنی نارەزایەتییە ڕەواکانی خەڵک و خستنەڕووی نائارامییەکان وەک هەڕەشەیەکی ئەمنییەتی نەک بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

## بێ ئێعتبارکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕ

ئێران زۆرجار لە هەواڵ و ڕاپۆرتی ساختە و زانیاری چەواشەو ناڕاست بەمەبەستی لاوازپێشاندانی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ و شۆڕشگێڕ لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەڵک وەردەگرێت. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە ڕاپۆرتی ڕەخنەیی لە ڕێژیم یان نارەزایەتییەکان بڵاو دەکەنەوە، لەلایەن ئێرانەوە بە "سیخوڕ" یان "بریکاری حکوومەتە بیانییەکان" ناوزەد دەکرێن. بۆ نموونە ڕوحوڵڵا زەم، دامەزرێنەری کەناڵی هەواڵی ئامەدنیوز، بەهاندانی نائارامی لەکاتی نارەزایەتییەکانی ساڵی ٢٠١٧ - ٢٠١٨ لە ڕێگەی ڕاپۆرتکردن و چالاکییەکانی ئۆنلاینەوە، تۆمەتبار کرا. حکوومەتی ئێران هەڵمەتی زانیاریی ناڕاستی دەست پێ کرد و بانگەشەی ئەوەی کرد کە زەم هاوکاریی دەزگا هەواڵگرییەکانی بیانی دەکات. هەروەها ڕاوێژکارانی ڕەزا پەهلەوی لە دەرەوەی ئێران ناوبراویان تۆمەتبار دەکرد هاوکاری دەزگا ئیتلاعاتییەکانی ئێرانە. تەنانەت کاتێک زەم لە



سەرچاوە
Serchawe

عێراقەوە ڕفێندرا بۆ ئێران، نێزیکەکانی کوڕی شای پێشووی ئێران درێغییان نەکرد لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی ساختە و ناشیرینکردنی ڕوخساری شۆڕشگێڕان. دواجار ڕوحوڵڵا زەم لە ساڵی ٢٠٢٠ لە سێدارە درا. ئەم تاکتیکەی ڕێژیمی ئێران و هەماهەنگیی گرووپی پەهلەوی کە بریتییە لە تۆمەتبارکردنی ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بە سیخوڕی یان تیرۆرەوە، چەند ئامانجێک پەیڕەو دەکات:

### الف- تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسانی دیکە:

ڕێژیم بە ئامانجگرتنی ڕۆژنامەنووسانی ناسراوی وەک زەم، ڕۆژنامەنووسانی دیکە ئاگەدار دەکاتەوە کە خۆیان لە ڕووماڵکردنی ڕەخنەگرانە بەدوور بگرن یان مەترسی مامەڵەی هاوشێوەیان هەبێت.

### ب- بێ ئێعتبارکردنی سەرچاوە هەواڵییە باوەڕپێکراوەکان:

ناولێنانی ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ، متمانەیان لە چاوی خەڵک لاواز دەکات و وادەکات خەڵک کەمتر متمانە بە داتاکانیان بکەن. لە ساتە گرینگەکاندا ڕێژیمی ئێران لە ڕێگەی میدیا یان ڕۆژنامەنووسانی بەوەکالەتەوە، چەندین جار توانیویەتی هەواڵی ساختە بخاتەڕوو و پاش ئاشکراکردنی ڕووداوە ڕاستەقینەکە بۆ ماوەیەک، باڵادەستی خۆی لە میدیاکان و یاریکردن بە ئۆپۆزیسیۆن پیشان بدات. بۆیە زۆر پێویستە ڕۆژنامەنووسێک یان چالاکێکی سیاسی و مەدەنی لە بڵاوکردنەوەی هەواڵدا بەئەزموون بێت و هەڵیبسەنگێنێت و بە گەمە میدیاییەکانی ڕێژیمی ئێران نەخەڵەتێت و نەبێتە بەشێک لە پڕوپاگەندەکارانی هەواڵی ساختەی حکوومەت.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو کوێ؟



**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

وەک لە تیتری ئەو بابەتەدا دەردەکەوێ دیاریکردنی ئاراستەی ڕووداوەکانی خێرا، ئاڵۆز، فرەڕەهەند و ئەکتەری جیاوازی ناوچەیی، جیهانی، دەوڵەتی و نادەوڵەتییە کە کارێکی ئاسان و کردەنی نیە. بەڵام دەکرێ خوێندنەوەی جیاواز لە ڕووداو و ئاراستەکان لەسەر بنەمای فاکتگەلێکی سەلمێندراو یاریدەر بن بۆ ئەوەی بتوانین باشتر لە تابلۆی ئەو هەموو شەڕ و ئاڵۆزییە تێبگەین.

یەکەمین فاکت دەتوانین ئاماژەی پێ بکەین هێرشی ساڵێک بەر لە ئێستای گوردانەکانی ئەقسا لە حەماس بۆ سەر ئیسرائیلە کە سەرەتای گۆڕانکاریی جیدی بوون. ئەو هێرشە کە لە سەرەتادا بۆ ئەو پەڕی بەهێزیی ئێران و هیلالی بەرەی تێرۆریست و میلیشا کەڵکی لێوەردەگیرا، بووە هۆی ئەوەی بەرپرسانی حەماس لە تاران نمایشی سەرکەوتن نیشان بدەن و حەسەن نەسروڵڵا وەک هێرشی سەلماندنی لاوازییەکانی ئیسرائیل لێک بداتەوە و بە خاڵی وەرچەرخانی بزانێت. کەچی ئێستا بووەتە بە کابووسی بەرەی ملیشا و تێرۆریست نەک بەرەو نەهێشتنی گرووپەکان بەڵکوو بەرەو نەهێشتنی ماکەی

سەرەکیی پشتیوانی لە تیرۆر و ئاڵۆزی و شەڕ لە ناوچە لە جیهان بڕوات.

دوای یەک ساڵ ئەوە بەرەی تیرۆر و هیلال شیعی نییە دروشمی سەرکەوتن و نەهێشتنی ئیسرائیل بەرز بکەنەوە و ئەسلەن بەهێزترین کاراکتەری ئەو بەرەیە وەک هەنیە، نەسروڵلا و یەحیا سینوار و دەیانی دیکە هەر نەماون هەتا بانگەشەی سەرکەوتن بکەن بەڵکوو ئەوە ئیسرائیلە هەوڵی ڕاگرتنی دەدرێ بۆ ئەوەی هێرشێکی کەمتر بکاتە سەر ئێران و وەزیری دەرەوەی ئێران وڵات بە وڵات لە ناوچە دەگەڕێ و داوای کەمکردنەوەی ئەو ئاڵۆزییانە دەکات کە خۆیان دروستیان کردوە.

ئەو فاکتە نابێ بەوە لێک بدرێتەوە کە ئێران کۆتایی هاتوە، بەڵام زۆر لاوازی کردوە، چونکە هەر ڕۆژێک گورزێک دەخوات و فەرماندە و بەرەیەکی شەڕی لەدەست دەدار. یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی ئێران ئەوە بوو توانیبووی وەهمێک لە خۆی دروست بکات بە جورێک ترس لە کاردانەوەی ئێران ببێتە هۆی ئەوەی ڕۆژئاوا بەردەوام بەرەو دانوستاندن و ئیمتیازپێدان بکێشێ، کەچی ئەمڕۆ دوای ئەوەی ئیسرائیل ئەو گورزە جەرگبڕانەی لە ئێران دەوەشێنێ بەڵام کۆماری ئیسلامی توانای وەڵامدانەوەی نییە و ئەو وەهمەی وەک قەڵایەک لە کاغەز سوتێنراوە و ئەوەش بوێریی زیاتر و زیاتری بە ئیسرائیل داوە هەتا هێرشی قووسرتر بکات و تەنانەت ڕۆژئاواش زیاتر پشتیوانی بن. ئیتر ئێران ئەو ئێرانە نییە لە ڕێگەی پڕوکسییەکانی ئیمتیاز وەربگرێ، بەڵکوو پڕۆکسیەکان بەرەو ئەوە دەچن بپرسن ئێران ئەو ئێرانە نییە ئێمە ئاوا ناوچەکەمان بۆ پاراستنی ئەو وێران کردوە. ئەوە ئەو هەڵەیە جیددییە بوو کە ئێران کردی و پێی وابوو وەڵامی حەوتی ئۆکتوبەر بەو شێوەیە نابێ.

لە لایەنی بەرانبەر ئیسرائیل هەیە کە هیچ کاتێک هێرش بۆ سەر خۆی وا بە زوویی لەبیر ناکەت، ئەوەش بە یەکێک لە گرینگترین ڕەمزەکانی مانەوەی ئیسرائیل دادەنرێ، واتە هێرش بۆ سەر ئیسرائیل ئەگەر ساڵانێکیش بکێشێ، بەڵام بێوەڵام نامێنێتەوە و تا دوا کەس کە لە هێرشەکەدا دەستی هەبووە لەنێو نەبات ناوەستێ. هەمووانیش دەزانن ئێران دەستێکی زۆری لە هەموو ئەو تاوان و هێرشانەدا هەیە کراونەتە سەر ئیسرائیل. سەرۆکوەزیرانی ئێستای ئیسرائیلیش کە بە دوای دەرفەتێکی وەها دەگەڕا هەتا وێڕای ڕزگاربوون لە دژبەرانی نێوخۆی کە زۆربەی ئیسرائیلییەکان ئەویان نەدەویست ئەو گورزە پێویستەش لە دوژمنانی ئیسرائیل بوەشێنێ. نەتانیاهوو شتێکی بۆ لە دەستدان نەماوە، تەنانەت ئەگەر دۆخەکە ئاسایی ببێتەوە ئەوکات لە دەستی دەدات، کە وایە بەردەوام دەبێ و بە هەموو ئەوانەی دەڵێن ئیسرائیل نابێ بمێنێ دەرسێکی جیددی بدات، چونکە جارێکی دیکە ئەو دەرفەتەی لەو شێوەیە بۆ نارەخسێت.

سەرەڕای ئەوەش هەبوونی هەڵبژاردنی ئەمریکا وەک پاڵپشتی سەرەکیی ئیسرائیل وای کردوە کەس نەتوانێ پێشی



سەرچاوە
Serchawe

نەتانیاهوو بگرێت چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەنگ، ئەوەش کارەکەی لە نەتانیاهوو ئاسانتر کردوە. هەر بۆیە ئەگەر هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران دیاریکراو و زۆر بەربڵاویش نەبن، بەڵام جیدی و دیاریکراو دەبێ و، بەنیسبەت گرووپەکانی سەر بە ئێران بێگومان دوای حەماس و حیزبوڵڵا، حوسیەکانیش بەرەو لاوازبوونی جیدی دەڕۆن و پڕیشکی ئەم ئاگرە دواجار داوێنی میلیشیاکانی عێراقیش دەگرێتەوە.

پێوەندیدار بە ئێران وەکوو لایەنی سەرەکیی دۆخی ئێستا کە لاوازییەکەی ڕۆژبە ڕۆژ زیادتر دەردەکەوێ، پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین ئەو وڵاتانەی لە نێوخۆ خاوەنی ئەو هەموو قەیرانانەن ناتوانن وەک هێز دەربکەون. ئەوەی لە ساڵی ڕابردووش دەرکەوت دیتمان وێڕای دڕەندەیی لە بەرانبەر خەڵکی نێوخۆ، لە بەرانبەر دونیای دەرەوە چەندە زەلیل و داماون. ئەو بابەتە وێڕای ئەو ڕاستییەی عەجەم(مەبەست دەوڵەتی ناوەندی ئێرانە) کە "زەعیفکوژ و قەوی پەرستە" دەسەلمێنێ. بەڵام ئەو لاوازییە و قەیرانەکانی لاوازی لە بەرەی تێرۆریست لە ناوچە کە بۆتە هۆی خۆشحاڵیی بێوێنەی خەڵک بە شێوەیەکی ئەرێنی کاریگەری بە سەر خەڵک دادەنێ و ئەگەری ڕاسانەوەی خەڵک لە هەر سات و کاتدا بە هەر بیانووی جیاواز دەبیندرێت. بە تایبەت ئەگەر ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر ژێرخانی ئابووریی ئێران کە تا ڕادەیەکی زۆر هەر بۆخۆی وێرانە، پێدەچێ ئەو ڕەوتە خێراتریش دەبێت. هەر بۆیە ئەو ڕقە پیرۆزەی خەڵک لە داگیرکەر لە دەرفەتێکی دیکە دەگەڕێت و ئەوجاریش دەوڵەمەند بە ئەزموونی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی دەتوانێ زیاتر کاریگەر بێت و کەلکی لێوەربگیردرێ و دەتوانێ سەرکەوتن بە دەست بێنێ. هەڵبەت کاتێکیش باس لە ئێران و لاوازییەکانی دەکەین نابێ ئۆپۆزیسیۆنی فارس و بە تایبەتی ڕەوتی فاشیستی بە نیسبەت مافی کورد نەبینن کە چۆن خۆیان حازر کردوە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەکەیان بە شێوەیەکی دی بەردەوام بکەن. ئەوەش وا دەکات کورد کە بیر لە نەبوونی کۆماری ئیسلامی دەکاتەوە، لە تەنیشت ئەوە زیاتر بیر لە دوای کۆماری ئیسلامیش بکاتەوە.

لە سەر پرسی تورکیە کە دەنگۆی کرانەوەیەکی دیکە بە نیسبەت کورد دەبیسترێت پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت ئەو کرانەوەیە هۆکاری نێوخۆی و دەرەکیی هەیە، هەر چەند هۆکارە نێوخۆییەکان زیاترن و زیاتر لە کرانەوە لە قوناغێکی دیکەی بۆ دەنگهێنان و دەربازبوونی حیزبی دەسەڵاتدار کە دەنگەکانی بەرەو کەم بوون دەچن کە ئاسۆیەکی ڕوونی بۆ کورد تێدا نابیندرێت، بەڵام ئەوەی گرینگە نابێ ئەو کرانەوەش بە دەر لە گۆڕانکارییەکانی ناوچە بزانین. ئەوەش ئەوە دەسەلمێنێ ئەگەر تورکیەی ناچار بە گۆڕانکاری کردبێ ئەگەری گۆڕانکاریی جیدی لە ئێراندا وەک لایەنێکی سەرەکی دۆخەکە دەبیندرێت.

ئەزموونی دەیان ساڵی ڕابردوو پێمان دەڵێ ئێمەی کورد لە ئاشتیی نێوان وڵاتانی ناوچە، بەتایبەت داگیرکەرانی




سەرچاوە
Serchawe

کوردستاندا هەمیشە پەراوێز خراوین و سەرکوت کراوین، بۆیە دەبێ بە وشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆخ و واقعە نوێیەکان لە ناوچەدا بکەین. بۆ ئەوەش پێویستە هەمیشە ئامادە بین هەتا لە کاتی ڕوودانی ڕووداوەکاندا و دەسکەوتنی هەل و دەرفەتدا بتوانین زیاتر کەلک لە دۆخەکە وەرگرین و بیکەین بە بناغەیەک بۆوەی بتوانین دوای شەڕ و ئالۆزییەکانیش پێگەی خۆمان باشتر پاراستبێت.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---

## مەستانەویژی شەیدای چیا (شەهید محەممەد خودامرادی)




**برایم چووکەڵی**

هەموو دەسکەوتێکی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەی کوردی قەرزباری خوێنی شەهیدان و گیانبازیی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیەتی. ئەو شەهیدانەی هەرکامیان مێژوویەکی لێوانلێو لە جوامێری، نەبەردی و نەبەزییان بۆ نەتەوەکەیان تۆمار کردوە، ئەوە ڕۆڵە خۆنەویستانەی لە شەوەزەنگی داسەپاو بەسەر کوردستاندا دڕیان بە تاریکی دا و بوونە ئەستێرەی ڕێنیشاندەر بۆ بەردەوامیی خەبات و بوون بە مانگی تریفەپڕژێن و ڕووناکاییان خستە ولاتەوە. بێگومان بەسەرهاتی ژیانیان و قارەمانەتیی هەرکام لەو شۆڕەسوارانە بۆ ئێمەی ڕێبواری ڕێگایان دەبێتە سەرمەشقی خەبات و تێکۆشان. بۆیە لە "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەمجارەماندا ناو و یادی یەک لەو هەزاران شەهیدە و یەک لەو سەدان ڕۆڵە بەوەج و خۆنەویستانە بەرز ڕادەگرین کە محەممەد خودامرادی لە مەڵبەندی سنەی خوێناوییە.

محەممەد خودامرادی کاتێک چاوی بەدنیای ڕوون کردەوە کە نەتەوەکەی لە بەشێکی بەرچاوی نیشتمانەکەیدا هەوای ئازادی هەڵدەمژی، واتە لە سەردەمی زێڕین و پرشەنگداری "کۆماری کوردستان"دا لەدایک بوو کە بۆ یەکەمین جار کورد دەسەڵاتی سیاسیی بەدەستی خۆیەوە بوو. ئەو ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە ئاوایی شیان لە ناوچەی سنە

چاوه گەشەکانی کردەوه. بەڵام چارەنووس وابوو لەگەڵ ژان لەدایک بێ و بە ژانەوە گەوره ببێ. خۆشی و چێژی ژیـانیش بـۆ ئەو ئاواتێکی گەوره بوو کە قەت وەدی نەهات. هەر بۆیەش نەیتوانی بچێتە قوتابخانە، کـاتێکیش کە گـەورەتر دەبـوو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر خۆی ماندوو دەکرد تا بەرووبووی کاری پتر بێ و بۆشاییەکی زیاتر لە ژیانی بنەماڵەکەیدا پڕ بکاتەوه.

ژیانی محەممەد خودامرادی تا سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بـەمجۆره تێپـەڕی. جینایەتـەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان بەتـەواوی هەستی لاوی زەحمەتکێشی خەوشدار کردبـوو. هەرچەنـد لـە هەلومەرجێکی ئاستەمدا دەژیـا، بـەڵام دەیگوت: کاتێک نەتەوەکەم تێدا بچێت، دەی منیش لەنێو دەچم و ژیان بـۆ من و بـۆ بـاقی هـەژارانی کوردستان مانـای نیـه. کاتێک ئازاد نەبم، ژیان چ مانایەکی هەیه. وابوو ئەو کاتەی پێویست بوو بۆ ئازادی گیانی ببەخشێ، خـەباتی ڕاستەوخۆی دەست پێ کرد و چەکی دیفاع لە شەڕەف و کەرامەتی گەلەکەی دەست دایە و لە هێزی شەهید شەریفـزادە سازمان درا.

محەمـمەد کاتێـک بـووە پێشمەرگە کـە سـەختی و نەهامەتییەکـانی ژیـان تەنگـی بە بنەماڵـەکەی هـەڵچنیبوو، بـەڵام ئەو بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی دەیزانـی ئـەرکی قورستری لەسـەر شـانە و بـاش لەوە دڵنیـا بـوو کە بـۆ کـام ئامـانج وبـڕوا چەکی دەست داوەتـێ. بۆیـە خـۆی بـۆ خـەباتێکی تونـدوتیژ دژی دوژمنـانی گەلەکـەی ئامـادە کردبـوو. ئەو وەک لاوێکـی بـە زیپکوزاکوون خۆی بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادە کردبوو، و هـەر لـە سـەرەتـای ڕێگەوە وەک پێشمەرگەیەکی لێهـاتوو و بـەتوانا دەرکـەوت. دەسـتوتفەنگی دوژمـن تـۆقێن بـوو، ئازایـەتی و لێهاتووییەکـانی ئەوەنـدە بەرچـاو بـوو کە یەک بەدوای یەک مەسئوولییەتی پێ بسپێردرێ و دواجار وەک فەرماندەری لکی شەهید محەممەدی موبەسری دیـاری بکرێ. ئەو فەرماندەیـەکی بوێر و ئازای مەڵبەندی سنەی خوێناوی بـوو، و بەشداریی دەیـان شـەڕی قارەمانانەی کرد. لـە ئازایـەتی و دەسـتکردنەوەدا کەموێنە بوو. هەر جارێ لە شوێنێک دەستی لە دوژمن دەوەشاند و لە چاوترووکانێکدا خۆی ون دەکرد و دیسـان لـە شوێنێکی دیکەی زەبرێکی لە داگیرکەران دەدایەوه.

محەممـەد ئـەو کـارە بەنرخانـەی و ئـەو هەڵـسوکەوتانەی سەری لـە دوژمن شێواندبوو، ئـەو تایبەتمەندییانـە بیوونـە هـۆی ئەوەی وەک قارەمانیک لە ناوچەی سنە چاوی لێ بکرێ و ببێتە خۆشەویستی خەڵک و کـادر و پێشمەرگەکان. ئەو بـە ڕقـی شۆڕگێڕانەوە هـەڵی دەکوتایـە سـەر دوژمـن بـۆ ئـەوەی مجـالی دەسـتکردنەوەی پـێ نـەدا. لەگـەڵ هاوسـەنگەرانی هـاودڵ و کەسـاتییەکی مەشرەفخۆش، لەسـەرەخۆ و نەسرەوتوو بـوو. ئەو لـە فێرگـەی بارهێنـانی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتان لـە ناوچەی سنەدا وانەی خۆڕاگریی بـە هاوسـەنگەرانی دەکوتـەوە و ئـەوەی لـە مەیـدانی کردەوەدا وەک ئـەزموون وەسـەر یـەکی خستبوو، بۆ پێشمەرگەکانی دیکەی دەگواستەوە. شـەهید محـەممەد خودامرادی زۆر شـەڕی قارەمانانـەی کرد و لـە سـەنگەری پێشەوەدا هاوسەنگەرانی ڕێنوێنی دەکرد. ئەو فەرماندەیەکی ڕاستگۆ، شێلگیر، ڕاست و دڵسۆزێکی ڕاستەقینەی گەلەکەی بوو.

خەزەڵوەری ٢٧٢٤

ڕۆژی ووی سەرماوەزەی ١٣٦٠ محەممەد خودامرادی وەک هەمیشە بوێرانە بڕیاری دا لە نێوان جادەی سنە - کرماشان کەمینێک بۆ هێزەکانی دوژمن دانێتەوە. ئەوان هەڵۆئاسا، بە چاوی تیژ و وردبینییەوە کەمینیان بۆ هێزە دژیگەلییەکان دانایەوە و پاش ماوەیەک مانەوە لەسەر ئەو جادەیە ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزی دوژمن کەوتنە بۆسەی قارەمانانی دێموکراتەوە. شەڕێکی گەرم لەنێوان هێزی پێشمەرگە لەلایەک و هێزی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێ کرد. کوڕانی دێموکرات زەبرێکی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند و ژمارەیەکی بەرچاویان لێ کوشتن و چەکوچۆڵێکی زۆریش بەدەسکەوت گیرا. بەڵام لەو عەمەلیاتەدا محەممەد خودامرادی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و بریندار بوو، و بەداخەوە پاش ماوەیەکی زۆر بەربەرکانی لەگەڵ مەرگ لە نەخۆشخانەی گوندی تەوریوەر دڵە گەرمەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت و چووە ڕیزی کاروانی نەمرانی شەهیدانی کورد و کوردستانەوە. ووو

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان




ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی ڕەزبەر (٢٠ی ئۆکتوبری ٢٠٢٤) شەشەمین خولی هەڵبژاردنەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کەشێکی ئازاد و دێموکراتیکدا بەڕێوە چوو.

بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنە بە بەشداریی چەندین حیزب، قەوارەی سیاسی، کاندیدی سەربەخۆ و، بە چاودێریی دەیان دامەزراوەی مێدیایی و ڕێکخراوی کوردستانی، عێراقی و نێودەوڵەتی، ئەویش لەم ناوچە پڕکێشەیەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خاڵێکی گرینگ و جێگەی خۆشحاڵییە. گرینگی و ئەرێنیبوونی ئەم پرۆسەیە لەوەدایە هەوڵەکان بۆ جێخستنی بنەماکانی دێموکراسی لە هەرێمی کوردستان پتر لە گەشەکردندایە و خەڵک ئازادانە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا بەشداری دەکەن. ئەویش لە کاتێکدا لە هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە - بەتایبەت لە ئێراندا - نە هەڵبژاردنەکان تایبەتمەندی و بنەماکانی دێموکراسییان تێدا بەدی دەکرێ و نە ڕێگا بە بەشداریی ئازادانەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەدرێ و نە خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیاندا سەربەستن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پارلمانی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنانەدا دەکا و هیواخوازە بە هەوڵی هەمەلایەنە و، بە پێکهێنانی حکومەتێکی وڵامدەر لە ئاست چاوەڕوانییەکان، دۆخی ژیان و مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ باشتر بێت و هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی سەرکەوتوو لە حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات لە ناوچەکەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی

٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٣

٢٣ی ئوکتوبری ٢٠٢٤

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---

# سێبەری قورسی شەڕ بەسەر ئێرانەوە



**مەنسوور مروەتی**

لە چلوپێنج ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای سپای پاسدارانەوە خەریکی دروستکردنی چەندین هێزی ڕاسپێراو و گوێڕایەڵی خۆی لە وڵاتانی دەوروبەر بووە کە لە ڕاستیدا ئەو هێزانەی بۆ مەرامە شەڕانگێزانەکانی خۆی لە ناوچەکە و دەستێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتانە پڕچەک کردوە. کۆماری ئیسلامی بەردەوام ئیددیعای ئەوەی کردوە.

لەو ڕێگایەوە توانیویەتی شەڕ لە سنوورەکانی ئێران دوور بخاتەوە و ئەگەر بێتوو وا نەکا، ئەوا شەڕ دێتە نێو ئێران. بەڵام ئێستا دەبینین ئەم حیساب و کیتابەی کۆماری ئیسلامی خەریکە پێچەوانە دەبێتەوە و ڕاستییەکانی دەردەکەوێ. ئاکامی ئەو هەموو شەڕەنگێزی و ئاژاوەیەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی دەوروبەر دروستی کردبوو، ئەوا خەریکە یەخەی خۆی دەگرێ، یا بەواتایەکی دروستتر دەبێ بڵێین یەخەی خەڵکی ئێران دەگرێ. خەڵکێک کە هیچکات خوازیاری ئەمە نین. کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ساڵانەدا بەشێکی زۆری سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانی بۆ ئەو هێزانە دەنارد و تا دەیتوانی پڕچەکی دەکردن، لەم لاشەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش باری ئابووریی وڵات قورس و ژیان و گوزەرانی خەڵک قورستر.

لە دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبری پارەکەوە دەبینین هەموو ئەو پووڵ و پارە و تێچووە زۆرەی لە گیرفانی خەڵکی ئێران بەتایبەتی بۆ حیزبوڵڵا و حەماس و حوسیەکانی خەرج کردبوو، هەمووی بوون بە ئاگر و دووکەڵ و چوون بە حەواوە. لەلایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایەی کە دەیگوت شەڕی لە سنوورەکانی ئێران دوور خستووتەوە، خەریکە ئێران تووشی شەڕێکیماڵوێرانکەر دەکا کە لەوەشدا دیسان بە تێداچوون و کاولکاری هەر خەڵکی ئێران زەرەرمەندی یەکەمن. ئەگەر پێشتر قەیرانی ئابووری و دەیان کێشە و قەیرانی کۆمەڵایەتی ژیانیان لە خەڵک تاڵ کردبوو، ئەوەتا ئێستا لە سایەی سیاسەتە چەوت و نامرۆڤانەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئەگەری شەڕێکی گرانیش بە هەموو ئەو کێشە و قەیرانگەلەوە زیاد بووە و هەر ئان و سات سێبەری قوورسی شەڕ، ڕەشتر لە پێشوو خۆی دەنوێنێ. شەڕێک کە هۆکارەکەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم و سیاسەتی چەوتی ئەوانە، شەڕێک کە بەهیچ شێوەیەک شەڕی خەڵکی ئێران نییە و خەڵک نە خوازیاری ئەو شەڕەن و نە پشتیوانییشی لێدەکەن.

هەر لە تەنیشت ئەو ڕووداوانەدا و لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دیسان باسی کورتهێنانی بوودجەی ئێران هاتەوە بەرباس و وەزیری ئابووریی کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە بۆ ئەمساڵ ٨٥٠ هەزار میلیارد تمەن کورتهێنانی بوودجەیان هەیە، ئەمەش لە حاڵێکدا کە هەر ئەم سەرکۆمارەی ژێستی چاککردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی گرتبوو، لە کاتی پێشکەشکردنی لایحەی بوودجەدا لەجیاتی ئەوەی لە خەمی ژیان و چەرمەسەرییەکانی خەڵکدا بێت؛ ڕایگەیاند کە پێویستە بوودجەی هێزە چەکدارەکان لەوەی کە هەیە و لە چاو پێشوو زیاتر بکەین. ناوبراو لەگەڵ ئەوەدا بە بەردەوامیش باسی گرانکردنی بەنزین دەکا و هەر ئێستا کە جارێ هیچ نەبووە و تەنیا باسی ئەگەری شەڕ هەیە؛ نرخی تمەن لە بەرانبەر دۆلاردا ئەوەندەی دیکەش دابەزیوە و نرخی زێڕیش بەرزتر بووەتەوە. بە هەموو ئەمانەی باس کرا دەردەکەوێ گرانی و قورسی دۆخەکە تەنیا دەکەوێتە ئەستۆی خەڵکی ئێران، خەڵکێک کە نە خوازیاری شەڕن و نە لایەنگری سیاسەتە چەوت و ناڕاستەکانی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمن.

ئەوەش بڵێین باسی زیادکردنی بوودجەی هێزە چەکدارەکان و بەشی سەربازی و نیزامیی ڕێژیمیش لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە لە ڕاستیدا باسی ئەو مووشەک و درۆنانەیە ڕۆژانە لەلایەن ئێران و هێزە نیابەتیەکانییەوە دەتەقێنرێن و هیچ زیانێکیش بە ئیسرائیل ناگەیەنن. پێشتر جیا لە پڕچەککردن و ناردنی پووڵ و پارەی زۆر بۆ هێزە نیابەتییەکان، ئەوا پارەیەکی چاکیش بۆ دروستکردنی ماڵ و ژیان و گوزەرانی ئەندامانی ئەو هێزانە دەکرا، لە کاتێکدا ڕێژەی کرێچی و بێخانە و لانەکان لە هەموو شارەکانی ئێراندا ڕۆژبەڕۆژ زیاد دەکەن و بوون بە خاوەنی چواردیوارییەک بۆ بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران بووەتە خەون و خەیاڵ. ئێستاکەش کە غەززە و بەیرووت و هەموو ئەو شوێنانەی لەم ماوەیەدا لە سایەی نەحسی کۆماری ئیسلامی و هێزە ڕاسپێراوەکانیەوە کاول و وێران بوون، کۆماری ئیسلامی لە زمان چەند بەرپرسێکییەوە ڕایگەیاندوە

کە ئامادەن بۆ دروستکردنەوە و ئاوەدانکردنەوەی هەموو ئەو شوێنانە. وەکوو باسیش کرا هەموو ئەمانە لە گیرفانی خەڵکی ئێران و لە سەرحیسابی ئەو هەموو سەروەت و سامانەوەیە بە خەڵکەکەی خۆیان ڕەوای نابینن و ژیانێکی ئاسایی بۆ بەشێک لە خەڵکی وڵاتەکە بووەتە خەون و خەیاڵ.

پوختەی مەبەست: بەو هەموو نەهامەتی و کێشە و گرفتانەی بڕستی لە خەڵکی ئێران بڕیوە، ئەوا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی شەڕێکی هێناوەتە بەر دەرگای خەڵک کە نە هێزە چەکدارە مافیاییەکانی توانایی ئەو شەڕەیان هەیە و نە منداڵی خامنەیی و بەرپرسانی دیکەی شەڕخوازی ڕێژیم تێچووی بۆ ئەدەن و گیان و ژیانی خۆیان لەسەر دادەنێن، بۆیەشە نەفرەت لە سیاسەتەکانی ڕێژیم دەکەن و تەنیا ڕێگەی گۆڕینی ئەم دۆخەش لە نەمانی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن.

٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## ئاخۆ خامنەیی دەتوانێ ڕێبەریی جیهانی ئیسلام بکات؟!



**ئورشەلیم پۆست – سالم ئەلکەتبی کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی، لە دنیایەکی هاوتەریبی تایبەتی خۆیدا دەژی، بە ڕوانگەی سەیر و سەمەرەوە لەمەڕ ئەوەی کە لە دەوروبەری ناوبراودا ڕوو دەدا. بەڵام، وێناچی خۆی بڕوای بەو گوتە بێمانایانە هەبێ کە باسیان دەکات. وتارەکانی تەنیا ڕەوانبێژیی ساکارن بۆ وروژاندنی هەستی لایەنگرانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران. ئەوە لە وتارە عەرەبییەکەیدا کە هەینیی ڕابردوو لە تاران، ئاراستەی دنیای ئیسلامیی و بەتایبەتی خەڵکانی لوبنان و فەلەستینی کرد بەڕوونی دەرکەوت. ئەوە وتارێکی ئاشکراکەر بوو کە ڕەنگدانەوەی شێوەی بیرکردنەوەی ناوبراو و تاقمی توندئاژۆی دەوروبەری ئەون، شێوە بیر کردنەوەیەک کە هاندەری قەیرانەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ١٩٧٩ بەولاوە بووە. ئیدیعای ناوبراو کە "هەر هێرشێک بۆ سەر ئیسرائیل خزمەت بە سەرانسەری ناوچە دەکات" ڕەنگدانەوەی ئەو بۆچوونەیە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران خۆی وەکوو سەرۆکی وڵاتانی ناوچە دیاری کردوە و بەزۆرەملی ڕوانگە دیکتاتۆرییەکەی، بەتایبەتی لەمەڕ ئاسایش و سەقامگیرییەوە دەسەپێنێ.

دوای ساڵانێکی زۆر لە برەودان بەو بیرۆکەیە کە بوونی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان هۆی سەرەکیی قەیرانی ناوچەیە،

بە تایبەتی لە وڵاتانی کەنداودا، ئێستا ئەو دەڵێ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتانی ناوچە دەکات و هاندەری ژمارەیەک شەڕی بە وەکالەتە.

ئەو ڕوانگە کورتبینانە و بێدەربەستییانەی ئێران، کە بەرژەوەندییە ستراتێژیکەکانی وڵاتانی ناوچە و ڕوانگەکانیان لەمەڕ پەیوەندییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکانیان پاشگوێ دەخات، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی نەگۆڕاوە و ناگۆڕێ. هەموو "ڕووداوەکانی" ئەو دواییانە لەمەڕ پڕ کردنەوەی کەلێنەکان و باشترکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دراوسێکانی تەنیا هەوڵێکە بۆ بێکاریگەرکردنی ئەو وڵاتانە لە کاتێکدا کە ڕوانگەکانیان و بەرژەوەندییە ستراتێژیکییەکانیان لەو گەمە مەترسیدارەی بەرانبەر بە ئەمریکا و ئیسرائیل دەیکات، پاشگوێ دەخات.

بەگشتی، وتاری خامنەیی هیچ شتێکی نوێی لە ئاستی ستراتێکدا پێ نەبوو. ئەوە وتارێکی وروژێنەرانەی ئایدیۆلۆژیکی بوو کە لەودا پاساوی بۆ هێرشە هاژەکییەکەی ئێران دژی ئیسرائیل دەهێنایەوە و پێی وابوو "بە تەواوی یاسایی و ڕەوا" بووە، لە کاتیکدا دروشمەکانی لەمەڕ لەناوچوونی ئیسرائیل و ڕەوانبێژییە باوەکانی دیکەی دووپات دەکردەوە.

ئەو بەئاشکرا خۆی لە دانان بە کەلێنە هەواڵگرییە یەک لە دوای یەکەکان کە بوونە هۆی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و ڕێبەرانی دیکەی حیزبوڵڵا بوارد. ئەوە سەرسوڕهێنەرە، چونکە ڕێژیمی ئێران دانی بە شکستە هەواڵگرییەکانی لە ڕووداوە بەرچاوەکانی کە لەو مانگانەی دواییدا ڕوویان داوە، وەکوو کوژرانی ئیبراهیم ڕەئیسی و کوشتنی ئیسماعیل هانیە و، بەر لەوان کوژرانی زانستوانە دیار و ڕێبەرانی سوپای پاسدارانەوە نەناوە. تەنانەت ئاماژە بەو کارەساتە هەواڵگرییانە، ئیدانە کردنی سوپای پاسدارانە، کە ڕاستەوخۆ چاودێری سەرجەم پلان و ئاکارەکانی حیزبوڵڵا و حوسییەکانە.

## وتاری خامنەیی بۆنی بێهیوایی لێوە دەهات

بە بۆچوونی من، وتاری خامنەیی لە پلەی یەکەمدا هەوڵێکی بێهیوایانە بۆ دەستنیشانکردنی خۆی وەکوو ڕێبەری دنیای ئیسلامی بوو. لەو دواییانەدا، دیسکۆرسی سیاسیی سەرجەم کاربەدەستانی ئێران جەختی لەسەر ئەو هەڵوێستە کردووەتەوە. ئەوان برەو بە گێڕانەوەی یەکگرتوویی دنیا ئیسلام؛ ئایدیالی بەرگریی و هەوڵی پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە کە لە دنیای عەرەب و ئیسلامیدا هاتۆتە ئاراوە، دەدەن (بۆشاییەکە کە بە هۆی جۆراجۆر و فاکتەری لێک جیاواز دروست بووە و ئێمە لێرە دا باسی ناکەین).

ڕێبەری ئێران هەروەها سەرقاڵی کایەی دەستێوەردانە، کاتێک خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانی لەگەڵ تاقمە تێرۆریستییەکانی وەفادار بە ڕێژیمی ئێران تێکەڵ دەکات و وا دەنوێنێ کە گوایە ئەو تاقمانە نوێنەری خەڵکن. ئەو ئیدیعا دەکات، "هیچ کەس مافی وەستانەوە دژی بەرخۆدانی نییە،" و وەها دەنوێنێ کە گوایە ئەوانە ئەرکی خۆیان لە بەرگریی لە خەڵک جێبەجێ دەکەن.

ئەوە مانۆڕێکی ئاشکرایە، کە سەرلێشێواویی لە پرسی نەتەوەییدا دروست دەکات و هەوڵ دەدات دەستێوەردان لە هەستی خەڵکانی فەلەستینی و لوبنانیدا بکات و هەمووان بخاتە سەر دوڕیانێکی ئەخلاقیی، بێتوو بەرەوڕووی ڕێکارەکانی میلیشیا تێرۆریستییەکان بوەستنەوە کە ئەوان پەلکێشی کێشەی خوێنین دەکەن، وەکوو لە غەزە، باشووری لوبنان و ضاحیە ئاشکرا بووە.

هەوڵە گاڵتەجاڕانەکەی خامنەیی بۆ ناساندنی خۆی وەکوو ڕێبەری موسڵمانان هەروەها لە وتارەکەیدا دەر دەکەوێ، کاتێک پێداگرە کە دوژمنانی ئیسلام، دوژمنانی فەلەستین، لوبنان، عێراق، میسر، سووریە و یەمەنن و "بێتوو موسڵمانان بەیەکەوە هاوکاریی بکەن، خودا پشتیوانیان دەبێ، و شیی دەکاتەوە کە بەمشووربوون بە مانای لێک گرێدانەوە و سەقامگیریی لە نێو مسوڵمانانە. ئەوە بەڕوونی فێڵێکی ساکار بۆ کەلکی خراپ وەرگرتن لە ڕووداوەکان بۆ وەدەستهێنانی خۆشەویستیی لە دنیای ئیسلامیدایە و گۆڕینی کێشەی هەنووکەیی، لەنێوان ئێران و بەکرێگیراوەکانی لەلایەک و ئیسرائیل لەلایەکەی دیکەوە، بەرەو کێشەیەکی ئایینیی جیهانییە. سەرنجڕاکێشە کە خامنەیی لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر دنیای ئیسلام دەکردەوە و خەڵکی ئامۆژگاریی دەکرد کە "چاوکانیان بکەنەوە و ئاستی هۆشیارییان بەرز بکەنەوە".

ئەوە ڕوونە کە ئێران و بەکرێگیراوەکانی لێکدانەوەی تایبەتیی خۆیان لەمەڕ شکست و سەرکەوتن هەیە، کە لەگەڵ لێکدانەوەکانی ستراتێژیستە سەربازییەکان لەسەر ڕووبەڕووبوونەوە و کێشە بوونی هەیە. بۆ وێنە، تەنیا زیندوومانەوە بۆ میلیشیای تێرۆریست یان ڕێبەرەکانی، وەک سیمبۆلێکی سەرپێچی و سەرکەوتن سەیر دەکرێ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تێچووە بەرچاوە مرۆیی و مادییەکەی.

بەڵام، لەکار کردنی لێکدانەوەی ئەوتۆ لە دۆخی هەنووکەیی ئەو میلیشیایانەدا بە مانای سەرکەوتنی ڕاستەقینە نییە.

نەسروڵڵا، کەسایەتیی سەرەکی ئێران لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، لەگەڵ زۆربەی ڕێبەرە تێرۆریستییەکانی حیزبوڵڵا کوژراون. ئەو تاقمەیە هەروەها زەبری گورچوبڕی بە هۆ شکستە هەواڵگرییە جۆراجۆرەکەی وێکەوت کە بووە هۆی لەنێو چوونی ٣٠٠٠



سەرچاوە
Serchawe


ئەندامی لە تەڤینەوەیەکی هاوکاتی پەیجەرەکانیان لە ئۆپەراسیۆنێکدا کە لاوازیی دامودەزگای ئاسایشی ئەو تاقمەی ئاشکرا کرد.

خامنەیی بە ڕووو هەڵماڵاوی هەوڵی دا ڕای گشتیی دنیای ئیسلام بە قازانجی ئامانجەکانی ئێران ڕاکێشێ کە پیلانێکی ئاشکرایە بۆ بەهێزکردنی دۆخی ئێران لە وتووێژدا و شەرمەزار کردنی دەوڵەتە عەرەب و ئیسلامییەکان لەبەر چاوی خەڵکی ئەو وڵاتانەیە، یان لانی کەم ببێتە هۆی مشتومڕی گەرم لە سوسیالمێدیادا، لە پەیوەندی لەگەڵ پشتیوانی یان بەرهەڵستکاریی بەرانبەر هێرشە هاژەکییەکانی ئێران دژی ئیسرائیل.

بەڵام، هەوڵی ئەوتۆ، بە هۆیەکی ساکارەوە دەرەتانی کەمیان هەیە: ئێران بۆخۆی وەها گیرۆدە بووە کە دژوارە تەنیا کەسێکی ساکاریش هەڵخەڵەتێنی کە گوایە شەڕ بۆ هەڵایساندنی شۆڕش و ڕزگارکردنی فەلەستین یان ئورشەلیم دەکات.

٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# شێعر چییە؟



**ئاکۆ ئەلیاسی**

ئێمە ناتوانین بەپێی پێناسەیەکی گشتیی، چەمکێکی فرەلایەن و ئاڵۆزی وەک "شێعر"، کە بە یەکێک لە ژانرە سەرەکییەکانی ئەدەبیات دەژمێردرێ، ڕام و دەستەمۆ بکەین و هەر ئاوەها سووک و سانا بڵێین: "شێعر ئەوەیە!" ئەگەر وابێ، ڕەنگە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگە ببن بە شاعیر، لەبەر ئەوەی کە ئیدی بۆ هەموو کەس خوویا دەبێت، کە شێعریش وەک فیزیک، شیمی، بیرکاری، زانستی پزشکی و هێڵە گشتییەکانی فەلسەفە، تاریفێکی دیار و ڕوونی لێکراوە و لەو تاریفەشدا، فۆرمۆلەکانی، بۆ هەموو کەس دەنووسرێنەوە. وەک چۆن هیچ شاعیرێک هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە پێی ویست و خواستی خۆی، ئەوەی کە لە خەیاڵ و خولیایدا بووە، لە چوارچێوەی شێعر، بە تەواوی دایڕێژابێ، هەر ئاوەهاش، نە شاعیر و نە شێعر ناسەکانیش، بە تەواوی لە شیکار و شرۆڤەی شێعر، نەگەیشتوونەتە ئەو سنوورەی کە بە سنووری کامڵبوونی "پێناسەی شێعر"ی پێدەناسرێتەوە!

هەر وشەیەک لەلای هۆنیار، وێنەیەکی تایبەتیی هەیە. ڕاست وەک وێنەی ڕەنگ و ڕوومەتی ڕەگەزەکانی خودی مرۆڤ! ڕوخسارێک هەیە کە ویشک و برینگە، یەکی دی هەیە دڵگیر و دڵنشینە. یەکێک هەیە نەرمونیان و دڵئاوێزە، یەکی کەش

**هەیە ڕەق و ویشک و ڤێزێونە!**

لێرەدا وشەکان، سکە و پووڵی ڕەقی بێ سۆز و هەست و مەیل نین، بەڵکوو گیانیان تێدایە و ڕق و بەزەیی بە یەکتر دەفرۆشن! کۆمەڵێک لەم وشانە لەگەڵ هەڤدو نەرمونیان و ئارامن، وەک ئارامیی زەریا، بەشێکی دیکەشیان، پڕاوپڕن لە ڕقی شەپۆل و شەڕ و شۆڕ و یاخی و سەرهەڵدان!

دیارە ئەوە بەو واتایە نییە، کە هیچ پەسن و تاریفێکی گشتیی بۆ شێعر نییە، با، شتێکی لەو چەشنە هەیە، بەڵام ئەوە لە هەنگاوی یەکەمدا، تەنیا تاریفێکی گشتیی، ڕووکەشانەی سوواو و دووپاتەیە، کە ڕەنگە، هۆگرانی سەرەتایی دنیای فرەڕەهەندی شێعر، بۆ دەستپێک، ئەزبەری کەن و پانۆرامایەکی تا حەدێک لێڵ و ناروون، بە دیواری زەینیانەوە بچەسپێنن، کە بۆ هەنگاوی سەرەتا، شتێکی خراپ نییە. بەڵام کێشەی ئاڵۆزی چەمکێک بە ناوی "هۆنراوە، هەڵبەست" یان هەر هەمان شێعر، بەربڵاویی خەیاڵی شاعیرانەیە. بەربڵاویی خەیاڵێک کە هەموو هەستیار یان هۆنیارێک، ناکارن وەک یەک، لەگەڵ ڕاستیی پێچەڵ پێچی زمان، زەنگینی لە وشە و پەیڤ و دەربڕین، قووڵیی لە بیرکردنەوە و ڕۆچوون بە نێو دنیای هزرین، "شێعر" ڕام و کەوی بکەن!

لە دنیای کۆلکەزێڕینەی شێعردا، خەیاڵ دەبێتە پێشەنگی زمان و ئەوە خەیاڵە، کە زمان دێنێتە گۆ. زۆر جارانیش پێچەوانەکەی هەر ڕاستە. واتا، ئەوە زمانە کە گەرای بیرکردنەوەی مرۆڤ و تێڕوانینی لە دیاردە و شتە هێشتا نەدۆزراوەکانی دەوروبەرمان، دەخەملێنێ و ڕێگا بۆ بیرکردنەوە دەڕەخسێنێ. پێشەنگی هەموو بیرکردنەوەیەکیش، لە ئاکامدا، هەر دەگەڕێتەوە بۆ خودی شێوەی دەربڕین لە زماندا.

شاعیر، ڕۆماننووس و چیرۆکنووس، لە ڕێگای خەیاڵەوە دەچنە ڕاوی چەمکێک بە ناوی "حەقیقەت." خۆ دیارە زۆرایەتی چینی کۆمەڵگە، نە شاعیرن، نە ڕۆماننووس و نە چیرۆکنووس. کەوایە، ئەوەی لە ماڵۆچکەی زماندا ڕوودەدا، هەموو کەسێک ناگرێتەوە جگە لەوانەی، کە بە خەیاڵ، بە دوای حەقیقەتدا وێڵ و شەیدان. وەک ئاماژەم پێدا، ئێمە لە ڕێگای زمانەوە دەچینە ڕاوی حەقیقەت، بەڵام لە ڕێگای حەقیقەتەوە، خەیاڵمان پێ ڕاوناکرێت!

لێرەدا، ڕۆڵی شاعیر لە شێواندنی چوارچێوەی دیاریکراوی زمانێک بۆ ئەودیوی دەقێکی چڕ و قووڵتر، کە لەودا، "خوازە و ئاماژە" ڕۆڵی سەرەکییان لە خەملاندنی دەقێکدا هەیە، ڕۆڵێکی ئانارشیستانەیە. ئانارشیستانە بەو واتایە، کە شاعیر پابەند بە یاسا و ڕێسای زمانێکی زبر و تەق و ڕەق نابێ. لە نووسینی دەقێکی قووڵی شێعرییدا، زۆر جاران، شاعیرەکە

تاوانبار نییە، بەڵکوو ئەوە سووچی ئەو بەردەنگەیە، کە ئاستی وشیاریی ڕۆشنبیریی لە تێگەیشتنی ئەو دەقەدا، هەژار و دۆشداماوە! مادام یەکێک لە ئەرکەکانی شێعر، شکاندنی دەقە چەقبەستووەکانی زمانە، ئەوە هەر بەو ڕادەش، ئەرکی شاعیرە، کە وا لە خوێنەر و بەردەنگ بکات، بە دوای خۆڕۆشنبیرکردن بکەون، نەک پێچەوانەکەی. جیاوازی شاعیرێکی سەرکەوتوو، لەگەڵ کۆمەڵگەدا ئەوەیە، کە ئەو بەردەوام سەرقاڵی خوێندنەوە و بیرکردنەوەیە بۆ پەیبردن و کەشفی ئەو دنیایەی، کە هەموو کەسێک ڕێی تێناکەوێ!

ئەگەر شیعر، لە قۆناغی گرۆگاڵی شاعیردا، سەرکەوتووانە، بازی دایە نێو بازنەیەکی دیکە لە هزرین، ئەوە بەو مانایەیە، کە هۆنیار، بە خۆڕسک، خودان هونەری هۆنینەوەی هۆنراوەیە و وەک عاشقێک، بە دووی دڵدارەکەیدا، ئامادەیە، دژواریی هەموو کەند و کۆسپێکی ژیان بکرێ و ببێت بە بەندەی خەیاڵێکی تاریفنەکراو، بە ناوی شێعر.

بۆیە، ئەو بەناو هۆنیارانەی کە بە زۆر، خۆیان بەسەر هونەری شێعر نووسیندا، دادەسەپێنن، لە ڕاستیدا، هەژارترین چینەکانی نێو کۆمەڵگەن! چوونکە ئەوان تەنیا خاوەنی بستێک بیرکردنەوە زیاتر نین، هۆکارەکەش، یەکەم ئەوەیە کە ئەو دەستە لەو بە ناو هۆنیارانە، خۆڕسکانە، هونەرمەند نین و خاوەنی چ هونەرێکی سروشتیی نین، هەر بۆیە ئەرکی ئەوان، بۆ ڕازیکردنی ویژدانیان، تەنیا کاوێژکردنەوە و دووپات کردنەوەی هێندێک وشە، پەیڤ و دەربڕین و ڕستەی کرچ و کاڵ و بێ واتان، کە دەبنە هۆکاری ڕشانەوەی خوێنەری زیرەک و ڕووناکبیر. دیارە تا شاعیری بێ دەسەڵات و شێعری کرچ و کاڵیش نەبن، نە شاعیرە باشەکان دەناسرێن و نە شێعرە ڕەنگینەکانیش، دەبنە هۆی تام و چێژ بەخشین بە خوێنەر!

بەڵام، هۆنیاری بە خۆڕسک و خاوەن هونەر، بەردەوام لەگەڵ زمان، خەیاڵ، تێڕوانین، تێڕامان و ڕۆچوون بە ناخی ئاوەز، بۆ دۆزینەوەی تێکنیکێک دەژی، کە لە دەربڕینی خواست و مەیل، حەز و ئاوات، خەون و مەراق، خولیا و خەیاڵ و زۆر جاریش، بیری قووڵی فەلسەفیانە، مامەڵەیەکی هۆسایانە بکات!

لەم قۆناغەدا، نە شاعیر ئەو شاعیرە ڕاڕاییە بێدەسەڵاتەی سەرەتای شاعیرێتیەتی و نە شێعرەکانیشی، وشە کرچ و کاڵەکانی دەسپێکی خەونی بە شاعیر بوونیەتی. بەڵکوو، قۆناغی بیرکردنەوە لە شێعر دەست پێ دەکات، بیرکردنەوەیەک، کە دواجار، خوێنەری زیرەک دووچاری هەژانی سۆز و هاوکات ڕامان و ڕۆچوون بە ناخی دیاردەکاندا دەکات و بەرببینگی پێ دەگرێت کە بچێتە نێو جەغزی دنیایەکی دەستلێنەدراو و بە دوای تای تاڵی بەنی ئەو خەیاڵە شاعیرانە وردبینانە، کە تەژی لە ڕەنگ و واتا و بەهان، بگەڕێت و قیمەتی جوانییەکانی ژیان، لە خەیاڵێکی ڕاستەقینەی شاعیرانە دا بۆ دنیایەکی حەقیقی، بدۆزێتەوە.

بـۆیە، لێـرەدا، شـێعر دەچێـتە قۆنـاغی بیرکـردنەوە لە بـوون و نەبـوونی ژیـان. واتـا نزیکبـوونەوە لە هزرینـی فەلسـەفی. هەنگاونان بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤ.

ڕەنگە، شێعرێک، بە پێی کات و قۆناغی چاخێک، ببێتە شاکار، شاعیرەکەش بگاتە لووتکە، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کە مادام چاخ و قۆناغەکەی سنووردارە، زەمان لە بازنەیەکدا قەتیس نابێ، ئەو شاعیرە و ئەو شاکارە، بە گشتیی تەنیا هی ئەو قۆناغ و چاخەن، ئیدی بۆ داهاتوو نە لووتکەیەک هەیە و نە شاکارێکیش، بۆ تا هەتایە، هەر شاکارە! چوونکە داهێنان ئۆقیانووسێکی قووڵ و بێبڕانەوەی وەک خودی ژیانە!

شـاعیر بـوونەوەرێکی هونەرمەنـدی جـادووگەری بـێ سـنوورە لە زەمـان، خەیـاڵ، لە ئافرانـدنی وێنە و ڕاکێشـانی مەنگـایی بیرکردنەوە و شێعریش ئەو ئامرازە دەستەمۆ نەکراوەیە، کە خۆی بە موڵکی جیهان دەزانێ!

لەمەڕ شێعر و لە ئارشیو، لە ڕاپـۆرتی نهێنیـی ئەرشـیڤکراوی پـۆلیس دا کە وێنەیەکـی بـۆتە گـوارەی گـوێچکەی مێـژووی دەسـەڵات و سیاسـەت، نەنووسراوە کە مزڵ و شـوێنی کـوێیە، دینـی چییە، خـاوەن چ بیروبـاوەڕێکە و سـەربەکام وڵاتە، تـا ئێستا زانیارییەکی بڤە و نەبووە".

تۆ بڵێی شێعر هاونیشتمانییەکی ئاسیایی بێ یـان ئافریقـایی؟ ئەورووپـاییە، یـان ئەمریکی؟ گەلـۆ ڕەنگـی پێسـتی سـپییە، چاوەکانی شینن؟ یان پێست ڕەشە و قژ بژبژین و تێکئاڵۆزا و لوولە؟ یان پێست زرد و چاوەکانی نیشانەی دوو پرسیارن؟ تۆ بڵێی لە دانیشتووانی هیندە یان سێند، ئیسکیمۆ، یان هی دورگەی عەرەب بێ؟ زەردەشتی و ئاگرپەرەستە، بـوودایی؟ یـان مەسیحی و مووساییە، یا خود موسڵمان و سێکۆلارە؟ ڕاستئاژۆیە، یـان مارکسیست؟ ئانارشیستە، یـان نێهیلیست؟ لایەنگری بۆرژوازییە، یان پرۆلتاریا، پێشکەوتنخوازە یان کۆنەپەرەست؟ پاشاخوازە، یان کۆماریخواز، بە ژنە، یان بێ ژن، بێتاوانە، یـان کەتنی کردووە و حوکمی دراوە. هەموو ئەو وێنـانە، لە ئەرشیڤی پـۆلیس دان، بیچم و تەرحیـان، تـا ڕادەیەک وەکوو یەکن و لێک نزیکن و بە پێنووسی ڕەش کێشراونەتەوە. هەموو ئەم پەسنانە، هی مرۆڤێکی ڕووگرژی قـژ فرفـڕی و ئـاڵۆزن کە سیگار زۆر دەکێشێ، ڕۆژانە کوپەیەک قاوە دەخواتەوە، پێنج نۆبەش بیرەی خۆ وڵاتـی لە ڕۆژێکـدا، بەسـەرەوە دەنـێ. بە ڕۆژدا جاکەتێکی چەرموو لە بەردەکا و بە شەویش، خەونەکانی بە خۆیدا دەدا!

سەرچاوەی سەرەکیی ئەم بابەتە، ناملیکەیەکە بە ناوی "شێعر چییە" لە نووسینی شاعیری گەورەی عەرەب "نزار قەبانی."

٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خەمی مرۆڤ نییە، خەمی هیلالی شیعەیە



هەردی سەلیمی

ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە پەیامێکدا داوای لە موسوڵمانان کرد بە هەموو توانای خۆیان یارمەتیی شەڕکەرانی لوبنانی بدەن، هەندێک لە مەلا شیعەکان ئەم پەیامەی خامنەییان لێک دایەوە و وتیان ئەم فەرمانە، واجبی عەینییە و لەسەر هەموو موسوڵمانانە کە بە هەر شێوەیەک بتوانن یارمەتیی حیزبوڵڵا بکەن؛ جێی ئاماژەیە لەم پەیامەدا داوای یارمەتیی بۆ خەڵکی فەلەستین نەکراوە.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ ئەم پەیامە بکرێتە بیانوویەک بۆ ئەوەی ئاوڕێکی خێرا و سەرپێیی بدرێتەوە لە دۆخی ئابووریی خەڵکی ئێران. پێش لە هەر شتێکی دیکە سەرانەی بەکارهێنانی گۆشتی سوور لە ئێراندا و بەپێی ئامارەکان ١٢ کیلۆیە کە بۆ سێ چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ٢ کیلۆیە لە ساڵدا، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم ئامارە لە وڵاتانی عەرەبیی ناوچەدا سەروو شەست کیلۆ و حەفتا کیلۆیە. بە واتایەکی تر لە ئێراندا خەڵکانێکی زۆر هەن کە لە ساڵدا توانای کڕینی دوو کیلۆ گۆشتیان نییە.

هەروەها هێڵی هەژاری لە ئێراندا گەیشتووەتە بیست میلیۆن تمەن و سێ لەسەر چواری خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، بۆ تاران ئەم نرخە سی میلیۆن تمەنە. هەموو ئاگادارین وڵاتی ئێران لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە ڕووی کانزاوە بە ئەژمار دێ، ئەم وڵاتە ٤ هێندەی وڵاتی تورکیە میلیۆنەری هەیە، میلیۆنەر بەپێی دۆلار؛ بەڵام ئەم سەرمایەدار و دەوڵەمەندانە هیچ سوودێکیان بۆ خەڵکی ئێران نییە و زۆربەی نزیک بە تەواویان لە وڵاتانی دەرەوە سەرمایەگوزاری دەکەن و خێرێکیان بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێران نییە.

کرێکاران لە ئێران لە بێئیمکاناتی و بێمووچەیی دەناڵێنن، هەر ماوەیەک لەمەوبەر کرێکارانی کانزای خەڵووز لە ئێران بەهۆی بێئیمکاناتییەوە تووشی ڕووداوێکی دڵتەزێن بوون و ٥٢ کەس لەوان گیانی لەدەست دا، کرێکارانی پێترۆشیمیی باشووری ئێران لە گەرمای سەروو ٥٠ سانتیگرادی هاوینی ئەمساڵدا تاقەتپڕووکێنانە کاریان دەکرد بۆ زیندوو مانەوەیان.
لە بەلووچستان خەڵک بەدەست بێئاوییەوە دەناڵێنێن و ساڵانە چەندین کەس بەتایبەتی منداڵانی ئەم ناوچەیە تەنیا بۆ دابینکردنی قومەئاوێک دەبنە قوربانیی گاندۆکان، کە جۆرە تمساحێکە لە بەلووچستان، سەرەڕای ئەمە و کەمی یا هەر نەبوونی ناوەندە تەندروستییەکان لەم ناوچەیە، بێئیمکاناتیی خوێندنگەکان و سیستمی پەروەردەی تاکزمانە و... منداڵانی ئەم ناوچەیەی بە نەخوێندەواری هێشتووەتەوە. لە کوردستانیش کە هەمیشە بە چاوێکی ئەمنیەتییەوە سەیری کراوە، نەتەنیا ژێرساختێکی ئابووریی نییە، بەڵکوو ساڵانە کاسبکارانێکی زۆری ئەم ناوجەیە بۆ دابینکردنی پارووە نانێک تامی تاڵی مەرگ دەچێژن.

گەڵاڵەی بوودجەی ساڵی داهاتووش کە لەلایەن پزشکیانەوە بە مەجلیس درا، دەرخەری دۆخی نالەباری ئابووریی ئێران بوو، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم کێشە ئابوورییانە هەر لەو گەڵاڵەیەدا بەشی نیزامی زیاترین بەشی پێبڕاوە و بۆ پاساویشی دۆخی ئەمنیی ناوچەیان هێناوەتەوە.

ئەمە کورتە ئاماژەیەک بوو بە ڕادەی بەربڵاوی هەژاری لە هەموو ئێراندا و بەتایبەت ناوچە پەراوێزخراوەکان، ئەو هەژارییەی کە سەرەڕای بەڵێنە یەکبەدوای یەکەکان هەروا هەوسارپچڕاوانە هەڵدەکشێ و هیچ بەرنامە و ئیرادەیەکیش بۆ بنبڕکردن کە نا تەنانەت بۆ کەمکردنەوەشی نییە و گەشەی ئابووری ساڵانێکە لەم سیستمە گەندەڵ و ناڕوونەدا ماڵاوایی یەکجاری کردووە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش خەڵک زیاتر تووشی چارەڕەشی و هەژاریی ڕەها دەبن.

لە وەها دۆخێکدایە کە خامنەیی فتوا دەدا و دەستووری شەرعی دەدا کە ئەو خەڵکە یارمەتیی شەڕکەرانی لوبنان بدەن! لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ لە خۆمان بپرسین دەبێ ئەم خەڵکە تێچوو بۆ کام سیاسەت و ستراتێژی بدەن؟ ئ بۆچی ئەو

تێچووه بدەن؟ مەبەستی ئەم وتاره هاوڕابوون لەگەڵ دروشمی "نه غزه، نه لبنان..." نییه، بەڵکوو مەبەست ئەوەیه که شارۆمەندانی ئەو وڵاته له هەژاریدا بەسەر دەبەن، بەڵام خامنەیی دەیهەوێ هێزێکی گێرەشێوێن ببووژێنێتەوه بۆ ئەوەی بەردەوام ناوچەکه ڕووی ئاشتەوایی و ئەمنیەت به خۆیەوه نەبینێ و له پێشدا وڵاتی لوبنان وێران بکەن جا وڵاتانی دەوروبەر، دەنا مەبەستی ئەو مرۆڤتەوەرانه نییه، گەر وا بووایێ چاوی بەسەر خەڵکی دەوروبەری خۆیدا نەدەقووچاند .

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ



## خوێن لەبری نان: کار– مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات
## ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ (٥ - ٤)

د.ئەحمەد محەممەدپوور

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە: گەلاوێژ سۆفی

**ئاماژە:**

خوێن لەبری نان: کار – مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپوورە پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توونداوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک

چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.

"کوردستان" بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستان‌میدیا" دادەنرێت.

## سەرهەڵدانی کۆڵبەری

لە ساڵانی ٢٠٠٩ - ٢٠١٠، هاوکات لەگەڵ چڕبوونەوەی ڕێوشوێنی بەسەربازیکردن و بەئاسایشکردنی ڕۆژهەڵات، زیادبوونی بازاڕە کاتییە سنوورییەکانی شارە سنوورییەکانی مەریوان، سەردەشت، پیرانشار، مەهاباد و بانەی بەخۆوە بینی کە دواتر بوونە ناوەندی سەرەکی کۆڵبەری. دەوڵەت ڕێگەی بە بازرگانانی ناوخۆیی دا کە کاڵا لە کوردستانی عێراقەوە هاوردە بکەن و بیگوازنەوە بۆ شارە غەیرە کوردەکان. دروستکردنی ئەم بازاڕە ناجێگیرانە بووە هۆی کەمبوونەوەی دانیشتووانی گوندەکان و هانی گوندنشینانی دا کێڵگەکانیان جێبهێڵن و بەدوای داهاتوویەکی باشتردا بگەڕێن لە شار. لە ماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، لە شاری بانە ژمارەی ناوەندە بازرگانییەکانی (لە ساڵی ٢٠٠٥) لە ٤ وە بۆ ٢٥٠ (لە ٢٠١٦) بەرز بووەوە، دەوڵەت بە پشتبەستنێکی بنچینەیی بەو بازاڕە ناجێگیرانە، ئابووری ناوخۆی زیاتر وێران کرد (بڕوانە Soleimani and Mohammadpour, 2020a, 2020b).

لەگەڵ ئەوەشدا خواستی خوێندن و چوونە قوتابخانەی لە نێو گەنجاندا کەم کردووە کە پێشتر وەک ڕێگەیەکی بەدەستهێنانی کاری حکومی بیریان لێ دەکردەوە. وەک کۆڵبەرێکی خەڵکی بانە دەڵێت کوڕەکەم وازی لە خوێندن هێنا و پێی گوتم هەرچەندە هەوڵی ئەوە بدات هەرگیز ناتوانێت کارێک لەم سیستەمەدا بەدەستبهێنێت. سیاسەتی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ هێشتنەوەی کورد لە فەزای ئابووری سنووردارردا لەسەردەمی ئەحمەدی نەژاددا (٢٠٠٥ - ٢٠١٣) وەک خۆی ماوەتەوە، کە درووشمەکەی دادپەروەری و گەشەپێدان و ڕووحانییش (٢٠١٣ - ٢٠٢١) بە درووشمی وریایی و هیوا دەسەڵاتی گرتە دەست.

لەم ساڵانەی دواییدا، پۆلێنە نوێیەکانی کۆڵبەری وەک ژنانی کۆڵبەر و منداڵانی کۆڵبەر دەرکەوتن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ سرووشتی تێکەڵاوی ئەم فۆرمەی ناسەقامگیری لە ڕەگەز و چین. داهێزرانی پێشوەختەی جەستە و نەخۆشییە

درێژخایەنەکانی وەک هەوکردنی جومگە و شکانی ئێسک و دیسکی مل و پشت بەتایبەتی لەنێو کۆڵبەرە مێینەکاندا باون. فاتمە ژنێکی ٦٠ ساڵە، پاش مردنی هاوسەرەکەی دەستی دایە کۆڵبەری و بەهۆی نەبوونی دەرفەتی ئابووری و پشتیوانییەوە هیچ ڕێگەیەکی دیکەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی نەبووە. ئەو دەڵێت هێشتا پاژنەی پێی ئاوساوە بەهۆی هەڵسوڕانیەوە ساڵی ڕابردوو لەڕێگای کۆڵبەری و بە ئەستەم بەرگەی ئازارەکەی دەگرێت. تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاوی کردەوە، لە ساڵانی ٢٠١٩ - ٢٠٢١ زیاتر لە دەیان منداڵی کۆڵبەر بە گوللە کوژراون یان بریندار کراون لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە. فەرهاد و ئازاد خوسرەوی (تەمەن ١٤ و ١٧ساڵ) دوو برا کە کاری کۆڵبەرییان دەکرد، لە زستانی ٢٠١٩، دوای ئەوەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بێسەر و شوێن بوون، بە مردوویی دۆزرانەوە. لە هاوینی ٢٠٢٠، سێ منداڵی کۆڵبەر - زانکۆ ئەحمەدی (١٦ ساڵ)، سروش ماکاری (١٧ ساڵ)، و زانست حەسەن نەژاد (١٨ ساڵ)- لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە تەقەیان لێ کرا و کوژران. ئەمین ڕەحمانی کۆڵبەرێکی دیکەی کەم تەمەن، لە هاوینی ٢٠٢١ لەلایەن هێزەکانی سنووری ئێرانەوە لە شاری سەردەشت کوژرا.

## ڕۆژهەڵات وەک پێڕستی ڕێگاکانی گەیشتن بە مەرگ

دەوڵەتی ئێران فەزا - سنوور وەک چەکێکی کۆمەڵکوژ یان تەکنۆلۆژیای مەرگ بەکار دەهێنێت کە تێیدا هەڵاواردن دەبێتە نۆرم و دەسەڵاتی سەروەربوونی هەمیشەیی خۆی لەسەر ئەو جەستانە دەتاشێت کە لە ڕووی یاساییەوە باس نەکراون و پۆلێن نەکراون و کەم کراونەتەوە. بەم مانایە، سنوور هاوشێوەی بیرۆکەی ئاگامبێنە بۆ کەمپێک کە هەندێک ژیان/جەستەی تێدا بێت - بەهۆی جیاوازییە نەتەوەیی - زمانەوانییەکانەوە و وەک ئەوەی لەگەڵ چوارچێوەی حوکمڕانی گەلادا نەگونجێت- بە ئەمنی دەکرێن و هەربۆیە دەتوانرێت فڕێبدرێن و بسڕدرێنەوە.

بڵاوکردنەوەی ڕۆژانەی تووندوتیژی کوشندە لەلایەن دەوڵەتەوە، ڕۆژهەڵاتی کردوە بە جیهانی مەرگ کە نەخشەی ڕێگاکانی مەرگی تێدایە، لە تەقەکردنی ڕاستەوخۆوە بۆ مین و خنکان. لە دوایین نموونەدا، سوپای دەوڵەت لە ١٨ی مانگی مەیی ٢٠٢٣دا، ٢٤٠ کۆڵبەری گەمارۆدا لەسەر سنووری تەتە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەبێ ئەوەی ئاو و خواردنیان پێ بگات. هەرچەندە تەقەی ڕاستەوخۆ زۆرترین هۆکاری ڕاپۆرتکراوی قوربانییەکانی کۆڵبەرییە (بڕوانە ڕاپۆرتەکان) KHRN ، ئەشکەنجەدان و مردن لە پەناگە و ڕێگریکردن لە دانانی پرسە بۆ قوربانییەکان هەروەها بەشێکن لە ڕۆژانەی دۆخی جیاکاری لە ڕۆژهەڵات. ڕۆژی ١١ی فێورییەی ٢٠١٨ تەرمی شوانە ڕەسوڵی خەڵکی بانە کە بەشێوەیەکی دڕندانە ئەشکەنجە درابوو، بە دەست و قاچ بەستراوی دۆزرایەوە. لەڕووداوێکی دیکەدا، تەرمی ئەبوبەکر مەولانیای خەڵکی ماکۆ دوای ٧٠ ڕۆژ لە زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان، ڕادەستی خێزانەکەی کرایەوە. لە کاتێکدا کە پێشتر هەواڵی بێسەروشوێن بوونی

ڕاگەیەندرابوو.

ژمارەی کوژراوانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ لە کۆڵبەران زۆر زۆرە. تەنیا لە ساڵی ٢٠٢٢دا زیاتر لە ٢٥٩ کۆڵبەر بە تەقەی هێزەکانی دەوڵەت کوژراون یان بریندار بوون. هێزەکانی بەناو سنوورپارێز مۆڵەتیان پێ دەدرێت بە ئارەزووی خۆیان تەقە لە کۆڵبەرەکان بکەن. بەزەحمەت ڕۆژێک تێپەڕێت بەبێ ئەوەی باس لە مردن، برینداربوون یان کەمئەندام بوونی کۆڵبەرێک نەکرێت بەهۆی تەقەی هێزەکانی دەوڵەتەوە. ئەم توندوتیژییەی دەرەوەی یاسا ڕۆژهەڵاتی کردوە بە ناوچەیەکی نیمچە جەنگ کە تێیدا ئازاردانی جەستەیی بەردەوام سەرنجڕاکێشترین تایبەتمەندی ژیانی ڕۆژانەیە. هەندێکجار ژمارەی ئەو کۆڵبەرانەی لەیەک ڕۆژدا دەکرێنە ئامانج دەگاتە زیاتر لە دە کەس. دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە هەڵگرتنی ناسنامەی کۆڵبەری یان وەستان بەفەرمانی دەورییەی دەوڵەت، کۆڵبەرەکان لە تەقەکردن ڕزگار ناکات. وەک کۆڵبەرێک وتی بەڕاستی ئەوە کاری سەربازەکەیە کە ڕێگەمان پێ بدات بڕۆین یان فیشەکێک بنێت بەسەرمانەوە، ئەوان دەتوانن هەموو شتێکمان لەگەڵ بکەن. کۆڵبەرەکان زۆر جار ئەندامە گرنگەکانی جەستەیان دەکرێتە ئامانج، واتە سەر یان سنگ. بۆ نموونە، لە ٣٠ جولای ٢٠٢٠ و ٢٥ی ژوئەنی ٢٠٢٣ تەقە لە سەری وەزیر محەممەدی ١٨ ساڵ و ڤاریان شەریفی ١٩ساڵ کرا. نمونەیەکی دیکە مردنی سەجاد دالای میلان، کۆڵبەرێکی خەڵکی چاڵدورانە کە لە مەودایەکی نزیکەوە تەقە لە سنگی کرا. ئەم تەقەکردنە ئامانجدار و سیستماتیکانە، کردەی توندوتیژیی هۆشیارانە و بە مەبەستن بۆ لە مرۆڤایەتی خستن و تێکشکاندنی ڕۆحی کورد و زەلیلکردنی شوناس و کەرامەتی مرۆڤایەتییان.

کەوتنەخوارەوە لە کەندەڵانەکانەوە دووەم هۆکاری مردن و بریندداربوونی کۆڵبەرانە. کۆڵبەرەکان لە کەندەلانەکان دەکەونە خوارەوە نەک تەنها بەڕێکەوت یان ئاشنا نەبوونیان بە ناوچەکە. بەڵکو زۆرێکیان لە کاتی هەڵاتن، ڕاوەدوونان یان پاڵنانی هێزەکانی دەوڵەت دەکەونە خوارەوە. بۆ نمونە، حەمید وەیسی - لە شاخێکەوە کەوتە خوارەوەو گیانی لەدەستدا لە ناوچەی نەوسود لە پارێزگای کرماشان لە ١٢ی جۆزەردانی ٢٠٢١، لەکاتی ڕاوەدونانی لەلایەن دەوریەی سنوورییەوە. ڕووداوگەلێک هەن کە کۆڵبەران بەشێوەیەکی درندانە لە کەندەڵانەکانەوە لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە فڕێ دەدرێنە خوارەوە. بۆ نموونە، لە ئاپریلی ٢٠١٨، محەممەد کەریم ڕەحمانی، کۆڵبەرێکی تەمەن ٤٣ ساڵی خەڵکی کامیاران، فڕیدرایە دۆڵێکەوە و کوژرا لەکاتێکدا هەوڵی دەدا ئەفسەرانی سنوور ڕازی بکات کە بارەکانی ئازاد بکەن.

بەگشتی، کۆڵبەرێکی ئاسایی بارەکەی بە تێکڕا ٧٠ کیلۆ دەبێت. وەک باس کرا کێشی بارەکە بەپێی تەمەن و ڕەگەز و توانای جەستەیی دەگۆڕێت، بەڵام بێ گوێدانە ئەوە، کۆڵبەرەکان باری زۆر قورستر لە توانای خۆیان هەڵدەگرن، بەو

هیوایەی کەمێک پارەی زیاتر بەدەست بهێنن تا بتوانن کیلۆ گۆشتێکی سوری زیاتر بۆ منداڵەکانیان بکڕن، وەک کۆڵبەرێک باسی دەکات. ئەم بارە زیادانە دەتوانن زیانێکی جەستەیی بەو کۆڵبەرانە بگەیەنن کە بە تەمەنن، توانای جەستەییان لاوازە یان بەدەست کێشەی تەندروستییەوە دەناڵێنن. بۆ نموونە، ئەحمەد عەزیزپوور و ڕۆستەم ڕۆستەمی لە ساڵی ٢٠١٦ و حەمزە مەولودپوور لە ساڵی ٢٠١٧ لەکاتی کۆڵبەری بەهۆی جەڵتەی دڵەوە گیانیان لەدەست داوە.

مەترسییەکانی پەیوەست بە کێشی بارەکانەوە لەکاتی هەڵاتن یان بۆسە زیاد دەبن. هەروەها گرتنەبەری ڕێگەی نەناسراو و نامۆ و سەرکێشانە لە هەوڵی ڕزگاربوون لە ئەگەری هەبوونی بۆسە، مەترسی ڕوودا و یان بریندداربوون زیاد دەکات. هەروەها پەڕینەوە لە ڕووبارەکان مەترسی تایبەتیان هەیە. ئاستی ئاوی ڕووبارەکان لە ڕۆژانی باراندا لەناکاو بەرزدەبێتەوە و زۆر جار ناتوانرێت لێی بپەڕیتەوە. زۆرجار لە ناوەڕاستی ڕووبارەکەدا هێرش دەکرێتە سەر کۆڵبەرەکان؛ دوایین ڕووداوی لەو جۆرە لە ٢٠ فێوریەی ٢٠٢١دا ڕووی دا، کە تێیدا دوو کۆڵبەری کورد لەکاتی بەزاندنی سنووری ئێران - عێراقدا لەلایەن هێزەکانی سوپای پاسدارانەوە تەقەیان لێ کرا.

لە زستاندا، بەهۆی خراپی کەش و هەواوە، هەر گەشتێک نزیکەی چوار ڕۆژ دەخایەنێت، و ڕێژەی مردن و برینداربوونی کۆڵبەران لەم وەرزە سەخت و درێژەی ڕۆژهەڵاتدا زیاد دەکات. بارینی بەفر مەودای بینین کەم دەکاتەوە، وا لە کۆڵبەران دەکات با ئاسانی بکەونە بۆسەوە و ئەگەر تەقەیان لێبکرێت کەمتر توانای دەربازبوونیان دەبێت. بۆ ئەوەی نەکەونە بۆسەوە، زۆر جار کۆڵبەرەکان ڕێگەی نائاسایی دەگرنە بەر کە مەترسی هەرەسی بەفر و مەترسی دیکەی لێدەکەوێتەوە. لە ١٨ی ژانوییەی ٢٠٢١، پێنج کۆڵبەر لە سنووری ئێران و تورکیە بوون بە ژێر هەرەسی بەفرەوە و پاش چەند ڕۆژێک گەڕان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە بە مردووی دۆزرانەوە. لەهەندێک حاڵەتدا، کۆڵبەرەکان لە سەرمادا دەیبەستن و گیان لەدەستدەدەن. لە ٢ی فێوریەی ٢٠٢٠، ٢٣ کۆڵبەر لە چیا بەفراوییەکانی سەقز بێ سەر و شوێن بوون، دوانیان گیانیان لەدەست دا و ئەوانی دیکەش بە هەوڵی هاوبەشی خاچی سوور و خەڵکی ناوچەکە ڕزگار کران.

هەروەها ڕۆژهەڵات پڕ بووە لە ملیۆنان مینی چێندراو کە زۆربەیان لە کات و پاش شەڕی ئێران و عێراق چێندراون. ئەم مینە چێندراوانە بە درێژی ١١ کیلۆمەتر سنووری ئێران - عێراق دادەپۆشن کە بەشێکی زۆری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتدایە. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق، نزیکەی پێنج هەزار هاوڵاتی کورد بەهۆی تەقینی مینەوە گیانیان لەدەست داوە. ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ ڕایگەیاند کە لە مانگی ئاوریلی ٢٠٢١ تا ئاوریلی ٢٠٢٢، لانیکەم ٥٠ هاوڵاتی و کۆڵبەر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کوژراو و بریندار و کەمئەندام بوون. بۆ نموونە، لە ٢١ی نۆڤامبری ٢٠٢٠، عەزیز ڕۆنما لە ئۆشناڤیە بەهۆی تەقینەوەی مین قاچی لەدەستدا و دواتر و پاش دوو ڕۆژ بەهۆی سەختی برینەکانییەوە گیانی


لەدەستدا.٢٦ له ڕووداوێکی دیکەدا، ڕۆژی ٥ی ژانوییەی ٢٠٢٠، کۆڵبەرێک بەناوی عەباس ئیبراهیمی لەناوچەی هەورامانات بەهۆی مینەوە قاچێکی لەدەست دا.

له ڕۆژهەڵات هێزەکانی دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕۆتینی پێشێلی مافەکانی خەڵک دەکەن و دەستگیریان دەکەن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکەن و لێیان دەدەن. ئەمە بەتایبەتی بۆ کۆڵبەرەکان ڕاستە. دۆسییەکەی یاسین فیکری، کۆڵبەرێکی گەنجی بانە، نموونەی ئەم هەڵسوکەوتە بەربەرییەیە. فیکری له سەربازگە بەشێوەیەکی دڕندانە لێیدرا و ڤیدیۆی گیرا و فەرماندەی سەبازگەکە ڤیدیۆکەی بڵاوکردەوە. هەروەها هێزەکانی دەوڵەت جۆرەکانی تری توندوتیژی بەکاردەهێنن، وەک ناچارکردنی کۆڵبەرەکان بە پاککردنەوە و جلشۆردن لەب نکە سەربازییەکاندا، بۆ شکاندنی کەرامەت و شانازییان. سەربازێکی کورد لە بنکەیەکی سنووری پێی وتم کە زۆربەی کارەکانی وەک پاککردنەوە، جل شۆردن، سڕین یان تەنانەت دروستکردن یان چاککردنەوەی سیاجی سەربازگەکان، بەکۆڵبەرە دەستگیرکراوەکان ئەنجامدەدرێت. ئاماژەی بەوەشکرد، کاتێک خزمەتگوزارییەکی دیاریکراو پێویست بێت، هەندێک کۆڵبەر دەستگیر دەکرێن و دەهێنرێنە ئێرە بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجام بدەن. ئەم کۆڵبەرانە سووکایەتییان پێ دەکرێت و ناوی سووک و ناشیرینیان لێ دەنرێت. ڕاپۆرتە نێوخۆییەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆڵبەرەکان لەکاتی کارکردن تێهەڵدان و لێدان دەخۆن. هەروەها له چاوپێکەوتنەکانمدا لەگەڵ کۆڵبەرەکان، باسیان لەوەکردوە کە هێزەکانی دەوڵەت زۆرجار وشەی ڕیسواکەر بەکاردەهێنن وەک گەواد و بێ شەرەف، گاڵتەیان بە بیروباوەرە ئایینیەکانیان و بێڕێزی کردن بە کەسایەتییە سوننیە ڕێزلێگیراوەکانیان وەک عومەر دەکرد.

هەروەها هێزەکانی دەوڵەت ئەو ئەسپ و هێسترانە دەکەنە ئامانج کە کۆڵبەرەکان هەندێک جار بۆ هەڵگرتنی کاڵاکان بەکاریان دەهێنن. سەمیرە حوسێنی (٢٠١٦)، ڕۆژنامەنووسی کورد لە نووسینێکی کورتدا بەناوی ڕاکردن بەرەو مەرگ باسی ئەم کوشتنەی ئەسپەکانی کردووە، کە نیشانیدەدات چۆن تەنانەت ئاژەڵەکانیش لە توندوتیژییە بەربڵاوەکانی دەوڵەت پارێزراو نین. کاتێک وێنە و ڤیدیۆی لاشەی دەیان ئەسپ کە لەسەر سنووری ئێران و عێراق لە سۆشیال میدیا بڵاوکرایەوە، تووڕەیی ڕۆژهەڵاتیانی لێ کەوتەوە. ڕاپۆرتێک ئاماژە بەوە دەکات کە نزیکەی ٩٠ ئەسپ لە دارستانەکانی ئەمیرئابادی ئۆشناڤیە کوژراون. تەرمی ئەم ئەسپانە بەمەبەست لە سرووشت یان نزیک ناوچەکانی نیشتەجێبوون جێهێڵراون.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان




## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### (داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان)

**سمایل شەرەفی**

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی زاڵبوونی سیستەمێکی سەخت و ڕژدی وەک نیزامێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر کوردستان و تێفکرینێکی تەوایەتیخواز و خۆبەزلزانی فارس-شیعی لەلایەک و، لە ایەکی دیکەوە بە هۆی لاوازیی فەرهەنگی حیزبایەتیکردن و ڕوانگەیەکی هێژمونیخوازی حیزبی کە بە سەر فەزای سیاسیی کوردستاندا زاڵە و هەروەها بە هۆی ساوابوون و نەبوونی ئەزموونی پێویست، لە بەردەم تاقیکاری دایە. داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی مەدەنی و کاریگەریی و ڕۆڵی چالاکانی مەدەنی، بەو دەرفەت و هەڕەشانەوە بەستراوەتەوە کە لێرەدا کورتە سەرنجێکیان دەخرێتە سەر.

## هەڕەشەکان

سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورد و کوردستان لە تەواویەتیی خۆیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ڕوانینە ئەمنیەتییەیە کە بۆ پرسی کورد و خاکەکەی هەیەتی. بەپێی خوێندنەوەی نیزامی زاڵ بەسەر کوردستاندا، سەرکوتی کورد و حاشا کردن لە هەر پرسێکی پێوەندیدار بە کوردەوە ڕەوا و ڕێگەپێدراوە. بۆیە "یەکێک لە گرینگترین بەربەستەکانی خۆڕاگریی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ڕەوابوونی سەرکوتی کورد لە ئاستی ئێراندایە. کورد وەک نەتەوەی پەراوێزخراو سەرکوتی لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە ڕەوایە چونکی کوردستان نیشتمانێکی داگیرکراوی ژێردەستی نەتەوە و دەسەڵاتی فارسە". کەوابوو لە قۆناغی ئێستادا ئەوەی نوێنەرایەتی ئەقڵییەتی پاوانخوازی فارس و دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانی دەکات و سەرچاوەی کۆی هەڕەشەکانە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

گەشە و کارایی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکیی چالاکانی مەدەنی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژینگەیەکی دێموکراتیک و ئازادەوە هەیە و نەبوونی ئەم ژینگە دێموکراتیک و ئازادە کە بە بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێبەری کراوە، گەورەترین لەمپەرە بەرانبەر کۆمەڵگەی مەدەنی. چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەلایەک بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکرات، مەجال و دەرفەتی کار و داهێنانیان بەرتەسک و مەحدودە، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و دەستبەسەرکردن و... دەبنەوە و بەو هۆیەوە هێندێک جار ناچار بە بەربەرەکانێی ڕژد و نامەدەنیانە دەبنەوە کە ئەم توندوتیژییە لە ماهییەتی خۆیدا دەتوانێ هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی بێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوە مەدەنییەکان ناوەندگەلێکن کە لە ئاستی بەرەنگاریدا بە هۆی ناڕێکخراوبوونیان بچووک و لاوازن، بۆیە هەرچی دەوڵەت و دەسەڵات بەرەو تۆتالیتێری بچێ، جێگایان لێژ دەبێ و لەگەڵ ئەوەیکە خۆیان بە دەستەوە نادەن، چالاکییەکانیان لە شێوازی ئاشکراوە دەگۆڕدرێ بۆ نهێنی و ژێرزەمینی و ئەگەر مەیدانیان لێ بەرتەسکتر بکرێتەوە و زیاتر سەرکوت بکرێن، هیچ دوور نییە دەست بۆ چەک بەرن و لە ڕێکخراوی مەدەنییەوە بگۆڕدرێن بۆ تەشکیلاتێکی چەکداری.

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان و کارتێکەرییان لە سەر یەکتری و هاودیسکۆرسیی ئەم دوو باڵە لە بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان بە خاڵی بەهێز و دەرفەت بۆ هەر دوو بزووتنەوەکە باس کرا. لە نێوان پێوەندیی دیالکتیکی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلێنێکی ورد هەیە کە وەک هەڕەشەیەک

بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمار، ئەویش "بەحیزبی کردن"ی کۆمەڵگەی مەدەنییە. یەکێک لە مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە حیزبەکان چاوەڕوانیی ئەوەیان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان چالاکانی مەدەنی هەبێت کە سەر بەوان بن و بە قسە و دەستوری ئەوان بجووڵێنەوە و، بیانکەنە بەشێک لە تەشکیلات و ئەندامی خۆیان و ئەگەر ئەو چاوەڕوانییەیان دەستەبەر نەبوو، لە بەرانبەر خۆیانیان دابنێن و بە داردەستی دوژمنیان پێناسە بکەن. یان ئەوەیکە حیزبەکان هەوڵ بدەن لە نێوخۆی وڵات ڕێکخراوی بەستراوە بە خۆیان و هاوتەریب لە گەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان درووست بکە.

لە نێو سیستەمێکی دێموکراتی و ژینگەیەکی ئازادی سیاسیدا حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن و گەلێک پرۆژە و بەرنامە و میتینگی هاوبەش بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەڕێوەبەرن، بەڵام بەدەر لەم حاڵەتە و لە نیزامێکی دیکتاتۆری و ژینگەیەکی داخراوی وەک ئێستای ئێراندا دەستێوەردانی حیزبەکان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دەتوانێ تەواو مەترسیدار بێت و دەرفەتەکانی بەردەم پاراستنی کۆمەڵگەی مەدەنی بفەوتێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەحیزبیکردن هەزینەی کارکردن دەباتە سەرێ و بەشێکی زۆر لە خەڵک کە حەزیان لە چالاکییە و حازر نین تێچووی زۆر بدەن دەترسێنێ و لە بزووتنەوە دەیانتەکێنێتەوە.

هەر لە بارەی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و حیزبەکان و مەترسییەکانی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

**مەحموودزادە لە سێ خاڵدا بەڕوونی باس لە جۆری ئەم مەترسیانە دەکات:**

١- لە ئەگەری نەمانی باڵێک لەم دوو باڵە (مەدەنی و سیاسی) باڵەکەی تر تێدا دەچێ.
٢- ئەگەر هەر دوو باڵ هەبن بەڵام پێوەندییە ئۆرگانیکەکەی نێوانیان بپچڕێ و لە خراپترین حاڵەتیشدا ئەو دوو باڵە بە دژی یەک بوەستنەوە.
٣- یەکێک لەو باسکانە بیەوێ مەنتیقی خۆی بە تەواوی بەسەر ئەوەی دیکەدا زاڵ بکا و لەنێو خۆیدا بیتوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە حیزبی نەکرێ، پێویستە "هێڵێکی پڕڕەنگ لەنێوان حیزب و کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەبێت و بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و گەشەی سەقامگیر، حیزب نە دەبێ ڕێکخراوی مەدەنی سەر بە خۆی ساز بکات، نە دەست لە کاروباری کۆمەڵگەی مەدەنی وەربدات". ڕێکخراوەکانی مەدەنی بۆ ئەوەی بتوانن لە هێزی جەماوەری خەڵک کەلک وەربگرن و سەرنج و متمانەی تێکڕای خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و متمانەی گشتیی جەماوەر وەدەست بێنن، دەبێ بە تەواوەتی سەربەخۆ بن و نەبنە پاشکۆی حیزب.

لەم پێوەندییەدا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، بە ئاماژەدان بە وتارێکی حیزبەکەی کە ساڵی ١٣٥٣ لە پەرتووکی "تێکۆشەر"دا بڵاو کراوەتەوە، باس لەوە دەکات حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە دەستێوەردانی ئەو کوڕ و کۆمەڵە فەرهەنگی و ئەدەبییانە نەکات کە لە نێوخۆ ساز دەبوون و چالاکییان دەکرد و دانی مۆرکی سیاسی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە کارێکی نادرووست و زیانبەخش دەزانێ. لەم پێوەندییەدا ناوبراو پێی وایە "شانازی ئەوە نییە حیزب فەعالییەتی باشی خەڵکەکەی بکا بە هی خۆی، شانازی و هونەرەکە لەوەدایە فەعالییەتە باشەکەی خۆت بە هی خەڵک بزانی. چونکی گەورەترین شانازی بۆ حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە ئەوەی دەیکا لە خزمەتی خەڵکدا بێ. لە پاشان ئێمە ئەگەر مەسئوولانە بیر بکەینەوە، حیزبی خەڵکین، بۆخۆمان و حیزبەکەمان هی خەڵکین. حیزب بە هەموو بەربڵاوییەکەی بۆخۆی بەشێکی کەم لە خەڵکەکەیە، کەوایە بەهیچ جۆر لەگەڵ ئەوە نیم کە کاری چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانیان مۆرکی سیاسییان لێ بدرێ و فەعالییەتی خەڵکی بکرێتە هی حیزبەکان."

هەر لەم بارەوە ڕەزا کەعبی دەڵێ "قەت پێمان وا نەبووە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکرێنە هی کۆمەڵە. بەبێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی سازمانیمان لێیان هەبێ، زۆر جار هاوکاریشمان کردون و خۆمان بە پشتیوانیان زانیوە. ئەم ساڵانەش یەکێک لەو بزووتنەوە مەدەنییانەی کە ژینگە پارێزییە دەور و نەخشی زۆری هەبووە، ئێمە ویستوومانە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بین لەگەڵ هەموویان. ئیمکانی نییە حیزبێک لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆمەڵگە گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بەسەردا هاتوە، بتوانێ ڕێکخراوێک بکاتە حیزبی. ئەسڵەن ئەو قۆناغە بەسەر چووە. دەورەی ئەوە تەواو بووە کە حیزب هەموو شتێک ببرێتەوە. هێزی دیکە لە کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە و زۆرێک لە ڕۆڵ و نەخشەکان بە سەر هێزی دیکەی کۆمەڵگەدا دابەش بوون کە کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لەو هێز و باسکە نوێیانەیە."

خەباتی مەدەنی و ئەو کۆمەڵگەیەی لە ئاکامی ئەم خەباتە بنیات دەنرێ بە مەرجێک ڕیشەیەکی مێژوویی هەبێت و خاوەنی ڕەسانایەتی لە خاک و خەڵکی خۆی بێت، کەم وا هەیە دەستەمۆیی و دەستێوەردان و توانەوە لەنێو چوارچێوەیەکی دیکەدا قبووڵ بکات. کەوابوو "خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بە تەواوەتی بە حیزبی ناکرێت". بەڵام ئەو ڕەوتە سیاسییانەی خاوەنی بەربڵاوترین پێگەی جەماوەرین و پێوەندییەکی ئۆرگانیکیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، مۆرکی خۆیان لە هەر ڕەوتێکی زادەی ئەو کۆمەڵگەیە دەدەن. بەو مانایە کە زیندووترین پێوەندیی ئۆرگانیکی لەگەڵ دادەمەزرێنێ و لەگەڵ خۆی هاوئاراستەی دەکات. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەو پێگە مێژوویی و بەرفراوانە جەماوەرییەی کە هەیەتی، شکی تێدا نییە کە شوێنەواری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنی داناوە و لە هێما و گوتار و سەبکی ڕەفتاردا هاوئاراستەی خۆی کردوە. حیزبەکان نابێ هەوڵ بدەن ئەو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکەنە حیزبی، چونکی هەم ناتوانن شتی وا بکەن و هەم ئەگەر هەوڵی بۆ بدەن کارێکی بێهوودە دەکەن. کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانێکی بەرینی کۆمەڵایەتی تێدا پێک هاتووە و هەرچی ئەم کۆمەڵگە پێشکەوتنخوازتر، مەدەنیتر و جەماوەریتر بێت، زیاتر

بەقازانجی کۆمەڵگە دەبێت. ئەگەر حیزبێک ئەم نەتیجەیە بە زەرەری خۆی بزانێ و نەتوانێ ئەم بەرەوپێشچوونە لە بەشێک لە ئامانجەکانی خۆیدا پێناسە بکات، بێگومان لەمپەرێکی گەورەیە لە سەر ڕێگای گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە مەترسیی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەبەدەر گەورە دەکرێتەوە و خودی ئەم لەبەرانبەر یەکدا دانانەی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی. بزووتنەوەی مەدەنی قەت بەرانبەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری ڕاناوەستێ، مەگەر ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بیهەوێ خەباتی مەدەنی بێبایەخ نیشان بدات. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا بە هۆی کۆمەڵێک لیدەر کە توانای لێکدانەوەی واقعی کۆمەڵگە و خەبات و سیاسەتیان هەیە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر کراون. لەم پێوەندییەدا ئازاد محەممەدیانی پێی وایە: "بزووتنەوەی مەدەنی و کەلان گوتاری نەتەوەیی یا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئێستادا ڕکابەری یەکتر نین، بەڵام کەسانێک هەن کە ئارەزوویانە بەرەو ئەم مەسیرەی بەرن، کەسانێک کە پێیەکیان لە ڕێفۆرمخوازیی ناوەندگەرای ئێرانی دایە. ئەوانە لە قۆناغێکدا توانیبوویان ئەم بیرۆکەیە زاڵ بکەن کە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە (جموجۆڵی مەدەنی) بەرهەمی شکستی خەباتی شاخە و بەدیلێکە بۆ ئەو کە هەڵبەت ئێستا بە هۆی ناکارامەیی ئیسڵاحات لە کزیدان". بەشێکی زۆر گەورە لە هەرایەکی هەڵخەڵەتێنەر کە لە سۆنگەی ئەم پێوەندییەوە دەنرێتەوە، لەڕاستیدا هی ئەو ڕەوتە سیاسییانە نییە کە بەڕاستی دڵسۆز و خەمخۆری سەربەخۆیی خەباتی مەدەنین، بەڵکوو هی ئەو ڕەوتە سیاسییانەیە کە لە مەیدانی ڕکەبەریەتیدا خاوەنی ئەم جێگە و پێگەیە نین کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕاستییەکی تاڵ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد ئەمەیە کە زۆر جار ئەو بەربەستانەی ئەو ڕەوتە کوردییە پەراوێزییانە بۆ هەر دوو باڵەکەی خەباتی جەماوەری (مەدەنی و سیاسی) سازی دەکەن، زۆر ڕووخێنەرتر بووە لەو بەربەستانەی حاکمییەتی ناوەندی سازی کردوە.

هەر لە مەسەلەی هەڕەشەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەمترین باسی لە سەر کراوە، هەڵوێست و بۆچوونی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دیاسپۆرایە بەرانبەر بە کار و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات. ئەوان کە زۆربەیان بە چەند دەیەیە لە کوردستان دوورن و کەمتر دەرک بە واقعی کۆمەڵگە و زەرفییەت و دەرفەتەکانی نێوخۆی وڵات دەکەن، خوێندنەوە و قەزاوەت و ڕەفتاریان بەرانبەر بە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر دوورە لەوەی لە نێوخۆی وڵات بوونی هەیە. جۆری ڕوانین و هەڵوێست و قەزاوەتی کوردی دیاسپۆرا لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە جموجۆڵی مەدەنی و چالاکانی ئەم بەستێنە، دەتوانێ کەلێنێکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە ئێستا و داهاتوو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ساز بکات.

## دەرفەتەکان

بەڕەسمیناسینی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن بزووتنەوە گەورە نەتەوەییە جەماوەرییەکەوە یەکێک لەو درفەتانەیە کە

گەلێک دەرگا و مەجالی ئەرێنی بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە. ئەم بەڕەسمی ناسینە لەگەڵ خۆیدا پشتیوانی و متمانە پێبەخشینی بەدوادا هاتووە و حیزبەکان چ لە گوتار و چ بە پشتیوانیی میدیایی، دەرفەتێکیان بۆ گەشە و بەرفراوانبوونەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی خوڵقاندوە.

هەروەک چۆن بوون و بەردەوامیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا هەڕەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، بە "ڕووخانی ئەم ڕێژیمە لەمپەرێکی زۆر ئەساسی و قورس و بنەڕەتی لە سەر ڕێگای گەشەی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە کوردستان هەڵدەگیردرێ."

دەرفەتێکی دیکە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیدابوونی ئینترنێت و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە مەجالێکی بەرفراوانی بۆ چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک هێناوە کە کار و چالاکییەکانیان بناسێنن، سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و گوشار بخەنە سەر لایەنی دەسەڵات. لە دەیەی ڕابردوو بەم لاوە، ئینترنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆری پەرەگرتوە و بەکارهێنەری زۆر هەن. ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی بە خەڵک داوە لە ئاستێکی بەریندا و ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان دژی دەسەڵات دەرببڕن. بە کەمترین تێچوو، دەسکەوتی باش وەدەست هاتووە.

بوونی سۆشیال میدیا بووەتە دەرفەتێکی زۆر جیددی و گەورە بۆ ئەوەیکە دەسەڵات نەتوانێ پرسەکان دیزە بە دەرخۆنە بکا و سەرپۆشیان لەسەر دابنێ. سۆشیال توانیویەتی ئەو دەرفەتە لە دەسەڵات بستێنێ کە بە شێوەیەکی تاک لایانە و مۆنۆلۆگی حکومەتی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ توانیویەتی ئەو دەرفەتە ساز بکا بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ قسان بکا لەگەڵ یەکتر، مۆنۆلۆگ بکا بە دیالۆگ و لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر لە لایەک ئاستی چالاکی و تەبلیغی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی بەرز کردۆتەوە لە لایەکی دیکەوە توانیویەتی دەستی دەسەڵات تا ڕادەیەک لە سەرکوت کەم بکاتەوە.

بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرزبوونەوەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک بۆ ئاستی چینی مامناوەندی یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ زۆرترین کەڵکی لێ وەربگرێت. لەم پێوەندییەدا بێهزاد خۆشحاڵی بە دابەشکردنی شوناسی نەتەوەیی بە سەر سێ قۆناغی؛ "بەرگری"، "ڕەوایی" و "بە بەرنامە"، لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێ بەرەو شوناسی بە بەرنامە بڕوات و " گەورەترین دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە کە بەرەو شوناسی بە بەرنامە هەنگاو بنێێ. ئەمە دەتوانێ بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەرفەتێک بێت



سەرچاوە
Serchawe

کە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب ساز بکات کە خاوەنداریتی لە زۆرێک لە پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات و بە بەرنامەوە خۆی بە ڕێکخستن و ڕێکخراو بکات.

## ئاکامگیری

بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کە بە ڕووی کۆمەڵگەی کوردستان و پرسە هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوەکانیدا خۆی واڵا کردوە. لە نەبوونی کیانی سیاسی و نەبوونی مەیدانێکی ئازاد و یاسایی بۆ تێکۆشانی سیاسی، تەنیا گەڕانەوە بۆ نێوخۆی کۆمەڵگە و کەڵکوەرگرتن لە پتانسێلی کارای کوردستانە کە دەتوانێ ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و پارێزگاری لە وجوودی نەتەوە و نیشتمان بکات. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دەرفەت و پتانسێلە کارا و متمانە پێکراوەیە کە دەتوانێ بەرانبەر بە دەوڵەت - مافیادا خۆی بنوێنێ.

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە دروشمی سیاسی و فۆرموولی گەورە بەرەوپێش ناچێت. بەپێی ئەو هێز و توانایانەی کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، دروشم و فورموولەکان دەبێ ورد بکرێنەوە و بکرێنە کەرەستەیەک بۆ تێکۆشان و چالاکیی ڕۆژانە. نابێ تەنیا چاومان لە بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکە بێت و لە وردە بزووتنەوەکانی نێو کۆمەڵگە غافڵ بین. بەستێنی مەدەنیی خەبات بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە دەرفەتێکی وای خوڵقاندوە کە دەتوانێ تاکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی ڕۆژانە دەرهێنێ و بیخاتە نێو سیستەمێک لە جموجۆڵی ڕۆژانە کە بەردەوام بەدوای خۆی و چارەنووسیدا بگەڕێ و چاولەدەست نەبێت.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگارییەکی سیستماتیک و بەهێزی هەبێت و پاشەکشە بە هێزی دژبەر - کە کار لە سەر چووکەکردنەوە و توانەوەی دەکات - بکات، پێویستی بە خۆڕێکخستن و بەربەرەکانییەکی جەماوەری هەیە. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو هێزەیە کە دەتوانێ ئەم ئەرک و ڕسالەتەی بخرێتە ئەستۆ. ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان هێزی دینامیکی ئەم پرسەن. ئەوان بە کۆکردنەوەی چالاکان لە دەوری یەکتر و شۆڕکردنەوەی زەینییەتی بەرپرسارێتی بۆ نێو کۆمەڵگە و ختۆکەدانی تاکەکان بۆ جووڵە و بزووتن،دەتوانن کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتییەوە بگۆڕن بە هەڵوێستگرتن. لەم سۆنگەیەوەیە کە مەفهوومی خاوەنداریتی لەنێو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا بیچم دەگرێ و چیدیکە هیچ پرسێکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و بێخاوەنیدا دیزەبەدەرخۆنە ناکرێ.

هاوگوتاریی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکەی کوردستان، ئیمتیازی "متمانەی خەڵک"ی بە

کۆمەڵگەی مەدەنی بەخشیوە. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان قۆناغی هەرە ئەساسی و هەستیاری خۆی تێپەڕاندووە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بە ڕاکێشانی سەرنج و هێزی کۆمەڵگە، ئەو ڕۆڵە دینامیکە بگێڕێ و ڕەفتاری خەڵک لە چوارچێوەی پرسی مافخوازیی شوناسخوازنەدا بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا مودیرییەت بکات.

زەروورەتی ژیان و ژیواری کورد لەپێناو مانەوە و مقاوەمەتی بەرانبەر بەو هێز و ڕوانینە هەرەسئاویانەی دەوروبەری کە چاوی تەماحیان لە خاک و بەرژەوەندییەکانی بڕیوە، لەم چاخەدا بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای کۆمەڵگەی مەدەنییەوەیە کە دەتوانێ کوردایەتی و ناسیۆنالیستبوونی خۆی بەهێز و ئامادە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو هێزانە بکات کە لە چوار لاوە چاویان تێبڕیوە. لەم پێوەندییەدا ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستە ڕۆژانە لە ڕەفتار و بەربەرەکانیدا بەپێی گۆڕانکاری و بەها کۆمەڵایەتییەکان خۆی نوێ بکاتەوە و لە بەرگێکی ڕۆژانەدا خۆی نمایش بدات. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و گونجاوترین ئامرازە کە دەتوانێ ڕۆژانە کۆمەڵگە بە بەها و ئەرزشی نوێی شوناسخوازانەوە بێنێتە مەیدانی ڕوبەڕووبوونەوە. بۆ نموونە ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و چالاکانی ئەم بوارە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان، مانا و ڕێکارەکانی"نیشتمانپەروەری" وەک بەهایەکی نەتەوەیی، نوێ بکەنەوە. یان ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، لەم ڕێگایەوە بەرانبەر بە هێز و ڕوانینێک کە قەدەغە و قۆرغی خستۆتە سەر ئەم بەشە لە پێناسەی نەتەوەی کورد، مەیدانێکی نوێ لە بەرەنگاربوونەوە و پارێزگاری لە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتیان خستۆتە سەر پشت. بۆ ئەم کارە پەرەسەندنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و زیادبوونیان لە لایەک دەتوانێ کەڵک لە تەواوی زەرفییەت و پتانسیلی نێو کۆمەڵگە وەربگرێت و، لە لایەکی دیکەوە بە هێزێکی زیاترەوە بەرانبەر بە دەسەڵات خۆی بنوێنێ و ڕۆژانە سیاسەتی سەرکوتی دەسەڵات زیاتر پاشەکشە پێ بکات و بەهێزبوون و مانەوەی خۆی گەرەنتی بکات.

کەوابوو بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەهەندی جۆراوجۆری خۆیدا، جیا لەوەیکە دەرفەتێکی پڕ لە وزە و پتانسیلە بۆ کورد و پرسە نەتەوایەتییەکەی، لە هەمان کاتدا زەروورەتێکیشە بۆ نوێکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی و سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی بەها نەتەوەییەکان و ئامرازێکی نوێی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێکخستن و سازماندانی ڕەفتاری کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی گشتی و هاوبەشدا.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# خولانەوە لە بازنەی شەڕدا



**سمایل شەرەفی**

لە وڵامدانەوە بە دووهەمین هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە "وادە سادقی ٢" نێودێر کرابوو، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، ٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ی هەتاوی، هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر چەند پێگەیەکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە پارێزگاکانی ئیلام، خوزستان و تاران. ئەمە بۆ دووهەمین جارە ئیسڕائیل هێرشی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئێران، بەڵام یەکەمجارە بەفەرمی بەرپرسایەتییەکەی دەگرێتە ئەستۆ. دانیل هاکاری، وتەبێژی ئەرتەشی ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ هۆکار و مەرامی ئەم هێرشەی وڵاتەکەی بۆ سەر ئێران ئاماژەی بە هێرشە مووشەکییەکەی مانگی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسڕائیل کرد و گوتی بەشێک لەو پێگە بەربڵاوانەی دەسنیشانمان کردبوون کراونەتە ئامانج و زەبرێکی باشمان لە پێگە سەربازی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی وەشاندوە. لە بەرانبەردا سەرچاوە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی وێڕای دانانی بە کوژرانی چوار سەرباز و پلەداری سەربازی لە پێگە پەدافەندییەکان، بەڵام هێرشەکەی ئیسرائیلیان بە "سووک" و "بەرتەسک" ناو بردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئێستا دوو هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر وڵاتی ئیسرائیل و مافی بەرگری لە بەرانبەر

هەڕەشە و هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆخۆی بە ڕەوا دەزانێ، ئێستا بە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئێران لەلایەن فڕۆکە شەرکەرەکانی ئیسرائیل لە تازەترین هێرشیان بۆ سەر چەند پێگەیەکی سەربازی لە ئیلام و خوزستان و تاران قەڵسە و ئەم هێرشەی ئیسرائیل بە "دەستدرێژیی ڕێژیمی زایۆنی" ناو دەبات و وڵامدانەوە بەم "دەستدرێژییە" بە مافی خۆی دەزانێ. لەم پێوەندییەدا ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندراوێکدا، تەنیا کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان بە پێشمەرجی خۆبواردن لە تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل دەزانێ. پرسێک کە وێناچێ ئیسرائیلییەکان هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری بن و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەمە باش دەزانێ و بە جۆرێک هەوڵی مودیرییەتکردنیشی دەدات.

هەر لە ڕاگەیاندراوەکەی ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە ئیدیعاکردنی ئەوەی گوایا مووشەکەکانی هێرشەکەی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە لە وڵاتی عێراق و لە ١٠٠ کیلۆمەتریی سنورەکانی ئێرانەوە هاوێژراون و بۆ ئەو هێرشە لە پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق کەڵک وەرگیراوە، دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆی بۆ گەڕێکی دیکە لە خولانەوە لە بازنەی ئەم شەڕەدا ئامادە دەکات. بەپێی ڕاگەیاندراوەکەی ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ئامریکا بەشێکە لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و ڕۆڵی "بنەڕەتی"ی تێدا گێراوە و کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئەوەدا بێهەڵوێست نابێت.

لە درێژەی ئەم ڕەوتە لە پاسپاسێن و گەمە پینگ‌پۆنگییەی ئێران و ئیسرائیلدا، بەرپرسانی سەربازی و سیاسیی ئیسرائیل دەڵێن ئەگەر ئێران وڵام هێرشەکانمان بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی بداتەوە و بیر لە تۆڵەکردنەوە بکاتەوە، ئێمە هێرشەکانمان بەربڵاو و کاریگەرتر دەکەین. خۆ ئەگەر سەیری ڕەفتاری هەردوو وڵاتی ئیسرائیل لە یەکساڵی ڕابردوو و کێشەکانیان لە چەند دەیەی پێشوودا بکەین بۆمان دەردەکەوێ هەردوو وڵات بە خوێندنەوەیان لەسەر ماهییەتی یەکتر لە چوارچێوەی تێئۆریی "مودیرییەتی ناکۆکییەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش" پلانە ئیستراتیژییەکانیان دادەڕێژن. لەم تێفکرین و ڕەفتار و ئیستراتیژییە هاوبەشەیاندا تەوەری ئەساسی نەک بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و داکۆکی لە گەلی فەلەستینە، بەڵکوو بەهێزکردن و ڕاگرتنی هەر دوو ڕێژیمی زایونیزم و مەهدەوییەتە. هەردوو وڵات لە شەڕێکی مودیرییەتکراوی هاوبەشی بەرتەسک و دوور لە خەساری زۆردا، بە قوربانیکردنی خاک و خەڵکی - یەکیان هی خۆی و ئەوی دیکەیان هی دیکە - لە مانەوەی خۆیان بە هەر قیمەتێک و مەرامە هاوبەشەکانیان دەگەڕێن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕ و ئاڵۆزییانە بەپێچەوانەی ئیدیعا پڕ لە ساختە و درۆینەکانی، نە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران و نە خاکی ئەم وڵاتەیە. هێنانە بەرباس و ئیدیعاکردن لە "داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی ئێران" بۆ کۆماری

خەزەڵوەری ٢٧٢٤

ئیسلامیی ئێران کە هەرچی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی نێوخۆ وڵات و هاشاوڵەکانی بۆ دەرەوەی وڵاتە بەو ناوەوە دەیکات، جیا لە هەوڵدان بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتی خەڵک و شاردنەوەی ماهیەتی ئیدئۆلۆژیکی لەژێر ئەو ناو و ئیدیعایانەدا شتێکی دیکە نییە. کۆماری ئیسلامی لە پێناو مەرامە ئیدئۆلۆگ و کۆنەپەرەستەکانی و، مانەوەی لە دەسەڵات و بەربڵاوکردنەوەی گوڕەپانی ئەو شەڕ و ئاژاوانەی لە ناوچەکە سازی کردوە، دەیان ساڵە سەروەت و سامانی خەڵکی وڵات لە تاقم و گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە خەرج دەکات و خەڵکی لە هەژاری و وڵاتی لە وێرانی و دواکەوتوویيدا هێشتۆتەوە؛ کەواتە کام بەرژەوەندیی خەڵک و خاک؟

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا بەردی درۆی داکۆکی لە گەلی فەلەستین و "مستعضفین"ی جیهانیش لە سینگ دەدەن و بە هۆی سیاسەتە شوومەکانیانەوە غەززە و بەیرووتیان بە وێرانکردن دا و بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکەیان تووشی مەرگ و ئاوارەیی کرد، کە گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان بێبەش و وڵات و خەڵکیان لەوپەڕی بێهیوایی بە ژیان و دواکەوتووییدا ڕاگرتوە. کەوایە ئەم شەڕە جیا لە کوشتنی زیاتری ئینسانەکان و مەترسیی بۆ سەر هەردوو وڵات - نەک ڕێژیمەکان - و پەرەپێدان بە سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی هاوبەش لەپێناو مانەوەیان لە دەسەڵات و قوربانیکردنی خەڵکی دیکە، چارێ درێژە دەکێشێ و بەم زووانە ئاسۆیەکی ڕوونی تێدا بەدی ناکرێ.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---

# کێ خراپی لێک داوەتەوە؟



عەلی بداغی

بە هێرشی سەربازیی ئیسرائیل بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران، شەڕی ناڕاستەوخۆی نێوان ئەم دوو وڵاتە چووەتە قۆناغی پێکدادانی ڕاستەوخۆ، دۆخێک کە چیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک بەرپرسیاری سەرەکیی دۆخە ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە. ئێستا خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم لە کاردانەوە بە هێرشی چەند ڕۆژ لەوەپێشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کە تێیدا هەستیارترین ڕادار و ناوەندەکانی چاودێریی ئاسمانی، گرینگترین قەڵغانە دژە هەواییەکانی ڕێژیم وەک ئێس ٣٠٠ و، هەروەها ستراتیژیکترین چەکی سەربازیی ڕێژیم وەک بەشی سووتەمەنیی مووشەکیی ڕێژیم کرانە ئامانج؛ ڕایگەیاندوە کە ئیسرائیل سەهووی کرد و لێکدانەوەکانی چەوت و هەڵەن. سەرفینەزەر لەوەی خامنەیی و ڕێژیمەکەی لە بەردەوامیی ئەم دۆخەدا پلانیان چییە و چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتوو دەکەن، بەڵام پرسیار ئەوەیە هەر بەڕاست لەو نێوانەدا کام لایەن بەهەڵە چوون و کێن ئەوانەی لێکدانەوەکانیان بە زیان بۆیان شکاوەتەوە؟

- کۆماری ئیسلامی ٤٦ ساڵە قووتی خەڵکی ئێرانی بڕیوە و خەرجی هێز و میلیشیا جۆراوجۆرەکان بۆ شەڕی نیابەتیی دەکات، بەڵام ئێستا دەبینین ئەو هێزانە لە لوبنان و غەززەوە هەتا یەمەن و وڵاتانی دیکەش یەک لە دوای یەک گورزی

گورچووبڕیان لێ دەکەوێ و لەپێ دەکەون. بەڕاست کێ لە لێکدانەوەکاندا هەڵەی کردوە؟

- کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیان ساڵە بە بچووک و بچووکتر کردنەوەی سفرەی ژیانی خەڵکی وڵات، داهات و سامانی گشتیی ئێرانی بۆ تێکنۆلۆژیی دروستکردنی بۆمبی ئەتوم و پیشەسازیی مووشەکی خەرج دەکات، بەڵام بە دوو هێرشی سەربازیی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی وەها زەبرێکی وێ کەوتووە کە ڕێژیم ئەگەر حوکمەت و دەسەڵاتەکەی بشمێنێ -کە خەڵکی ئێران ئیزنی ئەوەی پێ نادەن- هەر ئێستا چەندین ساڵ و بە میلیارد دۆلاری دیکەی دراو پێویستە بۆ ئەوەی بۆ دۆخی سێ مانگ لەوە پێشی بگەڕێتەوە. بەو پێیە دەکرێ بفەرموێت کێ لە لێکدانەوەدا بەهەڵە چووە؟

- ڕێژیم دوای شەڕی ٣٣ ڕۆژەی لوبنان و ئیسرائیل لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بەپێی دانانی خودی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی کوژراوی حیزبوڵڵا چەندین میلیارد دۆلار لە سامان و دارایی خەڵکی ئێرانی بۆ دروستکردنی ١٥ هەزار خانوو و باڵاخانە، ٧٠٠ کیلۆمەتر ڕێگاوبان، ٤٨ پرد و دەیان نەخۆشخانە خەرج کرد، هەروەها بەو ڕادەیەش بۆ غەززە و بۆ پڕچەککردنی حەماس لە تونێلەکاندا تەرخان کرا، بەڵام لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لە سۆنگەی سیاسەتەکانی ڕێژیمەوە هەموو ئەو شوێنانە دیسان تەختی زەوی بوونەوە و چەند قاتی ئەوەندەش زیان و خەساریان وێ کەوتوە. هەر بەڕاست کێ هەڵەی کرد؟

- کۆماری ئیسلامی لە ٤٦ ساڵی ڕابردوودا بە سیاسەتی شەڕئەنگێزی، دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دراوسێ و ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووەتە دۆڵپایەک بەسەر شانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە و، بەو هۆیەوە دەیان ساڵە گەمارۆی ئابووریی خراوەتە سەر و، لەو سۆنگەیەشەوە بەرەوڕووی قووڵترین قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بووەتەوە. خۆ ئەگەر تەنیا نرخی تمەن وەک دراوی نیشتمانیی وڵات بە نموونە بێنینەوە، لە ماوەی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا کە لە سەرەتادا هەر دۆلارێک ٧ تمەن و ئێستا هەر دۆلارێک نیزیک ٧٠ هەزار تمەنە، بایەخی پووڵی وڵات ١٠ هەزار هێندە داڕماوە و ئەو داڕمانەش بۆ هەموو کەرتەکانی دیکەی ئابووریی وڵات شۆڕ بۆتەوە. ئێستا با جەنابی خامنەیی وەڵام بداتەوە کە کێ لە ستراتیژی و لێکدانەوەکانی خۆیدا بەهەڵە چووە؟!

- دوو ساڵە لەگەڵ هەر دۆڕانێکی تیمە وەرزشییەکانی ئێران لە مۆندیال و پێشبڕکێ جیهانییەکاندا خەڵکی وڵات دەڕژێنە سەر شەقامەکان و شادی و خۆشی دەکەن، ئێستاش کە ئێران بەرەوڕووی هێرشی دەرەکی و دەستدرێژیی وڵاتێکی دیکە بۆتەوە، زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەم وڵاتە نەک بۆ ئەمە بەپەرۆش نین و پشتی حکوومەت ناگرن، بەڵکوو بەئاشکرا خودی خامنەیی بە بەرپرسیاری ئەم دۆخە دەزانن و، لە دژی ئەو هەڵوێست دەگرن و جەنابیان بە دوژمنی سەرەکیی خاک و خەڵک

و وڵاتەکەی خۆیان دەزانن؛ ئێستا با هەر خۆی بفەرموێ کێ لە لێکدانەوەکانیدا سەهووی کردووە؟!

- لەوەتی کۆماری ئیسلامی هەیە زۆرترین بەشی بودجەی وڵات بۆ بنیات و ناوەندە سەربازی و ئایدۆلۆژییەکانی دەڕوات، کەچی پاش ٤٦ ساڵ سەرەکیترین کۆڵەکەکانی شەرعییەتی ئەم نیزامە سیاسییە دارماون و خەڵکی ئەم وڵاتە نەکهەر، هیچ ئینتیمایەکیان بۆ ئەم حکوومەتە نییە، بەڵکوو وەک لە بزووتنەوەی ژیناشدا دەرکەوت ئامادەن هەموو تێچوویەکی گیانییش بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە بدەن و لە خەبات بۆ ئەو ئامانجەش بەردەوامن، ئەرێ هەر بەڕاست کام کەس و لایەن لە لێکدانەوەکانیاندا بەهەڵە چوون؟!


لە کۆتاییدا قسە هەزارە و دووانی بەکارە: ٤٦ ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران دروشمی نابوتکردنی ئیسرائیل و ڕزگارکردنی قودسی بەرز کردووەتەوە، کەچی ئێستا دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیم دنیای وەئامان هێناوە و هەمووانی تکاکار کردوون بەشکم هەوڵ بدەن ئیسرائیل وازی لێ بێنێ و شەڕەکە بەوەندە ببڕێتەوە. دەیان ساڵە ڕێژیم بەوە دەنازێ چوار پێتەختی وڵاتی دیکە و سوپای جۆراوجۆری لە بەردەستە و بەهۆی پیشەسازیی پێشکەوتووی مووشەکیی خۆیەوە کەس ناوێرێ قامکی لێ ببزێوێت. کەچی ئێستا نەک هەر بووەتە هۆکاری شکستی سیاسی، سەربازی، ئابووری و هەرەسهێنانی ئەم وڵاتانە؛ بۆخۆیشی لە لێواری ڕووخان و دارماندایە. بۆیە لە دۆخێکدا کە ڕێژیم نە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا دۆست و هاوپەیمانێکی هەیە و نە لە نێوخۆی وڵاتدا دەتوانێ پشت بە پاڵپشتی و پشتیوانیی خەڵک ببەستێ و بەرەورووی بەربڵاوترین قەیرانەکان بووەتەوە، ئەوەی لە هەموو ئەو دەیان ساڵەدا بەهەڵە چووە و لێکدانەوەکانی چەوت بوون، هەر خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمەن.

٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دەوڵەتی پزشکیان پاش دوو مانگ



**هەردی سەلیمی**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی ئازادی و دێموکراسی، دەسڕاگەیشتن بە زانیارییە، یەک لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی پزشکیانیش، لابردنی فیلتێرینگ بوو. ئەو فیلتێرینگەی کە پێش بە ئاڵوگۆڕی ئازادی هەواڵ و زانیارییەکان دەگرێ و بەوتەی خۆیان ئەم فیلتێرینگە تا ئێستا زەرەری زیاتر لە ٢٠ هەزار میلیاردی لە ئابووریی ئەو وڵاتە داوە؛ بەم حاڵەشەوە هەتا ئێستاش کە ئەم وتارە ئامادە دەکرێ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و مافیاکانیان هێشتا کۆڵیان نەداوە و تەنانەت کۆبوونەوەی نارەزایی دەردەبڕن بۆ ئەوەی پێش بە ئەگەری لابردنی فیلتێرینگ بگرن! دەوڵەتی چواردەیەم ئەم بابەتەشی ساندووە و لەمەوە بۆ ئەو پاسی دەدا.

گەشەی نەختینەیی سەری لە ئاسمان داوە و ڕێکۆردەکانی شکاندووە، کە ئەمە هۆشدارێکی جددییە بۆ هەڵاوسانی زیاتر لە داهاتوویەکی نزیکدا، پرسی ئابووری و کونترۆڵی نەختینەیی و هەڵاوسانیش یەکێکی تر لە بەڵێنەکانی دەوڵەتی پزشکیان بوو، کە ئێستا لەچاو پێشوو لە دۆخێکی خراپتردایە. دەوڵەت هێشتا قەرزی ساڵی ڕابردووی وەرزێرانی نەداوەتەوە و لە

تواناىدا نییە قەرزەکەی لەگەڵیان پاک بکات؛ بەم حاڵەوە لە بەشە دیارەکەیدا بوودجەی نیزامی سێ هێندە بووەتەوە. نرخی نان کە خواردنی سەرەکیی خەڵکە ٤٠ بۆ سەروو ٦٠٪ زیادی کردووە، لەگەڵ نان ئاو و خانوو و مریشک و هەموو پێویستی و پێداویستییە سەرەکییەکانی تریش بە شێوەیەکی بەرچاو گران بوون، چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و سینفە جۆراوجۆرەکان ئێستاش بۆ سەرەتاییترین مافەکانیان نارەزایەتی دەردەبڕن و هێشتا ئاوڕێکیان لێ نەدراوەتەوە، لە مامۆستایانەوە هەتا کرێکاران و خانەنشینان و پەرستاران؛ ئەمە لە کاتێکدایە لە کاتی دەنگداندا بەڵێن دەدرا گرانیی هەوسارپچڕاو کونترۆڵ بکرێ.

دەیانکوت بەزۆری ناکرێ حیجاب بەسەر خەڵکدا بسەپێ، ئێستا زانکۆکان و هەموو شوێنە گشتییەکان ئێشکچییانی حیجابی لێ جێگیرە، نەوەک ژنێک حیجابی زۆرەملی لەسەر داماڵێ! پەیام بۆ ژنانی شۆفیر دەنێرن کە بێحیجاب ماشین لێنەخوڕن. گەشتی ئیرشاد ئارامش و ئاسایشی لە خەڵک تاراندووە.

دەوڵەتی پزشکیان لەدوای دوو مانگ کە لە دەسبەکاربوونی تێپەڕ دەبێ، بۆ هەموو ئەم کێشە بنەڕەتییە ئابووری و سیاسییانەی بەردەم خەڵکی ئەو وڵاتە، نە تەنیا هەنگاوێکی ئەرێنیی هەڵنەهێناوە، بەڵکوو دۆخەکەی خراپتریش کردووە؛ پرسیار ئەمە: ئایا ئەم دەوڵەتە لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا چ گەندەڵی و خراپبەڕێوەبەرییەکی نەکردووە، کەوا خەڵکیان لە دەوڵەتی سەعیدی جەلیلی دەترساند؟ جیا لەم کێشە ئابووری و سیاسییانە کەوا چاوێکی پێدا خشێنرا، پرسی نەتەوە زوڵملێکراوەکانیش هەر لە جێی خۆیەتی. پرس و کێشەی بەلووچستان بە دانانی ئوستاندارێکی سوننیی بەلووچ چارەسەر نابێت، گەر تەنانەت ئەو کەسە نزیک لە خۆیشیان نەبێت، چون هەر لە بنەڕەتڕا کێشەی کورد و بەلووچ و نەتەوەکانی تر، کێشەی ئەوە نییە کێ ئەو سیاسەتە ئاپارتایدییانە بەڕێوە دەبات و دایدەبەزێنێ، بەڵکوو کێشەی ئەوان ڕیشەییە بەم هەنگاوە پۆپۆلیستییانە چارەسەر نابێ و کەس فریو نادرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەدا ئەم دەوڵەتە لاوازترین کارنامەی هەیە. سێبەری شەڕێکی گشتگیر و ماڵوێرانکەر بەسەر ئەو وڵاتەدا کێشراوە و دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیم لە دوورخستنەوەی ئەو شەڕەدا دۆشداماوە. پێوەندیی لەگەڵ وڵاتان نییە و تەریک کەوتووە، یەکیەتیی ئورووپا لە ماوەیەکی کورتدا چەندین هەڵوێستی دژبە ڕێژیم گرتووە: گەمارۆی خستووەتە سەر بەشێک لە هێڵی ئاسمانی و چەندین کەس و ناوەندی تریش، لەمەڕ ئەو سێ دوورگەوە پشتی وڵاتی ئیماراتی گرتووە و داوای لە ئێران کردووە دەست لە داگیرکاری هەڵگرێ، لەم دواییانەش وڵاتی ئاڵمان چەندین کۆنسوولخانەی ئێرانی لەو وڵاتە داخستووە و پێوەندییە دیپلۆماتیکەکانیان بەرەو گرژیی زیاتر چووە، لەگەڵ ئەوەی هێزە پرۆکسییەکانی لە لاوازترین حاڵەتی خۆیاندان لە یارگیری و دۆزینەوەی دۆستیشدا دۆشداماون و هیچکام لە وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe

دەوروبەر لەم کێشانەدا بەلایاندا ناکشێن. هەرچەند کە کۆی بەڕێوەبەرییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر دەبێ لەسەر ڕێژیم حیساب بکرێ و لەم نێوەدا جیاوازییەک دانەنرێ، بەڵام بەبۆنەی ئەوەوە دوو مانگ لە دەسبەکاربوونی دوایین دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی تێپەڕ بووە، لێرەدا تیشک خرایە سەر کارنامەی لاوازی ئەم دەوڵەتە، کە بەشێک لە خەڵکیان لە ئاکامەکانی بەشداری‌نەکردن لە دەنگدان دەترساند !

١٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# هاواری نەبڕاوەی ژنان لە بێدادیی کۆماری ئیسلامی



**سمایل شەرەفی**

ڕۆژی شەممە، ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ی هەتاوی کچە خوێندکارێکی زانکۆی "علوم و تحقیقات"ی تاران لەلایەن خوێندکارێکی بەسیجییەوە لەبەر "ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ" هێرشی کرایە سەر. بەپێی زانیارییەکانی "هەواڵدەریی ئەمیرکەبیر" ئەم خوێندکارە بەسیجییە کە هاوکات مەئمووری ئەمنیەت (حەراسەت)ی زانکۆکەشە، دوای پەلاماردان و بێڕێزیکردن بە "ئاهوو دەریایی"، کراسەکانی لەبەر دادڕیوە و کچەش بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین و نیشاندانی ڕق و بێزاریی خۆی لە یاسای حیجابی زۆرەملێ، نیوەڕووت لەنێو زانکۆ و شەقامەکانی دەورووبەری زانکۆدا خۆی نیشان داوە.

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ئەم کچە لە زانکۆی علوم و تەحقیقاتی تاران ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز لەسەر هەڵوێستی ئەم کچە خوێندکارە هاتە ئاراوە؛ زۆر کەس هەڵوێستەکەیان بە ئازایانە و خەباتکارانە لە پێناو ئازادیی تاکەسی و دژایەتی لەگەڵ یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەڵەم دا. هەشبوون کەسانێک ڕووتبوونەوەکەیان پێ باش نییە و لەو باوەڕەدان ئەم کارانە بیانوو دەداتە دەست نەیارانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و تەعبیری خراپی

لێ دەکرێ، چونکی کاربەدەستانی ڕێژیم و میدیاکانی سەر بە ڕێژیم تا ئێستا بۆ چەواشەکردنی پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا دەڵێن؛ "ئەوان لە بەرەڵایی و خۆڕووتکردنەوە دەگەڕێن". لە بەرانبەردا هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دوای دەستبەسەرکردنی ئەم خاتوونە، بە ڕەوانەکردنی بۆ ناوەندێکی تایبەت بە چارەسەری دەروونی، ڕایانگەیاند کە ناوبراو کێشەی دەروونی هەبووە!

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر هەردوو ڕەوایەتی زاڵی خەڵک و دەسەڵات لە هەڵوێست و جۆری دەرکەوتنی ئەم کچە بڕوانین، تاوانباری سەرەکیی پێکهێنانی ئەم دۆخ و حاڵەتانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران و نێوەڕۆکە ئیدئۆلۆگ و کۆنەپەرەستانەکەیەتی کە ژیانی لە خەڵکی ئەم وڵاتە کردۆتە جەهەننەم.

لە فەزایەکدا کە کەسێکی پەروەردەکراو بە تێڕوانینە ڕەش و دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامی، ئیزن بە خۆی دەدات لێپرسینەوە لە جۆری جل لەبەرکردنی ژنێک بکات و بێڕێزیی پێ بکات و لیباسەکانی لەبەر دابدڕێ و، لەولاشەوە هیچ یاسا و دەسەڵاتێکی دادپەروەری ڕاستەقینە نەبێت لێپێچینەوە لەم ڕەفتارە ناشیرین و دڕندانەیە بکات، ئەم کچە چی بۆ دەمێنێتەوە جیا لەوەیکە لە جەستەی خۆی مایە دابنێت و هاواری ئەم ناحەقییە بەرز کاتەوە؟! ئەوەی ئەم کچە خوێندکارەی ناچار بەم جۆرە لە هەڵوێست نواندنە کردوە، جیا لە تەقینەوەی ڕق و بێزاریی لە یاسایەکی داسەپاو لە لایەک و بێدەسەڵاتیی ئەو بەرانبەر بەم هەموو سەرکوت و پێشلکارییانە، شتێکی دیکە نییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەقامەکانی لە ئازادی داماڵیوە و زانکۆکانی کردۆتە پادگان و ڕۆژانە هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆی بە ناوی بەسیج و حەراسەت و ئیرشاد و چاودێری کۆمەڵایەتی و دەیان باند و گرووپی سەرکوتکەری دیکە، کردۆتە گیانی خەڵک، هیچ مەجالێکی یاسایی و دێموکراتیکی بۆ نارەزایەتیدەربڕین نەهێشتۆتەوە. بەڵام بەو حاڵەش خەڵکی وڵات بەتایبەت کچان و ژنانی ئازا کە لە بزووتنەوەی نوێی مافخوازانەدا پێشەنگایەتیی دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی و یاسا کۆن و داڕزیوەکانی ئەم ڕێژیمەیان گرتۆتە ئەستۆ، کۆڵ نادەن. ئەگەر دوێنێ ویدا موەحد لە شەقامی ئینقلابی تاران بە هەڵسووڕاندنی لەچکەکەی ئازایانە و ڕاشکاوانە دژ بە یاسای زۆرەملێکردنی باڵاپۆشی ڕاوەستا و بەدوای ئەوەدا بە دەیان و سەدان کچ و ژنی وڵات بە فڕێدانی لەچکەکانیان لەسەر شەقامەکان پەیوەست بەم بزووتنەوە بوون، ئەوا ئەمڕۆ کچەکەی زانکۆی "علوم و تحقیقات"، "ژنانەبوون"ی خۆی لە وەها خۆ دەرخستنێکدا دەکاتە چەکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و یاسا لار و لەوێرەکانی.

وەک ئاماژەی پێ کرا میدیاکانی سەر بە ڕێژیم بە جۆرێک باس لە هەڵوێستی ئەم کچە دەکەن کە گوایا کێشەی ڕەوانی

هەبووە. هاوکات هاوسەری پێشووی ئەم خاتوونە بە بڵاوکردنەوەی ویدیۆیەک وێڕای "بەخراپزانینی کارەکەی"، خۆی پێ ڕانەگیرا و بە گریانەوە پەشیمانیی خۆی لەوە دەربڕی کە نەیهێشتووە منداڵەکانی ببینێ! ئەگەر وای دابنێین ئیدیعای میدیاکانی ڕێژیم لەسەر هەبوونی کێشەی دەروونیی ئەم خانمە ڕاستە و دانپێدادانی هاوسەرەکەیشی لەسەر ئەوەیکە نەیهێشتوە منداڵەکانی ببینێ بە سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دابنێین، دیسان کێ تاوانبارە؟! چی وا دەکات دایکێک مافی ئەوەی نەبێت جگەرگۆشەکانی ببینێ و بەم هۆیەوە تووشی کێشەی دەروونی بێت؟! مەگەر هەر یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی نییە کە هەموو مافێکی لە ژنانی وڵات زەوت کردوە و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و عورفێکی جیهانی، مافی خاوەنداریێتی منداڵی - دوای جیابوونەوە - لە دایک زەوت کردوە و هیچ پشتیوانییەکی یاساییش تەنانەت بۆ دیتنی منداڵەکانی پێ ڕەوا نەبینراوە؟! بۆیە لە هەر حاڵدا تاوانباری سەرەکی، بوونی کۆماری ئیسلامی و یاسا دژە مرۆییەکانی ئەم نیزامەیە کە بەتایبەت ژنانی لە هەموو ماف و ئازادییەکی سەرەتایی بێبەش کردوە و هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بە ژیانێکی سەربەستانەی لێ زەوت کردوون.

هەڵوێست و شێوەی دەرکەوتنی ناڕەزایەتی نواندنی کچەکەی زانکۆی "علوم و تحقیقات"ی تاران، تەعبیر لە خەبات و تێکۆشانی گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەکات کە بۆ "نا" وتن بە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەموو یاسا و ڕێسا داسەپاوەکانی ئەم نیزامە، ئامادەن لە گیان و وجوودی خۆیان مایە دابنێن. بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەو خەباتەی نەگەیاندۆتە ئاکام و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە، نایەکگرتوویی و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەشی جەماوەرییە کە بەداخەوە لە کەمتەرخەمی و بێهەڵوێستیی هاوکلاسی و هاوزانکۆییەکانی ئەم کچە پەتی و تەنیایەدا دەبیندرێ.

١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# ڕووبەڕووبوونەوەی دوو بەرە




**شەماڵ تەرغیبی**

له ڕۆژانی ڕابردوودا دنیای مەجازی پڕ بوو له وێنه و فیلمی کچەخوێندکارێکی زانکۆی تاران که پاش گوشار و هێرشی هێزه سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، به خۆڕووتکردنەوه چەشنێک له ئێعتراز و ناڕەزایەتی پیشان دا؛ ئەم جوڵه و ڕەفتاره که له کۆنەستی کۆمەڵگەی ئێراندا پرسێکی باو و ئاسایی نییه لێکدانەوه و کاردانەوەی جۆراوجۆری لێ کەوتەوه. مەبەستی ئەم نووسینه شەنوکەوکردنی ئەم کرداره به تەنیا نییه بەڵکوو هەوڵەکه ئەوەیه بەو بیانووەوه بپرژێته سەر بابەتێکی گشتیتر که ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان دوو بەرەیه: بەرەیەک که مانەوەی خۆی له تابۆشکێنیدا دەبینێتەوه و بەرەیەک که خوازیاری گەڕاندنەوەی کۆمەڵگەیه بۆ ڕابردووی کۆن بەهەر نرخێک که بووه!

به ئاوڕدانەوەیەکی سەرەپێیی و چاوخشاندنێکی خێرا له نێو تۆره کۆمەڵایەتییەکان و به پێداچوونەوەی میدیاکانی دەرەوەی سنوورەکانی جوغرافیای ئێران که هەوڵ دەدەن دەنگی ڕاستەقینەی خەڵک بڵاو بکەنەوه، بۆمان دەردەکەوێت و دەبیینین که زۆرترین بابەت و نووسراوەکانی خەڵکانی ئێران چ له نێوخۆ و چ له دەرەوه، له بواری سیاسی و له پەیوندی لەگەڵ

ڕێژیمی ئاخوندی و دۆخی قەیراناویی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی مەزهەبیدایە.

لەلایەکی دیکەوە کاربەدەستان و هێندێک لە میدیاکانی ڕێژیم لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو دەیان جار ترس و نیگەرانیان لە ڕادەی کاردانەوی خەڵک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نیسبەت برنامە چەپەڵە سیاسی و ئابوورییەکانی ڕێژیم دەربڕیوە.

**ئەم بەراوردە لە تایبەتمەندی سەرنجڕاکێشی کۆمەڵگەی ئێران و کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی ڕێژیم بەو بابەتە، چ ڕاستییەک نیشان دەدات؟**

لەو کۆمەڵگەیانەی کە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریدان، دەسەڵاتی سیاسی هەموو هەوڵی خۆی بەکار دەبات هەتا لە ڕێگای دەزگا تەبلیغاتییەکانی یان لە ڕێگای کەرتی پەروەردە و بە ناسیاوی باری کەسایەتی و سایکۆلۆژیکی کۆمەڵگە و ئینتمای مەزهەبی بە گوێی خەڵکدا بخوێنن کە لە کاروباری سیاسیدا هەنگاو هەڵنەگرن و خۆیانی لێ بەدوور بگرن؛ چونکە ئەگەر خەڵک لە کاری سیاسیدا چالاک بن، لە حاڵەتی ڕەخنەگرتن دێنەدەر و دەتوانن لە بەرامبەر ڕێژیم رابوەستن و نەچنە ژێرباری بڕیاراتی دەسەڵاتی حاکم.

لە کۆمەڵگەیەکدا کە خەڵک بە نیسبەت ڕۆژنامە و هەواڵی پەیوەندیدار بە هەڵسوکەوت و کردەوەی دەوڵەت کاردانەوە نیشان دەدەن، دوو کاردانەوە لەلایەن حاکمیەتەوە چاوەڕوان دەکرێت: یەکێکیان دانی بەهای دێموکراسی و لەبەر چاوگرتنی ڕەخنە و بیروڕای خەڵکە، ئەوی دیکەش بەکارهێنانی دیکتاتۆری بێ سنووری سیاسی و مەزهەبییە.

لەو نێوانەدا خسڵەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتاوە خۆسەپێنی و دامەزراندنی دەسەلاتێکی ڕەهای حکوومەتێکی فەقیهی بووە.

**سیستمێکی دۆگماتیستی مەزهەبی بە ٢ تایبەتمەندی تەواوکەری یەکترن:**

- هەموو خەڵک دەبێ بۆ ویلایەتی فەقیە سەردانەوێنن و لەبەیکی پێ بڵێن و لە خزمەتیدا بن.

- هەر چەشنە دەنگ و چالاکییەک کە دژ بە دەسەڵاتی رەهایە، قەبوول ناکرێت و لە ڕیزی سەرکێشی و دژایەتی لەگەڵ

خودا و ئیسلام دەناسرێت.

لە ساڵانی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا ئەو دوو خسڵەتە تەواوکەری ئەوە بوون کە ڕێژیمی ئاخوندی لە چوارچێوەی پێناسەی سیستمە دیکتاتۆرییەکان بباتە سەرترین ئاست و بڕیاردەر و بەڕێوەبەری هەوسارپچڕاوترین جینایەتەکان بوون.

هەر بۆیە ئەم ڕێژیمە بە هێزی نیزامی و ئیدئۆلۆژیک دەستێوەردان لە ژیان و هەڵسوکەوت و چونیەتیی بیرکردنەوەی خەڵک دەکات و سیاسەتەکەی بەردەوام ئەوە بووە کە توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران وەکوو پسپۆڕان، زانایان، خوێندکاران، هونەرمەندان، نووسەران و وەرزشکاران و... بخاتە ژێر سوڵتەی ڕەهای خۆیەوە.

لێرەدا پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە دستدرێژی بۆ سەر هەرێمی کەسۆکیی ژیان و بیری ئینسانەکان و مافە سروشتییەکانیان بە شێوەیەکی دڕندانە و وەها ڕەها لەلایەن ڕێژیمی ئاخوندەکانەوە چ کاردانەوەیەکی بەدواوە بووە و چ ئاراستەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا لێکەوتووتەوە؟ ئەم کاردانەوانە هەمان تایبەتمەندی بەرچاوی هاندەری گشتی و سیاسی بوونی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانە لە بەرامبەر ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە.

بە دیوێکی تریدا بەسیاسیبوونی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ڕێژیمی ئاخوندی تووشی سزای اتودینامیک کردووە. ئاسەواری هەموو دەستێوەردانەکانیش لە ژیانی تاکەکەسی و دەستدرێژی بۆ سەر سنووری ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، لە بیرو زێهنی خەڵکدا کۆبووەتەوە و بووەتە ڕق و قین لە بەرامبەر ڕێژیمی ویلایەتی فەقیهدا.

ئێستا کۆمەڵگەی سیاسیی ئێران لە ڕەوتی پێوەندیدار لەگەڵ پێویستیی ئازادی، گەیشتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێران دەبێ بڕوخێت؛ واتە وەها کۆمەڵگەیەک لە ئاڵوگۆڕی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەدا، بەرژەوەندی خۆیان و گەیشتن بە مافەکانیان لە نەمانی ڕێژیمی ئێراندا دەبیننەوە.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کاریگەرییەکانی سەرکەوتنی ترامپ لەسەر ئابووریی ئێران




**شاڕۆخ حەسەنزادە**

ئەمریکا وەک وڵاتێکی زەبەلاحی سیاسی هەروەها بەهێزترین ئابووریی جیهان، بەردەوام کاریگەری بەرچاوی لەسەر ئابووریی نێودەوڵەتی هەبووە و وەک بڕیاردەری زۆرێک لە پێوەندییە ئابوورییەکان پێناسە کراوە. دوو ڕەوتی جیاواز لە سیاسەتی ئەمریکادا کە خۆیان لە کۆماریخواز و دیموکراتەکاندا دەبیننەوە، هەرکام بەپێی تێڕوانین و ستراتێژیی تایبەتی هەوڵیان داوە دەگەڵ دژبەر و نەیارانی خۆیان بە شێوازی جۆراوجۆر لە ڕاستای بەرژەوەندی وڵاتەکەیاندا بجووڵێنەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەرەتای دامەزرانییەوە بەردەوام سیاسەتی دژە ئەمریکایی پەیڕەو کردووە و هەوڵی داوە لە بەرەی بەرامبەر ئەمریکادا خۆی ببینێتەوە و ئەگەر دەستەکەوتێکیشی بەپێی ئایدۆلۆژی تایبەتی خۆی لەم جۆرە سیاسەتە پێ بڕابێ، ئەوا چووەتە هەمبانەی بەرەی ڕۆژهەڵات بە سەرکردایەتی ڕووسیە و چین.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق توانی بە کەڵکاژۆوەرگرتن لە هێژمۆنیی ئایینی،



سەرچاوە
Serchawe

سیاسەتەکانی خۆی بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنێت، بزووتنەوەی بەهاری عەرەبییش ئەم دەرفەتەی لەبارتر دەکرد و لە دەیەی ڕابردوودا بە شانازییەوە باسیان لەوە دەکرد، دەستەڵاتیان بەسەر لانیکەم چوار وڵات زاڵە کە مەبەست سوریە، لوبنان، یەمەن و عێراق بوو. ئەم سەرکەوتنە کورتماوەیە بە گەمارۆی ساڵەکانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ کە لەلایەن دێموکراتەکانەوە لە ئەمریکا بەسەریاندا سەپا، هەموو هیواکانی دەستەڵاتی ئێرانی کردە بڵقی سەر ئاو و لە گێژاوێکی ئابووریی بێبنی هاویشتن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا بە سەرکردایەتیی باراک ئۆباما لەگەڵ ئەوەدا چەندین بزووتنەوە و بەربزووتنەوەی وەک بزووتنەوەی سەوز و مامۆستایان و کرێکاران تەنگیان بە کۆماری ئیسلامی هەڵچنیبوو، ئەوان بە شێوەی کردەیی نەک هەر پشتیوانییان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ئێران نەکرد، بەڵکوو چاویان لە حاند پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی لەو وڵاتە نوقاند و بە ئاڵۆزکردن و لاوازیی ئابووری ڕێژیم، ئەو ئەرکە مێژووییەیان لە کۆڵ خۆیان کردەوە. لەولاش ڕێژیم توانی سەقامگیری ئابووریی خۆی پاڵپشت بەو هەمووە نەوت و گاز و باجەی سەر خەڵک ڕابگرێت و سەرجەم هێزە نیابەتەکانیشی تێر و پۆشتە بکات.

هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ لە جاری یەکەم (لە ساڵی ٢٠١٧) و دڕاندنی ڕێککەوتنی ناسراو بە "بەرجام" و گەڕاندنەوەی گەمارۆکان و هاوکات سەپاندنی گەمارۆی نوێی سەخت و بەرفرە، خێرا ئابووریی ئێرانی هەژاند و نرخی دراوە جیهانییەکانیش بەردەوام ئاڵشیریان دەداوە و سەریان لە چڵەپۆپەی داری ئابووری ئێران وەدەردەنا و گەشەیان دەکرد. دەوری یەکەمی ترامپ جەهەننەمێکی لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری بۆ ڕێژیم درووست کرد و لەم چوار ساڵەدا بارتەقای زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی ڕێژیم زەبری زەوەندی بەرکەوت، بەجۆرێک کە هاتنی بایدەنیش نەیتوانی ئەو ڕەوشە دژوارە کۆ بکاتەوە و ئەویش وەک دەرفەتێک بۆ گوشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ئێران کەڵکی وەرگرت. ئاژاوە و گێرەشێوێنییەکانی ڕێژیم بە دژی نەزمی جیهانی لەو وڵاتانەی دە شەڕی نێوخۆییدا نوقم ببوون بە پشتیوانی هێزە جێگرەوەکانی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایان خستبووە مەترسی، قەیرانی سیاسەتی دەرەکی و نێوخۆیی، نەبوونی بەڕێوەبەرایەتیی مەنتیقی لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی خەڵک، گەندەڵی، دزی، ڕانت و بەدفەڕی، پێشێلکارییە بەربڵاوەکانی مافی مرۆڤ لە بواری دەرەکیشەوە دەستپێکی شەڕی ڕوس و ئۆکراین قەڵشت و ناکۆکییەکانی ڕۆژئاوا و ئێران؛ پاساوی گوشاری زیاتری ڕۆژئاواییەکانی دەستەبەر کرد.

لەلایەکی دیکەوە وڵاتانی ناوچە وەک تورکیە، ئازەربایجان و هەروەها وڵاتانی عەرەبی ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە و لە گوشارە ئابوورییەکانی سەر ئێران بە قازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرت. بینیمان پلەی ئابووریی ئێران بەبەراورد بەو وڵاتانە بەردەوام دادەبەزی و لەم دۆخەدا ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی سەخت و چەتوونتر دەبوو. هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل و کاردانەوەی سەختتری ئیسرائیلییەکان لە پەنا شەڕێکی پینپۆنگیی ئێران و ئیسرائیل بە مووشەکباران کردنی



سەرچاوە
Serchawe

یەکتر، ئابووریی لاواز و دەستووریی ئێرانی ئەوەندەی دیکە شپرزە کردوە و، نرخی دۆلار لە کۆتاییەکانی دەستەڵاتی جۆ بایدەن لە نێوان ٧٠ هەزار تمەن و ٦٨ هەزار تمەن سەرەوژێری دەکات. بۆیە بەپێی ئەزموونی خولی یەکەم، هاتنەوەی ترامپ بۆ جاری دووهەم، مەترسیی زیاتر دەخاتە سەر ئابووریی لەرزۆک و ڕزیوی ڕێژیمی ئیسلامی، هەروەک چۆن دوای ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان بە تێپەڕینی دۆلار لە ٧٠ هەزار تمەن ئەوە سەلما.

فرۆشتنی نەوت لە پاییزی ١٣٩٥ دوای ڕێککەوتنی بەرجام خۆی لە سێ میلیۆن و دووسەد هەزار بۆشکە نزیک کردبۆوە، بەڵام لە دەوڵەتی ترامپ و زستانی ١٣٩٨ دا گەیشتە ١٩٠ هەزار بۆشکە، واتە یەک لە حەڤدەی ئەو ڕادەیەی پێشوو! لەسەردەمی بایدەنیشدا ئابووریی ئێران بەهۆی چاونوقاندنی ئەمریکا لەهەمبەر فرۆشتنی نەوت وەجووڵە کەوتەوە و بە قەولی جەواد زەریف؛ دەوڵەتی بایدەن پێچی گەمارۆکانی شل کردبۆوە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش بوو پزشکیان بوودجەی ساڵی ١٤٠٤ی دەوڵەتی خۆی لەسەر فرۆشتنی ٣ میلیۆن و ٧٥٠ هەزار بۆشکە لە ڕۆژدا هەڵچینیوە!

جیاوازتر لە جاری پێشوو، ترامپ ئەمجارە وێڕای هەندێک گۆڕانکاری لە ناوچەکە، بەسەر هەڕەشە و هێرشەکانی ئێرانیشدا کەوتووە کە هەوڵی ئەوە دەدا ڕۆژهەڵاتی ناڤین بخاتە نێو ئاگرێکی گەورە و بە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل هەوڵی سڕینەوەی دەدا. بەڵام ئایا ڕێژیمی ئێران دەتوانێ لەم قۆناغە نوێیەدا بەو ڕەوشە سیاسی و ئابوورییە بە سەلامەتی دەرباز بێ؟ ئایا دەوڵەتی پزشکیان دەتوانێ لە ژێر سێبەری بەیتی ڕێبەری دانوستان دەگەڵ ئەمریکا بکات؟ ئایا ڕێژیم دەتوانێ بەرگەی ئەو هەمووە کێشە نێوخۆیی، دەرەکی، نیزامی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بگرێ؟ ئایا ئۆپۆزسیۆن دەبێ هیوا لەسەر ترامپ هەڵبچنن یان سەرنجیان لەسەر بزووتنەوەی خەڵک لە نێوخۆ بێ؟ بەشێک لە وەڵامی ئەم پرسیارانە لە داهاتوویەکی نیزیکدا وەردەگرینەوە.

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە



**لەگەڵ پەرەئەستاندنی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە و کلیلەکە یەکخستنی کەمینەکانە**

**فاکس نیوز – کەیتلین مەکفاڵ**

**کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی**

هەڕەشەی ئێران بۆ سەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەو ساڵانەی دواییدا پەرەی ئەستاندوە و نیگەرانییە ئەمنییەتییەکان تەنیا چەند ڕۆژ دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر تاران قووڵتر بوونەوە.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهو، مانگی ڕابردوو پێشنیاری کرد کە گۆڕینی ڕێژیمی تاران لە ئاسۆدایە. بەڵام ئەوە تەنیا تێوەگلانی ئێران لە تێرۆریزمی دەوڵەتیدا، هەوڵی ئاشکرای بۆ گەشەپێدان بە چەکی ناوکی، پەیوەندییە پەرەئەستێنەکانی لەگەڵ بەرهەڵستکارانی ڕۆژاوایی یان هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئیسرائیل نییە کە دەتوانێ ببێتە هۆی ڕووخانی لەناکاوی ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی.

بە گوتەی لێکۆڵەرێکی ئەنستیتۆی لێکۆڵینەوەی میدیایی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست (MEMRI)، ئاکارە سەرکوتکارەکانی تاران لەنێوخۆی سنوورەکانیدا دەتوانێ ببێتە کلیلی لەنێوچوونی ڕێژیم.

هیمداد مستەفا، توێژەر و پسپۆڕی کاروباری ئێران و کورد لە میمری، گوتوویەتی تاقمە کەمینەکان لەنێوخۆی ئێران نزیکەی ٪٥٠ی دانیشتووانی وڵات پێکدێنن و، ئەگەرچی ئەوان زۆر جار دەبنە ئامانجی سەرکوتی لەڕادەبەدەر کە بەشێکیان لە هەلومەرجێکدا دەژین کە دەکرێ وەکوو "زیندانی ئاواڵ" وەسف بکرێ، ئەوان دۆخێکی تاقانەیان بۆ یەکگرتوویی دژی تاران هەیە.

مستەفا گوتی کەمینە ئەتنیکییەکانی وەکوو کورد، کە لە نێوان ١٠ بۆ ١٥ لە سەدی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن و زۆرینەیان لە ناوچە سنوورییەکانی نزیک وڵاتانی عێراق و تورکیە دەژین و هەروەها گەلی بەلووچ، کە نزیکەی ٪٥ی دانیشتووانی ئێران پێکدێنن و سنووری هاوبەش لەگەڵ پاکستان پێکدێنن، دەتوانن دەورێکی بەرچاو لە ڕووخاندنی ڕێژیمی سرکوتکار بگێڕن. ئەو لە ڕاپۆرتێکی ئەو مانگەدا نووسی، "بێتوو هەموو وڵات سەرهەڵدان بکات، ڕێژیم هێزەکانی لە ناوچە سنوورییەکانی وەکوو کوردستان و بۆ ناوەندی ئێران و تاران دەگوێزێتەوە، ئەوە کاتێکە ڕۆژاوا دەبێ پشتگیریی لە کورد، بەلوچ و تاقمە ئەتنیکییەکانی دیکە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم بکات".

ئەو پسپۆڕە بە فاکس نیوز دیجیتاڵی گوتی ئەو تاقمانە لە ناوچەکانی دەوڵەمەند لە ڕوانگە سامانەکانی سروشتیدا دەژین و نە تەنیا بۆ ئێران بەڵکوو بۆ بەرهەڵستکارە سەرکییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیش گرینگن. مستەفا گوتی، "بێتوو شەڕ و ناسەقامگیریی درێژخایەن لە نێوخۆی ئێراندا بێتە ئاراوە، وڵاتانی وەکوو تورکیە، ڕوسیە و چین دەتوانن دەستێوەردان بکەن، یان ڕاستەوخۆ یان بە هۆی بەکرێگیراوانیانەوە، بۆ دەستبەسەرداگرتنی خاک لە ئێران کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەوان گرینگن." مستەفا گوتی، "لە دۆخی گۆڕینی ڕێژیمدا، زۆر وێدەچێ پاکستان و چین لە پارێزگای بەلوچستانی ئێران دەستێوەردان بکەن تا پێش بە دامەزرانی دەوڵەتی بەلوچستان بگرن و ناوچەکە بۆ بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەر بکەن. "ئەو گوتی"، :بۆیە، وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ پشتگیریی لەکەمینەکان هەم بە شێوەی سەربازی و هەروەها سیاسی بکات تا ناوچەکانیان بپارێزێ، کە دەتوانێ بە نۆرەی خۆی، بەرگریی لە بەرژەوەندییەکانی ڕۆژاوا بکات. بێتوو بەلوچستان لەژێر کۆنترۆڵی وڵاتە هێزەکانی پشتگیریکراو لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکاندا بێ، ئەوان دەتوانن بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و پرۆژە زەبەلاحەکەی واتە داڵانی ئابووری هیندوستان - خۆرهەڵاتی ناوین - ئورووپا بپارێزن".

مستەفا گوتی، نیگەرانیی پەرەئەستێن لەنێو ئێلیتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوێ کە ڕەنگبێ کاری بنەڕەتی بۆ "جەنگی هایبرید" بکرێ، سێناریۆیەک لەویدا بەرهەڵستکارانی نێوخۆیی بتوانن لەگەڵ هەڕەشە سربازییە دەرەکییەکان یەک بگرن.

ئەگەرچی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکەی ٢٠٢٢ بە شێوەیەکی دڕندانە لە لایەن ڕێژیمەوە وەستێندرا، ئەو سەرهەڵدانە ئاستی ناڕەزایەتی لە سەرانسەری ئێراندا ئاشکرا کرد.

کوژرانی ژینا ئەمینی، ژنێکی کورد، کە لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢ لە لایەن پۆلیسی ڕەوشتی ئێران دەستبەسەر کرا و دواتر لە نەخۆشخانە بە هۆی برینەکەی گیانی ئەسپارد، نەتەنیا بووە هۆی تووڕەیی بەرانبەر بە هەڵاواردنی بەدامەزراوەییکراو دژی ژنان لە سەرانسەری ئێران، ئەو هەروەها بە گوێرەی ڕاپۆرت، بووە هۆی بەرپەچدانەوەیەکی یەکگرتوو لە لایەن تاقمە کەمینە سەرکوتکراوەکان. تەنیا چەند ڕۆژ دوای خۆپیشاندانە سەرەتاییەکان، یەکێک لە خوێناویترین ڕووداوەکانی ناڕەزایەتییە چەند مانگییەکە لە بەلوچستانی ئێران ڕوویدا کە لەویدا گەلی بەلوچ هاتنە سەر شەقامەکانی زاهیدان بۆ دەبڕینی ناڕەزایەتی بەرانبەر بە لاقەکرانی کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە لایەن فەرماندەی پۆلیس، سەرهەنگ ئیبراهیم کوچەکزای. بەڵام ڕووداوەکە کە بە "هەینی خوێناوی" یان "کارەساتی زاهیدان" ناودێر کرا، پاش دەرکەوتنی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ وەستاندنی خۆپیشاندانەکە تووشی توندوتیژیی بوو و زیاتر لە ١٠٠ کەس، لەناویاندا ١٧ منداڵ، کوژران.

مستەفا گوتی، سەرەڕای مەترسیی بەرچاو کە وەستانەوە دژی ڕێژیم هەیەتی هێشتا خولیای یەکگرتوویی و ڕوخاندنی ڕێژیم بەردەوامە. ئەو گوتی، "ئەوان دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە کە ئەوان سەرکوت دەکات، دەیانگرێ و لە سێدارەیان دەداو تەنانەت حاشا لە مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ خوێندکارەکانی کەمینەکان دەکات. ئاکامەکەی بووەتە ئەوە کە ئەوان خەباتی خۆیان بۆ مافی چارەی خۆ نووسین وەکوو خەباتێک بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی دژی دوژمنی هاوبەش ببینن و ئەو خەباتە هاوبەشە تاقمە ئەتنیکییەکان یەک دەخات".

١٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# ڕێبەری بێ بەرپرسایەتی



**مەجید حەقی**

عەلی خامنەیی لە ماوەی زیاتر لە ٣٥ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەرکات بڕیاردان سەخت بێ یان لەوانەیە بەرپرسایەتییەکی بەدواوە بێت، خۆی لە بەرپرسایەتی لا دەدات و ئەو ئەرکە بە کاربەدەستانی دیکە دەسپێرێت. دوای هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، بۆ زۆر کەس بووەتە جێی پرسیار داخۆ ئێران وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیل دەداتەوە یا نا؟ بەرلەوە هەموو جارێ خامنەیی هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و لەگەڵ خاک یەکسانکردنی تەلئاڤیڤ و شارەکانی ئیسرائیلی دەکرد.

دوا بەدوای هێرشی ڕۆژی شەممە ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ بۆ سەر بنکە سەربازی و بەرگریی هەوایی ئێران، ڕێژیمی ئێران سەرەتا هەوڵی دا ڕووداوەکە بچووک نیشان بدات، بۆ ئەوەی ناچار نەبێ وەڵام بداتەوە. بێدەنگیی فەرماندەکانی سپای پاسداران و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە سەرەتادا و بەتایبەت ڕاگەیاندراوی وەزارەتی دەرەوەی ئێران دوای ئەو هێرشە ئەم گریمانەیە بەهێز کردبوو کە لەوانەیە ئێران بەتەما نەبێت وەڵامی هێرشەکەی ئیسرائیل بداتەوە و شەڕی ئێران و ئیسرائیل

لەو سۆنگەیەوە کۆنترۆڵ بکرێت.

بەڵام قسەکانی ڕۆژی دواتری خامنەیی بوو بە هۆی خوڵقاندنی کەشی شک و دوودڵی لەنێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم. خامنەیی لە قسەکانیدا بە ڕوونی باسی تۆڵەسەندنەوەی لە ئیسرائیل نەکرد. بەڵکوو تۆپەکەی فڕێ دایە مەیدانی "شورای بەرزی ئاسایش" و دەوڵەت و بەرپرسایەتی بڕیاردانی بەوان سپارد.

خامنەیی کە لای وانەبوو هەمووان بە قووڵایی زیان و خەسارەکانی هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە سەربازییەکانی ئێران دەزانن، وای دانابوو گەر بێت و شورای بەرزی ئاسایشی نەتەوەیی (شورای عالی امنیت ملی) ئێران و دەوڵەت بڕیار بدەن وەڵامی ئیسرائیل بدەنەوە و ئێران تووشی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا ببێت. خامنەیی لە داهاتوودا خۆی لەو بەرپرسایەتیە دەپارێزێ و دەڵێ ئەمە بڕیاری بەرپرسان بووە و ئەو هیچ ڕۆڵێکی نەبووە. بەڵام ئەگەر بێت و بڕیارەکە ئەوە بێت کە وەڵام نەدرێتەوە، خامنەیی بە لایەنگرانی توندئاژۆی خۆی دەڵێ کە ئەوە دەوڵەتە بڕیار نادات، دەنا من خۆم ئامادەی شەڕی لەنێوبردنی ئیسرائیلم.

خامنەیی وا ڕاهاتوە لە کاتە سەختەکاندا هەمیشە بەرپرسایەتی بخاتە ئەستۆی کاربەدەستان و خۆی بێبەری بکات لە هەڵەکان و بەرپرسایەتییەکان. ئەو بڕیار و بەرپرسایەتییانەی بەبێ مۆڵەتی ئەو هیچکات نادرێن و جێبەجێش ناکرێن.

بە پێی دستووری ئێران بەرپرسایەتیی ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی لەگەڵ وڵاتێکی دیکە بە ئەستۆی ڕێبەری وڵاتە، بەڵام خامنەیی هەوڵی داوە لە هەردوو لاوە مەیدانی کایە بۆخۆی ساز کات و لە بەرپرسایەتی هەڵبێت. خامنەیی پێشتریش ئەو جۆرە کردارانەی لە خۆی نیشان داوە، ساڵی ١٣٩٨ لە سەردەمی سەرۆککۆماری ڕۆحانی دوای ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە هۆی گرانی لەنەکاوی بەنزین کە بوو بە هۆی کوژرانی زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خەڵکی ناڕازی، خامنەیی بێبەریبوونی خۆی لەو بوارەدا ڕاگەیاند و گوتی بەرپرسانی دەزگاکانی دەسەڵات ئەو بڕیارەیان داوە. هەمان جۆر لە کرداری لە خۆی نیشان دا کاتێک دۆنالد ترامپ بڕیاری دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەیمانی بەرجام دەرکەوێت. ئەوکات خامنەیی وتی کە لە سەرەتادا دژی ئەو پەیمانە بووە بەڵام "بەرپرسان" گوێیان بە هۆشدارییەکانی ئەو نەداوە. لەکاتێکدا هەموو دەزانن هیچ بڕیارێک بەبێ ڕەزامەندی خامنەیی نادرێت و هیچ پەیمانێک بێ ئەرێ کردنی ئەو واژۆ ناکرێت. بەرلە دەسپێکی دەوڵەتی ڕۆحانی لە سەردەمی ئەحمەدی نژاد گفتگۆکانی بەرجام لە سەر بڕیاری خامنەیی بە شاراوە دەستی پێ کردبوو و دواتریش حەسەن ڕۆحانی و محەمەد جەواد زەریف بە مۆڵەتی ئەو لە گەڵ ئەمریکا گفتگۆیان کرد و لە هەموو قۆناغەکانی گفتگۆکاندا ڕاپۆرتیان بە خامنەیی داوە.

نموونەکانی سەرەوە نیشان دەدەن کە چۆن خامنەیی لە کاتە هەستیارەکاندا خۆی لە بەرپرسایەتی دەدزێتەوە و بڕیارە سەختەکان کە لەوانەیە دواتر لە ڕوانگەی ڕژێمەوە سەرکەوتوو نەبن و ئەو بتوانێت بەرپرسانی خۆی سەرکۆنە بکات و خۆی بە لایەنگری مافی خەڵک نیشان بدات.

دوای هێرشی ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، خامنەیی لە سەرەتادا بە هۆکارێکی گرینگ ویستی خۆی لەو بەرپرسایەتییە دەرباز بکات. ئەو کە هەستی بە هێزی کاریگەری ئیسرائیل کردووە، سەرەتا بڕیاردانی لە مەڕ "تۆڵە ئەستاندنەوە"ی سپارد بە "ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی"، بەڵام کاتێک ئەوەی بن بەڕە هاتە سەر بەڕە و زاندرا کە ئیسرائیل چ گورزێکی کوشندەی لە ناوەندە سەربازییەکانی ئێران داوە و مێدیا بیانییەکان و ناوەندە هەواڵگرییەکان بە بەڵگەوە هەموو وردەکانیان ئاشکرا کرد، جارێکی دیکە هاتەوە پشت تریبوون و ئەمجارەیان هەڕەشەکانی دەست پێ کردەوە. هەڵبەت خۆ ئەگەر خامنەیی بەرەوڕووی ئەو دۆخەش نەبووبایەوە و بڕیارەکە لەلایەن شورای بەرزی ئەمنییەتی میللیی ئێرانەوە درابا، تەوفیرێکی ئەوتۆی نەدەبوو. چونکی هەموو ئەندامانی ئەو شوڕایەش لەلایەن خودی خامنەییەوە دیاری کراون.

لە ئێستادا خامنەیی لە کاتێکدا جاڕی شەڕ دەدا و باس لە تۆڵەکردنەوە دەکات، کە خەڵکی ئێران بە تەواوی پشتیان لە کۆماری ئیسلامی کردوە و خامنەیی و ڕێژیمەکەی بە هۆکاری هەموو شەڕ و قەیرانەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەزانن و نەک هەر ڕیزەکانی خۆیان لە ڕێژیم جیا کردووەتەوە، بەڵکوو ڕاستەوخۆ لە سەنگەری دژ بە خامنەیی و ڕێژیمەکەیدا جێیان گرتوە.

١٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# گۆڕەپانی فیناڵ




**کەریم پەرویزی**

دیپلۆماسی، لە ئاکامی شەڕ و ململانێی هێزدا دێتە ئاراوە. لە ڕاستیدا دیپلۆماسی ئاکامگیرییە لە شەڕێک کە لە نێوان دوو یا چەند لایەندا ڕوو دەدا و بە واتایەکی ناسراویش دیپلۆماسی درێژەی شەڕی فیزیکییە لە بیاڤی سیاسی و دانوستاندا. بەو مانایە، لە نێوان دوو یا چەند لایەندا گرژی و ململانێیەک دێتە ئاراوە و ئەو ململانێیە دەکێشێتە باریکە ڕێگای لەنێوچوون و لەو تەنگانەیەدا نێوبژیوانێ پەیدا دەبێ و بۆ ئەوەی شەڕەکە تا کۆتایی لەنێوچوونی لایەنێک درێژە نەکێشێ، دەرگایەک دەبێتەوە کە هەردوو یا چەند لایەنی ململانێکە پێیدا تێپەڕن و شەڕە فیزیکیەکە ببەنە بیاڤی دانوستانەوە و لە ڕێگای دانوستان و سیاسەتەوە شەڕەکە درێژە پێ بدەن.

ئەم شەڕە سیاسی و دیپلۆماسییە تا کاتێک درێژەی دەبێ کە دوو یان چەند لایەنی ململانێکە بگەنە لێکتێگەیشتنێک کە هەرکامەیان چییان بەر دەکەوێ. لە ڕاستیدا ئاکام و درێژەی دیپلۆماسیش بریتی دەبێ لە ڕێککەوتن، کە لەو ڕێککەوتنەندا هەمو لایەنەکان ئیمتیاز دەدەن و ئیمتیاز وەردەگرن و تێیدا بەرژەوەندییان دەست دەکەوێ و خەساریش دەبینن! جا ڕوون و


سەرچاوە
Serchawe

دیارە کە لە ڕێککەوتندا لایەنی لاواز خەساری زۆرتر و بەرژەوەندیی کەمتری پێ دەبڕێ و لایەنی بەهێز، بەرژەوەندیی زۆرتر و خەساری کەمتر!

بەڵام زۆر جار هەیە کە ڕێککەوتنەکە ڕێککەوتنی کۆتایی بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی پێکداپژان نییە و لەڕاستیدا ڕێککەوتنێکی کاتییە بۆ وەدواخستنی ڕکەبەرییەکە کە هەر دوو لا کاتێکیان دەس دەکەوێ بۆ خۆتەیارکردن بۆ قۆناخی دیکەی ململانێ! ئەم جۆرە ڕێککەوتنە لەنێو دڵی خۆیدا بۆمبێکی زەمانداکراوی هەڵگرتوە کە بە تێپەڕینی هەر چرکەیەک، لە ڕۆژی قیامەتی تەقینەوە نزیک دەبێتەوە و لەو ڕۆژی تەقینەوەیدا، لایەنەکان دەچنە گۆڕەپانی فیناڵ بۆ شەڕی کۆتایی کە لەوێدا ئیدی بەرژەوەندی و خەسارە باڵاکان دیاری دەکرێن و ڕێککەوتنێکی وای لێ دەکەوێتەوە کە بەرژەوەندی و خاڵە ستراتژیکەکانی تێدا نوێ دەکرێتەوە و بۆ ماوەیەکی دوورتر دۆخی ئارامی بەسەر کەشەکەدا زاڵ دەکا.

لەو جۆرە ڕێککەوتنە کاتییانە، ڕێککەوتنی بەرجامی نێوان وەلیی فەقیهـ و وڵاتانی ڕۆژاوایی بوو کە تێیدا وەلیی فەقیهـ بە خەساری زۆرەوە درێژەی تەمەنی ڕێژیمەکەی دەست کەوتبوو، بەڵام بۆمبە زەمانداراەکەی زووتر لە کاتی خۆی بە دەستی ترامپی سەرۆکی ئامریکا چالاک کرا و ململانێیەکە سەرلە نوێ دەستی پێ کردەوە! ململانێیەک کە لە درێژەی خۆیدا و بە سیاسەتی لاوازی بایدنی سەرۆکی دیکەی ئامریکا ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی لێ کەوتەوە و مەیدانی شەڕەکەی بەرفراوانتر و ڕوونتر کردەوە.

لەم ڕۆژانەدا خامنەیی و دەستوپێوەندیەکانی دوای وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بەرانبەر بە ئاژاوگێڕی و شەڕەنگێزیەکانی کە بە ١٨٠ مووشەکی بالستیک هێرشی کردبووە سەر خاکی ئیسرائیل، سەرەتا ویستیان بە بچووکنیشاندانی وەڵامەکەی ئیسرائیل خۆیان لە گەڕی دیکەی وەڵامدانەوە بدزنەوە، چونکە دۆخی ڕێژیمەکەیان لە ئێستادا بە باش نازانن و نیگەرانی ئەوەن کە ئێستە ئامادەی ئەوە نین بچنە یاریی چارەنووسساز لە گۆڕەپانی فیناڵدا و دەیانەویست بە شێوەیەک لە شێوەکان بیانوویەک بۆ دەستەوەستانی بدۆزنەوە! بەڵام دەرکەوتنی لایەنە ڕاستییەکانی هێرشی ئیسرائیل ڕێگای حاشاکردن و خۆلێدزینەوەی بۆ نەهێشتوونەوە و هەر ڕۆژە و ڕاپۆرتێکی نوێ لەسەر ڕادە و ڕێژەی کاریگەریی وەڵامدانەوەکەی ئیسرائیل و لە نێوبردنی بنکە ستراتژیکە نیزامییەکانی وەلیی فەقیهـ لە نێو ئێراندا، بڵاو دەبێتەوە.

بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتانە و دەرکەوتنی ڕاستییەکانی ئەم هێرشە هەم لاوازیی نیزامیی خامنەیی و سوپا تیرۆریستیەکەی نیشان دەدا و هەم لە نێو گرووپە دەسکردەکانی لە ناوچەشدا ئیعتباری دەباتە ژێر پرسیار، هەر بۆیە خامنەیی و تیمە شلەژاوەکەی گوایە بڕیاریان داوە کە وەڵام دەدەنەوە!

لە شەڕی نیزامیی نێوان ڕژێمی ئیسلامیی تاران و ئیسرائیلدا خاڵی بەهێز و لاوازی هەردوولا دیارن.

هێزی نیزامی و بەتایبەت ئاسمانیی ئیسرائیل وەها گەورە و کاریگەرە کە بە ئاسانی هاتووەتە ئاسمانی ئێران و بنکە ستراتیژیک و گرنگەکانی سوپای پاسداران و هێزی نیزامیی وێران کردوە و گەڕاوەتەوە و هێزی ئێرانی هیچیان بۆ نەکراوە کە لانیکەم موزاحیمی کارەکانیان بن! لەبەرانبەردا ئیسرائیل وڵاتێکی بچووکە و لەبەر هێرشی سەدان و چەند هەزاریی مووشەک و درۆندا ڕەنگە لاواز دەربکەوێ!

بۆیە لە هەواڵدەرییەکاندا باس لەوە دەکرێ کە وەلیی فەقیهـ بڕیاری وەڵامدانەوەی داوە و شارەزایان دەڵێن کە ئەمجارە ڕێژیمی تاران دەیەوێ مووشەک و درۆن بباتە نێو عێراق و لە وڵاتی عێراقیشەوە هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. گوایە بەرنامەی ئەمجارەی ڕژێم ئەوەیە بۆ ئەوەی بتوانێ زەربە لە ئیسرائیل بوەشێنێ و وەکوو دوو جارەکەی دیکە حەیای نەچێ و وەک شتێکی نومایشێ دەر نەکەوێ، دەیەوێ هێرشەکەی بەربڵاو بێ و بە مووشەکی کرووز و بالستیک و درۆن لە چەند لاوە هێرش بکاتە سەر خاکی ئیسرائیل. جا ئەگەر هێرشەکەی بەربڵاو و چەند لایەنە نەبێ، سیستمی بەرگریی ئیسرائیل بەرپەرچی دەداتەوە و دووبارە بە شتێکی نومایشی دێتە بەرچاو، خۆ ئەگەر هێرشەکەشی بەربڵاو بێ، ئیدی کۆنترۆڵکراو نییە و دیار نییە چەندە خەسارەتی مرۆییش بە ئیسرائیل دەگەیەنێ، کە ئەمە خۆی دەبێتە هۆی وەڵامدانەوەی زۆر توندی ئیسرائیل و ڕەنگە ڕژێم لە برست بخا!

بۆ دەربازبوون لەم برانی برستە، ڕێژیم هەر لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣وە و پێشتریش لە فکری پەرەدانی خێرا بە بەرنامە ناوکییەکەیدا بوو و لە ٧ی ئۆکتۆبر بەملاوە بە کەڵک وەرگرتن بە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ شەڕی ئیسرائیل و حەماس، ڕێژیم پیتاندنی ئۆرانیۆم خێراتر کرد و خۆی نزیکی بۆمبی ناوکی کردەوە.

لە ئێستادا هەم سەرانی سوپای تیرۆریستیی پاسداران باس لەوە دەکەن ڕەنگە بەرەو وەدەستهێنانی چەکی دیکە کە مەبەستیان چەکی ناوکیە بڕۆن و هەم ڕاوێژکاری خامنەیی، واتە خەرازی ڕایگەیاندوە کە توانای دروستکردنی چەکی ناوکییان هەیە و خودی سەری مارەکەش ڕایگەیاندوە کە بۆ دژبەریی دوژمنان هەر چەکێک پێویست بێ وەدەستی دێنن!

گوایە ڕێژیم دەیەوێ بۆ پاراستنی خۆی لە هێرشی گورچکبڕی ئیسرائیل و ترساندنی ئیسرائیل و ئامریکا لەوەی کە هێرشەکە نەگەیەننە دۆخێک کە برستی ڕژێمی تێدا ببڕێ، هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە یارییەکە دەبەنە ئاستی دیکە! ئەمەش کە ترس و هەڕەشەی ئەوە بکەی کە ڕەنگە یارییەکە ببەیتە ئاستێک کە بەرامبەرەکەت خەساری زۆر گەورەی لێ دەکەوێ و

لە ڕاستیدا هەڕەشەی تێکدانی چوارچێوەی یارییەکە دەکەی، ڕەنگە بەجۆرێک بەلاگێڕەوە بێ و لایەنی بەرامبەر بخاتە فیکری ئەوە کە بۆ تێکنەچوونی یەکجارەکیی دۆخەکە جارێ کاردانەوەی توندی نەبێ.

بەڵام ڕەنگە ئەو پەیامەش لە نێو لایەنی بەرامبەردا چالاک بکاتەوە کە ئەمە گەر دەرەتانی پێ بدرێ لەو بارەوە بەهێزتر دەبێ و ڕەنگە ڕۆژێ لەناکاو ئەو هەڕەشەیە بەکردەیی بکا، جا باشترە کە ئێستە دۆخەکە لەبارە و هێز کۆ کراوەتەوە، بۆمبە زەماندارەکە وەگەڕ بخرێ و یارییەکە ببرێتە گۆڕەپانی فیناڵ و ئیدی ململانێی دوورو درێژی چەند دەیەیی کۆتایی پێ بهێنرێ و یاریی فیناڵی تێدا بکرێ و گورزی گورچکبڕ بوەشێنرێ و ڕەنگە لە نێو دڵی ڕووداوەکاندا دووره دیمەنی داهاتووش دەر بکەوێ.

ئەمڕۆش نەبێ، لە داهاتوویەکی نەدووردا وەلیی فەقیهـ و دەستوپێوەندیەکانی دەبرێنە گۆڕەپانی فیناڵ، ئاکامی فیناڵەکە ڕەنگە پێشبینیکراو نەبێ، بەڵام لۆژیکی هێز پێمان دەڵێ کە لەو ململانێیەدا کێ خەساری زۆرتری بەر دەکەوێ و هەر لۆژیکی هێزیش پێمان دەڵێ کە ئایە لەو یاریی فیناڵەدا، ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات چیمان وێ دەکەوێ و چیمان بەر دەکەوێ!

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ڕەوتی چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە، چارەسەری یا مەترسی!




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

**ئەو ڕەوتەی بە ناوی کرانەوە یا چارەسەری پرسی کورد لە ساڵەکانی ٢٠١٣ەوە بە دانوستاندن لە گەڵ پەکەکە و عەبدوڵا ئۆجەلان دەستی پێکردبوو، وێڕای هەندێ گۆڕانکاری سەرەتایی ئەرێنی لە تورکیە لە ساڵی ٢٠١٦ دوای ئەوەی کە بەیاننامەی لێکتێگەیشتن لە کۆشکی سەرۆکایەتیی دوڵمە باخچەی ئیستانبول کە لەنێوان نوێنەرانی حیزبی هەدەپە و و حیزبی ڕەجەب تەیب ئەردوغان خوێندرایەوە و هەروەها وتاری سەلاحەدین دەمیرتاش کە گوتی ئەردوغان ناهێڵین ئێوە ببنە سەرۆک، کۆتای پێهات.**

**بە دوای ئەودا ئەردوغان ئەوجار لەگەڵ حیزبی مەهەپە، حیزبی توندڕەوی ناسیۆنالیستی تورکیە هاوپەیمانی پێکهێنا و ڕەوتێکی گوشارهێنان بۆ سەر هەدەپە و لە زیندانخستنی ئەو کەسانەی دەست پێکرد کە تا دوێنێ دانوستانی لەگەڵ دەکردن. تەنانەت دوایین هەڵبژاردنی نێوان ئەردوغان و کەماڵ کلیچدارئوغلو کە بەربژێری ئۆپۆزیسیۆن، پارتی کۆماری خەڵک بوو لە سەر ئەو بنەمایەی پەکەکە پشتیوانی لە کەماڵ کلیچدارئوغلو دەکات بردیەوە؛ چونکە زۆرینەی ویلایەتە**

تورکە نەژادپەرستەکان دەنگیان بە ئەردوغان دا و هەڵبژاردنەکانی بە ڕێژەیەکی کەم بردەوە.

لە دوای ئەو هەڵبژاردنە سەرەتا دەوڵەت باخچەلی حەوتووی ڕابردوو سڵاوی لە نوێنەرانی دەمپارتی کرد و تۆقەی لەگەڵ کردن، ئەوەش بە چەخماغەی ڕەوتێکی نوێی پرۆسەی چارەسەری پرسی کورد داندرا. دواتر ئەردوغان لە وتارێکدا باسی لەوە کرد کە لە تورکیە هەندێک لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش کراون. بەڵام ئەوەی چاوەڕواننەکراو و نیشانی دا کە ئەو ڕەوتە هەر بەڕاستی بەشێک لە پلانی دەوڵەت و ڕەجەب تەیب ئەردوغانی سەرۆک کۆمارە، ئەو گوتارەی دەوڵەت باخچەلی بوو کە گوتی با عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێتە پارلەمان و داوا لە پەکەکە بکات چەک دابنێ و پرسی تێرور بۆ هەتا هەتا چارەسەر بێت، هەروەها بەردەنگ نابێ ئیدرنە و قەندیل بەڵکوو ئیمراڵێ و دەمپارتی بێت، دواتریش پێداچوونەوەی یاسایی بە دۆسییەی ئۆجەلان بە مەبەستی ئازادکردنی بکرێت.

مەبەست لە ئیدرنە سەلاحەددین دەمیرتاش و قەندیل پەکەکەیە. ئەوەی کە دەوڵەت باخچەلی داوای ئەوە دەکات ئەو دووە لە نێو پرۆسەکەدا نەبن سەرنجڕاکێشە کە کەمتر لەلایەن چاودێرانەوە لێکدراوەتەوە. لەلایەکی دیکە گۆڕانکارییە ناوچەیی و نێوخۆییەکانی تورکیە بە جۆرێک لەگەڵ ئەو ڕووداوە لەناکاوانەی پرسی کورد لە تورکیە کاریگەرییان هەیە، هەر بۆیە پێویستە شرۆڤەی دۆخەکە بکرێت و دواتر بە دوای وەڵامی ئەو ڕەوتە، چارەسەری یا مەترسیدا بگەڕێین.

## دۆخی نێوخۆیی تورکیە

بە گوێرەی یاسای بنەڕەتیی تورکیە ئەردوغان ناتوانێ جارێکی دیکە ببێتەوە سەرۆککۆمار، مەگەر بەو مەرجەی پێشوەختە بەرەو هەڵبژاردن بڕوات و پارلمان خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوەش وای‌کردوە ئەردوغان بە دوای گۆڕینی یاسای بنەڕەتیدا بێت. بەڵام بۆ ئەو مەبەستە پێویستیی بە دەنگی یەکێک لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنە، چونکە ناتوانێ بەبێ دەنگی ئۆپۆزیسیۆن ئەو کارە بکات. بۆیە دەنگەکانی دەمپارتی دەتوانێ لەو بوارەدا زۆر گرینگ بێ و ئەوەش بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو کرانەوەیە دەزاندرێت.

دۆخی ئابووریی تورکیە بەرەو خراپیی زیاتر دەڕوات و هەڵاوسان لە زیادبوون و بەهای لیرەی تورکی لە دابەزیندایە. هۆکاری ئەو قەیرانە ئابووریە دەگەڕێتەوە بۆ ستراتیژیی هەڵەی ئەردوغان بۆ ئابووری کە دەیهەویست ڕێژەی قازانجی بانکی بەگوێرەی ئایین نەهێڵێ. تەنانەت بە هێنانی محەمەد شیمشەک وەک وەزیری ئابووری کە پێشتر ببووە هۆی پێشخستنی ئابووریی تورکیە لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٥ - ٢٠١٠ نەکرا چارەسەرییەکی ئەوتو بدۆزرێتەوە و ڕۆژبەڕۆژ ماڵیاتی

زیاتر لەسەر خەڵک زیاد کرا. قەیرانی ئابووری ڕێژەی دەنگەکانی ئەردوغانی کەم کردۆتەوە بە جورێک ئێستا بەگوێرەی زۆربەی ڕاپرسییەکان ئیتر حیزبی ئەردوغان یەکەم نییە و ئەوەش وایکردوە بێتوو ئەردوغان کاندیدیش بێت، ناتوانێ هەڵبژاردن بەئاسانی بباتەوە.

لەنێو حیزبی کۆماریی خەڵک چەند ڕەکەبەری سەرەکی بۆ ئەردوغان پەیدا بوون کە لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیەکانی ئەنکەرە و ئیستانبول بۆ جاری دووەم بردیانەوە و لە ڕاپرسیەکانیشدا لە پێشەوەی ئەردوغانن. کەماڵ کلیچدارئوغلو، ڕکەبەری پێشووی ئەردوغان کە بۆ زیاتر لە دە جار شکستی خواردبوو، کەسانی وەک ئەکرەم ئیمامئوغڵو، شارەداری ئیستانبوول کە بەگوێرەی ڕاپرسییەکان دەتوانێ بەئاسانی ئەردوغان شکست بدات و سەرکەوتنی گەورەی لە ئیستانبول بە دەستهێنابوو. مەترسیی ئەکرەم ئیمامئوغلو بە ڕادەیەکە کە ئەردوغان بە دوای چەسپاندنی سزای قەدەغەکردنی سیاسەتە بە سەر ئەو بە هۆی ئەوەی چەند ساڵ پێش ئێستا وشەی ئەحمەقی بۆ هەندێک بەکار هێناوە.

لەلایەکی دیکە بەشێک لە چاودێرانی سیاسی ئەو ڕەوتە گرێ دەدەن بە مردنی فەتحوڵڵا گولەن، چونکە کاتێک عەبدوڵڵا ئوجەلان بە هاوکاریی سی ئای ئەی لە کنیا گیرا و تەسلیمی تورکیە کرا، فەتحولا گولەنیش تورکیەی بە مەبەستی ئەمریکا بەجێ هێشت. دەگوترێ ئێستا کە گولەن مردوە پێویستە ئوجەلانیش ئازاد بکرێت، چونکە ئەو دو ڕووداوە هەر وا بەئاسانی و بەڕێکەوت نەبووە.

## بارودوخی ناوچە

لەلایەکی دیکە هێرشی ٧ی ئوکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و هەوڵی جیددیی ئیسرائیل بۆ نەهێشتنی کاریگەریی ئێران لەسەر ناوچەکە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆژهەڤە لە تورکیە دەزانرێت. ئۆپوزیسیۆنی تورکیە کە لە حەماس نزیکە و بە جورێک تێڕوانینی ئیسلامی سیاسیی بۆ ناوچە هەیە، و لە نیزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکات، هەستی بە مەترسەیەکە کردوە و دەیهەوێ خۆی لەو مەترسییە ڕزگار بکات. ڕزگاربوون لەو مەترسییەش لە چارەسەری پرسی کورد و بەهێزبوون لە نێوخۆدا شک دەبات.

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوە و بەرپرسی پێشووی میت لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیونی حەوتوویەک پێش ئێستا، لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی دوای هێرشی ٧ی ئۆکتوبر ئێوە لەگەڵ نەسروڵڵا دیدارتان هەبوو، ئەو دیدارە چۆن بوو و ئێوە چیتان گووت، لە وەڵامدا گوتی ناکرێ باسی هەموو شتێک بکەین بەڵام شتێکی درکاند کە چاودێرانی سیاسی کەمتر بەلایدا چوون.



سەرچاوە
Serchawe

ئەویش ئەوە بوو ئێمە بە نەسروڵڵامان گوت نابێ شەڕەکە بۆ ناوچە بگوازرێتەوە هاوکات ناشبێ بهێڵین هەموو فۆکسی ئیسرائیل لەسەر غەزە بێ. ئەوە بەو مانایە دێت ئێوەش ناوە بە ناوە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل. ئەوەی لە ساڵی ڕابردوو دیتمان هەر ئەو هێرشە ناوە بە ناوەکانی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل بو وکە ئێستا نە نەسروڵڵا ماوە و نە حیزبوڵڵا ئەم هێزەی جارانە. ئێستا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا تورکیە بۆ نەهێشتنی کاریگەریی ئێران لە ناوچە وەها تەوسییەیەکی بە حیزبوڵڵا کردوە هەتا تووشی شەڕێکی وا بێ؟

هاوکات دەکرێ یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ئەو کرانەوەیە ئەوە بێ تورکیە ئەگەری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی پێشبینی کردوە و، بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لەو وڵاتە دێتەوە ئارا و بەو شێوەیە هەر لە ئێستاوە پەکەکەو لقەکانی کە لە ناوچەدا لەژێر کاریگەریی ئێراندان بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ بۆ ئەوەی وێڕای کەمکردنەوەی مەترسییەکانی نێوخۆی، هێزەکانی دیکەی پەکەکەش لە پارچەکانی دیکەدا بە کار بهێنێ.

سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەوەی بە ناوی نەزمی نوێ و گۆڕینی نەخشەکان هاتۆتەوە بەر باس، بێگومان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کاریگەری لە سەر پرسی کورد ئەویش لە دڵی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دادەنێت، هەر بۆیە نەبوونی پرسی کورد بۆ ئەو وڵاتانەی ئەو پرسە چارەسەر دەکەن وەک خاڵێکی بەهێز دەبیندرێ. بەڵام ئایا تورکیە درکی بەو بابەتە کردوە کە ڕەوتی چارەسەری هێنایەتە ئاراوە یا نا، بابەتێکی دیکەیە.

## چارەسەر یا مەترسی!

هاتنە بەر باسی پرسی کورد و بوون بە ڕۆژەڤی وڵاتانی داگیرکەر بابەتێکی ئەرێنییە جا بە هەر هۆکارێک بێت. هەر وەک ئاڵتان تان، پارلمانتاری پێشووی کوردی تورکیەش لەو باوەڕەدایە نابێ هەنگاوێکی وەها ڕەت بکرێتەوە، بەڵکوو دەبێ پێشوازی لێبکرێت. بەڵام بەو شێوە باسکردنی کە نە نەخشە ڕێگایەکە دیارە و نە هۆکارەکانی دەزانین، بە خاڵی نەرێنی دەزانرێ. چونکە چۆن بڕوا بەوانە بکرێ هەتا دوێنێ هەرچی گوشار هەبووە بە سەر کورد هێناویانە و، پێویستە ئەگەر ویستی دەوڵەتی تورکیە چارەسەرییە ڕوون و ئاشکرا باس لە بابەتەکە بکات. چونکە دیار نییە ئەگەر دۆخی ناوچەی یا گۆڕانکاریی دیکە هاتنە ئاراوە دەوڵەتی تورکیە وەک پێشوو پەشیمان نابێتەوە، یا ئەو بابەتە تەنیا بۆ جارێکی دیکە هەڵبژاردنی ئەردوغان وەک سەرۆککۆمار کە ئێستا دەنگەکانی کەم بوونەتەوە بەکار دەهێنرێ و دوای بە سەرۆک هەڵبژاردنی جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە سەری دۆخی ئێستا!

خاڵێکی دیکەی نەرێنی ئەو باسە دانوستاندن لەگەڵ عەبدوڵڵا ئوجەلان لە زینداندایە، دانوستاندن لەگەڵ کەسێک کە لە زینداندایە دۆخی بەرانبەر لاواز دەکات و داواکاریی نەتەوە بۆ داواکاریی تاکی زیندانیکراو کەم دەکاتەوە. کاتێک دەوڵەتی ئەفریقای باشوور داوای دانوستاندن لەگەڵ ماندێلا دەکات، ئەو دەڵێ پێویستە لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی دانوستاندن بکرێ؛ چونکە من ئازاد نیم هەتا بتوانم ئازادانە دانوستاندن بکەم. لە دیداری نێوان ئوزگور ئوزەل لەگەڵ سەلاحەدین دەمیرتاش بەر لە سەفەرەکەی بۆ دیاربەکر پۆزیسیونێکی وا لەلایەن سەلاحەددین دەمیرتاش ڕاگەیەندراوە و گووتویەتی ئاگاداری هیچ نیم.

هەر وەکوو لە ئێستادا دەبینین دەمپارتی داواکارییەکانی کورد ناخاتە ڕوو کە بزانین کورد چیی دەوێ، تەنیا بابەتێک باس دەکات کرانەوەی دۆخی ئۆجەلانە. بێگومان پەراوێزخستنی ئوجەلان کارێکی دروست نییە، بەڵام پێویستە نوێنەرانی کورد (دەم پارتی) وەک نوێنەری سەرەکی بڕیار بەدەست بن، بۆیە دەڵێم دەمپارتی چونکە کاریگەریی قەندیل و پەکەکە بە سەر دەمپارتی حاشای لێ ناکرێ و ئەو کاریگەرییەش وای کردوە بڵێین دەمپارتی ئەگەر وا نەبا پێویست بوو پەکەکە وەک نوێنەری کورد لە تورکیە بەردەنگ با. هەروەها نابێ سەلاحەددین دەمیرتاش کە جاری پێشوو لەسەر داواکاری قەندیل زیانی بەو پرۆسەیەی گەیاند پەراوێز بخرێت، چونکە دەوڵەت باخچەلیش دەیهەوێ ئەو پەراوێز بکەوێت.


ئێستا وێڕای ئەوەی لە سەرەتای ڕەوتێکی دیکەداین و ناتوانین ئاسۆی ڕەوتەکە بەتەواوی دیاری بکەین و پێویستە کورد زۆر وشیارانە لەگەڵ دۆخەکە بجوڵێتەوە. لە هەمان کاتدا پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە چارەسەری پرسی کورد پێویستە پێشتر لەنێو کورددا دەست پێبکات، واتە کورد دەبێ خاوەن ویستی ڕوون و ڕاستی پرسی کورد بێ و بەئاشکرا باسی بکات و گرنگتر لەوەش بەهێز بێت تا بتوانێ خۆی لە پیلانی دوژمنان بپارێزێ. بۆیە ئەگەر مقەس و قوماش هەر دووک لە دەستی دوژمندا بێ، چارەسەری ڕاستەقینە ئەستەم و دوورەدەستە.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید غەفوور هەمزەیی)




**ئیمان بە زامم بێنە، بۆ خەڵكی شەقام سوورم**
**ئاگام لە ژانیانە، بەڵێ! نیزیكترین دوورم**

**برایم چووكەڵی**

تا چەوساوان لە كۆڕی خەبات و بەربەرەكانیدا كۆ نەبن و لە بەرانبەر پێشێلكەرانی مافەكانیاندا نەوەستن و بەگژ ناهەقیدا نەچنەوە، تا وڵاتپارێزان سینگیان بە گوللەی شەوپەرستانی دڵڕەق و قینلەزگ و دوژمنانی ئازادییەوە نەنێن، تا لاوە بە هەست و خوێنگەرمەكان پۆل پۆل نەبنە قوربانیی ویست و داخوازە لەمێژینەكانیان، تا لێشاوی فرمێسک و خوێن نەبێتە دەریای شەپۆلان و تەخت و بەختی سەركوتكەران ڕانەماڵێ؛ ئازادی و بەختەوەری نایەتە بەرهەم. مێژووی پڕ لە شانازی و سەروەریی حیزبی دێموكرات پێمان دەڵێ لە ڕابردووی خەباتی دەیان ساڵەی پڕ لە فرمێسک و خوێن و دارماڵ لە حەماسە و خۆڕاگریی خۆیدا، پشت ئەستوور بە پشتیوانی هەمەلایەنەی خەڵكی كوردستان و هێزی باسک و دەست و مەچەكی ڕۆڵە فیداكارەكانی لە بەرانبەر داگیركەراندا درێژەی بە خەبات داوە و ماندوویینەناسانە بەرەو ترۆپكی ڕزگاری هەنگاوی ناوە. "هەگبەی شاخ و شۆڕش"ی ئەم ژمارەیە بۆ باس لە یاد و بیرەوەریی غەفوور هەمزەیی، یەک لەو ڕۆڵە فیداكارانەی



سەرچاوە
Serchawe

نەتەوەکەمان تەرخان کراوە.

غەفوور هەمزەیی ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی لە بناری ئاربابا، لە شاری بانە و لە بنەماڵەیەکی ماماوەندی چاوی بە دنیای پڕ لە ڕەنج و کوێرەوەری هەڵێنا. هەر لە شاری بانە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کرد و ساڵی ١٣٣٨ چووە دانشسەرای مقەدەماتی و پاش دوو ساڵ لە گوندەکانی ناوچەی بانە بۆتە مامۆستا و دەرسی بە مندالآنی هەژار و بێدەرەتانی ئەو ناوچەیە گوتەوە. شەهید غەفوور هەمزەیی پاش ٧ ساڵ وانەوتنەوە لە کۆنکۆری زانستگەدا بەشداری کرد و لە زانستگەی تەورێز وەرگیرا، پاش تێپەڕبوونی دەورانی زانستگە بەسەرکەوتوویی و وەرگرتنی لیسانسی ئەدەبیاتی زمانی فارسی، گەڕاوە شاری بانە و لە یەکێک لە دەبیرستانەکانی ئەو شارەدا دەرسی گوتەوە.

غەفوور هەمزەیی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و وەک ئەندامێکی تێکۆشەری حیزبی دێموکرات دەستی بە کار و تێکۆشان کرد و لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧دا وەک ڕووناکبیرێک، لاوانی بۆ خەبات و خۆپێشاندان هان دەدا. زۆری نەکێشا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردی بە ئاور و ئاسن وەڵام دایەوە. ئەوە بوو شەهید غەفوور وێڕای زۆریەک لە لاوانی ئەو ئاو و خاکە نەیتوانی لە ئاست زوڵموزۆریی ڕێژیمی ئاخوندی دەرحەق بە گەلەکەی چاو هەڵنەبڕێ. بۆیە لە ڕیزەکانی حیزبدا بەئاشکرا دەستی بە خەبات کرد و بە ئیمانێکی بەهێزتر و بیروباوەڕێکی قووڵتر قۆڵی بۆ خەبات دژی دوژمنانی ئازادی گەلەکەی هەڵماڵی. ئەو هەموو پلە و پایەیەکی ئیداری و هەر جۆرە مەقام و بەرپرسایەتییەکی لە کاری ماموستایەتی بەجێ هێشت و پاشماوەی ژیانی بۆ خەبات و تێکۆشان لەپێناوی ڕزگاریی هاونیشتمانانی لە بێمافی و ژێرچەپۆکی و دیکتاتۆری تەرخان کرد. ساڵی ١٣٥٨ لە کۆنفرانسی کۆمیتە شارسانی بانە بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی هەڵبژێردرا و ساڵی ١٣٦٠ وەک مشاویری کۆمیتەی ناوەندی دیاری کرا و پاشان بەرپرسایەتیی کۆمیتە شارستانی بانەیان پێ سپارد. ساڵی ١٣٦١ و ١٣٦٢ وەک بەرپرسی کۆمیتە شارستانی بۆکان دیاری کرا و لەو ناوچەیەش وەک کادرێکی هەڵسووڕ خزمەتێکی بەرچاوی کرد. لە کۆنگرەی ٦ی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و تا کاتی شەهیدبوونی وەک ئەندامێکی بەتوانا و چالاکی ڕێبەری ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەڕێوە برد. ئەو لە ژیانی سیاسییدا بە هەموو هەست و توانا و فیداکارییەوە تێکۆشا و بە لێهاتووییەوە پلەکانی سەرکەوتن لە ئەرکە حیزبییەکانی یەک لەدوای یەک بڕی.

شەهید غەفوور ساڵی ١٣٦٤ دوای کۆنگرەی ٧ بوو بە بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سۆلێمانی و دواتر پێوەندییەکانی حیزب لە بەغدای پێ سپێردرا و ماوەی ٩ ساڵ ئەو ئەرکەی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە برد. ئەو کوڕی ڕۆژانی تەنگانەی حیزب بوو، شێلگیر و نەسرەوتوو، و هەمیشە دەم بە پێکەنین و لەکاتی کاری حیزبیدا زۆر جیدی بوو.



سەرچاوە
Serchawe

تێکۆشەرێکی خاکەڕا، دڵپاک و مەشرەفخۆش، لێوەشاوە و خۆشەویست بوو، ئەو بە بەردەوامی هەوڵی دەدا پلەی زانیاریی سیاسی خۆی بەرەو سەر بەرێ و، بە ڕێکوپێکی ئەو ئەرکەی بۆیان دیاری کردبوو بەڕێوە دەبرد. مخابن دەستی ڕەشی تێرۆر دەرفەتی نەدا زیاتر خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەی بکا و ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٧٣ لە بەر دەرگای ماڵی خۆی لە شاری بەغدا کەوتە بەر دەستڕێژی تێرۆریستان و شەهید بوو.

بانە ئاورگە گەشەی تێکۆشان
بانە مزگێنی دەری سوورپۆشان

هەر کەسێکی لە قەراغت ژیابێ
کفرە گەر جارێ لە مردن دوابێ

سلێمان بەگ لەسەران سەربەرزە
دیمەنی جوانی گوڵی سەر عەرزە

جوان و ڕووسوور و گەشە ئارمردە
بۆ گەیشتن بە ئەوینم پردە

سەری بابۆسە لە گوێن سوورکێوە
گوڵێ نەخشینی ژیانی پێوە

حەوتەوانە بە سەری سەربەرزی
لانی ژینمانە بە چوار سەروەرزی

تاژەبان بانی سەری کوردانە
قارەمان دەچنە سەری گوردانە

هەژدە دۆڵان بە خوێن ڕازاوە
گەلێ قوربانیی هەژاری داوە

بادەدەن زەندی دەسی زۆرداری
دادەدەن مەشقی خەبات و یاری
حەمە، عوسمان و عەلی سوورپۆشن

ڕێگەیان کردەوە بە خوێنیان ڕۆشن

بانە چالاکی هەموو بەر چاون
گیانفیدای دایکی جەرگسووتاون

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# مەیسەم موڕادی: ئیسرائیل بە پلانی "نەزمی نوێ" دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان داڕمانی یەکجاری بکات



وتووێژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کەوتووەتە قۆناغێکی هەستیار و پڕ گۆڕانکاری، قۆناغێک کە دوورەدیمەنیی هاتنەئارای نەزمێکی نوێی ناوچەیی تێدا بەدی دەکرێ. بەڵام کوردستان و پرسی کورد لەکوێی ئەم نەزمە نوێیەدا جێ دەگرێ. "کوردستان" بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی زیاتری ئەم بابەتە وتووێژێکی لەگەڵ مەیسەم موڕادی، شارەزای پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: کاک مەیسەم لە ڕوانگەی ئێوەوە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا چی ڕوو دەدا و پێتان وایە چ گۆڕانکارییەک لەم ناوچەیەدا خەریکە دێتە دی؟**

**مەیسەم مورادی**: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ پێش هێرشی ٧ی ئۆکتۆبری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل. لە ٧٨مین کۆبوونەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە کاتی وتاردانی خۆیدا، بنیامین نەتانیاهوو وێنەیەکی بەرز کردەوە کە لەسەری نووسرابوو "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی نوێ". وێنەکە هەڵگری پەیامێکی زۆر بوو، بەڵام گرنگترینەکەیان ئەوە بوو پلانی ئیسرائیل بۆ نزیکبوونەوە لە وڵاتانی عەرەبی و هەروەها پەیوەستبوونی ئیسرائیل بە یەکێک لە گرنگترین کۆریدۆرە ئابوورییەکانی جیهانی نیشان دەدا. پێش کۆبوونەوەکەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە سەرپەرشتیاری ئامریکا، پلانی دەستپێکردن و کاراکردنی کۆریدۆرێکی گرنگی ئابووری لە دانیشتنێکی وڵاتانی G20 لە هێندستان خرایە بەردەست. کۆریدۆرەکە ناوەی لێنرا (IMEC)، کۆریدۆرەکە لە هێندستانەوە دەست پێدەکات، دەچێتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دوای تێپەڕین بەنێو وڵاتی ئیسرائیلدا، دەچێتە وڵاتانی ئورووپا. بەڵام ئەوەی ڕوون بوو، ئێران و تورکیە بەشێک نەبوون لەو گۆڕانکارییە گرنگە ئابوورییەی دنیا، بۆیە بە قازانجی ئەم دوو وڵاتە نەبوو ئەو کۆریدۆرە کارا بکرێت و هەموو هەوڵی خۆیان لەو ئاراستەیەدا دەدا کە یان ببن بە بەشێک لە کۆریدۆرەکە، یان کاراکردنی کۆریدۆررەکە دوابخەن. بەهەرحاڵ کۆریدۆری (IMEC) هاوشان لەگەڵ پەیمانی ئیبراهیم، دۆخی ئیسرائیلی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبرد کە قازانجێکی گەورەی ئابووری و سیاسی بەرکەوێت، ڕەنگە ئەو دەستکەوتانە هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەوەی کە بنیامین نەتانیاهوو باس لە "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ" بکات. هێرشی تێرۆریستی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، هاوکات دوو ئامانجی پێکا:دواخستنی پرۆسەی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل، هەروەها دواکەوتنی کاراکردنی کۆریدۆرەی هێند - ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست-ئورووپا. لە دوای ئەو هێرشەی حەماس، ئیسرائیل تێگەیشت کە چیدی بەشێوەی پێشوو، واتە فریزکردنی کێشەکان لە نێوانی خۆی، ئێران و پرۆکسیەکانی، ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە لە حەوتوویەک دوای هێرشەکەی حەماس، بنیامین نتانیاهوو گوتی: "ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەگۆڕین". ئەو گۆڕانکارییانەی دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی بۆ ئامادە کردبوو، لە دوای کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا، ئاشکرا بوو. ئۆپەراسیۆنی هێرش بۆ سەر بارەگای سەرەکی حیزبۆڵڵای لوبنان لە ناوچەی زاحیەی بەیروت، کە بووە هۆی کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا لە ڕێکەوتنی ٢٧ی سێپتەمبر، ناوی لێنرا "نەزمی نوێ". دەستەواژەی نەزمی نوێ یان بەشێوەیەکی گشتی، چەمکی "نەزم" لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەڵگری بارێکی زۆری واتاییە، بۆیە کاتێک ئیسرائیل کوشتنی حەسەن نەسروڵڵا وەک دەستپێکی نەزمی نوێ دەناسێنرێت، زەینی شارەزایانی سیاسەتی نێودەوڵەتی ئاڵۆز دەکات و هەرکەس بە شێوەیەکی جیاواز هەوڵ دەدات کە خوێندنەوەیەکی لەسەر ئەو چەمکە و هەڵسوکەوتی دەوڵەتی ئیسرائیل هەبێت. لە وتارێکدا کە لەژێر ناوی "نەزمی نوێی ئیسرائیل و ستراتێژیی پشتێنەی بەرگری ئێران" لە ڕێکەوتی ٨ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ، لەلایەن ماڵپەڕی "سەکۆ" بڵاوکراوە، باسم لە گۆڕانکاریگەلێک کردوە کە دەتوانێت دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تەواوی بگۆڕێت، گۆڕانکاریگەلێک کە ئامانجی لێدان لە پرۆکسییەکانی ئێران و هەروەها پاشەکشەپێکردنی ئێرانە لە جۆری سیاسەتکردنی خۆی لە ناوچەکە. بێگومان لێدان و لاوازکردنی پرۆکسیەکانی ئێران، بۆ ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی کاری ئاسان نییە و لە فەترەیەکی زەمانی کورتدا

جێبەجێ ناکرێت و خێرا نابێت، لەبەر ئەوەی کە بەربەستگەلێکی گەورە لە پێش بەرەوپێشچوونی پلانەکانی ئیسرائیل دا هەیە.

**شەهرام سوبحانی**: ئێران و چین و ڕووسییە بە چ شێوەیەک دەتوانن ئەو پرۆسەیە بەدوا بخەن؟

**مەیسەم موڕادی**: ئێران، چین و ڕووسیە دەتوانن ڕۆڵی گرنگ بگێڕن بۆ ئەوەی کەوتنی دۆمینەیی پرۆکسیەکانی ئێران، پێشی پێ بگیردرێت و جێگیربوونی نەزمی نوێی ئیسرائیل بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مسۆگەر نەبێت. بۆیە ئەمن من باوەڕم وایە دەبێت زۆر بە هەستیارییەوە چاو لە گۆڕانکارییەکان بکەین و پەلەی زۆرمان نەبێت.

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی تا ئێستا هەستمان بەو گۆڕانکارییە گەورە نەکردوە؟

**مەیسەم موڕادی**: ئەم گۆڕانکارییانە دەبێت لە سێ بەش یان سێ ناوچە و سێ قۆناغدا هەڵبسەنگێندرێت:

**قۆناغی یەکەم**: بەریەککەوتنی لۆکاڵ لە نێوان ئیسرائیل و حەماس، حیزبوڵڵا، حووسیەکان و گرووپەکانی عێراق.
**قۆناغی دووهەم**: بەریەککەوتنی ناوچەیی، واتە نێوان ئیسرائیل و ئێران.
**قۆناغی سێهەم**: بەریەککەوتنی جیهانی، واتە بەریەککەوتنەکانی ئامریکا و چین و ڕووسیە، بۆ نموونە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان. لە کۆبەندی ئەم پرسیارەدا و بە پشتبەستن بەو بابەتانەی سەرەوە کە باسم کرد، من پێم‌وایە کە ئەو هێرشەی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، دەتوانین وەک سەرەتای گۆڕانکاریگەلێکی بنەڕەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بناسێنین.

**شەهرام سوبحانی**: ئاستی بەرزبوونەوەی بەریەککەوتنەکان چۆن دەبێت؟

**مەیسەم موڕادی**: ئاستی بەرزبوونەوەی بەریەککەوتنەکان بەو شێوە دەبینم کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر سێ قۆناغەکەدا کە لە سەرەوە باسم کردووە هەیە. بۆ نموونە کاتێک ئاستی بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی یەکەم واتە لۆکاڵ دەچێتە سەرەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر قۆناغی دووهەم واتە ناوچەیی دەبێت، کاتێکیش لە قۆناغی دووهەم ئاستی بەریەککەوتنەکان دەچێتە سەرەوە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی سێهەم واتە جیهانی هەیە. کە واتە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر سێ قۆناغەکەدا هەیە و هەر گۆڕانکارییەکی بچووک لە قۆناغی یەکەمدا

دەتوانێت ئاستی بەریەککەوتنەکان لە قۆناغی دووهەم و سێهەم بباتە سەرەوە. لە چوونەسەرەوەی ئەم بەریەککەوتنانەدایە کە ئەگەری ئەوە دەچێتە سەرەوە کە ئاراستەی شەڕەکە بگۆڕدرێت و بەرە شوێنێک بچێت کە تەنانەت ڕەنگە ئەستەم بێت لە ئێستادا باسی بکرێت. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە؛ ئیسرائیل بە پلانی نەزمی نوێ بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بە هەموو هێزی خۆیەوە دەچێتە پێشەوە و دەیەوێت پرۆکسییەکانی ئێران تووشی لاوازی، یان دارمانی یەکجاری بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئیسرائیل وڵامی هێرشەکەی ئێرانی بە هێرش بۆ سەر چەند پێگەیەکی سەربازی دایەوە. هێرشێک کە کەمتر بووە لەو چاوەڕوانییەی لە ئیسرائیل دەکرا. ئایا ئەمە ڕێککەوتنی لەسەر نەکرابوو و ئەمە بە نێوبژیوانی ئامریکا هەوڵدان نەبوو بۆ پێشگرتن بە قوڵبوونەوەی شەڕەکە؟

**مەیسەم مورادی**: لە ڕاستیدا من پێموانییە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هێرشێکی ئاستخوار بووبێت. ئیسرائیل بۆ ئەم هێرشە چەند ئامانجی لە بەردەستدا بوو، لەوانە: پێگە ئەتۆمییەکان، پێگە نەوتی و گازییەکان، پێگەی وزەی شارەکان (بەرق/کارەبا) و هەروەها پێگە سەربازییەکانی ئێران، بەڵام ئەوەی دواجار ئیسرائیل لەسەری ساغ بوویەوە، لێدان لە پێگەی سەربازی ئێران بوو. پێموایە ئێمە دەبێت لەچوارچێوەی هێرش بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی ئێران، خوێندنەوەمان هەبێت بۆ قەبارەی هێرشەکە. ئیسرائیل لە ئێستادا لە دوو بەرەی شەڕی ڕاستەوخۆ (لوبنان وغەززە) و هەروەها هێزی خۆی بردۆتە قووڵایی خاکی سووریە وهاوکات بە لێدان لە حووسیەکانی یەمەن، پارێزگاری لە خۆی دەکات. هەموو ئەم لایەنانەی سەرەوە کە ئیسرائیل لەگەڵیاندا لەشەڕدایە، ئەکتەری نا-دەوڵەتین، بۆیە دەستی ئیسرائیل بۆ زۆر بابەت کراوەترە، بەڵام کاتێک کە بابەتەکە دێتە سەر ئێران، ئەوکات باس لە ئەکتەرێکی دەوڵەتی لە سیستمی نێودەوڵەتیدا دەکەین، بۆیە بۆ ئیسرائیل تاکتیکی هێرش بۆ سەر ئێران زۆر جیاوازترە بە بەراوەرد لەگەڵ ئەکتەرە نا-دەوڵەتیەکاندا. هاوکات کە ئیسرائیل وەڵامی ئێران دەداتەوە، ئاگاداری ئەو خاڵەیە کە سەربازەکانی لە دوو بەرەی شەڕی ڕاستەوخۆدا لە شەڕدان و هەروەها ئێران و پرۆکسییەکانی پلانی ئەوەیانە هەیە شەڕەکە بکەنە شەڕێکی پڕووکهێنەر بۆ ئیسرائیل و تێچووی زۆر بۆ ئیسرائیل دروست بکەن. بۆیە ئیسرائیل ناچارە زۆر بە وردی و لە سەرخۆ هەنگاوەکانی هەڵبنێت و نەکەوێتە ئەو داوانەی کە ئێران و پرۆکسیەکانی بۆیان داناوە. سەبارەت بەوەی کە ئایا جۆرێک ڕێککەوتن لە نێوانی ئیسرائیل و ئێراندا کرابێت، دەتوانم بڵێم کە من باوەڕم وایە هیچکەس ناتوانێت ئارگیۆمێنتێکی بەهێز بۆ ئەو باسە بێنێتەوە و باس لەوە بکات ڕێککەوتن لە نێوانی ئەو دوو دەوڵەتەدا هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە ئیسرائیل بە زیاتر لە ٢٠٠ مووشەکی باڵستیکی و درۆن، دووجار لە لایەن ئێرانەوە هێرشی کراوەتە سەر، ئیسرائیلیش لەبەرامبەردا وەڵامی بۆ هەر دوو هێرشەکەی ئێران هەبووە.



سەرچاوە Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: **پێتان وایە هێرشەکەی ئیسرائیل چەندە توانیوەتی پێگەی ڕێژیم لەنێوخوی وڵاتدا لاوازتر بکات؟**

**مەیسەم مورادی**: من باوەڕم وایە کە هێرشی دووهەمی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، هێرشێکی زۆر بەهێز و پڕ دەستکەوت بوو بۆ ئیسرائیل.

ڕاگەیاندنەکان باس لەوە دەکەن هەموو سیستمی بەرگریی S300 ی ئێران لەنێو چووە، هاوکات لە زۆر بنکەی گرنگی مووشەکیی ئێران دراوە کە زیانەکانی بۆ ئێران زۆر لەسەرەوەیە و چەند بەرپرسی ئێرانی کوژراون و هەمووی ئەم بابەتانە لەو ڕێگەیەوە ڕووی دا کە ئیسرائیل فڕۆکەکانی خۆی بردە سەر ئاسمانی تاران. لە زانستە سیاسیدا کاتێک باس لە لەدایکبوونی دەوڵەت دەکرێت، زۆر ڕوانگەی جیاواز بەکار دێت، بەڵام یەکێک لەو ڕوانگە کە زۆرجار وەک نموونە دێتەوە، بۆچوونی Gil Rémillard لەسەر لەدایکبوونی دەوڵەتە. ڕێمیلارد لە نووسینێکی خۆیدا لە ژێرناوی "سەروەری و فدراڵیسم" پێیوایە بۆ ئەوەی دەوڵەتێک لەدایک بێت، دەبێت سێ تۆخمی جەوهەری هەبێت، توخمێکی یاسایی واتە سەروەری، توخمێکی بەرجستە واتە دانیشتووان و توخمێکی ماددی واتە خاک، ئیسرائیل لە هێرشی خۆی بۆ سەر ئێران، هەر سێ توخمە سەرەکییەکەی دەوڵەتی ئێرانی (واتە خاک، سەروەری و دانیشتوانی سەر ئەو خاکە) کردە ئامانج و بێ هیچ تێچوویەک فڕۆکەکانی خۆی بردەوە بۆ ئیسرائیل. بۆ کەسانێک کە زانیارییان لەسەر چەمکە گرێدراوەکانی دەوڵەت هەیە، لە شرۆڤەی بابەتێکی لەو شێوەی هێرشەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، چەند بابەت زەق دەبێتەوە بۆیان، گرنگترینەکەیان چەمکی سەروەرییە. من باوەڕم وایە ئەگەر کەسانێک خوێندنەوەیەکی دروستیان لەسەر چەمکی سەروەری دەوڵەت نەبێت، ناتوانن خوێندنەوەیەکی ڕێکوپێکیان لەسەر ئەوەی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل ڕوو دەدات هەبێت. ئیسرائیل بە زیاتر لە ١٤٠ فڕۆکەی شەڕکەر هێرشی کردە سەر ئێران، فڕۆکەکانی ئیسرائیل زیاتر لە پێنج کاتژمێر لە ئۆپەراسیۆنەکەدا بەشداربوون و زیاتر لە دوو کاتژمێر ئاسمانی تاران بەدەستیانەوە بوو، ئەمە بە واتای ئەوەیە کە دەوڵەتی ئێران نەیتوانی سەرەتا سەروەری خۆی بپارێزێت و نەهێڵێت ئەو فڕۆکانە بچنە ناو سنووری دەوڵەتەکەیە وهاوکات ئاسایشی تاران کە پێتەختی ئێرانە، بە هەموو شێوەیەک تێکدرا. بۆیە لەپاڵ هەموو زیانەکانی دیکەی دەوڵەتی ئێرانییەکان، بەزاندنی سنوور و سەروەری دەوڵەتەکەیان، گەورەترین شکست بوو بۆیان و پێناچێت بتوانن بە ئاسانی ئەو شکستانە کۆ بکەنەوە. لە کۆتایی ئەم پرسیارەدا دەتوانم بڵێم: هێرشی ئەمجارەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران، ڕێگەخۆشکەرە بۆ هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل و بە زانیاری و خوێندنەوەیەکی قووڵترەوە دەتوانێت ڕێگەکە دووبارە بکەنەوە، بۆیە لە ئێستادا ئێرانییەکان لە دوو ڕوانگەوە زۆر تێکشکاون: یەک، سەروەریی دەوڵەتەکەیان بەزێندراوە بێ هیچ تێچوویەک بۆ ئیسرائیل. دوو، بێگومانن لەوەی کە هێرشەکانی داهاتووی ئیسرائیل، وردتر و قورستر لەم هێرشەی ئێستایە دەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر باسێک گۆڕانکارییانەی کە لە ناکاو بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە هاتنە ئاراوە لە کوێی ئەو گۆڕانکارییانەدا جێ دەگرێ؟

**مەیسەم موڕادی**: بە بۆچوونی من بۆ ئەوەی لە هەڵسوکەوتی ئەم دواییانەی دەوڵەتی تورکیە بەباشی تێبگەین، دەبێت لە دوو بەشدا چاو لە بابەتەکە بکەین. بەشی یەکەم: وەک چۆن لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا ئاماژەم بەوەدا کە تورکیە و ئێران نەبوون بە بەشێک لەو گۆڕانە گەورە ئابووریەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، بەهەمان شێوە، ڕێگە بە تورکیە نەدرا لە هاوکێشەکاندا دەور ببینێت، ئەم تەریکخستنەوەی تورکیە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، دڵەڕاوکێی بۆ دەوڵەت لە تورکیە دروست کرد. وەک بەشی دووهەمی وەڵامەکەم بۆ ئەم پرسیارە، دەبێت خوێندنەوەیەکی وردمان لەسەر سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان هەبێت. مانگی دووی ئەمساڵ، ئامریکا لە ناوچەی دێرەلزوور، مەیادین و ئەبووکەماڵ لە سووریە و ناوچەی قایم لە عێراق، هێرشێکی بەرفراوانی کردە سەر پرۆکسیەکانی ئێران، هاوکات لەگەڵ ئەو هێرشەدا، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر زەمین جووڵەیان کرد و چوونە پێشەوە. من پێموایە ئامریکا و ئیسرائیل دەیانەوێت بۆشایی بخەنە نێو هێزەکانی ئێران لە عێراق و سووریا، ئەو ناوچەیە کە ئامریکا مانگی دوو بۆردوومانی کرد، هەمان کۆریدۆری گواستنەوەی چەک و یارمەتیە بۆ پرۆکسیەکانی ئێران لە سووریا و دواتر بۆ حیزبوڵلا لە لوبنان، تاکە لایەنێک کە بتوانێت ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە بە قازانجی ئامریکا و ئیسرائیل، هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستانە. تورکیە ترسی زۆری لەوە هەیە جۆگرافیای ژێردەسەڵاتی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زۆرتر بێت و پێگە نەوتی زۆرتر بگرنەوە دەست، بۆیە هاوشان لەگەڵ ئەو دڵەڕاوکەی کە دەوڵەتی تورکیە لە هەمبەر دوورخستنەوەی و بەشداری پێنەکردنی کارای خۆی کە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیبوو، ئەو ترسەشی بۆ دروست بووە کە کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان زۆر بەهێزتر بێت، بۆیە هەوڵێکی زۆر دەدات پێش بەو بەهێزبوونەی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بگرێت و بە وتەی وەزیری دەرەوەی ڕووسیە، نەهێڵن "دەوڵەتێکی نێخۆیی بۆ کورد لە سووریە دروست بکرێت". بەهێزبوونی هێزەکانی ڕۆژئاوای کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەرێنیی دەبێت لەسەر ئەو بەشەکانی دیکە کوردستان و بەتایبەت بۆ ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان. باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان دەتوانن دەوری پشت جبەیەکی گەورە بگێڕن. من لەو باوەڕەدام دوو جۆغرافیای باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەشێوەی کارا لەم بەریەککەوتنانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەشدارن، بۆیە ئەم کارابوونەوەی ئەم دوو بەشەی کوردستان، بە "پشتێندەی کوردی" دەناسێنم. بەهێزکردنی پشتێندەی کوردی و هاوکات ئەگەری ئەوەی لێدانەکان لە نێوخۆی ئێران لە لایەن ئیسرائیلەوە زۆرتر بێت، ئەو ترسە بۆ دەوڵەتی تورکیە دروست دەکات جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کارا بکرێت و پەیوەست بێت بەم گۆڕانکارییانەوە. لەبەر ئەوەش کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەن پێشمەرگەیە و خەڵکێکی زۆری ناڕازی لە دژی دەسەڵاتی ئێرانییەکان هەیە، پۆتانسیلی ئەوەی تێدایە کێشەی ئەمنییەتی بۆ دەوڵەتی ئێران دروست بکات. دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان زۆر بەباشی ئاگادارن



سەرچاوە Serchawe

کە هەرچەشنە گۆڕانکارییەک لە هەر بەشێکی کوردستان، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت لەسەر ئەو بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە بە باوەڕی من، ئەوەی کە تورکیە لە ئێستادا هەوڵی بۆ دەدات نەک "پرۆسەی ئاشتی" نییە، بەڵکوو پرۆسەی تەسلیمکردنی کوردە بۆ ئەوەی کە لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو هیچ پشکێکی بەرنەکەوێت.

**شەهرام سوبحانی**: ئەگەر لە نەخشە گەورەکەوە سەیری ڕووداوەکان بکەین، ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانێ دەسکەوتێکی بۆ کورد هەبێت؟

**مەیسەم مورادی**: گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەتوانێت قازانجی زۆری بۆ کورد تێدابێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی ڕووداوەکان هەیە بۆ تێگەیشتن لەوەی دەوڵەتی تورکیە و ئێران لە ئێستاوە چۆن هەوڵ دەدەن پێش بە دۆمینەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان بگرن، واتە تێدەکۆشن و سیناریۆی پێویست دادەڕێژن کە چۆن بتوانن پێش بە کاریگەری ڕووداوەکان بۆ کوردستانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بگرن.

**شەهرام سوبحانی**: کاک مەیسەم زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو باسەدا

**مەیسەم مورادی**: سپاس، ئێوەش ماندوو نەبن.

١٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# بەردەوامیی نارەزایەتییەکان سەرەڕای مەترسیی شەڕ



**هەردی سەلیمی**

پاش زیاتر لە دوو ساڵ لە دەسپێکی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و پاش زیاتر لە ساڵێک لە سێبەری شەڕ کە قورساییی خۆی بەسەر وڵاتی ئێراندا سەپاندووە، نارەزایەتیی خەڵکی وڵات بە بۆنەی جیاوازەوە و لەلایەن چین و توێژە جۆراوجۆرەکانەوە بەردەوام بەڕێوە دەچێت. شەڕ یاخود دۆخی شەڕاوی دەتوانێ لەمپەرێک بێ لەبەردەم گەشەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نێوخۆی هەر وڵاتێکدا، چون دۆخێکی تایبەت و ئەمنیی ئەوتۆ پێک دێنێ کە هەموو ویست و خواستە ورد و درشتەکانی دیکە دەخاتە پەڕاوێزەوە و گرنگی بە ویستێکی ئۆرژانسیتر دەدرێ، کە هەمان شەڕە، بۆیە دەوڵەتانی شەڕخواز بەو پاساوەوە گوێی خۆیان لە بیستنی هەر هاوارێکی نارەزایەتیدەربڕانە دەئاخنن. حاڵەتێکی دیکەش هەیە کە ئێستای ئێران دەگرێتەوە، ئەویش بریتییە لە بوونی دەسەڵاتێکی تاسەرئێسک تۆتالیتێر کە دوژمنی خەڵکە و هیچ ویست و بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لەگەڵ خەڵکەکەیدا نییە، لەم حاڵەتەدا گەر دەسەڵات لەلایەن دەوڵەتانی دوژمنیەوە هەڕەشەی لەسەر بێ و لەلایەن بەشێک لەو خەڵکەوە وەک ڕزگارییدەر سەیر بکرێن، دیسان مەترسیی زاڵبوونی کەشی مەند بەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا و مانەوەیان لە چاوەڕوانی و هیواهەڵچنیندا هەیە. بە واتایەکی تر دەبێ بڵێین لەم

حاڵەتەدا مەترسیی ئەوە هەیە فاکتەری ئیرادە جێی خۆی بە چاوەڕوانی بدات.

بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدەین نیشان بدەین لەو ماوە زەمەنییەدا کە لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا و سەرەڕای هەڕەشەی گرتن و زیندان و ئێعدام و دەنگۆی لێدان و لێنەدان و دەبێتە شەڕ و نابێتە شەڕ و دەڕووخێ یان ناڕووخێ، باس لە ژمارەیەکی بەرچاو لەو کۆبوونەوە و بزووتنەوە ناڕەزایەتییانەی نێوخۆی ئێران لەم ماوەیەدا دەکەین، کە بەدەر لەو هەلومەرجەی وا باس کرا، لەسەرپێ و باوەڕبەخۆیانە و بە ئیرادەوە بەردەوام بوون.

-ناڕەزایەتیی بەردەوامی خانەنشینان: لە ساڵانی ڕابردووەوە تا ئێستا خانەنشینانی بەشە جیاوازەکان خوازیاری یەکدەستکردن و بردنەسەری مووچەکانیان، بیمەی دەرمانی و چاکسازیی دۆخی نەگونجاوی بژێویان. ئەم چینە بەساڵاچووە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو و بەتایبەت لە پار و پێراردا، هەروەها لە زۆربەی شارەکانی ئێران بەردەوام لەسەر شەقام بوون و ناڕەزایەتیی خۆیان دەربڕیوە و ڕووی گازندەکانیان لە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بووە.

-ناڕەزایەتیی بەردەوامی مامۆستایان: ئەم ناڕەزایەتییانەش بە شێوەیەکی موکوڕ و پێداگرانە و ڕێکخراوانە لە زۆربەی شارەکانی ئێران و بەتایبەتی لە شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت و ویستەکانیان جار لەگەڵ جار ڕادیکاڵانەتر و هەمەلایەنەتر دەبێ. ویستە سەرەکییەکانی مامۆستایانیش بریتییە لە: پلەبەندیی مووچە، نوێژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، گۆڕینی نێوەرۆکە دەرسییەکان، خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایک، خۆڕاییبوونی خوێندن و...

-ناڕەزایەتیی بێوێنەی پەرستاران: ناڕەزایەتیی پەرستاران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە، بە جۆرێک کە بەربڵاویی ئەم ناڕەزایەتییانە هەڕەشەیەکی جددیی بووە لەسەر سیستمی تەندروستیی ئێران. سەرەکیترین ناڕەزایەتیی ئەم چینەش کە زۆربەی شارەکانی ئێرانی گرتووەتەوە بە کەمبوونی مووچە و زۆریی کاتی کارە.

-ناڕەزایەتیی ڕۆژانەی ژنان لەدژی حیجابی ئیجباری: ژنان بە شێوەی ڕۆژانە و بەردەوام لەگەڵ یاسای پڕلە هەڵاواردنی حیجابی ئیجباریدا لە بەربەرەکانیدان، بە جۆرێک کە ڕۆژ نییە لە گۆشەیەک لەو وڵاتە ناڕەزایەتیی جددی بەرامبەر بەم یاسایە کە پێشێلکەری سەرەکیترین مافەکانە، بە شێوەی تاکییش بووبێ بەڕێوە نەچێت. هەر لە دواییین نموونەدا ژنێک بەناوی "ئاهوو دەریایی" لە زانکۆی ئازادی تاران، بە ئەکتێکی شۆڕشگێڕانە گشتییەتی سیستمی یاسایی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ حیجابی ئیجباریدا نەتەنیا بردە ژێر پرسیار، بەڵکوو وردوپردی کرد.

-نـاڕەزایەتیی خوێنـدکاران: چینـی خوێنـدکار لەو چینـانەیە کە سـتارتی نـاڕەزایەتیدەربڕین بەدژی سیاسـەتەکانی کۆمـاری ئیسلامی پاش ماوەیەکی زۆر لە کپی و بێدەنگیی کۆمەڵگەی ئێرانی لێ دا، لە سـاڵی ٧٨ بەمڵاوە ئەم چینـە مۆرکی بەژێر زۆربەی ڕووداوە سیاسـی و ناڕەزاییدەربڕینەکـانەوە بـووە و بە جۆرێک متـۆڕی جووڵانـدن بووە،هەروەهـا لە پێوەنـدی لەگەڵ زۆربەی پرسە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکـاندا خـاوەنی ڕا و خوێنـدنەوەی تـایبەت بە خۆیـان بوون؛ ئەمجـارە و لە دوایین نموونەدا ناڕەزایەتییان بەرامبەر بە سێقات بوونی تێچووی ناونووسین بۆ دەسپێکی ئەمساڵی خوێندن دەربڕیوە.

نـاڕەزایەتیی لەمێـژینەی کرێکـاران: کرێکـارانی ئێـران لەمێژینەتـرین و بەردەوامتـرین نـاڕەزایەتییەکانیـان بەدژی دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی بەڕێوە بـردووە، بەتـایبەت کرێکـارانی حەوتتەپپە، کرێکـارانی هێپکۆی ئەراک، کرێکـارانی پاڵاوگەکـانی پارسـی جنـووبی و... کە زۆربەی ویسـتەکانیان زیـادکردنی مووچە و ئەمنیەتـی کـاری و ئیمەنیـی کـار و بـیمە و... بـووە و ئێستاش هەر بەردەوامە.

دەتوانین چەندین چین و توێژی تری وەک: نـانەوا، وەرزێـران، ئاژەڵـداران، شۆفیران، کەمەنـدامان و تەنـانەت مردووشۆران و... کە ڕۆژانە لەگەڵ هەواڵی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانیان بەرەوڕوو دەبینەوە لەم لیستە زیاد کەین کە هەرکام لەوانەش بە هۆکاری ئابووری جارناجار و بەجیاجیا ناڕەزایەتییـان دەربڕیـوە، هەروەهـا مـانگرتنی بەتـایبەت کوردستان لەسـەر داوای حیزب و ڕێکخـراوە سیاسـی و مەدەنییەکـان لە یـادی دووسـاڵەی کـوژرانی ژینـا ئەمینـی و چەنـدین بـایکۆتی سـەرکەوتووانەی نمایشی هەڵبژاردن و کۆبوونەوە و سەردانی دایکانی شەهید و هەقخواز دەتوانن سـەرتۆپی نـاڕەزایەتییە بەردەوامەکـانی ئەم ماوەیە بن.

بۆمـان دەردەکەوێ ئەوان کە هێـزی وەجووڵەخسـتنی ناڕەزایەتییەکـانن بە شـێوەیەکی ڕێکخـراو و پێـداگر و هەروەهـا بە باوەڕبەخۆبییەوە وەدووی ویست و داخوازەکانیان دەکەون و هیچ دۆخێکی شەڕ و پەیامی هیچ دەسەڵاتدار و هەڵبژاردنی هیچ وڵاتێکی زلهێز، ئەوان نە تووشی مەندی دەکات و نە تووشی وەهم و هیواهەڵچنینی بێجێ؛ لەبەر ئەوەی لەسەر پێی خۆیـان ڕاوەسـتاون و لەگەڵ واقعیـات و ڕاسـتییەکان بەرەوڕوون. لە کۆتـاییدا دوای زیـاتر لە تێپەڕینـی ١٠٠ ڕۆژ بەسـەر هـاتنە سـەرکاری دەوڵەتـی چـواردەیەمدا، دەبینـین هەمـوو ئەو بەڵێنە بەتـایبەت ئابووریـانەی کۆمـاری ئیسـلامی کە لە زمـانی ئیسلاحتەڵەبەکانەوە بە خەڵک دران، چەندە لە ڕاستییەوە نزیکن .

١٩ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# بەشدارکردنی کەمینەکان لە دەوڵەتی پزشکیاندا، مەبەست و دەرەنجام



**حەسەن واژی**

## پێشەکی

لە سەرەتای بێچمگرتنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەتا ئێستا جیاوازییەکی قووڵ و مانادار لە نێوان حکوومەت و دەوڵەتدا بەرچاو دەکەوێ و لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا دەوڵەت ڕۆڵی کاتالیزۆر و قەڵغان بۆ حکوومەت دەگێڕی.

هەر کات پاشاکانی ژوورە تاریکەکانی دەسەڵات هەستیان بە ترس و دڵەڕاوکێ کردبێ، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی داسەپاو شەقام و مێشکی جەماوەریان ئەندازیاری کردوە و ڕەنگی دڵخوازی خۆیان لە قەوارەی دەوڵەتی کۆیلەی دەسەڵات داوە و قەناریيان بە بولبول فرۆشتوە

ناوە سەرنجڕاکێشەکانی دەوڵەتەکان کە تاک و کۆیان پێ هەڵخەڵەتاندوون وەک "سازندگی"، "اصلاحات و مردمسالاری

دینی"، "اعتدال"، "وفاق ملی"و ..... له ڕاستیدا دروشمی بریقەداری بێناوەرۆکیان لە پشتە؛ بەڵام هەر یەک چوار بۆ هەشت ساڵ خۆڵیان لە چاوی خەڵک کردوە و وەک پیادەنیزامێکی بەئەمەگ لە خزمەت دەسەڵاتدا بوون.

## شرۆڤە:

لەژێر باندۆری گۆڕانە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکاندا گۆڕان بەسەر بیر و هزر و هەڵسوکەوتەکانی تاکی ئێرانیدا هاتوە و ویست و داخوازیی سەردەم و خەون و خولیای نوێ و سەردەمیانەی بەرهەم هێناوە. هەروەها بە مەبەستی مسۆگەرکردنی مافە شارۆمەندییەکان هەوڵ بۆ گۆڕینی ژینگەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری دراوە و ئەوەش کۆمەڵێک ناڕەزایەتیی بەرینی جەماوەریی لێکەوتووەتەوە کە لە ئێستادا خەوی لەچاوی پاشا خۆڵەمێشییەکان زڕاندوە.

لەبەرانبەردا دەسەڵاتی خۆسەپێن بۆ بەتاڵکردنەوەی وزە کەڵەکەبووەکان و چاوترسێنکردنی گەلانی ئێرانی دەستی بردوە بۆ سەرکوتکردنی بێبەزەییانە و خوێناوی و دواجار بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە دوای دابەزاندنی ئاستی ویستی شەقام لە گۆڕینی دەسەڵاتەوە بۆ مسۆگەرکردنی کۆمەڵێک مافی سەرەتایی شارۆمەندی، جووڵەی بە بووکەڵەکان و

پیادە نیزامی ڕەنگکراوی سەر بە دەسەڵات کردوە. لە ئەندازیارییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا حکوومەت سنووردار مۆڵەتی پڕۆپاگەندای بریقەداری بەو بووکەڵانە داوە، پشتی گرتوون بۆ سەرکەوتن و دامەزراندنی قەوارەیەکی ڕواڵەتیی نێوبەتاڵی بێواتا و شەقامی پێ وەسەما خستوون: "هەر قاپ و دۆکلیوی جاران"

تازەترین جووڵە و تووڕەیی شەقامی ئێران "شۆڕشی ژینا" بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گەیشتن بە مافە بنچینییەکانی نەتەوەیی و ئایینی بوو کە ڕەنگدانەوەی لە سەر دروشمەکانی ناڕازییان هەبوو. وەک هەمیشە دوای سەرکوتی خوێناوی و زیندانیکردن و لە سێدارەدانی چالاکان، حکوومەت دەستی کرد بە مەلۆتکەگێڕییەکی نوێ کە گۆیا خۆر لە ڕۆژئاوا ڕا گەڕاوەتەوە و سەردەمی موحەممەدی مەهدییە و گورگ و مەڕ بەیەکەوە ئاو دەخۆنەوە. وەک تازە نۆبەرەی گێلاسی بێ بۆ دووبارە دابەزاندنی ئاستی ویستی گەلانی ئێرانی دووای شۆڕشی ژینا، چاویان لە کۆمەڵێک چالاکی و کردەی سیاسی کۆمەڵایەتی نووقاند، پاشان سەرۆککۆماری ئێران لە ڕووداوێکی گوماناوی و ناڕووندا تێدا چوو، و

بە مەبەستی ئاشبوونەوە لەگەڵ نەتەوە ئێرانییەکان و ئایینزاکان پێشنیاری پێکهێنانی دەوڵەتی یەکبوونی نەتەوەیی کرا. دوا جار بە مەبەست تورکێکی لەدایکبووی کوردستانی کوردیزانیان لە سندووقی دەنگدان هێنادەر و دەستیان ئاوەڵا کرد

جێگرێکی کورد بۆ پۆستێکی بنەدیوار و چەند پارێزگارێک لە نەتەوەکان و ئایینزاکانی بندەستە دیاری بکا.

## ئاکامگیری:

قەوارە و نێوەرۆکی دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی ئایینی هاوردە لە ئێران بە وتەی بەشێک لە دامەزرێنەرانی خۆی مەجالی بۆ هیچ شێوە ڕێفۆڕمێکی بنەڕەتی نییە و هەر ڕیفۆڕمێک بە واتای بەزاندنی هێڵەسوورەکان و شکاندنی شکۆ و هەڵوەشانی دەسەڵاتە. لەلایەکیتر پێستە قایمەکەی ناوەندگەرایی بە هەوێنی یەک وڵات، یەک ئاڵا، یەک زمان و یەک کولتوور دەرفەتی سەرهەڵدان و بێچمگرتنی هیچ چەشنە گۆڕانکاریەکی بنچینەیی نادا. بۆیە تەنیا دەکری وەک دەرفەتێک بقۆزرێتەوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتێکی سنووردار بۆ چالاکی لە جەغزی ناسیۆنالیزمی مەدەنی و دەستەبەر کردنی کۆمەڵێک مافی تاکەکەسی کە ئەو مافە لانیکەمییانەش بە مەرجێک وەدی دێن شای تاریکی تووڕە نەکا.

پوختەی مەبەست ئەم گۆڕانکارییە بچووکانە لەلایەک دەبێ وەک بەرهەمی مافویستی و پێداگریی خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی بێوچانیان و هەروەها بزووتنەوەی سیاسیی کورد لێک بدرێتەوە، لەلایەکی دیکەش بگوترێ بەم بەناوکرانەوە و گۆڕانکارییانە پرسی کورد و نەتەوەکان چارەسەر نەبوون و ناشبن. بۆیە بە ناسینێک کە لەو ڕێژیمە هەیە و ئەزموونی ٤٦ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی تۆتالیتێر و پاوانخوازنەی تاکەڕێگای بەدیهاتنی دێموکراسی و گەیشتنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە ماف و ئازادییەکانیان تەنیا ڕووخاندنی ڕێژیم، دەرفەتنەدانەوە و کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتەکەیەتی.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ئەمریکا و سەهیۆنیزم لەمەودوا تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن




**دارسمە**

هەتا ئێستا لە کەس شاراوە نەبووە، وڵاتانی خۆرئاوا لە بواری تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی زانست و پیشەوە هەرنەبێت بست و قولانجێک لە سەرووی خەڵکی وڵاتانی دیکە بە تایبەت ئێمەمانان بوونە. چین و کۆرە و مۆرە و ئەم ژاپۆن و ماپۆنەی لێ‌دەربکەی، ئەوانی دیکەمان لەم بوارەوە هەر تۆزی ئەم کافرانەمان نەشکاندوە. دیارە ئەم وڵاتانەی ناخۆرئاواییش وەک کۆرە و ژاپۆن، چینی دەربچێت گوێ لەمەستی ئەمریکا و زایۆنیستانن. هەر بەڕاست ئەم جوولەکانە دزەیان کردووەتە نێو هەموو دامودەزگایەکی ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا..

وڵاتانی ئورووپایی هەر مەپرسە. هەموو بە چاوی خۆتان دیتتان و بە هەردوو گوێچکەی خۆتان بیستتان لە کاتێکدا دەسەڵاتی ئەڵمان هەر ئەو ئەڵمانەی بە دادگای میکۆنۆسەوە هەڵاوبگرێکی وای بۆ کۆماری ئیسلامی ساز کرد، هەر مەپرسە؛ ئێستا سەرۆک کۆماری ئەم ئەڵمانە، بە ڕووهەڵماڵاوی پشت بە جیهانی ئیسلام و ڕوو بە جوولەکان داوای لێبووردن لە جوولەکان دەکات و دەڵێت هیتلەر بەشێکی زۆری جوولەکانی جرنیاوفڕنیا داوە و هۆلۆکاست و شتی کردوون. ئەو دەڵێت ئێمە

لە جیات هیتلێر داوای لێبووردن دەکەین. سەرەڕای ئەمەش لەم یەکدوو ڕۆژەی دواییدا هەواڵێک بڵاو کرایەوە و دڵێت، کەشتییەکی گەورەی پڕ لە چەک و تەقەمەنیی لە ئەڵمانەوە بە مەبەستی یارمەتیدانی جوولەکان لە ڕۆخەکانی ئیسرائیل نزیک بووەتەوە.

ئەمانە هەمووی بە جێگەی خۆیان، بەڵام لەم دواییەدا ئەڵمان ئەمەی سەلماند بەتوندی پشت لە چاکەکاران و ڕوو لە خراپەکاران دەکات. بۆ ئەمەش تەنیا سەیری هەواڵی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی مێدیایان بکەن، دەزانن ئەڵمانی ئابڕووبەرە چ فەرتەنە و هەڵلایەکی ناوەوتەوە. دوای ئەوەی کابرایەکی "ضد انقلاب" بە ناوی جەمشید شارمەهد بە سزای ئیعدام گەیەندرا، ئەم ئەڵمانە وەک جاری گۆڕین باڵیۆزی خۆی لە ئێران بانگ کردەوە و سێ کۆنسوڵخانەی ئێرانی لە شارانی گەورەی خۆی داخست و بەمانەشەوە نەوەستا و داوای لە هاووڵاتیانی کرد سەردانی ئێران نەکەن و ئەوانەی لەوێشن بەپەلە ئەم وڵاتە جێ بهێڵن. ئەو ئەڵمانەی لە سەردەمی کۆتایی حکومەتی ڕەزاخاندا دۆستی نزیکی ئێران بوو، ئێستا وەی بەسەر هاتوە خەریکە پشتی سەهیۆنیزم دەگرێت و هەموو وڵاتانی خۆرئاوا لە دژی وڵاتی ڕەزاخان هان دەدات.

ئەم ئەڵمانە و تەناتەت ئەو ئەمریکایەی خەریکە بە فڕۆکەی بۆمباهاوێژی بی ٥٢ هەڕەشە لە ئێران دەکات و هەموو وڵاتانی دیکەی خۆرئاوا بە ژاپۆن و کۆرەی باشووریشەوە لە خۆرهەڵاتی ئاسیا، هەموویان بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم گەڕەکەی ئێمەدا زیاتر فێر دەبن و زۆرتریش بەرهەم دەهێنن. بۆ گەیشتن بەم بەناو پێشکەوتنەش مێشکی خۆیان بە خواردنی خواردەمەنیی باش تەیار کردووە. ئەوان بە زەبری خواردنی چەندین جۆری ڤیتامین و میتامین و پڕۆتئین و مرۆتئین و شتی ئالەم جۆرە مێشکی خۆیان بە هێز کردووە و پاشان ئەم زانست و مانستەیان لەم مێشکە هیچ و پووچەیاندا خستووەتە سەر یەک.

ئێستاش تەنیا ڕێگەی بەرەنگاربوونەوە ئەمەیە، ڕەگ و ڕیشەی ئەم دوژمنانە بدرێت و تێکدانی مێشکیان لە سەرووی هەموو ئامانجانە. کاتێک مێشکیان تێکدرا، ئەمجارە لەم تەکنۆلۆژیا و مەکنۆلۆژیا دوا دەکەون و ناتوانن چەکی ناوازە دروست بکەن و بە ناردنی وردە مانگیلان بۆ بۆشایی ئاسمان ئینترنێت و مینترنێتی بێسنوور بخەنە بەر دەستی خەڵکەوە و هەژارۆکە و مەژارۆکان دژبە ڕێبەرانی پایەبەرز بورووژێنن و هەستی شۆڕش و مۆڕش و ئینقلاب و مینقلابییان بخنە مێشکیانەوە. بۆ ئەوەی ئەم خۆرئاواییانە لە کاروانی زانست و تەکنۆلۆژیا و چەک و چۆڵ جێ بمێنن و نەتوانن فڕۆکەی تێپەریو لە بی ٥٢ بەرهەم بهێنن، پێویستە لە مێشکیان بدرێت. بۆ لێدانی میشکیشیان بەرلە هەموو شتێک واباشە سەرچاوەی تێرکردن و بارگاویکردنی مێشکیان تێک بچێت.

لێرەدایە ڕۆڵ و کاریگەریی ددان دەردەکەوێت. ئەگەر جەندەکی مرۆڤێک بێددان بکرێت، ئەوە لە پێڤاژۆی جاوین و وردکردن و کاوێژکردندا دەمێنێتەوە و لەم بوارەدا پەکی دەکەوێت. ئەگەر جەندەکێکیش وردکردن و جاوین و کاوێژی نەمێنێت، هیچ خواردەمەنیەکی بۆ ورد ناکرێت و لە ئاکامدا بە برسیەتی دەمێنێتەوە و ئەم برسیەتیەش کار لە مێشک و دەماغ دەکات و ئەگەر مێشک و دەماغیش لە کارکەوتن کاری تەکنۆلۆژیا و بەرهەم هێنان و داهێنانیش پەکی دەکەوێت.

وەک هەمووشمان بە ورد و درشت و نەوسن و کەم ئیشتیاوە دەزانین، بەشێکی بەرچاوی ئەو خواردەمەنیانەی مرۆڤ دەیانخوات و سوودیان لێوەردەگرێت، وەک گۆشت و سەوزە و میوە پێویستیان بە هاڕین و جاوین هەیە و لە پێڤاژۆی هاڕین و جاویندا دەگەڵ لیکی دەم تێکەڵ دەبن و دوای ئەوە بە سورینچکدا بەرەو گەدە شۆڕ بوونەوە دەگەڵ ترشەڵۆکەکان دەستیان دە نێو دەستی یەکتری نا و چونە نێو ڕێخۆڵە، لەوێوە بەشی مێشک و دەماغیان لێ جیا دەبێتەوە و پاش ئەوە تەڤلی ئۆکسیژن دەبن بە خوێنەبەراندا بەرەو مێشک دەڕۆن و لەوێ خزمەتی بیرگە و میرگە دەکەن و مێشک بەرەو بەرهەمێنانی زانست و زانیاری هان دەدەن.

وەک ئاماژەی بۆ کرا لە پرۆسە یان پێڤاژۆی هەرسکردندا ئەگەر ددانی مرۆڤ نەمێنێت، زیانێکی زۆر بە دەستەڵاتی سەرکیی لەش واتە مێشک دەگات و هەر لەبەر ئەمەشە لە ئێرانەوە دەگوترێت وڵامی "ددان شکێن" وەک خۆیان دەڵێن "پاسخ دندانشکن" بە ئەمریکا و سەهیۆنیزم دەدەنەوە. خۆ ئەگەر ئەمریکا و سەهیۆنیزمیش دەم و ددانیان بشکێت، مێشکیان برسی دەبێت و ناشتوانن خواردەمەنی وەک گۆشت و سەوزە ورد بکەن و وەک نەخۆشی خەوێندراوی نەخۆشخانە تەنیا دەتوانن سوپ و شۆرباو بخۆن.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دوو ڕووداو



**ئاسۆ مینبەری**

زۆر جار بەریەککەوتنی ڕووداوەکان، دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی قووڵتر لێیان بڕوانین و بە لێکدانەوەیان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە هەست بە جیاوازییان لە هۆکاری ڕوودان و ئاکامەکانیان بکەین. ئەگەرچی جوغرافیای کوردستان هەمیشە بەستێنی خوڵقانی ڕووداوە جیاوازەکان بووە، بەڵام لە هەندێک بڕگەی زەمەنیدا، لێکدانەوەی جیاوازییەکان گرینگتر خۆی دەنوێنێ و پێویستە زیاتر قسەیان لەسەر بکرێ. یەکێک لەم بڕگە زەمەنییانە کە بەستێنی بەریەککەوتنی ڕووداوەکان بوو و بۆ ئێمەی کورد و بەتایبەتیش بۆ توێژی ژنان گرینگە، بڕگەی زەمەنیی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا و قۆناغەکانی دوای ئەم بڕگە زەمەنییە هەتا ئەمڕۆیە.

هەر لە دەسپێکی ئەم بزووتنەوەیەوە، بەریەککەوتنی ڕوانگەکان دەستی پێکرد، لەوێوە کە ژینای کورد، لە بەریەککەوتنی پێناسەی ئێمە و ئەوی تردا، کەوتە نێوان ناسنامەی کوردستانیبوون و ئێرانیبوون و شوناسی کوردستانیبوونیشی لێ دزرا؛ پرسێک کە لە ڕۆژی یەکەمی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەوە هەتا ئێستا لە فۆرم و شێوازی جیاوازدا بینراوە و درێژەی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵی ڕابردوودا، ڕووداوەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، بە شێوازی جۆراوجۆر و لە گۆشەنیگای جیاوازەوە خوێندنەوەیان بۆ کراوە و هەر ئەمەش بووەتە هۆکار کە ئاکار و کردەوە لەمەڕ ئەم ڕووداوانەش جیاواز بێت. بە واتایەکی تر خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان لە کوردستان هەمیشە واقعبینانەتر و وردبینانەتر بووە کە نموونەی نوێی ئەم بەریەککەوتنە زیاتر تێگەیشتن و وردبینی لە کوردستانمان بۆ دەردەخا.

هاوکات لەگەڵ ئەوەی ژینا مودەڕس گورجی، ڕۆژنامەنووس و چالاکی بواری ژنانی خەڵکی سنە بە مەبەستی تێپەڕاندنی ماوەی بەندکرانی سەپێندراو ڕەوانەی بەندیخانەی ڕێژیم لەم شارە کرا، هەواڵێک لە تارانی پێتەختەوە بڵاو کرایەوە کە زۆربەی میدیاکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد. ژینا مودەڕس گورجی کە لە دەسبەسەرکراوانی بزووتنەوەی ژینایە، لەلایەن دادگای پێداچوونەوەی سنەوە بە تۆمەتی "دروستکردنی دەستە و گرووپی نایاسایی بە مەبەستی ڕووخانی نیزام" بە ١٦ مانگ بەندکرانی داسەپاو سزا دراوە. ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لە ڕۆژی شەممە ١٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی ئەم سزایە چووە بەندیخانەی سنە و بە بڵاوکردنەوەی پۆستێکی ئینستاگرامی لەمبارەوە نووسی: "ئەمڕۆ ئەچمە بەندیخانەیەک کە پەراوێزخستن و هەڵاواردن لەوێ سێ قاتە. بەندیخانەی ژنانی سنە. پەراوێزخستن و هەڵاواردنی ڕەگەزی، چینایەتی و نەتەوایەتی. بەم حاڵەوە کاتێک کە کەلوپەلەکانم بۆ بەندیخانە ئامادە دەکرد پێش هەموو شتێک هیوام خستە جانتاکەمەوە. من بە هیواوە ئەچمە ئەوێ." هاوکات لەگەڵ چوونی ژینا بۆ بەندیخانە، لە تارانی پێتەختی جەلادەکاندا، کچە خوێندکارێک لەلایەن بەشی حەراسەتی زانکۆوە بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ گوشاری خرایە سەر و ئەم گوشارە دەگاتە ئاستێک کە هێزەکانی حیراسەت جلەکانی دەدڕێنن؛ ئەم کچە خوێندکارە بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین بەم کردەوەیە، جلەکانی دادەکەنێت و لە حەوشەی زانکۆکەدا زۆر ئاسایی دێت و دەچێت تا کاتێ کە لەلایەن ٤ کەس لە هێزەکانی حیراسەتەوە بە لێدان و کوتان دەڕفێندرێت.

بەریەککەوتنی ئەم دوو ڕووداوە، پرسێکی گرینگە. لەلایەکەوە کچێکی کورد هەیە بە هۆی پێداگری لەسەر خواستی نەتەوەیی و ڕەگەزی کەتووەتە بەر ڕقی ڕێژیمی دڕندەی کۆماری ئیسلامییەوە و جیا لە هەندێک میدیا و ماڵپەڕ، هەواڵی چوونە بەندیخانەکەی ئەویش بە وتنی ئەو ڕستە لێوڕێژ لە هێز و ورەیە کە پێش هەموو شتێک هیوای خستووەتە جانتاکەیەوە، لە شوێنێکی دیکە بڵاو نەکرایەوە. لەلایەکی دیکەوە کچێک کە لەسەر پرسی حیجاب و بە هۆی نافەرمانییەکی مەدەنییەوە لە زانکۆ، بووەتە سەردێڕی هەواڵەکان! لێرەدایە کە تێگەیشتنی واقعبینانەی ڕووداوەکان لە کوردستان، بەریەککەوتنەکان ڕوونتر دەکاتەوە.

نکۆڵی لەوە ناکرێ کە ئەم نافەرمانییە مەدەنییە، ئەکتێکی گرینگە بەتایبەت لە دۆخی ئێستای ئێراندا کە ڕێژیم لە نێوخۆ

و دەرەوە تووشی دەیان گرفتی سیاسی و ئابووری بووەتەوە و ئەمەش وەک درێژەیەک لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی ژینا کە جیهانی سەبارەت بە پرسی ژنان لە ئێران هێنایە سەر خەت ئەتوانێ ڕێژیم تووشی قەیرانێکی دیکە بکات، بەڵام خاڵی گرینگ، بەریەککەوتنی ڕووداوەکان و پەراوێزکەوتنی پرسی گرینگتر بۆ ئێمە واتە پرسی کوردستانە! ئەگەرچی کاردانەوەی ئەم کچە خوێندکارە لە جۆری خۆیدا بوێرانە و ساختارشکێنانەیە بەڵام، سەرقاڵبوونی میدیای کوردی و چالاکی کوردستان بەم پرسە بە جۆرێک لە جۆرەکان پرسی ژینای خستووەتە پەراوێزەوە، پرسێک کە هاوکات بابەتەکانی ژنبوون، پرسی نەتەوەیی و ڕاستییەکانی سەرکوتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە، بابەتێک کە لەژێر کاریگەریی میدیای نەتەوەی باڵادەستدا لەبیر کراوە.

لێرەدا، پرسی ناوەند و پەراوێز بۆ جارێکی دیکە خۆی دەنوێنێتەوە، لە کوردستاندا هەموو پرسێک بە سیاسی دەبینرێت و بەم هۆیەوە سەرکوتکارییەکانیش توندترن، لە ناوەندیشدا هێشتا خەڵک سەرقاڵی پرسی حیجابن و ئەوەی کە بووەتە لووتکەی داخوازییەکان، ئازادیی پۆشینە نەک ئازادییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان!

بە دەیان نموونەی وەک ژینا لە کوردستاندا هەن کە بە هۆی پێداگری لەسەر پرسی شوناس و ناسنامە و مافە بنەڕەتییەکانیان لەژێر گوشاردان و سزای قورسیان بەسەردا دەسەپێت و لە بێدەنگیی میدیاکاندا تووشی سەدان کێشەی قەرەبوونەکراو دەبنەوە، لە کۆتاییشدا نارەزایەتیی ناوەندنشینەکان بە پرسی حیجابی زۆرەملێ هاشتەگ و کەمپەینی جیهانی لێ دەکەوێتەوە و دەبنە سەدێڕی میدیاکان و دیسانەوە کوردستان لە بێدەنگیدا لەگەڵ ئازارەکانی دەژیت. پێویستە چالاکانی کورد زیاتر بایەخ بە پرسی ژنان و بەتایبەت سەرکوتکارییەکانی ئەم توێژە لەلایەن ڕێژیمەوە بدەن و بە لەقاودانی هەوڵەکانی ڕێژیم، تێچووی سەرکوتکارییەکان بۆ دەسەڵات زۆر بکەنەوە.

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کاتێک مووشەک تەرەقەیە و چەند تاڵێکی قژ هۆکاری ڕووخاندن!



**ڕەزا دانشجوو**

پاش ماوەیەکی زۆر هەڕەشەکردن لە کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلەوە، حکومەتی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر بەشێک لە دامەزراوە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی. هەرچەندە ئەم هێرشانە وێکچوویەکی ئەوتۆیان لەگەڵ بارستایی هەڕەشەکانی سەرانی ئیسرائیل لە دژی ڕێژیمی دەسەڵاتی وەلایەتی فەقیهـ نەبوو، بەڵام لە زۆر ڕوانگەی تر کەموێنە و بە واتایەکی باشتر بێوێنە بوو. بێ گوێدان بە ئەو زیانانەی ئەم هێرشە بە کۆماری ئیسلامی گەیاندوە، ئەم هێرشە دوای هێرشی عێراقی سەدام دەبێ بە هەڵمەتێکی ڕاستەوخۆی دیکەی وڵاتێکی دەرەکی بۆ سەر ئێران دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دابندرێت. لە ڕاستیدا دوای شەڕی ئێران و عێراق، ئیسرائیل تاکە حکوومەتە کە ڕاستەوخۆ ئێران دەکاتە ئامانج. شتێک کە نەک تەنها لە ڕووی مێژووی دوژمنایەتیی کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیلەوە، بەڵکو لە ڕووی داب و نەریتی سیاسییشەوە هەڵگری چەند چەمکی گرینگە!

بەڵام ئەوەی لێرەدا باسی لێدەکرێت شێوەی کاردانەوەی کۆماری ئیسلامییە لە بەرامبەر هێرشی بێوێنەی وڵاتێکی بێگانەیە

کە پێش هەموو شتێک دەرخەری لوتکەی داماوی و نائومێدیی دەستەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لە سەرەوەی هەموویان دیکتاتۆری ڕێژیمە. وا دیارە کە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی لەم ساتە هەستیارەدا جگە لە بێدەنگ بوون هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تر شک نابن. سەرانی ڕێژیم کە لەم جۆرە بارودۆخانەدا کێبەرکێی قسەکردنی بێمانا و خۆهەڵکێشانی بێسنووریان هەبوو و لانیکەم هەوڵیان دەدا بە یاریکردن بە وشەکان قەناعەت بە ڕای گشتی بهێنن، ئەمجارەیان لە وەرچەرخانێکی ئاشکرادا، لەبری شەرمەزارکردنی وڵاتی دەستدرێژکار، هەموو هەوڵێکیان داوە تا لەبری پێداگری لەسەر مافی تۆڵەسەندنەوە ڕەهەندەکانی هێرشەکە بشارنەوە و ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە بچووک، ناکارامە و سەرنەکەوتوو نیشان بدەن!

بەیاننامەی ستادی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کاردانەوە بە هێرشی ئیسرائیل و کوژرانی چەند سەربازی ڕێژیم هەڵبەت بەپێی ئاماری خودی کۆماری ئیسلامی، زیاتر لە هەمیشەش نیشاندەری دۆخی دۆخی شپرێو و لاوازیی حکوومەتی ولایەتی فەقیهـ لە بەرامبەرهێرشێکی وڵاتێکی بیانییە. بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیە زیاتر وەک وڵامدانەوەیەک بۆ ڕای گشتییە و لە ڕاستیدا هەڵگری هیچ جۆرە زانیارییەکی تازە و خاوەن سەرنج نییە! ئەم نووسراوەیە لەکاتێکدا بە شێوەکی گشتی هێرشەکەی ئیسرائیل مەحکووم دەکات! هەوڵی ئەوەی داوە هێرشی ئیسرائیل بێکاریگەر، ناسەرکەوتوو و بێبەها دەربکەوێت. خاڵی گرنگ ئەوەیە جگە لە ڕستەیەکی کورت، هیچ ئاماژەیەک بۆ هەڕەشە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تۆڵەسەندنەوە لەم جۆرە کاتانەدا نییە. وا دیارە ئێستا شێری خەیاڵی و بێ یاڵ و کلکی کۆماری ئیسلامی تەنانەت توانای نەعرەتە و هاوارکردنیشی نەماوە! بەڵام بۆچی بەڕاستی کۆماری ئیسلامی لە بەردەم ئیسرائیل وا بێدەسەڵاتە؟

لە سەرەتای شەڕی ئیسرائیل لەدژی حەماس تا ململانێ لەگەڵ حیزبوڵڵا و ئەنساروڵڵای لوبنان، سیاسەتەکانی ئیسرائیل لەلایەن بەشێک لە شرۆڤەکارانەوە، بە شێوەیەکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، ڕەخنەی لێ گیراوە وکەوتۆتە ناوەوە، بەو لێکدانەوەیەی کە سەری ئەکتۆپوس لە تاراندایە و ئیسرائیل دەبێت لەناوی ببات! ڕاستییەکە ئەوەیە ئیسرائیل یان هەر وڵاتێکی تر سیاسەتەکانی لەسەر بنەمای ئەولەویەتەکانی خۆی دادەنێت نەک لەسەر بنەمای خەیاڵ یان خواستی کەسان و وڵاتانی تر. خاڵێک کە بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل زۆر جار جەختی لەسەر کردۆتەوە کە وێڕای ڕاوێژکردن لەگەڵ ئەمریکا، ئیسرائیل لەسەر بنەمای ئاسایشی وڵات و هاووڵاتیانی بڕیار دەدات. لە ڕاستیدا ئیسرائیل لەبری ئەوەی هێرش بکاتە سەر سەری ئۆختاپووس، بە زیرەکییەوە لە کلک و قۆڵ و قاچەکانییەوە دەستی پێ کرد، پەکخستنی توانایی هێزەکانی بە وەکالەتی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین و لوبنان زەبەرێکی کوشندە و رووخێنەر بوو لە جەستەی ڕێژێمی وەلایەتی فەقیهـ. ئیسرائیل بە ئاگاداری لە سروشتی ئەم هێزە بەکرێگیراوانە، لەبری ئەوەی بچێتە نێو شەڕێکی تەواو و ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی دژایەتی حکومەتی دێموکراتەکان لە ئەمریکا و

زۆرێک لە هاوبەشە ئەوروپییەکان دەبووە، سەرقاڵی لەناوبردنی زنجیرەی تیرۆری ڕێژیمی تاران بوو. دوای کوشتنی هەموو فەرماندە باڵاکانی حەماس وحیزبوڵڵا و لەنێوبردنی بەشێکی سەرەکی لە چەکەکانیان، ئێستا وەک وەزیری بەرگری ئیسرائیل وخودی نەتانیاهۆ دەڵێن، دەستیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ تاران کراوەیە.

ئێستا دەتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە بۆچی کۆماری ئیسلامی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و لێپرسینەوە لەگەڵ ئیسرائیل دەپارێزێت؟ بێگومان سازدان و ڕێکخستنەوەی هێزەکانی بەوەکالەتی ڕێژیم، چ لە ڕووی فەرماندەیی و چ لە ڕووی چەکەوە، دوای ئەم شەڕە پێویستی بە کات هەیە. لێدوانی سەرکردە باڵاکانی ڕێژیم و تەنانەت بەشێک لە بەیاننامەی ئەرکانی گشتیی هێزە چەکدارەکان ڕێژیم بە ڕوونی باس لە ئامادەیی بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی درێژخایەن لە غەززە و باشووری لوبنان دەکەن، ئەمە ئەو کاتەیە کە ڕێژیم پێویستی پێیەتی تا بتوانێت هێزەکانی بەوەکالەت بنیات بنێتەوە و ڕێکیان بخاتەوە.

ئەمە چیرۆکی زەلیلی و داماویی کۆماری ئیسلامییە، حکومەتێک کە تەحەمولی ناڕەزایەتیی مەدەنی و تەواو شارستانیانەی لاوانی وڵاتەکەی لە شەقامەکاندا نییە و لە دووری چەند مەترێکەوە بە مەبەستی کوشتن و کوێرکردن تەقەیان لێدەکات، ئەو ڕێژیمەی ژینای بۆ چەند تاڵە قژێک کوشت و خەون و ئارەزووەکانی هەزاران ژینا تری لەنێو برد ئێستا لە بەردەم هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتێکی بێگانەدا هیچ ڕێگایەکی تری نییە جگە لە بێدەنگ بوون! ئەو ڕێژیمەی هێرشی ڕاستەوخۆی وڵاتێکی بێگانە بۆ خاکەکەی وەک یاریکردن بە تەقەمەنی لە ئاهەنگی شەوی چوارشەممە سوریی پێناسە دەکات، لە کاتێکدا ساڵانێکە دەیان گەنجی بێتاوانی نەک بەهۆی تەقاندنی تەقەمەنی، بەڵکوو تەنها بەهۆی سەماکردن و ئاهەنگگێڕان و گۆرانی وتنەوە لەم ڕێوڕەسمەدا دەستگیر و زیندانی کردوە.

ئەمە ڕووی ڕاستی و سروشتی دەروونیی کۆماری ئیسلامییە، چەند تاڵەقژی کچێکی پاک و بێتاوان، بناغەی حکومەتەکەی دەلەرزێت و قیژەی دەگاتە ئاسمان! بەڵام بەرامبەر بەرکەوتنی بۆمب و مووشەکی وڵاتێکی بیانی لە پایتەخت و لە هەستیارترین خاڵە سەربازییەکانیدا کەڕ،گوێ گران، لاڵ و بێزمانە! سەرسوڕهێنەرە، کاتێک مووشەک تەرەقەیە وچەند تاڵێکی قژ هێما و هۆکاری ڕووخاندن! کۆماری داماویی ئیسلامی!

٢٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# دۆخی هەڵاواردن یان دەوڵەتی هەڵاوێردوو




**خوێن لەبری نان: کار – مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات**

**دۆخی هەڵاواردن یان دەوڵەتی هەڵاوێردوو (٥ – ٥)**

**د. ئەحمەد محەممەدپوور**

## ئاماژە:

خوێن لەبری نان: کار – مەرگ، جەستەی ناسەروەر و دۆخی هەڵاواردن لە ڕۆژهەڵات توێژینەوەیەکی د. ئەحمەد محەممەدپووره پێوەندیدار بە پرسێکی سیاسی، ئابووری، نەتەوەیی ڕۆژەڤی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. هەروەک لە بەشی بەرایی توێژینەوەکەدا هاتووە، ئەم نووسینە بە پشتبەستن بە ئەدەبیاتی سەروەری و توندوتیژی، بەدواداچوون بۆ پەیوەندی نێوان دۆخی ناسەقامگیریی و شوێنگیری و سیاسەتی مەرگ دەکات کە لە پراکتیکی کاری سنووربەزاندنی کورد، یان کۆڵبەریدا بەرجەستە بووە. توێژەر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەوڵەتی ئێران گوتاری سنووری ئەمنییەتی وەک چەکێک بۆ سەپاندنی دۆخی هەڵاواردنی هەمیشەیی بەسەر ڕۆژهەڵاتدا جێگیردەکات، کورد بە پێگەی مەمرە و مەژی لەڕێگەی سەپاندنی پراکتیکی ناجێگیری کاری مەرگ مەحکوم دەکات. جگە لەوەش، ئەم لێکۆڵینەوەیە سنوور وەک

**ئەرشیفێک دەخاتە ڕوو کە تۆمارەکانی سیاسەتی مەرگی دەوڵەت تێیدا دانراون و دەپارێزرێن و ئاشکرادەکرێن لەژیانی کۆڵبەرەکاندا.**

**"کوردستان" بەشە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەشدا بۆ خوێنەرانی بڵاو دەکاتەوە و لە کۆتاییدا هەموو توێژینەوەکە بەیەکەوە لە "کوردستانمیدیا" دادەنرێت.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی کۆڵبەری وەک جیهانێکی بچوکی ژیان و کاری نالەبار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان/ ڕۆژهەڵات تاوتوێ دەکات. جەوهەری ئارگومێنتەکە ئەوەیە کە کۆڵبەری سەرەڕای ڕەنگدانەوەی هەژاریی و نایەکسانی ئابووریی تێیدا، دەرەنجامی ڕاستەوخۆی جێگیرکردنی نیکرۆپۆلەتیکی دەوڵەتە کە لە ڕێگەیەوە کورد بەهۆی جیاوازییە ئیتنۆ زمانیی و ئایینییەکانییەوە بە شیاوی سڕینەوە دادەنرێت. وەک یەکێک لە کۆڵبەرەکان وتی، ئەگەر بەرپرسانی دەوڵەت بیانویستایە، دەیانتوانی جارێک و بۆ هەمیشە کۆڵبەری کۆتایی پێبهێنن. ئەوان ئێمەیان کردە هێستر بۆ خزمەتکردنیان. لە تاران و ئەسفەهان هیچ خێزانێک نییە کە تەلەفزیۆن یان ئامێرەکانی تری ماڵەوەیان لەلایەن ئێمەوە نەهێنرابێت و خوێنمان بۆ نەبەخشیبێت. ئەو توندوتیژیی و مەرگەی کە کۆڵبەرەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئاوێنەی ژیانی تەواوی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتە لە ئێران. لە هەمانکاتدا ئەزموونی کوردەکان لە ڕێژێمە سەرکوتکەرەکانی ناوچەکە و دەرەوەی ئێران بەشێوەیەکی فراوانتر دەخاتەڕوو.

دۆخی هەڵاواردن لەژێر سایەی ڕێژیمی تاک زمانی مەزهەبیدا بووەتە مەرجێکی هەمیشەیی و ئاسایی، ئەمەش پاساوێکە بۆ گشتگیرکردنی پارادایمی ئاسایشی بێ وێنە وەک تەکنیکێک بۆ جێبەجێکردنی حوکمڕانی لە ناوچەکەدا. ئەم گشتگیرییە لە ناوچە سنوورییەکاندا دەگاتە لوتکە، کە تێیدا دەوڵەت بەناوی پاراستنی نەتەوە وە سیاسەتی مەرگ و ناسەقامگیرییەوە ئەنجام دەدات. بەمەش فۆرمی توندوتیژی دەرەوەی یاسای لەدژی ئەوی دیکەی ئیتنی سەپاندوە، هەربۆیە سنوور وەک شوێنێک دەردەکەوێت کە دۆخی جیاکاری نەک تەنها لە فەزا و کاتدا هەمیشەیی دەبێت، بەڵکوو دەبێتە دۆخی سرووشتی شتەکان.

کەیسی کۆڵبەری بەرەنگاربوونەوەی ڕێگای ئاساییە بۆ سنوورەکان وەک دەرکەوتێکی تۆپۆگرافی کە تییدا دەسەڵاتی سیاسی سنووردار کراوە. ئەم ڕوانگەیە شکست دەهێنێت لە بینینی سنوور وەک بەرهەمی زنجیرەیەک لە پێکهاتە، بایۆ - سیاسی - تۆپۆلۆژییەکان کە سوژە، جەستە و ژیان لەسەرانسەری هێڵە فەزایی و کاتییەکاندا ڕێکدەخەن و دایدەمەزرێننەوە.



سەرچاوە
Serchawe

بەواتـایەکی دیکە، لە حـاڵەتی ڕۆژهەڵاتـدا، سنوور ناتوانرێت تەنها وەک شوێنێکی جوگرافی لێکبدرێتەوە، بەڵکو وەک ئیبیمبێ دەڵێت، جۆرێکە لە تەکنۆلۆژیای سەروەری کە بەکاردێت بۆ زیادکردنی لەناوبردنی تاکەکان و دروستکردنی جیهانی - مەرگ و بۆ مانای فۆرمی نوێ و ناوازەی کۆمەڵایەتی کە تێیدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتووان لەژێر هەلومەرجی دیاریکراوی ژیاندا دەبن.

ئەدەبیاتی ئەم دواییەی مرۆڤناسی لەسەر فەزا و شوێن زیاتر جەخت لەسەر نامادی بوون یان هەموو شوێنێکی سنوور وەک یەکەیەکی هاوشێوەی کەمپی سەربازی دەکاتەوە. ئەمەش دەنگدانەوەی کۆڵبەرییە بەو مانایەی کە نوێنەرایەتی فۆرمێکی دەسەڵاتی سەروەری دەکات کە لە دەرەوەی یاسا کار دەکات، جیاوازی هەستپێکراوی ناوە و دەرەوە، دۆست و دوژمن و یاسایی و نایاسایی کاڵ دەکاتەوە.

ئەم بارودۆخە تایبەتەی کە پێی دەوترێت سنووری ڕۆژهەڵات، زەمینەیەکی پارادایمی بۆ حکومەت دروست کردوە تا ڕێوشوێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات بۆ زیاتر بە ئاسایشکردن و بە سەربازیکردنی ناوچەکە. کۆڵبەری کە بەهۆی سیاسەتی دەوڵەت لە دژە پەرەسەندن و هەژاری سیستماتیکییەوە هاتۆتە ئاراوە، خۆی بەرهەمی ئەو کۆتە سیاسی-ئابوورییە بەمەبەست پاشەکشەگەرانەیە کە دەسەڵاتی زاڵ بەسەر ڕۆژهەڵاتدا سەپاندوویەتی. ڕێژیم ڕۆژهەڵات وەک شوێنێکی بەرخۆدان دەبینێت کە تێیدا گوتاری یەکگرتووی دەوڵەتی نەتەوە لە مێژوودا شکستی هێناوە و هێشتاش بەردەوامە لە دارمان. بۆیە دەوڵەتی ئێران کۆڵبەری وەک ئامرازێکی بەهێزی حکومەت بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بەردەوام کورد بە سزادانی جەستەیی و توندوتیژی و سزادانی سیستماتیک دەزگا سنووردارەکەی خۆیانی بیربخاتەوە، دڵنیایی بدات کە جەستەی کورد لەگەڵ ڕەگەزسازی سیاسی و گوتاری خوازراودا بگونجێت.

سنووری ڕۆژهەڵات ئەو شوێنەیە کە ژیان لە دەرەوەی یاسا بە ڕوونترین شێوە دیارە و لەلایەن دەوڵەتەوە ڕەوایەتی پێدەدرێت. تا ئەو ڕاددەیەی کە کۆڵبەرەکان لە هەموو پێگەی یاسایی و سیاسی و بەتەواوی کورتکراوەتەوە لەوەی کە ئەگامبێن (٢٠٠٥) پێی دەڵێت ژیانی ڕووت، خاکی سنوور نوێنەرایەتیی یەکێک لە فەزا بایۆسیاسییە ڕەهاکان دەکات، ئەگەر زۆرترینیش نەبێت، کە تێیدا دەوڵەت و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕووبەڕووی ژیانی ڕووت دەبنەوە بەبێ هیچ نێوەندێک یان ئەنجامێک. ئەمەس لەسەربڕینی کۆڵبەرەکان لەلایەن دوورییەی سنوورەکانەوە دەردەکەوێت، کە هیچ دەرەنجامێکی یاسایی بۆی لە سیستەمی دەوڵەتدا بوونی نییە. سەرەڕای ئەم توندوتیژییە، کۆڵبەرەکان شەڕی مانەوەیان وەک کردەوەیەکی بەرخۆدان و بریکاری هەست پێدەکەن. لەکاتێکدا بەرگەی ئەم مەترسییە دەگرن، دەنگدانەوەی پەیامێکە کە بوونیان بە ئاسانی ڕیشەکێش ناکرێت. هەروەک ئانزالـدوا (١٩٨٧)، مبێمبێ (٢٠٠٣)، و دی لیۆن (٢٠١٥) پێشنیاری دەکەن، دەبێت

سنوورەکان وەک گۆڕەپانێکی داینامیکی سەیربکرێن کە زنجیرەیەک ململانێی هاوکات تێیدا ڕوو دەدات و شەڕکەرەکانی ئەم گۆڕەپانە گرووپە پەراوێزخراو و داگیرکراوەکانی وەک کوردەوە کە بەپشت بەستن بە شوناس و زمانە جیاوازەکانیانەوە لەناو ئەم جیهانی مەرگەدا دەکوژرێن.

ناتوانین لە دۆخی هەڵاواردنی ڕۆژهەڵات تێبگەین تەنیا لە چوارچێوەی فراوانتری شوناسی کورد لە ڕژێمە جیاکاری و بە ئەمنیکەرە هەمەجۆر و هاوکاتەرییەکانی ئێران و تورکیە و عێراق و سووریە نەبێت. ئەمەش وایکردوە کە بوونی کورد فەرامۆش بکرێت، چونکە وەک هەڕەشەیەکی هاوبەش بۆ سەر ئەو دەوڵەتانە دەبینرێت کە لەمێژە نیشتمانی دایکی کوردیان داگیرکردووە. ئەمە لە دۆخی کۆڵبەرە کوردەکاندا ڕوون و ئاشکرایە کە بەگوێرەی چەمکی هۆمۆساکەری ئەگامبێن هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیە دەتوانن بەبێ سزا بیانکوژن، بریندداریان بکەن، دەستبەسەریان بکەن یان بێسەروشوێن بکرێن. هەروەک ئەگامبێن دەڵێت: ئەوەی تایبەتمەندی هەردوو ڕێژێمی فاشستی و نازییە ئەوەیە کە ڕێگەیان بە دەستووری هەنوکەییەکان داوە... بۆ مانەوە لەژیان بە گوێرەی پارادایمێک کە بە گشتی وەک دەوڵەتی دووانە پێناسە دەکرێت - واتە ئەوان لەگەڵ دەستووری ئاساییدا، پێکهاتەیەکی لاوەکییان دامەزراندوە کە زۆرجار بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکنەخراوە و دەکرێت لە هەمانکاتدا و لەگەڵ ئەوی تردا بە هۆی دۆخی هەڵاواردنەوە بمێننەوە. هەرچەندە پارادایمێکی گشتی توندوتیژی لە سەرانسەری وڵاتدا هەیە، بەڵام بەراورد ناکرێت بە ڕێژە و چڕی توندوتیژی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵات. نمونەیەکی ئەم دواییە سەرکوتکردنی دڕندانە لە (ڕۆژهەڵات و بەلوچستان) پاش ڕاپەڕینی بەربڵاوی ناسراو بە ژن، ژیان، ئازادی لە ساڵی ٢٠٢٢. دەوڵەت بە کەلکوەرگرتن لە چەکی قورس، هێرشێکی پێنج هەفتەیی بۆ سەر شارە گەورەکانی کوردستان وەک سنە، مەهاباد، سەردەشت و جوانڕۆ دەستپێکرد، لە ئەنجامدا ١٢٢ هاوڵاتی مەدەنی گیانیان لەدەستدا، لە نێویاندا ١٤ منداڵ و ٧ ژن).

هەروەها ژیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵات لەلایەن دەزگا بریکارەکانی دەسەڵاتەوە سەرپەرشتی و بەڕێوەدەبرێن کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن. بەڵام ئەوان لەژێر چەتری فراوانتری دەسەڵاتی سەروەریدان. بڕی ئەو دەسەڵاتەی کە بە هەر یەکێک لەم بریکارانە دەدرێت، سەرسوڕهێنەرە. لە ڕاستیدا ئەم بریکارانە چ وەک تاک یان دامەزراوە، دەسەڵاتی ڕەهایان دەبێت بۆ ڕاگرتنی یاسا یان ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە هەرێمەکەدا. بۆ نموونە، لە ئەیلولی ٢٠٢٠دا، هێزی فەوجە سنوورییەکانی سەردەشت فەرمانی چۆڵکردنی شەش گوندی دەرکرد کە بە سنوور لە سنووری سووردا هەڵکەوتوون. بە زۆر دانیشتووانەکەی ڕاگوێزران، لە کاتێکدا دەوڵەت ڕەتی کردەوە هیچ پشتیوانییەکی دارایی پێشکەش بکات بۆ ئاسانکردنی ڕاگواستنەکە. هەرچەندە دەنگۆی ئەوە هەبوو کە ئەم بڕیارە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی دراوە، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە فەوجەکەی سنووری سەردەشت سەرەتا پلانێکی لەو شێوەیەی پێشنیار کردوە. پێدەچێت دەوڵەت گوندی زیاتر لەسەر

سنوور چۆڵ بکات.

ئەم وتارە شوێنپێی نانسی شیپەر - هیوز (١٩٩٥) هەڵدەگرێت لە بواری مرۆڤناسی و مرۆڤناسان بۆ نیشاندانی پابەندی سیاسی تێوەگلانی ئەخلاقی زیاتر لە کردارە فیکریی و زانستییەکاندا. ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە پرۆژەی مرۆڤناسی لەیەک کاتدا ئیتنۆگرافی و ئێپستیمۆلۆجی و سیاسییە و... مرۆڤناسان بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندییان بە پۆلیس و جەماوەرەوە هەیە. لێکۆڵینەوە سەرەکییەکان سەبارەت بە ئێران یان بێدەنگ بوون - یان ئامادە نەبووە چارەسەری - دۆخی نالەباری کولتوورە غەیرە فارسەکان بکات. ئەمە بەتایبەتی بۆ توێژەر و چالاکوانانی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات ڕاستە، کە لە بەرامبەر هێرشی ڕۆژانەی دەوڵەت بۆ سەر کۆڵبەرەکانی ڕۆژهەڵات و بازرگانانی سنوور (ناسراون بە سوختبەر) لە بەلوچستان بێدەنگییان هەڵبژاردوە. لیندا سمیس ئەم توێژینەوە کۆلۆنیالیزمییە بەم شێوەیە وەسف دەکات: کە خودی وشەی توێژینەوە لەوانەیە یەکێک بێت لە پیسترین وشەکانی فەرهەنگی جیهانی ڕەسەن. لەزۆر بارودۆخدا کاتێک ناوی ئەم وشەیە دەهێنرێت، بێدەنگی بەدوای خۆیدا دێنێت و یادەوەری ناخۆش دێنێتە مێشک و خەندەیەک کە ئاماژەیە بۆ وشیاری و بێ متمانەیی لەسەر لێوەکان دروست دەکات. مرۆڤناسی وەک زانستێکی هەمەچەشنی مرۆڤ لەمێژە بەستەرێکی ونبووی توێژینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بووە، بەتایبەتی لە حاڵەتی گەلانی خنکێنراو و کۆڵۆنیکراوی وەک کورد. کەیسی کۆڵبەرانی کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان شایەتی ئەم ململانێ ئێپستیمۆلۆژی و سیاسییەیە لە بواری مرۆڤناسی و دەستێوەردانی سەربەستیخواز کە دەتوانێت ئەنجامی بدات بۆ دووبارە دۆزینەوەی ئەوەی نەبینراوە.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

# بودجەیەک لەپێناو هەژارترکردنی خەڵک و بەهێزترکردنی سپای پاسداران




**سولێمان تاشان**

لەم حەوتوویەدا کۆی بودجەی ساڵی داهاتووی ئێران پەسند کرا و هەرچەندە هێشتا وردەکارییەکان بەدیار نەکەوتوون، بەڵام بڵاوبوونەوەی هەندێک ئاماری سەرەتایی دەیسەلمێنن، بەڵگە داراییەکەی مەسعوود پزیشکیان نەک هیچ ئومێدێکی گەشەپێدانی ئابووری و سەقامگیری و هەلی کاری لێ بەدی ناکرێت، بگرە ناداپەروەری و خراپتربوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەدواوە دەبێت.

کابینەی چواردەیەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرۆکایەتیی مەسعوود پزیشکیان لە ٢٢ی ئۆکتۆبەر/٢ی خەزەڵوەر یەکەم گەلاڵەی بودجەی ساڵی داهاتووی هەتاوی، پێشکەشی پەرلەمان کرد و دوای کەمتر لە حەوتوویەک لە ٢١ی هەمان مانگ/٨ی خەزەڵوەر ڕەشنووسی گەلاڵەی بودجە بە ١٤٦ دەنگی بەڵێ ٩٦ دەنگی نەخێر و چوار دەنگی بێلایەن پەسند کرا.

## قەبارەی بودجە

کۆی قەبارەی یەکەم بودجەی کابینەکەی پزیشکیان بریتییە لە ١١ هەزار و ٨٩٦ تریلیۆن تمەن کە بەراورد بە بودجەی ئەمساڵ نزیکەی دوو هێندە زیادی کردوە. ئەوەی لە ڕواڵەتی بودجەکە دەردەکەوێت لە ڕووی ژمارەوە کەمێک دڵخۆشکەر دیارە بەڵام کە سەیری چۆنیەتیی دابینکردنی بودجەکە و پاشان چۆنیەتیی دابەشکارییە سەرتاپییەکانی دەکەیت بۆت دەسەلمێنرێت ئەو بودجەیە بەپێچەوانەی وتارەکەی سەرۆککۆمار لە مەجلیسی ئێران کە گوتی بودجەکە ڕوون و شەفافە، هیچ ڕوونییەکی تێدا نییە و ڕێکارەکانی دابینکردن و خەرجکردنی بودجەکە هەڵخەڵەتێنەرانەن.

بە ڕوونی دیار نییە ئەو داهاتەی لە بودجەدا تیشکی خراوەتە سەر دەتوانێت بەدی بێت یان نا کە بەشێکی زۆری پشتی بە فرۆشتنی کۆمپانیا و سامانی گشتی و بەرزکردنەوەی باج و سەرانە بەستوە و لەسەر بنەمای داهاتی ڕاستەقینە نییە بەڵکوو لەسەر بنەمای گوشاری زیاتر بۆ سەر کۆمەڵگە دارێژراوە=.

وەک گریمانە ئەگەر حکوومەت ئەو ١١ هەزار و ٨٩٦ تریلیۆن تمەنەشی لەبەردەستدا بێت، چۆن خەرجی دەکات تا کاریگەری لەسەر باشترکردنی بژێویی خەڵک و کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و برسێتی و بەرزکردنەوەی پێنوێنی دابینکردنی هەلی کار هەبێت و لە هەمان کاتدا هەڵاوسان کەم بکاتەوە و ببێتە هۆی هەرزانکردنی پێداویستییە سەرەکییەکان لە بازاڕ، بەڵام ئەوەی لە بودجەدا دەبینرێت پێچەوانەی ئەو هەوڵانەن.

## مووچە و هەڵاوسان

یەکێک لەو چاوەڕوانییانەی لە بودجەدا بە تایبەتی توێژی کارمەند و مووچەخۆر هەیانە ئەوەیە ئەو مووچەیەی مانگانە دەستەبەری دەکەن لە بەهای ڕاستەقینەکەی دانەبەزێت و گۆڕانکارییەکان لە بەرزکردنەوەی ڕێژەی مووچەیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ڕێژەی هەڵاوسان و گرانی هاوسەنگ بێت.

بەپێی ڕەشنووسی بودجەکەی پزیشکیان نزمترین مووچەی کارمەندان و مووچەخۆران بۆ ساڵی داهاتوو بە ڕێژەی ٢٠% بەرز دەکرێتەوە لە کاتێکدا هەڵاوسانی ئەمساڵ لە دەوروبەری ٤٠%ە و خوا دەزانێت هی ساڵی داهاتووش چەند دەبێت بەڵام ئەگەر گریمانەی ٤٠% بکرێت ئەوا بەو دەرەنجامە دەگەین کە ژیانی مووچەخۆران و فەرمانبەران خراپتر دەبێت چونکە بەو مووچەیەی دەستیان دەکەوێت ئەگەر ٢٠%یشی بخرێتە سەر ئەوا هەمان پێداویستییەکانی ساڵێک پێشتری پێ دابین

ناکرێت.

تاکە هاوکارییەک کە کراوەتە منەت بەسەر مووچەخۆرانەوە، ئەوەیە هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە ٢٤ ملیۆن تمەن کەمترە، باجیان لێ ناستێنرێت. ساڵی ڕابردوو ئەو قەبارەیە لە بەخشین لە باج بۆ ئەوانە دیاری کرابوو کە مووچەکەیان خوارووی ١٢ ملیۆن تمەنە.

## بودجەی سەربازی

ئامانجی سەرەکیی بەرزکردنەوەی قەبارەی بودجەکە لە ڕووی سەرمایە و تەنانەت هەوڵدان بۆ فرۆشتنی زیاتری سامانی گشتی لە ڕەشنووسەکەی بودجە بۆ ئەوەیە بواری سەربازی لەسەر حسابی خراپترکردنی ژیانی خەڵک گەشەی پێ بدرێت. لە بودجەی ئەمساڵ و ساڵی ڕابردووش یەک لەسەر پێنجی کۆی بودجەی ئێران بەر کەرتی سەربازی و بەرگری کەوتوە کە بە ڕێژە دەیکردە ٢٠%. ئەوکات لای شارەزایان و چاودێرانی ئابووری و سیاسی هەرایەکی زۆری لێ کەوتەوە و ڕەخنەیەکی زۆر لە ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆک کۆماری پێشوو گیرا و بە تەخشان و پەخشانی سامانی گشتی تۆمەتباریان کرد، کەچی دۆخەکە لە سەردەمی پزیشکیان لە جیاتی ئەوە باشتر بێت، خراپتر بووە و بودجەی سپا و هێزە چەکدارەکان بە لێشاو زیاد کراوە.

هەر ئەو ڕۆژەی ڕەشنووسەکە یان بنەما گشتییەکانی بودجە پەسند کرا، ئەوە ئاشکرا بوو کە پشکی بودجەی سەربازی لە بودجەی ساڵی ١٤٠٤ بەراورد بە ١٤٠٣ سەرووی ٢٠٠% زیادی کردووە. فاتیمە موهاجیرانی گوتەبێژی کابینەی مەسعوود پزیشکیان، خۆی ئەو زانیارییەی ڕاگەیاند و پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە یەکێک لە ئامانجەکانی حکوومەت ئەوەیە ژێرخانی بەرگریی وڵات بەهێز بکات.

ئەگەر بە ژمارە لێکدانەوەی زیاتر بۆ پشکەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێت ئەگەر ساڵی ڕابردوو لە بودجەدا ٢٠ ملیار دۆلار بۆ بواری سەربازی تەرخان کرابێت ئەوا ئەمساڵ ٦٠ ملیار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە، بودجەیەکی زۆر کە نزیکەی یەک لەسەر سێی کۆی بودجەیە و دەکرا بۆ باشترکردنی بژێویی خەڵک بقۆزرێتەوە.

## ڕیسەکە بوو بە خوری

ئەو تەرخانکردنەی بودجە و سامانە گشتییەش لە کاتێکدایە هەموو ئەو بودجانەی لە ساڵانی ڕابردوودا ژێرخانی بەرگریی

ئێرانی پێ بەهێز کراوە و بە قسەی خۆیان توانا سەربازییەکانیان تۆکمە کردوە، لە ماوەی کەمتر لە سەعاتێک هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل، تێکشکان و لەگەڵ زەوی خاپوور کران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی بتوانێت پێنج وێستگەی قەڵغانی بەرگریی مووشەکیی S300 لە ڕووسیە بکڕێت و لە ئێران دایانمەزرێنێت دەیان میلیارد دۆلاری خەرج کردوە، دەیان میلیارد دۆلاری دیکەی لە دامەزراندنی کارگەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک خەرج کردوە کە هەموو بە شەوێک بوونە دووکەڵ، دەبێت چەند دەیان میلیارد دۆلاری تر خەرج بکات بۆ ئەوەی دیسان بنیاتیان بنێتەوە. ئەمە وێڕای ئەو دەیان میلیارد دۆلارەی لە شەڕی سووریە و لبنان و غەزە و یەمەن و شوێنەکانی دیکە خەرجی کردوە. لە حاڵێکدا تەنیا بەو پارەیەی لە بنیاتنانی تونێلەکانی غەزە خەرجی کردوە، دەکرا ژیانی توێژێکی کۆمەڵگەی پێ باشتر بکرێت، بەو مووشەکانەی بۆ حیزبوڵڵا و حووسی و حەماسی دابین کرد دەکرا، ڕێژەی هەژاری و کولەمەرگیی ئێرانی بەتەواوی پێ بنەبڕ بکرێت.

## دراوی پاڵپشتیکراو

هەر بەپێی ڕەشنووسی یاسای بودجە ڕەچاوی کڕینی دەرمان و هەندێک پێداویستیی سەرەکی بە دۆلاری پاڵپشتیکراو کراوە و بە قسەی خۆیان ئامانجیانە ڕێ لە گرانتربوونی ئەو پێداویستییانە بگرن بەڵام ناوەڕۆک شتێکی تر دەڵێت.

حکوومەتی ئێران پێشتر دۆلاری پاڵپشتیکراوی بە ٢٨ هەزار و ٥٠٠ تمەن دیاری کردبوو بەڵام بڕیارە بگەیەنرێتە ٣٧ هەزار تمەن کە بە دڵنیاییەوە گرانتربونی دەرمان و خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکانی بەدواوە دەبێت.

حکوومەت هەر ساڵە و چەند جۆر کاڵا و شتومەک لە بازنەی دراوی پاڵپشتیکراو دەهێنێتە دەرەوە و لە لایەکی دیکە پلانی ئەوەی هەیە بەهای دۆلاری ئازاد و دۆلاری حکوومیی لە یەکتر نزیک بکاتەوە بەڵام دابەزینی بەهای تمەن ئەوەندە خێرایە تەنانەت ناتوانێت مەوداکە لە هەمان ئاستی جاران ڕابگرێت. ساڵی ڕابردوو دۆلاری ئازاد لە خوارووی ٥٠ هەزار تمەن بوو کەچی ئێستا نزیکە لە ٧٠ هەزار تمەن.

لەمساڵدا کورتهێنانی بودجەی ئێران بە ٣٠٧ تریلیۆن تمەن دەستنیشان کرابوو بەڵام دواجار بە هۆی گۆڕانکارییەکان گەیشتە ٨٥٠ تریلیۆن تمەن و بۆ بودجەی ساڵی داهاتووش بە هەزار و ٨٠٥ تریلیۆن تمەن خەمڵێنراوە کە بە دۆلار دەکاتە ٢٧ ملیار دۆلار و تاکە هیوای پزیشکیان ئەوەیە لە هەڵگرتنی پارەی سندووقی پەرەپێدانی نیشتمانی کە ئەویش سامانێکی

نیشتمانیی خەڵکە، دەستی واڵا کراوە.

## نەوت

کابینەی پزیشکیان چاوەڕوانە لە بودجەی ساڵی داهاتوویدا لە ڕێی فرۆشتنی نەوتەوە دوو هەزار و ١٠٧ تریلیۆن تمەن دابین بکات کە بەراورد بە بودجەی ئەمساڵی ٣٢٪ زیادی کردوە کە نزیکەی هەزار و ٦٠٠ تریلیۆن تمەن بوو، بەهای پشکی داهاتی نەوت لە بودجەی ساڵی داهاتوو بە لەبەرچاوگرتنی نرخی ئێستای دۆلار لە بازاڕی ئازاد بەرانبەر تمەن، سەرووی ٣٠ میلیارد دۆلارە.

بە پێی ڕەشنووسی بودجە نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە زیاتر لە ٥٧ یۆرۆ دەستنیشان کراوە لە کاتێکدا ئێران لە فرۆشتنی نەوت هەرگیز ئەو پارەیەی دەست ناکەوێت. حکوومەت لەو نەوتەی دەیفرۆشێت تەنانەت پارەی کاشی دەست ناکەوێت و بۆ بازدانی گەمارۆ ئابوورییەکان، هەرزانفرۆشی کردووە و لە بازاڕەکانی باشووری ئاسیا بە قاچاخ ساغی دەکاتەوە و لەبەرانبەردا برنج و چای کۆنی و پەینی کیمیایی وەردەگرێت.

مەسعوود پزیشکیان سەرۆک کۆماری ئێران گوتوویەتی بودجەکە زۆر ڕوون و شەفافە و لەسەر بنەمای چوار ئامانجە کە بریتین لە سەقامگیری، گەشەی ئابووری، هەلی کار و دادپەروەری. سەیر لەوەدایە بودجەکە لە جیاتی سەقامگیری، ناسەقامگیری لە بازاڕەکانی بەدواوە بووە و دوای هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران بەهای تمەن بەرانبەر دۆلار هەڵکشا کەچی دوای ڕاگەیاندنی پەسندکرانی ڕەشنووسی بودجە بەهای تمەن دابەزیوە و نزیک بۆتەوە لە ٧٠ هەزار تمەن.

گەشەی ئابووری بەم بودجەیە هەرگیز بەدی نایەت و هیچ ئومێدێکیش بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و گەشەی بازاڕەکان نییە، پێشتریش سندووقی نێودەوڵەتیی دراو تەنانەت بۆ دوو ساڵی دیکەش پێشبینی پاشەکشەی گەشەی ئابووریی ئێرانی خستۆتەڕوو، جگە لەمە زیادکردنی ٢٠٠٪ لە بودجەی سپا و هاوکات زیادکردنی ٢٠٪ لە کەمترین مووچەی فەرمانبەر ئەوە دەسەلمێنێت دادپەروەرییەکەی مەسعوود پزیشکیان چەندە بڕ دەکات.

٢١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤


سەرچاوە
Serchawe

# سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لە نێوان ئیسلام و تورکبووندا



ئاگری ئیسماعیلنژاد

ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەخێراییەکی سەرسوورهێنەر تێدەپەڕن و هاوکات لەگەڵ ئەوەی گرژیی نێوان ئێران و ئیسرائیل بەشێوەی ڕۆژانە ڕووی لە زیادبوونەدایە و لەو نێوانەدا تورکیە وەکوو ئەکتەرێکی گرینگ لەگەڵ ئەوەی خۆ لە ڕاستەوخۆ تێوەچوونی نێو گرژییەکە دەپارێزێ، بەڵام هەوڵ دەدا زیاترین کارتێکەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە پێناوبەرژەوەندی خۆییدا هەبێت.

## شوناس و سیاسەتی دەرەوەی تورکیە

تیۆریی گرژی سیفر کە لەلایەن ئەحمەد داودئۆغلوو، وەکوو بناغەی سیاسەتی دەرەوەی تورکیە بۆ سەدەی ٢١ پێشنیار کراوە، خاوەنی دوو کۆڵەکەی سەرەکییە کە بریتین لە تورکبوون و موسڵمانبوونی تورکیە. دەوڵەتی ئاک پارتییش لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لەسەر بنەمای ئەو دوو شوناسەدا سیاسەتی دەرەکی تورکیەی بەڕێوە بردووە و لە ڕاستییدا دەوڵەتی تورکیە لە ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، هەوڵی بۆ ئەوە نەداوە شوناسی ئورووپایی بۆخۆی دابین بکات و تەنانەت هەوڵی ئەوەشی نەداوە

تەناهیی دەرەکی و نێوخۆیی خۆی گرێ بداتەوە بە ناتۆ. هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تورکیە بنەمای نوێی بۆ سیاسەتی دەرەکی خۆی دیاری کردوە و، ئەو بنەمایەش لە ئاستێک لە گرینگی‌دایە کە تورکیە بناغەی تەناهی خۆی لەسەر بنەمایی نوێ دامەزراندوە و بۆیەش پشتی لە ناتۆ کردوە و پەیوەندی بەرینی لەگەڵ ڕووسیە دامەزراندوە.

لە ڕەوتی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا، ئاک‌پارتی لە قۆناغی نێوان ٢٠١٠ هەتا کۆتایی ٢٠٢٠ زیاتر هەوڵی ئەوەی داوە وەکوو دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە ناوچەی موسڵمانانی سوننە مەزهەب هەڵسوکەوت بکات، و لە ٢٠٢٠ و پاش ئەوەی گرژیی نێوان تورکیە لەگەڵ میسر و سعوودی ڕووی لە زیادبوون کرد، ئاک‌پارتی پاشەکشەیەکی بنەڕەتیی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیە کردوە و زیاتر ڕووی کردە شوناسی تورک‌بوون.

کەوایە ئەوەی تورکیەی ناچارکرد دیوی موسڵمان‌بوونی سیاسەتی دەرەکی خۆی کاڵ بکاتەوە و بەجۆرێک پاشەکشە لە خەیاڵی سەرکردایەتی‌کردنی دەوڵەتانی موسڵمانی سوننە مەزهەب بکات، گرژی لەگەڵ سعوودی و میسر بوو. لە پاش بەهاری عەرەبی تورکیە بۆی دەرکەوت کە میسر و سعوودی ڕێگە نادەن، وڵاتێکی غەیری عەرەب سەرکردایەتیی جیهانی عەرەب بکات، با بەبیانووی باوەری مەزهەبی سوونە بوونیشەوە بێت.

لەسەر شوناسی دووهەمی دەوڵەتی ئاک‌پارتی لە سیاسەتی دەرەوەیدا دەکرێت بڵێین لە ساڵی ٢٠٠٩ و لە ڕێککەوتنی نەخجەواندا بناغەی هاوپەیمانییەکی نێوان ٥ دەوڵەتی تورکی دامەزراندبوو. خاڵی گرینگی جێگای سەرنجی هاوپەیمانی وڵاتانی تورک کە ئێستا ناوەکەی بۆ دەوڵەتانی تورک گۆڕدراوە، لەوەدایە کە لەنێوان ساڵەکانی ٢٠١٠ هەتا ٢٠٢٠ پێشەوەچوونێکی بەخۆیەوە نەدیوە و لەڕاستییدا لە دوایی شەری قەرەباغ و شکستی سیاسی دەوڵەتی تورکیە لە نوێنەرایەتیی کردنی وڵاتانی سوننە مەزهەب، شوڕای هاوکاری دەوڵەتانی تورک گەشەی بەخۆیەوە دیوە.

**مانایی ئەو باسە ئەوەیە کە تورکیە شوناسی تورک‌بوونی لە سیاسەتی دەرەوەی کاتێک تۆخ‌تر کرد کە بەناچار شوناسی موسڵمان‌بوونی کاڵ کردەوە.**

## تورکیە پاش ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣

لە ساڵێک پاش ٧ی ئۆکتۆبردا بەڕوونی دەرکەوتوە کە بەستێنی تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ڕوو لە ئاڵوگۆڕە و بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی‌نێوەڕاسدا لە بەستێنی تەناهیدا سێ بکەری جیاوازمان هەیە:

١- بکەری دەوڵەتی
٢- بکەری نادەوڵەتی کە بریتین لە گرووپە چەکدارەکان
٣- کۆمپانییە نێودەوڵەتییەکانی بواری وزە

ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە سەیری کراوە، بەڵام لەو نووسراوەیەدا گرینگترین ڕەهەندی ئەو ڕووداوانە هێرش بۆ سەر خەڵکی سڤیل و کوشتن و بارمتەگرتنیان بە مەبەستی پێملکردنی دەوڵەتێک بە هێندێ خواست سیاسییە.

لە تەواوی ماوەی ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین شارۆمەندانی ئیسرائیل لەلایان چەکدارانی فەلەستینییەوە وەکوو ئامانجێک سەیریان کراوە و بەشێوەی جۆراجۆر هەوڵی کوژران یان بەبارمتەگرتنیان دراوە. لە بەرانبەردا، دەوڵەتی ئیسرائیل وەکوو دەوڵەتێک کە بنەماکەی لەسەر پاراستنی تاکی جوو دامەزراوە، هەوڵی داوە تاکی جوو بپارێزێت یان ئەگەر بەبارمتە گیراوە، ڕزگاری بکات.

بەڵام ئەوە وای کردوە کە بارمتەگرتنی شارۆمەندی ئیسرائیل وەکوو گەورەترین خاڵی لاوازی ئەمنییەتی ئیسرائیلی لێبێت، و وەکوو دەبیندرێ لە دوو دەهەی ڕابردوودا، زیاتر لە سێ جار شارۆمەندی ئیسرائیل وەکوو بارمتە لەلایان گرووپی جیاوازە گیراوە و پاشان دەوڵەتی ئیسرائیلیان ناچار کردوە پێملی خواستەکانیان بێت.

لە ڕاستییدا بارمتەگرتنی شارۆمەندانی ئیسرائیل وای دەکرد کە باڵادەستیی نیزامی و ئەمنییەتی ئیسرائیل بە ئاسانی پشتگوێ بخرێ و گرووپی جیاواز بتوانن بە ڕێگای بارمتەوە باج لە دەوڵەتی ئیسرائیل بستێنن.

ئەوەی باڵادەستی نیزامی ئیسرائیل نابێتە هۆی ئەوە کە شارۆمەندی ئیسرائیلی لە دەست گرووپی چەکداری فەلەستینی پارێزراو بێت، ئیسرائیل ناچار دەکات، پێش بە گەشەی گرووپی چەکداری فەلەستینی یان دژی ئیسرائیل بگرێت، مانای ئەو ناچارییە سەرهەڵدانی دوکتورینێکی نوێیە بۆ ئەمنییەتی ئیسرائیلە، دوکتورینەکە دەکرێت ئاوا تەکووز بکرێت: ماکەی سەرهەڵدانی گرووپی چەکداری دژی ئیسرائیل هەبوونی دەوڵەتێک بۆ پشتگیری ئەو گرووپەیە. کەوایە ئیسرائیل بۆ ئەوەی ڕێژەی گرووپە چەکدارەکانی دژی خۆی کەم بکاتەوە یان ئەوەی هێندەیان لاواز بکات کە توانایی زەربەلێدانیان بە ئیسرائیل نەبێت، دەبێت ئەو دەوڵەتە لاواز بکات یان ناچاری بکات واز لە دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل بێنێ.



سەرچاوە
Serchawe

دەکرێت، هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل بۆ سەر بالوێزخانەی ئێران لە سووریە لە ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ وەکوو دەستپێکی ئەو دوکتورینە نوێیە لەبەر چاو بگرین.

لێرەدا دەبێت باسێک ڕوون بکەینەوە: ململانێی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە بوو، پێش ٧ی ئۆکتۆبر ململانێی سەرەکیی ئێران و ئیسرائیل لەسەر توانایی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی لەلایان ئێرانەوە و ئاستی توانایی بەرهەمهێنانی هاژەک بوو، بەڵام سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران لەسەر پرسی پرۆکسییەکانی ئێران سیاسەتی فەرمی ئەو دەوڵەتانە نەبوو کە بنیامین ناتانیاهوو سەرکردایەتی دەکردن.

ململانێی گرژتری نێوان ئیسرائیل و ئێران بۆ تورکیە دەتوانێ قەیران و دەرفەتێکی بەدواوە بێت، قەیرانەکە ئەوەیە کە ئەگەر ئێران زیاتر لاواز بێت، دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات گەشەی زیاتر دەکات و ئەوەش بەمانایەیە کە تورکیە چیتر ناتوانێ بە ڕێگای هاوسەنگەری سەرکوتی دۆزی کورد لەگەڵ ئێران دۆزی کورد لە باکوور لەژێر ڕکێفی خۆی دانێ.

بەڵام دەرفەتێکیشی بۆ دەخوڵقێ و دەرفەتەکەش ئەوەیە کە پرسی ئازەری یان وەکوو خۆیان دەڵێن پرسی تورکی ئازەربایجان گەشەی بەرچاو دەکات و دەتوانێ ببێ بە ئامێرێک بۆ تورکیە و تەنانەت دەتوانێ دەرفەتێکی گەورە بێت بۆ ئەوەی تورکیە بتوانێ پرسی هاوپیمانی دەوڵەتانی تورک گەشە پێبدات، چون یەکێ لە بەربەستەکانی ئەو هاووپەیمانییە کە ئێرانە لاواز بووە یان توانایی کارتێکەریکردنی لە دەست داوە.

## ئاکام و چاوەڕوانی

لە پاش حەوتی ئۆکتۆبر نە تورکیە و نە قەتەر ناتوانن بەو شێوەی کە پێشتر پشتگیرییان لە تۆری ئیخوانولموسلمین دەکرد، پشتگیری بیری ئیسلامی بکەن و هاوکات تورکیەش بە تەواوی بەو ئاکامە گەیشتوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئیسرائیل ئامادە نین سەرکردایەتیی تورکیە لە وڵاتانی سوننە مەزهەب بەگشتی و وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی قەبووڵ بکەن و هێزی مرۆڤی و ئابووری تورکیەش ئەو ڕێگەی پێ نادات. بەڵام لاوازبوونی ئێران یان ڕووخانی کۆماری ئیسلامی وا دەکات تورکیە دەرەتانی سازکردنی بەرەی دەوڵەتانی تورکی بۆ برەخسێت و لەڕاستییدا بە ڕێگای ئەو بەرەیەوە بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێ و هەوڵ بۆ ئەوە خەیاڵە بدات کە ئەو وڵاتە، ببێتە ناوەندێکی گرینگی وزە بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا.

کەوایە چاوەڕوان دەکرێت، تورکیە بەتایبەتی پاش ئەوەی یەکیەتیی ئورووپا هاوپەیمانی وڵاتانی عەرەبی کەنداوی وەکوو بەرەی تەناهی خۆی پێناسە کرد، دیوی سیاسەتی تورکبوون لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیە تۆختر بێت. بەڵام بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان تورکیە و لاوازبوونی ئێران لەوەش دەترسێ کە دۆزی کورد جارێکیتر هەم لە ئاستی نێوخۆ و هەم لە ئاستی ناوچەییدا تووشی قەیرانی بکات، بەو پێیەشە کە تورکیە بەشێوەی نافەرمی باسی ئەوەی هێناوەتە گۆڕی کە لەگەڵ قەندیل خەریکی دانووستانە و بە شێوەی فەرمیش ڕایگەیاندوە کە لە ئەمساڵی زایینندا کاناڵی تلویزیونی فارسی TRT دەکرێتەوە.

کە وایە تورکیە بەپێچەوانەی ئەوەی نیشانی دەدا، نە دەیهەوێ و نە دەتوانێ سەرکردایەتیی پرسی فەلەستین بکات، بەڵکوو بناغەی نوێی سیاسەتی دەرەوەی لەسەر سەرکردایەتیکردنی وڵاتانی تورک دامەزراوە و تاکتیکی بنەڕەتیشی ئەوەیە لاوازبوونی ئێران لە ناوچەکەدا نەبێتە هۆی ئەوەی دۆزی کورد لە ناوچەکەدا پێشڤەچوون بە خۆیەوە ببینێ.

٢٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئازادیی سیاسی وەک پێشمەرجی بووژانەوە و پەرەپێدانی ئابووری




**ناسر ساڵحی‌نەسڵ**

پاش کشانەوەی ترامپ لە بەرجام، مایک پومپیئو وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئامریکا لە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ لە بونیادی هریتج، ١٢ مەرجی وەک، ئاشکر کردنی هەموو چالاکییە ناوکیی و مووشەکییەکان، ئازادکردنی هاووڵاتییانی ئەمریکایی، ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی سووریە، لوبنان، یەمەن و عێراق، و کۆتاییهێنان بە یارمەتیی ماڵی و لوجیستیکی بە گرووپە تیرۆریستییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بۆ نەگەڕانەوە و هەڵگرتنی سزاکانی ئابووریی سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاری کرد. عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی ئێران کە پێشتر لە ئەگەری کشانەوەی ئامریکا لە بەرجامدا بانگەشەی سوتاندنی ڕێککەوتننامەکەی دەکرد، بەڵام کە هەستی کرد کشانەوی ئامریکا لە بەرجام جیددیە، کەوتە کروزانەوە و نەرمشی قارەمانانە لەگەڵ وڵاتانی ئورووپایی کە ڕێژیمەکەی پابەندی ڕێکەوتننامەی بەرجام دەبێت. بۆیە ڕێژیمی ئێران بە پشتگەرمیی چەند وڵاتی ئورووپایی، وڵامی ١٢ مەرجەکەی ئامریکا نەدایەوە و لە ئاکامدا ترامپ، سەرکۆماری ئەوکاتی ئامریکا ڕۆژی ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی قۆناغی دووهەمی سزاکانی سەر ڕێژیمی ئێرانی ڕاگەیاندەوە.

بەو بڕیارەی ئەمریکا باری ئابووریی ڕێژیمی ئێران بەتەواوی تووشی دارمان بوو، ئاوسانی ئابووری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ



سەرچاوە
Serchawe

هەڵکشاوە بەهای دراوی میللی بەرامبەر بە دراوە بیانییەکان داڕماوە. لە سۆنگەی گەمارۆکان و گەندەڵیی حکوومەتییەوە سفرەی خەڵکی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک و بچووکتر بۆتەوە و دەبینین کە ناتەرازی لە کەرتی وزە، ناتەرازی لە هەنادرە و هاوردەکردن، ناتەرازی لە سەرچاوەی داهات و هەزینەکانی دەوڵەت و کورتهێنانی بودجە، لە ناواقیعیبوون و ناشەفافبوونی لایەحەی بودجەی جەنگی ١٤٠٤ دەوڵەتی پزشکیان ڕەنگیان داوەتەوە.

تیمی ئابووریی مەسعوود پزشکیان نایشارێتەوە بەبێ چارەسەرکردنی گەمارۆکانی نیزامی بانکی و ماڵی، گەیشتن بە بووژانەوەی ٨ لەسەدیی هەڵدانی ئابووری لە بەرنامەی حەوتەمی پەرەپێداندا مەحاڵە و توانای چارەسەرکردنی کێشە وگرفتەکانی ئابووریی قەیراناوی وڵاتیان نییە. هەر بە وتەی خودی پزشکیان گەیشتن بە بووژانەوەی ٨ لە سەدیی بەرنامەی حەوتەم پەرەپێدانی ئابووریی پێویستی بە ٢٠٠ تا ٢٥٠ میلیارد دۆلار هەیە کە لە بەردەستیاندا نییە و هەروەها دابینکردنی ئەو سەرمایەیە پێویستیی بە وەبەرهێنانی دەرەکی و نێوخۆیی هەیە و ئەوەش بەر لە هەموو شتێک دەستەبەری ئەمنییەتی وەبەرهێنانی دەوێت؛ بەڵام هێچ وڵاتیک و کومپانیایەک ئامادە نییە لە وڵاتی بەڵالێدراو و قەیراناویی ئێراندا وەبەرهێنان بکات. بەپێی ڕاپورتی سەندووقی نێونەتەوەیی دراو ئاستی هەڵدانی ئابووریی ئێران ساڵ بە ساڵ لە دابەزیندایە و تەنانەت لە ئەگەری هەڵگرتنی گەمارۆکانی وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا، بەبێ کرانەوەی فەزای سیاسی، ئازادیی حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی، چاپەمەنی ئازاد و ئەمنییەتی وەبەرهێنانی دەرەکی لە نێوخۆی وڵاتی ئێراندا، بووژانەوە و پەرەپێدانی ئابووریی مەحاڵە.

بەدەر لە کاریگەریی گەمارۆکان کەرتی ئابووریی ئێران بە هۆی مایەپوچیی کارگا و کارخانەکان، ئابووریی ڕانتی، باڵادەستیی بۆنگاکانی سپای پاسداران لە ئابووری ئێران، چوونەدەرێی سەرمایە و نەبوونی ئەمنییەتی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیا زەبەلاحە بیانییەکان و زۆر فاکتەری دیکە تووشی تێکقرمان و داڕووخان بووە. بازاری بۆرسەی تاران هەور لەو مانگەدا ئوفتی ٣ هەزاری واحیدی هەبووە و نیشاندەرەکانی بازاری بورسەی تاران ڕۆژ بە ڕۆژ لە دابەزیندان. بەپێی داننانی وەزیری دارایی دەوڵەتی پزشکیان بودجەی ئەمساڵ کورتیهێنانی ٨٥٠ هەزار میلیارد تمەنیی هەیە. کارناسانی ئابووری تاوانی ئەم کورتیهێنانە دەخەنە ئەستۆی دامودەزگا نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ژێرباڵی بەیتی ڕێبەری، چونکە بونیادەکانی وەک قەرارگای خاتەمولئەنبیا، بونیادی موستەزعەفان، ستادی ئیجرایی ئیمام و بنیادی قودسی ڕەزەوی کە کۆنترۆڵی سەتا ٦٠ی ئابووریی ئێران دەکەن، هیچ ماڵیاتێک بە دەوڵەت نادەن. ئەوە لە کاتێکدایە ساڵ بە ساڵ ماڵیاتی زیاتر لە سەر کەرتی تایبەت و بازار زیاد دەکرێ، وەک لە بودجەی ساڵی ١٤٠٤ی دەوڵەتی پزشکیانیشدا هاتوە، سەرچاوە و داهاتی باج ٣٩ لە سەد بە نیسبەت ساڵی ڕابردوو بەرز کراوەتەوە. تازەترین ڕاپۆرتی بانکی ناوەندی ڕێژیمیش دەریدەخات لە ٩ مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٣ی هەتاویدا زیاتر لە ٢٠ میلیارد دۆلار سەرمایە لە وڵات دەرچووە کە بۆتە هۆی



سەرچاوە
Serchawe

زۆر بوونی هاوردە و کەمیی هەناردەکردن. سەرۆکی ڕێکخراوی گەشەپێدانی بازرگانیی ئێرانیش باس لەوە دەکات لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٤٠٣دا کورتیهێنانی بازرگانیی غەیرە نەوتی ئێران گەیشتووەتە ٧ ملیارد دۆلار. جیاوازیی بەرچاوی نێوان هەنارده و هاوردەکردنی غەیرەنەوتیی ئێران (ناتەرازیی بازرگانی) و دەستەوداوێنبوونی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ زیادکردنی ئاماری هەناردەکردنی نەوت، گاز، کارەبا و خزمەتگوزارییە تەکنیکی و ئەندازیارییەکان لە ئاماری گومرگیدا، لە حاڵێکدایە ڕاپۆرتەکانی شیرکەتی شوێنهەڵگری نەوتهەڵگرەکان ئاماژە بەوە دەکەن هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی ئێران لە دوو مانگی ڕابردوودا ٤٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا لە او مانگەکانی پێشوو کەمتر بووە. بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بە شێوەیەکی بەرچاو بۆ یەک دۆلار لە نێوان ٦٥ بۆ ٦٩ هەزار تمەن لە هەڵکشان و داکشاندایە و ئەم بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و زێڕ زەنگی شەپۆلێکی نوێی هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵا و پێویستییە سەرەتاییەکانی خەڵکی لێ داوە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بژێویی ژیانی خەڵک دەبێ. سەرباقی ئەوە هەواڵی ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین لە لایەحەی بودجەی ١٤٠٤ بۆ لیتری ٨ هەزار تمەنیش نیگەرانییەکانی خەڵکی زیاتر کردوە و ئەم بڕیارە دەتوانێت ڕاستەوخۆ هەڵاوسان زیاتر بکات.

دۆخی شپرێوی ئابووریی ئێران پێ لەسەر ئەو ڕاستییە دادەگرێتەوە کە بەبێ کرانەوەی ئازادییە سیاسی و ئابوورییەکان بەسەر کۆنترۆڵکردنی هەڵاوساندا سەربکەویت و ئەوەش لە سیستەمێکی داخراو و دیکتاتوریی وەک کۆماری ئیسلامیدا مەحاڵە.

مەسعوود پزشکیان لە وەها بارودۆخێکدا ئیستا کە سەرکۆماری ڕێژیمە، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی پێش هەڵبژاردن کە دەیگوت "نابێ درۆ لەگەڵ خەڵک بکەین" ڕایگەیاندوە کە گەمارۆکانی ئامریکا و ئورووپا کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دۆخی ئابووریی ئێران نییە، بەڵکوو تەنیا گوشار بۆ سەر خەڵکی ئەم وڵاتەیە. پزشکیان بە ناوهێنان لە خەڵکی ئێران، دیسان هەوڵی داوە، نابەرپرسایەتی و سیاسەتی سەرەڕۆیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خامنەیی کە بۆتە هۆی ئەو دۆخە، پەردەپۆش بکات. ئیدیعاکانی پزشکیان لە کاتێکدایە کە هەر لە ماوەیەدا، جەواد زەریف، جێگری ناوەندی ئیستراتیژی سەرکۆماری، باسی لە قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوخۆ لەسۆنگەی گەمارۆکانی ئامریکا و ئورووپا کردوە. سەرەڕای ئەو هەموو گیروگرفتە و ئابووریی تێکتەپیوی وڵات کەچی پزشکیان لە بودجەی ساڵی ١٤٠٤دا سەتا ٥٧ی داهاتی نەوت و گازی و بەرهەمە نەوتییەکان لە بودجەی بۆ هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکان و گەلاڵەی تایبەت تەرخان کرد!

لە وەها بارودۆخێکدا مەسعوود پزشکیان بۆ شاردنەوە و لاوازیی مودیرییەتی کەلانی ئابووری - سیاسی ڕێژیمەکەی، بە بەردەوام چەواشەکاری دەکا و بە ڕای گشتی ڕادەگەیەنێت کە دەستێکی دەرەکیی ڕۆژئاوایی لە پشت گرفت و کێشەکانی

لاوازیی ئابووریی و وەبەرهێنانی ئابوورییە و ڕووی قیبلەی لە ڕوسیە، چین و گرووپی "بریکس" کردوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی باڵای دەوڵەتی ئامریکا چەندین جار بە پێچەوانەی قسەی بەرپرسانی باڵای ڕێژیم، ڕایانگەیاندوە کە مەبەست لە گەمارۆکان، گوشار خستنەسەر گەلانی ئێران نییە، بەڵکوو ناچارکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی ڕەفتاری سیاسیی، دەسپێڕانەگەیشتنی بە چەکی ناوەکی، وازهێنان لە سیاسەتی دەستێوەردان و پەرەدان بە تێرۆریزم، نائەمنکردن و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە. هەڵبەت کارناسانی سیاسی نایشارنەوە لە ئامانجی سەرەکیی ئامریکا لە گەمارۆ خستنەسەر کۆماری ئیسلامی داخستنی دەرگاکانی دەستپێڕاگەیشتنی ڕێژیمی ئێران بە سەرچاوەکانی دراو و زێڕە هەتا بەو هۆیەوە دراوی ئێران پشتیوانەی خۆی لە دەست بدات و ڕێژیم نەتوانێ درێژە بە تەڕاتێنەکانی خۆی لە ناوچە بدات و بۆ دابینکردنی ئیمکاناتی ماڵی بۆ گرووپە نیابەتییەکانی لە ناوچە و جیهان تووشی چەرمەسەری ببێت.

بەکورتی بە قسەکانی مەسعوود پزشکیان لە مەجلیس، ڕەدیفی بودجەی ١٤٠٤ و دۆخی سیاسی و ئابووریی وڵات دەردەکەوێ ئاسۆیەکی ڕوون بۆ باشتربوونی ژیان و بژیوی خەڵک دوورەدستە. بۆیە چاوەڕوان دەکرێ بە تێکەڵبوونی چینی هەژار و برسی بە نارەزایەتییەکانی مووچەتەوەر لەگەڵ نارەزایەتییە مافتەوەرەکان، گۆڕانکاری بەرین لە بزافی کۆمەڵایەتی و بزافە سیاسییەکان لە قازانج و بەرژەوەندی گەلانی ئێران ڕوو بدات. لە کاتێکدا پزشکیان بودجەی ساڵی ١٤٠٤ی بە پێی دۆخی شەڕ دارشتووە، لە کاتێکدا خامنەیی ئێران بەرەو شەڕێک دەبا کە شەڕی خاک و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران نییە، لە کاتێکدا کۆی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەتا بینەقاقای کۆمەڵگەی هاتوون، خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە دەبێ لە پێشەوەی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکدا بێت.

ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هاتنەدیی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک پێویستیی بە هاتنە مەیدانی تێکڕای گەلانی ئێران بۆ سەر شەقامە. بێگومان بەرینبوونەوەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان و بەرینتر بوونەوە خەباتی شارە کە دەتوانی کاتالیزۆری هەرەسهێنانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ لە داهاتوویێکی نزیکدا.

٢٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# وڵایەت بیمار



**پژمان شەریعەتی**

چەند ڕووژیگە "ستاد امر بە معروف و نهی از منکر" ڕێژیم ک سەر وە سپای تروریست پاسدارانە، لە بەش ژنەیل و بنەماڵە، باس لەوە کەن ک توان کلینیکێ تەرک بی حجابی بخەنە ڕێ!

ناو و کردەوە و تەقەلای ڕێژیم لەی ڕاسا بیەسە بایس یە ک کۆمەڵگا قەشمەری وە پێان بکەن و سەریان سڕ مەنێە ک کاروەدەسەیل و لایەنگرەیلێ ئی ڕێژیمە تا چەنیگ بیمارن و گشت هەوڵیان یەسە ک وە هەر ڕێێگ بتۆنن کۆمەڵگا ئازار بیەن.

وە پەی قسەی وەرپرسەیل ئی ستادە، لەو کلینیکە هەوڵ دەن وە موشاورە و دەورەیل دەرمانی، نەخوەشی بی حجابی چارەسەر بکەن.

**لێرە چەند خاڵ تیەنە وەر باس:**

**جیا لە خوەیان گشت کۆمەڵگا وە نەخوەش ڕەوانی دۊنن! یا خاسترە بوشیمن ئەوقەرە بیماری ڕەوانییەگەیان بان گردێە ک گشت وە نەخوەش دۊنن.**

**ماوەیگە لە ئەدەبیات سیاسی و فەرهەنگی خوەیان هەوڵ دەن، دژبەرەیل دەسەڵات و چالاکەیل سیاسی، مەدەنی و گشت بەشەگان جوور نەخوەش بناسنن، یە لە حاڵێگە ک وەرجە ئی بابەتە چالاکییەگان تەنیا جوور تاوان وەلێان باس کردیان. خود بابەت حجاب چەندین باس لە خوەی گرێدن:**

**هەر تاکیک لە دونیای ئمڕووژ حەق سەرەکی خوەیە ک پرتاڵ و شێواز دەرکەفتن خوەی لە کۆمەڵگا دیاری بکەیدن و هیچ کەس حەق نەیرێد سووکایەتی وە سیما و دڵنگ و خواستەگان تاک بکەیدن و ئەڕای دیاری بکەی چۊ خوەی لە کۆمەڵگا و ژیان شەخسی خوەی دەربخەیدن.**

**پرس حجاب تەنیا ئەڕای مەرکەز ئیران و ئیدئولوژی دوا کەفتێ ڕێژیم بابەت موهمیگە و لە فەرهەنگ ملەتەیل ترەک ئێران وە تایبەت ئیمەی کورد هیچ وەخت نەیوەسە پرسیگ ک کۆمەڵگا وەخوەیەو سەرقاڵ بکەی و بووده بەشیگ لە موبارزەی ئازادیخوازانەی کوردستان.**

**لە لای ترەکیش ڕێژیم جومهوری ئسلامی تواى مەیدان موبارزەی ئازادیخوازانە بۊچگەو بکەید و لە ئاست حجاب بوود و ئەوج خواست کۆمەڵگا تەنیا لاوردنێ لەچگێگ بوود و گشت کردەوەیل سیاسی و مەدەنی وە دەور محوەر حجاب بچەرخێد.**

**خاڵی سەرەکی ترەک لە ساختار و عەقڵیەت ئرتجاعی ڕێژیم، ژن جوور ئنسانیگ کامڵ نیەزانێد و جوور وەسیلە دۊنێدەی. نەهادەیل وەناو فەرهەنگی ڕێژیم ک لە ڕاسی ماهیەتیگ دژە فەرهەنگ درن و گشتیان سەر وە سازمانەیل نزامی و ترۆریستی ڕژیمن و جوور گروهەیل میلیشیایی لە ژێر ناو ستاد امر بە معروف، جوور گشت ارشاد و پلیس امنیت اخلاقی، عفاف و حجاب و ناوەیل ترەک، گشت هەوڵێان یەسە ک کۆمەڵگا نائەمن بکەن و ئی نەخوەشەیل ڕەوانییە شادی و خوەشیان یەسە ک مەردوم ئازار بییەن و بکوشن و بوورن.**

**وەختێگ نوڕیدە سەر و سیمایان، ڕەفتار و کردەوەیان، قسە و گەپ و گوفتیان لازم نییە ک ڕەوانشانس بۊیدن، وە**

ئاسانی ئەڕاد دەرکەفێد ک نەخوەشی دەروونی درن و ئەگەر له چەو پزشک ڕەوانشناسیگ بنووڕیده پێان، دەیان جوور بیماری ڕوانی لەو تاکەیله شناسایی کەید.

کارەسات لێرەسه ک ئی بیمارەیله، توان ئێمه دەرمان بکەن!

له ڕاسی ئەوان له کلینیکەیل تایبەت پەروەرده کریەن، تا هیچ ڕەنگ و بوویگ له ئنسانیەت وه پیان نەمینێد و جوور گیانلەوەرەیلییگ ک تەنیا وه شێوه له ئنسان چن، ئاماده کریەن ئەڕای ئازاردان و کوشتن و بڕینێ ئنسانیەت.

گشتیان وەتاریٚ ڕەهبەریان خومەینی کەن، ک هیچ ئهساس ئنسانیگ نیاشت، گشتمان شنەفتیمنه و دیمنه ک وەختیگ خومەینی سوار هەواپەیما بوود و تیەی ئڕای ئێران، خەبەرنگاریگ وه خومەینی پرسێد، ک دوای ئی هەمکه ساڵه تواى بچیده ئێرانیگ ک ئنقلاب کریاس چ حسیگ درید، خومەینی  له جواو وەت هیچ!

هیچیگ، که قووڵایی کارەساتەگه نیشان دەی و ئەوج بیماری له تاکیگ و ئەو نەخوەشیه له ناو گشتیان ئپیدمی بییه.

ئێرنگه نزیک وه پەنجا ساڵه ک ئی نەخوشیه هاتیەسه ناو ئێران، گشت ملەتەیل ناو ئی جوغرافیا گرفتار کردێه و بیەسه ئازارییگ گشتی و هەر ڕووژ دەردییگ وەی مەردومه زیاد کەن.

بیمارەیلییگ ک وه تاڵ موسەر ئالرژی درن، وه ژن ترسن، ئازادی ئەڕایان مانای مەرگ درێد، ئنسانیەت و کرامەت ئنسانی وەناو زەینیان جییٚگ نەیرێد، عداڵەت له ناو قامووسیان بوونیگ نەیرێد و سەدان بابەت ترەک.

لێرەسه دی هەڵەوگەردێده سەر خوەمان، ئایا بیلیمن ولایەت بیمار وەسەرمان هەر حوکمڕانی بکەید؟ تەمام ئی ئازارەیله ک ڕووژانه له ڕوح و گیانمان دەن هەر تەحەمول بکەیمن؟

تەنیا چارەسەری ئی نەخوەشیه یەسه ک وه ئرادەی بەرز ئنسانی خوەمان موبارزه بکەیمن و ئازادی و کرامەت ئنسانییه ک هەم دەردەیل خوەمان دەوا کەی و هەم ئەو بیمارییه لەبەین بەیدن.

٢٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## پرسی کورد وەک دەرفەت، لە هەموو بەشەکانی کوردستان




**فەتاح ڕەسووڵی**

لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا گەلی کورد بەردەوام هەوڵی داوە بە شێوازی ئاشتییانە و بە دوور لە شەڕ و توندوتیژی مافە سەرەتاییەکانی خۆی دەستەبەر بکات. بەڵام بەداخەوە هەمووجارێک داخوازی ڕەوای بزووتنەوەکانی کوردی بە شێوەیەکی بێبەزەییانە لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە ولام دراونەتەوە و لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت کەڵکیان وەرگرتوە. نەتەوەی کورد ئەگەرچی لەوماوەیەدا سەلماندوویەتی ڕوحیەتی پێکەوەژیان و دێموکراسی وەک بنەمای مرۆڤایەتی هەیە و باوەڕی بە چارەسەری ئاشتییانە هەیە، بەڵام بە تانک و تۆپ و تەیارە، بە گرتن و کوشتن و تیرۆر و شاربەدەرکردن و بەندیخانە و کۆچی زۆرەملێ و ئەنفال و کیمیاباران کردن وڵامی دراوەتەوە. هەموو ئەو هێرش و پەلامارە زۆر و زەبەندانەش نەیتوانیوە کورد بە چۆک دابێنێت و بوێرانە بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە بەرگریان لە خۆیان کردوە و لەبەرامبەر سپای چوار دەوڵەتی داگیرکەر وەستاونەتەوە.

دوای شەڕی جیهانی یەکەم کاتێک کورد بەسەر چوار حکوومەتی ئێران، تورکیە، سووریە و عێراقدا دابەش کرا، هەموو

هەوڵی سەرکردە نەتەوەییەکانی ئەوە بووە هەوڵ بدرێ بە ڕێگای دیالۆگ و لەیەکتر تێگەیشتن بە دوور لە شەڕ و ئاژاوە پرسی کورد چارەسەر بکەن و هەمووولایەک لەوە تێبگەیەنن مەسەلەی کورد نەک مەترسی نییە بەڵکوو دەتوانێ وەک دەرفەتێک بۆ گەشانەوە و بەرەوپیش بردن لە هەموو بوارەکانی سیاسی، نیزامی، ئابووری و کولتووری کەڵکی لێ وەربگیردرێ. ئەگەرچی هەرکام لە پارچەکانی کوردستان خاوەن تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و جۆری سیاسەت و تێڕوانینی خۆیان بەڵام بێ جیاوازی لەلایەن حکومەتی ناوندەوە داواکانیان بە هیند وەرنەگیراوە و هەوڵی بەلاڕێدا بردنی دراوە.

دوای ڕووخانی سەدام و بزووتنەوەی بەهاری عەرەبی دوو پارچەی کوردستان واتە باشوور و ڕۆژئاوا بە وریاییەوە کەڵکیان لەو دەرفەتە وەرگرت و هەتا ڕادەیەک توانیان بیقۆزنەوە و بە بەشێک لە ویست و داخوازەکانی گەلی کورد بگەن، ئەوە لەحاڵێکدابوو کە کوردستانی باشوور پێشتر ئەزموونی خودموختارییەکیشی هەبوو. ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەگەرچی هەتا ئێستا وێڕای خەباتی بەردەوام و نەپساوە، بە ئامانجەکانی نەگەیوە بەڵام خاون بزووتنەوەیەکی بەهێز و خاوەن گوتاری تایبەتە کە هەتا ئێستا بە شێوەیەکی لۆژیکی و جوان تێکۆشاوە و لەهەر ئەگەرێک ئامادەی هەڵویست و کاردانەوەیە.

حکوومەتی تورکیە وەک دەستەڵاتێکی بەرواڵەت ئازاد و دێموکرات کە سالانێکە هەوڵ دەدا بچێتە یەکێتی ئورووپاوە، لە نێوەڕۆکدا هیچ نەماوە بە دژی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان نەکا، مێژووی جینایەتەکانی ئەرتەشی تورک لەبەرامبەر کورد و بزووتنەوەی سیاسی بەجۆرێک بووە کە دەکرێ بڵێین ڕووی هیتلەر و داعشیشی سپی کردووە، کارەسات و جینایەتی گەلی زیلان و لەسێدارەدانی بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی کورد و هەزاران هاونیشتمانی بەشێکن لەو سەرکوتە خوێناویانەی دەوڵەتی تورک دەرحەق بە ویستی ئازادیخوازی کورد کردوویەتی.

ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە دوای هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل، بەردەوامی شەڕی ڕووسیە و ئۆکراین، ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین قەیرانی سیاسی و ئابووری و نەبوونی مەشروعیەتی تەواوەتی حکومەتی تورک، دەستەڵاتدارانی تورکییەی بە شێوەیەکی خێرا هێناویتە سەر ئەو قەناعەتە کە بخوازن پرسی کورد چارەسەر بکەن. سەرۆک کۆماری تورکیە و پارتی نەتەوەخواز و دژە کوردی تورکیەش وێڕای قسە و لێدوانەکانیان باسی چارەسەری پرسی کوردیان کردووە. لەم نێوەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕ کە؛ ئایا تورک لە بەرامبەر پرسی مافخوازانەی کورد نیاز پاکە؟ هۆکاری ئەو پەلەپەلەی دەستەڵاتدارانی تورک بۆ چی دەگەڕێتەوە؟!

وێدەچێ تورکەکان لەوە بترسێن پریشکی ئاگری ئەو شەڕانەی ناوچە داوێنی ئەوانیش بگرێتەوە و لە شەڕێک بگلێن کە دەربازبوونیان لێی ئەستەمە و کاریگەرییەکانی تووشی دارمانیان بکات. لەم نێوەشدا تورکەکان لەوە دەترسێن ئەو هۆکارانە

بینە هۆی بەهێز بوونی کوردەکانی باکوور و بە پشتیوانی ڕۆژئاوا و باشووری هەتا ڕادەیەک ئازاد ئەوانیش بە مافەکانیان بگەن و مەترسی جدی بۆسەر قەوارەی دەوڵەتی تورک درووست بێ. لەلایەکی دیکەشەوە باس لەوە دەکرێ ئەردۆغان بۆ دەستتێوەردانی جارێکی دیکە لە یاسای بنەڕەتی تورکیە و خۆ پالاوتنی بۆ چەندەمین خول پێویستی بە دەنگی پارلمانتارانی کوردەوە هەیە و بەم شێوەیە دەیهەوێ کوردەکان هەڵبخەڵەتێنێت و کەڵکاژۆیان لێ وەربگرێت. لێرەدا دەبێ بزووتنەوەی سیاسی کورد لە باکووری کوردستان باش لەوە تێبگات، چی دیکە نابێ دە داوی پیلانەکانی تورک بکەوێ و هەموو هەنگاوێکیان بەپێی بنەمای یاسا و مەنتقەوە بێ. کورد سەلماندوویەتی هەمیشە لەگەڵ ئاشتی و دیالۆگ دایە بەڵام ئەمجارە ئەگەر ئەردوغان و ڕەوتە سیاسییەکانی دیکەی تورک بەو ڕاستییە گەیشتوون کە، نەتەوەیەکی دیکەش لە تورکیە بەناوی کورد هەیە و مافی خۆیەتی ئازادانە ویست و داخوازە ڕەواکانی بهێنیتە بەرباس و پێیان بگات، دەبێ ئەو بکەن بە یاسا و لە پارڵمان دەنگی بۆ بدەن و تەنانەت نیاز پاکی خۆشیان بەوە بسەلمێنن کە "عەبدوڵلا ئوجەلان" ڕێبەری بەندکراوی پ.ک.ک ئازاد بکەن، واز لە سیاسەتی چەوساندنەوەی و ئاسەمیلەی کورد بێنن، سەرکوت و گرتنی کورد بوەستێنن، چی دیکە قەییوم بۆ شارەوانییەکانی کە لەلایەن کوردە لە ئاکام هەڵبژاردنەکانەوە وەدەست هاتووە، دانەنێن و بەم شێوەیە هەوڵی چارەسەری پرسی کورد بدەن. بەدەر لەمە دەبێتە پیلان و هەڵخەڵەتاندنی گەلی کورد و کەڵکاژۆی نابەجێ لە نییەتی پاکی کوردەکان.

لەلایەکی دیکەشەوە هەر دوای ئەم لێدوانانە دوو ڕووداوی گوماناوی سەریان هەڵدا، لەلایەک هێرش کرایە سەر "پیشەی هەوافەزای" تورکیە و دواتر باڵی نیزامیی پارتی کرێکارانی کوردستان ئەو کردەوەیەی وەئەستۆی خۆی گرت! لەلایەکی دیکەشەوە دەوڵەت باغچەلیی ڕەگەزپەرەست کە پێشتر بانگەشەی بۆ ئازادی کورد و ئوجەلان دەکرد بەجۆرێکی دیکە قسەکانی بادایەوە، ئەو پێشتر ڕایگەیاندبوو با ئوجەلان بێت و پارڵمان و داوای چەک کردنی پ.ک.ک بکات بەمجۆرە کۆتایی بە قەولی ناوبراو بە تیرۆر بهێنێت!

بەڵام بەراستی ئەم جورە لێدوانانە دەبنە بنەما بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد؟ ئەو قسە گاڵتەجارییانە و بێڕێزی کردن بە کورد بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەبێتە نیازێکی پاک بۆ پرسی کورد؟ واباشە ئەو حکومەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش کراوە باش لەوە تێبگەن کە سەردەمی شەڕ و بێ ڕێزی پێکردن و چاوبەستن کۆتایی پێ هاتووە، هەم کورد چاوکراوە و هێزی گرتووە هەمیش جیهان لەو حکوماتانە کە هەر چواریان بەجۆرێک دیکتاتۆر و توتالیتەرن تێگەیوە. ئەوان ئەگە بە شێوەیەکی راستەقینە لە هەوڵی چارەسەرکردنی پرسی کورد دان، دەبێ بە کردەوە و بە نییەتێکی پاک هەنگاو بنێن. ئیستا کە چاخی چاخی پێشکەوتن و تێکنۆلۆژی و گەشەی زانست و ئابوورییە چارسەری پرسی کورد دەبێتە دەرفەت و هۆکاری پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە بەدەر لەوە ئەگە کورد لە ئاکام خەباتی بەردەوامی خۆی بەو مافە بگات ئەوە زۆر ئاساییە لە

خەزەڵوەری ٢٧٢٤

دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین وەک بنەمایەک لە مافەکانی مرۆڤ کەڵک وەربگرێت و هیچ زەمانەتێک بۆ مانەوە لە چوارچیوەی ئەو وڵاتانە نامێنێت و دەتوانن وەک هەموو وڵاتانی ئازادی دنیا سەربەخۆ بن، دەنا بە ڕازی بوون بە مافی کورد و هاوبەش بوون لە دەسەڵات و مافە ڕەواکانی ئەگەری زۆرترە کورد جارێ هەر لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا بمێنێتەوە و درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن ئەوە نایەتە دی مەگەر مافەکانی کورد دەستەبەر بن.

٢٣ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# هەلومەرجی ئێران هەر ئینقلابییە



**هەردی سەلیمی**

بۆ ئەوەی ئاگاداری دۆخی گشتیی کۆمەڵگەیەک بین سێ ڕێگە لە بەردەمدایە، ڕێگەی یەکەم ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵک ڕاپرسی بکرێ و ئاکامی کۆمەڵگە ئامارییەکە بەسەر هەمووان‌دا دابەش بکرێ، ڕێگەی دووەم لە ڕێگەی سەندیکا و دامەزراوە مەدەنییەکان و نوێنەرەکانیانەوەیە و ڕێگەی سێهەمیش نارەزایەتیی سەر شەقامە؛ لەم سێ ڕێگەوە دەکرێ ویستی خەڵک ببیسرێ. هەرچەند دوو ڕێگەی دوایی لە ئێران‌دا واتە سەندیکا و نارەزایەتیی گشتی، بەردەوام سەرکوت کراون و ویستەکانیان بەلاڕێدا براوە یان تۆمەتی جۆراوجۆر خراوەتە پاڵیان، بەڵام ڕێگەی یەکەم کە هەمان ڕاپرسییە، بەو مەرجەی خەڵک ترسیان نەبێ و قسەی دڵیان بکەن، زۆر شت ڕوون دەکاتەوە؛ کە ئەڵبەت بەپێی ئەو نارەزایەتییانەی لەم ساڵانەی دوایی‌دا ڕوویان داوە، پێویست بەوە ناکات بزانین زۆربەی خەڵکی ئێران چییان دەوێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامار جێی لێوردبوونەوەیە و ئەگەری ڕەدکردنەوەی سفرە.

لە پاییزی ساڵی پێشوودا دەفتەری گەڵاڵە نیشتمانییەکانی توێژینگەی فەرهەنگ، هونەر و پێوەندییەکانی ئێران

ڕاپرسییەکی لەژێر ناوی "شەپۆلی چوارەمی پێوانەی نیشتمانیی بایەخ و ڕوانینی ئێرانییەکان" بڵاو کردەوە، کە بە پێی ئەو ڕاپرسییە کەوا لە ١٥ پارێزگای ئێراندا کرابوو، زیاتر لە ٦١٪ی وڵامدەران دۆخی ئاراییان پێ خراپ بوو و وتبوویان پێویستی بە چاکسازیی هەیە، پتر لە ٣٠٪ پێیان‌وابووە دۆخی وڵاتی ئێران چاک نابێ و هەشت لەسەدیش دۆخی ئێستایان پێ باش بووە. ئەوەی لێرەدا جێی لێوردبوونەوەیە ئەوەیە کە دوو پارێزگای ورمێ و سنە لەو سێزدە پارێزگای تر هیوابڕاوتر بوون بە چاکسازی و زیاتری خەڵکی ئەم دوو پارێزگایە پێیان‌وابووە ئەو دۆخە چاک نابێ. لەبیرمان بێ ئەم ڕاپرسییە ساڵی پێشوو کراوە و بە کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی ئەمساڵیش بێ‌گومان ئەو ڕادەیە زیاتر بووە، هەروەک چۆن بەناو هەڵبژاردنی سەرۆک‌کۆماری بایکۆت کرا، کە نیشان لەوەیە ڕادەی بێ‌هیواییان لە چاکسازی لە درێژەی ئەو چەند مانگەدا زیاتری کردووە و کەمتر نەبووە. دەبێ ئەوەش زیاد بکەین کەوا هەر بە پێی ئەو ئامارە سەروو ٩٠٪ی خەڵکی ئێران لە هەل‌ومەرجی ئارایی ناڕازین و خوازیاری گۆڕانن، بەدەر لەوەی چ جۆرە گۆڕانێک بێ، بەو دۆخە ڕازی نین، کە ئەمەش شایانی سەرنجی زیاترە.

با بەم ئامارە ترسی "مەرعەشی"، سکرتێری حیزبی "کارگزاران سازندگی ایران"یش زیاد بکەین کە وتوویەتی: "٧٥٪ی خەڵک ناڕازین و گەر بێت و بێنە سەر شەقام، کەس ناتوانێ پێشیان پێ‌بگرێ." دۆخی ئابووریی ئێستای ئێران لە دژوارترین دۆخی مێژوودایە، ئابووری چون لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بەرەوروویە زیاترین کاریگەری لەسەر هەستی نارەزایەتی دادەنێ. گرانی، هەڵاوسان، ئەگەری گران‌بوونی بێنزین، نەبوونی برق و نەبوونی گاز کە گوشارێکی زیاتر دەخاتە سەر بەشی ئابووری و ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، لەو هۆکارانەن کە ئاستی نارەزایەتی چەندقات دەکەن. خەڵک لە ڕووی ئابوورییەوە نەتەنیا هیوای بە چاکبوونێک نییە، تەنانەت هەمیشە چاوەڕێی دۆخی ئەستەمتریشن، هەموو ڕۆژێ بە نگەرانییەوە سەیری نرخی دۆلار و زێڕ و باقیی پێویستی و پێداویستییەکان دەکەن.

لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییشەوە گشتیەتی کۆماری ئیسلامی ژیانێکی پڕئازاری بۆ خەڵک بەرهەم هێناوە. سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی چاکبوونی دۆخیان بە خەڵک دەدا بۆ ئەوەی دەنگ بە پزشکیان بدەن، بەڵام لەو کاتەوە دۆخ خراپتر بووە. فیلتێرینگ لەسەر جێی خۆیەتی، حیجابی زۆرەملی هیچ وەک خۆی ماوە، خەریکن ڕێکاری نوێتر و سەرکوتی زیاتر بۆ ژێرپێنانی دادەنێن. لە ڕووی سیاسەتی دەرەوە مۆتەکەی شەڕ بەسەر ئاسمانی ئێرانەوە دەخولێتەوە، دەسبەسەرکران و ئێعدام و خۆکوژییە سیاسییەکان زیاتر بوون، کۆی ئەمانە هۆکاری نارەزایەتی و تووڕەبوونی زیاتری خەڵکی لێ‌دەکەوێتەوە.

جگە لەوانەی ئاماژەی پێ کرا دەتوانین بڵێین چەند کەلێنی گرنگ لە کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە کە بەردەوام ئەگەری

خەزەڵوەری ٢٧٢٤

سەرهەڵدانی نارەزایەتیی بەرفراوان بەهێزتر دەکەن. کەلێنی نەتەوایەتی: ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هیچکام لە نەتەوەکان لە ڕووی مافەوە خۆیانی تێدا نابیننەوە و بەردەوام هەستی نارەزایەتییان هەیە کە ئەگەرێکی بەهێزە بۆ سەرهەڵدانی نارەزایەتیی تر. کەلێنی چینایەتی: وەک باس کرا دۆخی ئابووریی ئەو وڵاتە بەڕاستی دارماوە و زۆرینەی خەڵک هەست بە بێبەشی دەکەن و هێڵی هەژاری حەشیمەتێکی زۆری گرتووەتەوە؛ ئەم هەستی هەژاری و بێبەشییەش بزوێنەرێکی سەرەکیی دیکەیە بۆ نارەزایەتیی زیاتر. کەلێنی ڕەگەزی: لەو کەلێنانەیە کە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییش جەختی لەسەر دەکاتەوە و بەشێکی زۆر لە نارەزایەتییەکانی ساڵی ١٤٠١ی لەخۆ گرتبوو و یەکێک لە هاندەرە سەرەکییەکان بوو. کەلێنی باوەڕ و ڕەوایی: لە نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدا کەلێنێکی قووڵی بڕوا و متمانە و ڕەوایی هاتووەتە گۆڕێ کە وەک وێدەچێ بە هیچ پڕ نابێتەوە و خەڵک لە کۆماری ئیسلامی تێپەڕیون.

کۆی ئەم کێشانە کەوا یەخەی بە کۆماری ئیسلامی گرتووە، خەڵک هەتا دێ نارازیتر دەکات و دەسەڵاتیش دەستەوەستانتر، کێشەکان لە ئاستێکدا قووڵن کە گەر حکوومەت تەنانەت ویستی چاکسازییشی بێ، بۆی ناکرێ و ئەمەش وڵات ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر بەرەو نارەزایەتیی گشتی پاڵ پێوە دەنێ، بۆیە بەهەق پتر لە ٩٠٪ی خەڵک نارازین و جار لەگەڵ جار زیاتریش بێهیوان بەوەی لەسەر دەستی کۆماری ئیسلامی کێشەیەک چاک ببێ.

٢٦ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# گۆشت مەخۆن و خۆتان گەرم داپۆشن!



**عەلی بداغی**

لە کاتێکدا هەڵبڕینی برق بۆ خەڵکی ئێران بووەتە دەردی سەرباری دەردان و، ژیانی خەڵکی ئاسایی بەتایبەت ئەوانەی نەخۆشیان هەیە، خەڵکی بازاڕی، سنعەتکار و کرێکارانی یەکە بەرهەمهێنەرەکانی بەرەوڕووی ئاستەنگ و قەیرانی زۆر کردووە و، لە کاتێکدا دەوڵەت بەڕەسمی ڕایگەیاندووە خەڵک دەبێ لە وەرزی ساردوسەرمای زستاندا خۆیان بۆ قەیرانەکانی کەمیی وزە و سووتەمەنی ئامادە بکەن؛ سەرکۆماری ئێران چارەسەرکردنی ئەو قەیرانەی لەوەدا دیتۆتەوە کە خەڵک دەتوانن وەکوو ئەو لەماڵەوەدا جلی گەرم و ئەستوور لەبەر بکەن و ئیدی کێشەیان نامێنێ.

دیتنەوەی ئەم جۆرە چارەسەرییە لەلایەن پزشکیان بۆ قەیرانی وزە و قەیرانە بێژمارەکانی دیکەی کۆمەڵگە شتێکی نوێ نییە، وەک چۆن ئایەتوڵڵا مەکارمی شیرازی کاتێک گۆشتی مریشک گران ببوو، چارەسەرە پێشنیارییەکەی ئەمە بوو، "جا چییە با خەڵک مریشک نەکڕن و ئەگەر گۆشتی مریشک نەخۆن چ دەبێ؟" یان کاتێک چەند ساڵ لەوەپێش پەریناز بەنیسی، کارناسی دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا هاواری خەڵکی هەژار لە گرانی و شەرمەزاریی دایک و باوکان بۆ

دابینکردنی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی خواردەمەنیی ڕۆژانە بۆ منداڵەکانیان بەرز ببۆوە، لە بەرنامەی تەلەڤیزیۆنیدا چارەسەر لای ئەو نەک ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و زوڵم و بێدادییەکەی؛ بەڵکوو هاندانی خەڵک بۆ ئەوە بوو گۆشت و میوە و ئاجیل لە بەرنامەکانی خواردنیان بنێنە لاوە و ئیدی کێشەیان نامێنێ و ئاو بێنە و دەستان بشۆ! لێرەدا فەرمایشتەکانی مەسعوود پزشکیان لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی وەزارەتی نەوت و وزە دەکەینە بیانوویەک بۆ وەبیرهێنانەوەی وادە و بەڵێنەکانی پێش هەڵبژاردنی بە سەرۆککۆمار، ئەویش لە کۆتایی چوارەمین مانگی دەوڵەتەکەیدا.

مەسعوودی پزشکیان کە لە مانگەکانی پێش هەڵبژاردندا بە وادە و بەڵێنی وەک کرانەوەی سیاسی و باشتر کردنی دۆخی ئابووری، کۆتاییهێنان بە گەشتی ئیرشاد و نەهێشتنی فیلتیرینگ، و ئاساییکردنەوەی پێوەندیی دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و لەو سۆنگەیەوە کەمکردنەوە لە گوشاری گەمارۆکان؛ کەسایەتییەکی گۆڕانخوازی لە خۆی دروست کردبوو و تروووسکەیەکی هیوای خستبووە دڵی لانیکەم کەمە لایەنگرەکانی؛ بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا دەریخست لە دووڕوویی و بێکیفایەتیدا ڕووی ئەوانی پێش خۆیشی سپی کردووەتەوە.

ئەزموونی چوار مانگی یەکەمی حوکمڕانیی پزشکیان لە هەموو بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسەتی دەرەوەدا پێمان دەڵێن دۆخی ژیانی خەڵکی ئێران تەنانەت زۆر خراپتر لە سەردەمی حوکمڕانیی ئیبراهیم ڕەئیسیی جەللادە. لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانیشدا پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا، وڵاتانی عەرەبی و ئورووپا پڕقەیرانتر لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامییە. بۆ نموونە ئاڵمان هەموو کۆنسولخانەکانی کۆماری ئیسلامیی داخستوە و داوا دەکا یەکیەتیی ئورووپا سپای پاسداران بە ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بناسێت. بریتانیا دەستێوەردانی نیزامیی ئێران لە شەڕی ئۆکراین لە بەرژەوەندیی ڕووسییەی بە کردەوەی دوژمنکارانە ناو بردوە و گەمارۆ ئابوورییە یەکلایەنەکانی دژ بە ئێرانی لە سەردەمی سەرکۆماریی پزشکیاندا زیاتر کردوە. ٢٧ وڵاتی یەکیەتیی ئورووپاش گەمارۆیان خستووەتەسەر "ئیران ئایر"، "ماهان" و "ساها"، سێ کۆمپانیای سەرەکیی فڕۆکەوانیی کۆماری ئیسلامی و ئێستا هەموو فڕین و گەشتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ئورووپا و بریتانیا ڕاگیراوە. وڵاتانی عەرەبییش ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ هەڵوێستیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی نیزیکتر دەبێتەوە و تەنانەت لە کاتی سەردانەکەی پزشکیان بۆ عێراق، مەرجەعە باڵاکانی شیعە لە نەجەف ئامادە نەبوون چاویان پێی بکەوێ و هەتا ئێستا تاقە گرێبەستێکی هاوکاریی ستراتیژی لە بواری ئابووریدا لەنێوان ئێران و عێراق وەک نیزیکترین وڵاتی نیزیک لە کۆماری ئیسلامی ئیمزا نەکراوە.

با بێینەوە سەر دۆخی خەڵک لە نێوخۆی وڵات. پزشکیان بەڵێنی ئەوەی دابوو نەهێڵێ چیدی کەرامەتی ژن لەو وڵاتەدا وردوخاش بکرێت، بەڵام دوای چوار مانگ هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرژەوەندیی ژنان و مافەکانیان لەو ماوەیەدا بەرچاو

ناکەوێ هیچ، بەڵکوو ژنان زیاتر و بەربڵاوتر لە پێشوو لەلایەن نیزامی سیاسیی دژەژنەوە سەرکوت دەکرێن.

تیمی ئابووریی پزشکیان نەک نەیانتوانیوە سەقامگیرییەک لە دۆخی ئابووریی وڵاتدا دروست بکەن، دەبینین بایەخی تمەن لە بەرانبەر دراوە بیانییەکاندا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر داڕماوە، زێڕ بەردەوام گرانتر بووە، ئاوسانی ئابووری پتر و پتر بووە و گرانبوونی کاڵا سەرەکییەکانی ژیان سفرەی خەڵکی بچووک و بچووکتر کردووەتەوە. هاوکات داڕمانی بۆرس، ئەگەری گرانکردنی پتری بێنزین و کورتیهێنانی ٨٥٠ هەزار میلیارد تمەنیی بودجە و زیادکردنی سەتا ٤٠ی ماڵیاتەکان لەسەر خەڵک، داهاتوویەکی ناڕوون و کارەساتبارتری خستووەتە بەرچاو.

وادە و بەڵێنەکانی دیکەی پزشکیانیش لە بوارەکانی پێشگرتن بە دەرکردنی خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ و نەهیشتنی گوشارەکانی گرتن و سنووردارکردنی خوێندکارانی چالاک و ڕەخنەگر، چارەسەری قەیرانەکانی ژینگە و ئاو، دابینکردنی ئینتێرنێتی ئازاد، کۆتاییهێنان بە پەروەندەسازیی ناوەندە ئەمنییەتییەکان دژی مێدیا و ڕۆژنامەنووسان و زۆر وادە و بەڵێنیی دیکە نەک هەر وەدی نەهاتوون؛ بەڵکوو لە هەموو ئەو بوارانەشدا دۆخەکە بەرەو قەیرانی زیاتر چووە.

بۆیە کاتێک سەرکۆماری وڵات بۆ چارەسەری قەیرانی وزە تەنیا ئەوە شک دەبات بە خەڵک بڵێ لە ماڵەوە جلی زیاتر و گەرمتر لەبەر بکەن و لە هەمبەر قەیرانەکانی دیکەشدا دۆشداماوە، ئەوە نەک هەر نیشانەی دەستەوەستانی و بێکیفایەتیی ئەو، بەڵکوو دەبێ بە نیشانەی داڕمانی تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی مانا لێک بدرێتەوە.

٢٧ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانگەی ستراتیژیک



**پژمان شەریعەتی**

هەموو تاکیک و کۆمەڵێک ئاوات و خواست و ئارەزووی خۆیان هەیە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ دەدەن و بیر لەوە دەکەنەوە کە چۆن دەکرێت بگەنە ئەو ئامانجە کە لە ژیانی خۆیاندا هەیانە.

ڕەنگە بەپێی بایەخەکان و جیهانبینی لە زەینی هەر مرۆڤێکدا ئامانجەکان پلەبەندی و ئاستیان بۆ دیاری بکرێت. بەڵام ئەوەیکە گرنگە، چۆنیەتی و ڕێکاری گەیشتن بەو ئامانج یا ئامانجانەیە تاک و کۆمەڵ بۆ خۆیان دیاریی دەکەن. لێرەدایە کە ستراتیژی دێتە مەیدان و ڕۆڵی کاریگەریی خۆی دەگێڕێت و تاک و کۆمەڵ بە بیرکردنەوە و ڕوانگەیەکی تایبەت لە جیهانی پڕ لە کێبڕکێ و خێرای ئەمڕۆ بە داڕشتنی بەرنامە و دیاریکردنی ڕێگە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە تێدەکۆشن. هەر ڕێگەیەکیش بۆ گەیشتن بە ئامانج دیاری بکرێت، بێگومان کۆمەڵێک بەربەست، دەرفەت، ناڕوونی و دژواریی تایبەت بە خۆی هەیە و بۆیەشە پەیویست دەکات بۆ بڕینی ئەم ڕێگەیە ستراتیژی یان بیرکردنەوەیەکی ستراتیژیکمان هەبێت. ئەمەش دەخوازێت کە لە بنەڕەتڕا ئارمانەکانی خۆمان باشی ناسیبێت و هەموو ئەو ئەگەرانەی بۆ گەیشتن بە ئامانج لەگەڵی



سەرچاوە
Serchawe

بەرەوڕووین، بیرمان لێ کردبێتەوە، کەرەستەکانی بەردەست و دۆخمان لەبەرچاو گرتبێ و بە واقعبینییەوە پلانەکانی دیکەمان داڕشتبێ، ئەمە دەبێتە بیرکردنەوەی ستراتیژیک.

ئێمەی کورد دەبێ بەو پەڕی بایەخەوە بۆ ڕوانگە و بیرکردنەوەی ستراتیژیک بڕوانین و حیزب و سازمان، کۆمەڵ و تاکمان فێری ئەو شێوازە لە بیرکردنەوە بین و بۆ هەموو پرسێک ڕوانگەی ستراتیژیکمان هەبێت. ئەویش لە کاتێکدا بە بەردەوامی دەبیسین و دەخوێنینەوە کە کوردستان هەڵکەوتەیەکی ستراتیژیکی هەیە و خاوەن سەروەت و سامانێکی سروشتیی زۆرە و لە ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست و جیهاندا فاکتیەرێکی دیاریکەر و کاریگەرە. بەڵام لە پەنای ئەو ڕاستییەدا بە هۆی ئەوەیکە کورد خاوەن کیانی سیاسیی سەربەخۆ نییە، بە بەردەوامی لە ئەدبیاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەسەر دەستەواژەکانی کوردی هەژار، نەتەوەی مافخوراو، نەتەوەی بندەست، زوڵملێکراو و... دا دەکەوین کە هەستی خۆمانی پێ دەردەبڕین و مەزڵوومیەتی خۆمانی پێ پێشان دەدەین. ئەوە ڕاستە کە ئەمە دۆخی گشتیی کوردە و سیاسەتی داگیرکاریی نەیارانی کورد ئەو واقعە تاڵەیان بەسەر کورددا سەپاندووە، بەڵام نابێت لەو دەربیجەیەوە بۆ دەرباز بوون لەژێر ئەو ستەمکارییە بیر لە ڕزگاری بکەین. واتە چونکە مافمان خوراوە، دەبێ خەبات بکەین و مافەکانی خۆمان بەدەست بیهێنین، لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر مافمان پێ بدرێت و هەموو کێشەکانمان چارەسەر بن، ئەدی لە جیهانی ئەمڕۆدا دەتوانین سەرمان لەنێو سەران بێ؟

ڕاستە ئەوە مافی سروشتی ئێمەی کوردە خاوەن کیانی خۆمان بین و وەکوو نەتەوە ڕزگارکراو و ئازادەکانی دیکەی جیهان بین و بۆ ئەوەش خەباتێکی دوورودرێژ و خوێناویمان کردوە و ئەگەر ئەم واقعە بخوڵقێنین، فەزایەکی لەبار بۆمان دێتە ئاراوە کە بتوانین ڕوو لە پێشکەوتن بڕۆین، بەڵام ناکرێ لە ئێستاوە زۆر پرس و بابەتی گرینگی ڕۆژەڤ بە لایاندا نەچین و هەڵیانگرین بۆ قۆناغی دوای ڕزگاری. ئەم ڕوانگەیە لە داهاتوودا تووشی کێشەی زۆرمان دەکات و دەبێ لە ئێستادا بە لەبەرچاوگرتنی واقعی نیشتمانەکەمان و ناسینی کێشە و گرفتەکانمان، خاڵە بەهێزەکانمان باشتر بناسین و زۆرتر کات و بیرکردنەوە و تێکۆشانمان لەسەر ئەو خاڵە پوزێتیڤانە بێت و بناغەی بیر و تێکۆشانی نەتەوەییمان، لەسەر ئەو تایبەتمەندیانە بونیاد بنین. دیارە دوژمن و دەسەڵاتی باندەستیش باشتر لە ئێمە خاڵە بەهێزەکانمان دەناسێ و ڕوانگە و بەرنامەی ستراتیژێکی ئەو بەهۆی باڵادەستیی سیاسی و ئابووری بە نیسبەت کوردستان بەهێزترە. ڕاستە ئەوە واقعێکی تاڵە، بەڵام ئێمە دەبێ وەک خۆی بیبینین و بزانین کە دوژمنیش ستراتیژیی خۆی هەیە و بۆ مانەوە و پاراستنی خۆی، مان و کرامەتی تاکی کوردی پێشل کردووە.

جوغرافیای کوردستان، کە ناوچەیەکی شاخاوییە و کەش و هەوایەکی تایبەتی هەیە و پڕە لە سەرچاوە، بۆ نموونە

شاخەکانی کوردستان بە بەردەوامی هەستی سەربەرزی و ڕاوستاوە بوون بە ئێمە دەدەن و وەکوو هێمایێکن بۆ ئێمەی کورد، چەندین ڕوانگەمان بە نیشبەت شاخەکانی کوردستان هەیە، ڕوانگەیەکی ستراتێژیکێکی کاتیمان هەیە، ئەوەیش ئەوەیە کە وەکوو سەنگەرێک بۆ پێشمەرگە دەبینین و دژێکن بۆ دیفاع لە خۆمان، ڕوانگەیەکی دیکەشمان بە هۆی لەوەڕگە و لێرەوارەکان هەمانە کە بۆ داهاتن و بە هۆی ئاژەڵداریی کە یەکێک لە پێشە سەرەکییەکانی کوردستانە. لە بەرامبەردا دوژمن شاخەکانی کوردستان وەکوو لەوەڕگە نابینێت بەڵکوو، کەڵکی لێ وەردەگرێت بۆ دانانی پایەگای مووشەکی، تونێلە ژێرزەوینیەکان بۆ شاردنەوەی کەرەستەی نیزامی، ئەمەی ڕوانگەی ستراتێژیک!

گواستنەوەی ئاوی کوردستان، یەکێکی تر لە پڕۆژە ستراتێژیکەکانی ڕێژمە بۆ مانەوەی خۆی و بە سەروەت و سامانی کوردستان خۆی بەهێز دەکات و بەو هێزە ئێمە سەرکوت دەکات. هەرچەند لە بواری ژینگەییدا بزوتنەوەیەکی سەوز لە کوردستان هاتووەتە مەیدان و نەیانسپاردووە بۆ داهاتوو و دەتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی ستراتێژیکە و چاوەڕێ نین پاش ڕزگاری ئاور بدەنەوە بە ژینگەی کوردستان. نموونەی بەرچاو هەڵمەتی زاگرۆسانەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوو لە ڕێگەی ڕێکخراوە ژینگەییەکانی کوردستان هەر لە لوڕستان تا ماکو بەڕێوە دەچێت، ئەمە دەتوانین بڵێین هەڵمەت و بیروکەیەکی ستراتێژیکە. لە هەموو بوارەکاندا، داگیرکەر بە خوێندنەوەیەکی وردتر و ڕوانگەیەکی ستراتێژیکتر هەڵسوکوتی کردوە.

ئەمە بەو واتایە نییە کە بۆ ئێمەی کورد، ئەم پرسانە گرنگ نەبێت و بیرمان لێ نەکردبێت، بەڵام یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی ستراتیژیک ئەوەیە کە بە ڕوونی چاوت لەسەر پرسەکان بە شێوازی تایبەت بێت و تەمەرکوز بکەیتە سەر ئەو خاڵانەدا، لاوازییەکەی ئێمە لێرە دەردەکەوێت، کە بە پەرشوبڵاوی و کاتی ئاور دەدەینە خۆمان و دەمانهەوێت یەکجاری هەمووی چارەسەر کەین، واتە سیستماتیک ناجوڵێینەوە. هەڵبەت سیستماتیک بە واتای، دەسەڵات و بروکراسی نییە، یانی خاون سیستم بیت تا بتوانیت سیستماتیک بیر بکەی. لە لایەکی دیکە بیرکردنەوەی ستراتێژیکی بەڕووژە، واتە ئامانجت دیاری بکەی و ڕێکارەکەت ئیستا نەبێت، بەو واتایە کە ستراتێژی و بیرکردنەوەکەت پویا بێ و قەتیس نەمینێت بە زانیارییەکانی ئەو دەم و کات.

هەروەها بە تاکتیکی جیاواز هەوڵ بدەی بە شێوازی هەنگاو بە هەنگاو بە پرۆژەی کورت خایەن و درێژمەودا پلەبەندی بۆ بکەیت و بەردەوام بی بۆ گەیشتن و نابێت لە ئەو گیچەڵانەی دێنە بەردەممان بترسین و دوگم بمینین و لە ئالوگۆر خۆمان بەدوور بگرین.

ئەم خاڵانە لە هەموو بوارەکان: سیاسەت، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... دەبێ لەبەر چاو بگیردرێت و کاتی ئەوە هاتووە کە

ئەو پرسیارە زۆرتر لە خۆمان بکەین کە داهاتوو بۆ ئێمە چۆن دەبێت؟ یان دەتوانین بڵێەن ئێمەی کورد چ داهاتوویەک بۆ خۆمان دەخوازین؟

لێرەدا بۆ وڵامی ئەو پرسیارە زۆرجار باس لەوە دەکەین کە بگەین بە ئازادی و زوڵم و زۆر بەسەرماندا نەمینێت و خۆمان بڕیاردەر بین بەسەر خۆمان، ئەمە ڕاستیەکی چێژبەخشە، بەڵام کاتی ئەوە گەیشت کە خۆمان بڕیاردەر بین، چ بڕیارێک دەدەین؟ کوردستانێکی ئازاد، چۆن وڵاتێک دەبێت؟ ئەو کوردستانەی کە لە زەینی خۆمان وێنا دەکەین، چۆن دەمانهەوێت لە دونیای واقێعدا دروستی بکەین؟ دوورەنیگای ئێمە بۆ داهاتووی کوردستان چی دەبێت؟ و کۆمەڵێک لەو پرسیارانە کە دەبێ چڕتر و وەردتر ئاوریان لێ بدەینەوە.

ئێستا ئەو وڵات و نەتەوانەی بە فەرمی لە جیهاندا ناسراون، هەر کامەی بە پێی پێوەری خۆیان لە کێبڕکی جیهانیدا بەشدارن و دەیانهەوێت سەردەمدار بن، وڵات هەیە دەیهەوێت وەکوو دموکراتیکترین وڵاتی جیهان بیناسن، وڵات هەیە دەیهەوێ لە بواری نیزامی بەهێزترین وڵاتی جیهان بێت، ئابووری، وەرزشی و هەموو بۆعدەکانی ژیان.

بمانهەوێت یان نەمانهەوێت ململانیەکی جیهانی بوونی هەیە و ئێمەی کورد ناتوانین لەدەرەوەی ئەم بازنەدا لەگەڵ دونیا بجوڵێینەوە و تەنیا قەناعەتمان بەوە هەبێت کە خاون وڵاتین و ژیانێکی ئاسوودە بۆ خۆمان بکەین، واتە لە ئێستادا دەبێ جێی خۆمان لە مەیدانی ئەم کێبڕکیە دیاری بکەین و هەوڵی بۆ بدەین و بیرکردنەوەی ستراتێژیک و مودیریەتی ستراتێژیک دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت. کەواتە کاتی ئەوە هاتووە لە ئێستادا کە لە کاتی خەباتین، تەنیا گرفتەکان دووپات نەکەینەوە، هەر وەک ئاماژەم پێ کرد زەینی خۆمان بە هەژاری و نەهامەتییەکان و گێچەڵەکانی کە بەسەرمان سەپاوە و بەشێکیان خۆمان خوڵقاندوومانە و یارمەتیدەر بووینە سەرقاڵ نەکەین و خاڵە پوزتیڤەکان ببینین و بۆ کۆمەڵگەی خۆمان باسی بکەین.

بێگومان کوردستان پوتانسیەلی زۆری هەیە، بۆ نموونە دەتوانین ببین بە قوتبێکی ئێنێرژی لە ناوچەکە و جیهان، دەتوانین ببین بە دابینکەری ئاوی خواردنی ناوچەکە، لە ڕێگەی خاکی بە پیتی کوردستان ببینە سەرچاوەی خوراکی ناوچەکە و جیهان، لە بواری بەرهەمهێنان لە بەهێزترین وڵاتانی جیهان بین بۆ هەناردە کردن، بەرهەمەکانی کوردستان ببنە برەند لە جیهان. خەیاڵ نییە کە لە دونیای ڕقابەتی ئەمڕۆدا خۆمان لەگەڵ وڵاتانی دیکە هەڵسەنگێنین، بە دەیان وڵات لە جیهان هەن کە نیوەی کوردستان پوتانسیەیل و سەرچاوەیان نییە بەڵام قسەیکیان بۆ وتن هەیە، وەکوو نموونە وڵاتانی عەرەبی خەلیج لە ناوچەکە کە لە دە ساڵی ڕابردوودا خۆیان خزاندووتە نێو مەیدانی جیهانی و سەرنجی وڵاتانیان بەلای

خۆیان ڕاکێشاوە.

بۆیە سەرەڕای ناسینی گرفتەکان و کەمایسییەکانمان دەبێت، بە نواندنی خاڵە بەهێزەکانمان و لەبەرچاو گرتنی پوتانسیەلی وڵاتەکەمان بە نوورپینێکی ستراتێژیک درێژە بە خەبات و ژیانمان بدەین، چوونکە کوردستانمان وڵاتێکی دەوڵەمەندە و کورد خاوەن ئرادەیەکی بەهێزە و هێندە ناخایەنێت کە ببینە سەرێک لەنێو سەران.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خەسارناسییەک بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا




**هەردی سەلیمی**

لەدوای دوو ساڵ لە بزووتنەوەی ناڕەزایی و شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" دەبێ مافی ئەو پرسیارە بە خۆمان بدەین، کە چۆنە وا بە ئاکامێکی دڵخواز نەگەیشتوە تا ئێستاش و نەبوو بە شۆڕش؟ مادام ئەو مافەمان هەیە دەبێ پرسیارەکە لەلای خۆمان تەتەڵە بکەین و وڵامێکی بۆ بدۆزینەوە؛ بۆ وڵامدانەوە بەم پرسیارە دەکرێ چەندین هۆکار بوترێ، بەڵام لێرەدا هەوڵ دەدرێ سەرەکیترین و دیارترین هۆکارەکان دەسنیشان بکرێ.

پێویست بە وتنە مەبەستی ئەم نووسراوە شیکردنەوەی دۆخی سیاسیی ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەرییە، ڕەنگە خاڵی وای تێدا بێ بۆ کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش بشێ و ئەوانیش بگرێتەوە، بەڵام مەبەستەکە هەڵسەنگاندنی کرداری هێز و کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییەکان بووە لە ماوەی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکان و تا ئێستاش.

با سەرەتا بزانین شۆڕش چییە و بریتی لە چی؟ لە زمان و فەرهەنگە سیاسییە جیاوازەکاندا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ چەمکی



سەرچاوە
Serchawe

شۆڕش کراوە، "فەڕانسە"وییەکان دەڵێن: "گۆڕانی کوتوپڕ و توندوتیژانەی چوارچێوە و قەوارەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەسەڵاتێکە، کە لەودا کۆمەڵێک بەدژی بەرپرسانی وڵاتێک شۆڕش دەکەن و دەسەڵاتەکە دەگرنە دەست." "ئینگلیس"ـییەکان دەڵێن: "شۆڕش بریتییە لە پێکهاتنی گۆڕان لە شێوەی بەڕێوەبەریی وڵاتێکدا، کە لە زۆربەی کاتەکاندا ئەم گۆڕانە بە هاتنە سەرکاری سیستمێکی سیاسیی جیاواز و دەکرێ و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تێکەڵ بە توندوتیژی و شەڕە." لە فەرهەنگی سیاسیی "مێکزیک"دا هاتووە: "شۆڕش بزووتنەوەیەلی سیاسییە کەوا زیاتر ئاوێتە بە خەباتێکی چەکدارانەیە و دەبێتە هۆی پچڕان لە دۆخی پێشووی کۆمەڵگەیەک و هەروەها شێوەی نوێ لە دەسەڵات و یاسا و هەڵسوکەوت بەدوای خۆیدا دێنێ." "چینی"ـیەکانیش دەڵێن: "چینی ستەملێکراو لە ڕێی توندوتیژییەوە هێز و دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ، سیستمی کۆمەڵایەتیی کۆن هەڵدەتەکێنێ و سیستمێکی نوێی پێشکەوتوو دێنێتە جێی ئەو سیستمە کۆنە. هەروەها شۆڕش پێوەندیی بەرهەمهێنانی پێشوو لەنێو دەبات و کۆمەڵێک پێوەندیی نوێ دادەمەزرێنێ، هێزی بەرهەمهێنان ئازاد دەکات و گەشەی کۆمەڵایەتی هەڵدەکشێنێ".

لێرەدا نامانهەوێ زۆر ورد بچینە نێو باسی چییەتیی شۆڕشەوە، چون ڕای خاوەنڕایان لەم بارەوە جیاوازی و جۆراوجۆریی زۆری هەیە، بەڵام بۆ چوونە نێو باسەکەوە پێویست بوو چەند نموونەیەکی پێناسەیی و بێلایەن هەتا لایەنگرانەی چینی بێنینەوە بۆ ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەم ڕوانگانە بدۆزینەوە و ئەوەی پێویستمانە، لێیان هەڵێنجین. بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێ شۆڕش بریتییە لە گۆڕانێکی بنەڕەتیی تێکەڵ بە توندوتیژی کە دەبێتە هۆی لابردنی دەسەڵاتی ئارایی و سەقامگیربوونی دەسەڵاتێکی نوێ.

لە بەرامبەر ئەم پرسیارەشدا کە بۆچی کۆمەڵگەیەک بەرەو شۆڕش دەچێ و لە ئاکامدا چ دۆخێک دێتە ئاراوە کە دەتوانین وەک شۆڕش پێناسەی بۆ بکەین؟ کارناسانی بواری کۆمەڵناسی و سیاسەت و... وڵامی جۆراوجۆریان هەیە و لە هۆکاری دەروونناسییەوە هەتا ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی لە ڕوانگەیاندا دوور دەبینێ، بەڵام هەموو لەم بارەوە کۆکن کە کۆمەڵێک بەستێن پێویستە لە کۆمەڵگەیەکدا هەبن بۆ ئەوەی بوار بۆ شۆڕشێک بڕەخسێ، لەوانە: قەیرانی ئابووریی قووڵ، هەستی بێبەشبوون، درز کەوتنێتە نێوان پێوەندیی دەسەڵاتدارانەوە، لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە خواستی گۆڕانی ئەو دەسەڵاتە هەبێ، ئیدئۆلۆژییەکی کۆکەرەوە بۆ دەرچوون لە سیستمی هەنووکەیی هەبێ.

ئەمانەی ناومان هێنان گەر هەمووشیان هەبن بەواتای شۆڕش نییە، بەڵکوو کۆمەڵگە دەباتە دۆخێکەوە کە پێی دەڵێن: "دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیر"؛ لەم دۆخەدا یەک پریشک و جووڵە دەتوانێ ئاگر و جووڵەی تر بەدوای خۆیدا بێنێ و ناڕەزایەتی و ناڕەزایەتییەکان دەست پێبکەن.



سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ دەسپێکی نارەزایەتییەکاندا ئەمجار قۆناغێکی تر دەمێنێ بۆ نزیکبوونەوە لە شۆڕش، ئەویش بریتییە لەوەی ڕێکخراو و جەریانە سیاسییە جیاوازەکان تەنانەت بە ڕوانگەی جیاوازیشەوە لە دەوری یەکتر و ئامانجێک کە نەهێشتنی دەسەڵاتی ئاراییە کۆ ببنەوە؛ لەم حاڵەتەدا ستارتی شۆڕش لێدەدرێ. لە بەرامبەردا هێزی سەرکوت، یا ئەو هێزە کە دەسەڵاتی ئارایی پشتی پێبەستووە، بەرگری لە دەسەڵات نەکات، یا بێلایەن بمێنێتەوە و یاخود لە باشترین حاڵەتی خۆیدا پاڵ بدا بە خەڵکەوە، ئەوە شۆڕش سەر دەکەوێ؛ ئەمە ڕەوتی گووران و فراژووی دیاردەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی بەناوی شۆڕشە؛ کە ڕوون نییە ئەم ڕەوتە چەندە درێژە دەکێشێ.

بەم پێشەکییەوە چاوکراوەتر دەبین بۆ ئەوەی بزانین لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا یا "ژن، ژیان، ئازادی"دا چی ڕووی دا و بۆ بە ئاکامی دڵخواز نەگەیشت. ئەوەی کە ناوی دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیریان لێناوە، لە ئێرانی ١٤٠١ و ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بەرچاو دەکەوت، واتە قەیرانە ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە ترۆپکی خۆیدا بوو، کۆماری ئیسلامی لە ڕوو و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتێکی تاکەوتوو بوو، خەڵک هەستیان بە هەڵاواردن و بێبەشی دەکرد؛ ئەو پریشکەش کەوا بۆ هەڵگیرسان پێویست بوو بە کوژرانی ژینا لێدرا و نارەزایەتییشی بەدوای خۆیدا هێنا و هەموو لەم بارەوە هاوڕاین گەورەترین و بەرفرەوانترین بزووتنەوەی نارەزایەتیدەربڕانەی مێژووی کۆماری ئیسلامی بوو، بەڵام بۆچی نەیتوانیوە تا ئێستاش دوایین قۆناغەکان ببڕێ؟

پێویستە بوترێتەوە ئەم وتارە هەوڵ دەدا تیشک بخاتە سەر ئاستی سەراسەریی ئێران.

## ئاسایینواندنی ڕووخاندنی دەسەڵات:

ئێمە شایەد بووین هەتا ساڵێک لە دەسپێکی نارەزایەتییەکانیش، هەموو شتێک سادە دەبینرا و ئەو جددییەتەی بۆ شۆڕشێک پێویستییەکی حەیاتییە لە ئارادا نەبوو. دروشمەکان بۆ ڕووخاندن بوون، لێ خوازیاری ڕێفراندۆم بوون! کە بەتەواوی ویستێکی ڕیفۆرمیستییە نەک گۆڕانخوازانە، کە ئەمە دەرخەری نەبوونی بەرنامە و هەروەها جددییەتێکە کە وەک وتمان پێویستە هەبێ.

## داواکاریی مانگرتنی بێئامانج:

لەم حاڵەدا زۆربەی ڕۆژەکانی حەوتوو داواکارییەک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە دیزاینێکی سادە و بێسەرچاوەی ڕوون و بێدیاریکردنی ئامانجێک بڵاو دەبووە و دەیهەویست خەڵکی ئێران مان بگرن - بەدەر لەوەی کە خەڵک وڵامدەر نەبوون -

بەڵام زۆریی داواکاریی مانگرتن، مانگرتنی کردبووە شتێکی ئاسایی و لە هەمان کاتیشدا گۆڕیبوویان بۆ ویستێکی ڕیفۆرمیستی و بەرگریکارانە نەک شۆڕشگێڕانە، ئەمە لە کاتێکدایە مانگرتن دەتوانێ بناغەی ئابووریی وڵاتێک هەڵتەکێنێ و دەسەڵاتێک بخات؛ بەو مەرجەی ڕێکخستن و پشتیوانیی لەگەڵ بێ.

## زۆریی ڕیفرێنس:

بەو واتایە کە مەرجەع زۆر بوو، هەرکەسێک کەوا خاوەنی چەند هەزار کەس شوێنکەوتوو بوو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، هەستی دەکرد ڕێبەرێکە و دەتوانێ ئامۆژگاریی هەبێ بۆ خەڵکی ناڕازی. هەرکام لەمانەش لە ئاڵۆزاندنی ڕای گشتیدا دەوری خۆیان دەبینی؛ گەر بتوانین لەم دەستەواژەیە کەڵک وەربگرین دەبێ بڵێین "بەرەڵڵایی"ـیەک بەم بەشەوە دیار بوو، کە دەبووە هۆی پەرتەوازەکردنی خەڵک.

## بڵاوکردنەوەی هەواڵی فەیک و درۆیین:

چەندین جار لە سەرچاوەکانی هەواڵ باسی هەڵاتنی دەسەڵاتدارانی پلەباڵای کۆماری ئیسلامی کرا و تەنانەت باس لە چوونیان بۆ وڵاتی "ڤێنێزوێلا" دەکرا، یاخود گەڕانەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان بۆ لای خەڵک، لە کاتێکدا یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەوە بوو کە هێزی سەرکوتەکەی تەنانەت دوودڵیش نەبوو لە سەرکوتکردن یا نەکردنی نایەزایەتییەکاندا و بەڕاستی دەستیان نەدەپاراست. ئەم بڵاوکردنەوەی درۆیانە، لە خزمەتی سادەسازیی شۆڕشدا بوو، بەو واتایە کە خەڵکانێک بیریان دەکردەوە کەواتە هەر بەو ڕادەیە خەڵکەی وا ڕژاونەتە سەر شەقام، هەموو شتێک کۆتاییی پێهاتووە و پێویست ناکات کەسانی تر پەیوەست بن.

## بڵاوکردنەوەی هیوای جوان و درۆیین:

ئەم خاڵەش لەگەڵ هەواڵی درۆییندا لە یەک ڕیزدان و هەردووک لە خزمەتی ئاساننواندنی شۆڕشدان، بەڵام ئەم ئاساننواندنە بۆچی بە مەترسی دێتە ئەژمار لەم وتارەدا؟ چون بە دەرکەوتنی ڕاستییەکان، ئەو ڕاستییانەی وا مرۆڤی ژێر کاریگەریی هەواڵ و هیوای درۆیین کەوا پێشتر خۆی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵیان ئامادە نەکردووە، زۆر زوو لەوپەڕی هیواوە دەگاتە بێهیواییەکی ڕەها و توانای هەستانەوەی نامێنێ؛ بەم پێیە بڵاوکردنەوەی هیوا و ئومێدی درۆیین و بێبنەماش دەبێتە هۆی نابەردەوامیی تاکی شۆڕشگێڕ بۆ شۆڕشکردن.

## هێنانەوەی نموونەی مێژوویی نابەجێ:

هێنانەوەی نموونەکان خوێندنەوەی لەپشت نەبوو و تەنیا چەند بڕگەی سەرکەوتووانەی شۆڕشەکان لەبەرچاو دەگیران، کە خوێندنەوەیەکی بڕگەییە لە مێژوو و ئەم خوێندنەوەیە زیاتر بۆ خۆفریودان دەبێ نەک بۆ بەرچاوڕوونی. بۆ نموونە کاتێک باسی ڕێفراندۆم دەکرا، نموونەی "ئافریقای باشوور"یان دەهێناوە، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵێک بەستێنی لەپشت بوو کە لە ئێراندا هەر نەبوو و نەدەبینرا. یا نموونەی وڵاتی "توونس"، کە وایان دەنواند بە خۆسووتانی "محەممەد بووعەزیزی" دەسەڵاتی "بێن عەلی" لە توونس ڕووخاوە، لە کاتێکدا ئەو خۆسووتانە تەنیا پریشکێک بوو وەک کوشتنی ژینا. وڵاتی توونس خاوەنی چەندین ڕێکخراو و سەندیکای بەهێزی بەڕابردوو بوو کە جڵەوی شۆڕشەکەیان بەدەستەوە گرت. نموونەی دیکەی وەک یەکیەتیی سۆڤیەت و ڕۆمانی و ئەوانەش زۆر بوون، کە هەموویان بە هەمان شێوەی کە باس کرا بێخوێندنەوەی قووڵ بوون و لە ڕاستیدا لە ڕاستای ئەو سادەنواندنەدا بوون کەوا پێشتر وەک خاڵێکی سەربەخۆ ئاماژەی پێکرا.

## ڕۆژژمێرتەوەری و ژمارەتەوەری:

لەم حاڵەتەدا کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە دەرەوەی وڵات بێبەرنامە بوو و بەرنامەیەکی تایبەتی نەبوو، ڕووی کردبووە ڕۆژژمێر و ژمارە و ڕەقەم، بەو واتایە حەوتە و مانگانە و چلە و هیتری دەکردە بنەمایەک بۆ شاردنەوەی بێبەرنامەیی خۆی. نموونە و فەکت دێنینەوە بۆ ئەوەی ڕوونتر بێتەوە: سەری ساڵی زایینییان کردە بیانوویەک بۆ نێلدانی زیاتری کوورەی شۆڕش! لە کاتێکدا ئەو سەری ساڵە بۆ خەڵکی ئێران زۆر گرنگ نییە. بۆنەکانی چوارشەممەسووری و نەورۆزیش بە هەمان شێوە. لە هەندێک حاڵەتدا وا چوونە پێش کە زیاتر بۆ پێکەنین دەبێ، دەوترا لەو ساڵەدا وا تیمی فووتباڵی ئێران لە مۆندیالدا بەشداریی کرد و "ئارژانتین" بووە یەکەم، لە ئێران شۆڕش ڕووی دا، ئەم ساڵیش (٢٠٢٢) کە ئارژانتین بووە یەکەم، ئەوە شۆڕشێکی تریش لە ئێران سەر دەکەوێ! ئەم جۆرە فاڵگرتنەوە و ژمارەتەوەری و کایە بە پیتەکانی ئەبجەد کردن، لەوانەیە لە "حەسەنی سەباح"ەوە بە میرات مابێتەوە.

هەتا نەچووینەتە سەر خاڵێکی تر با چەند شتێک لێرەدا ڕوون بکەینەوە کە پێوەندیی بەم خاڵەوە هەیە: باس لەوە دەکرا ڕێژیمی شا بە چلە بە چلەی شەهیدانی شۆڕشی ساڵی ٥٧ ڕووخا! لە کاتێکدا وا نەبوو. ڕاستە کوورەی خەباتی نێڵ دا، بەڵام وەها ساکاریش نەبوو. لەگەڵ ئەوە دەوترا ڕێژیمی شا لە کوشتنی خەڵکدا دەستی دەپاراست، ئەویش هەر بەپێی ئامارەکان وا نەبوو. ڕاستە سەرەتا حەوتە بە حەوتە و چلە بە چلە و بۆنە بە بۆنە چوونە پێش، بەڵام کاتێک هێزە

سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی شا لە دوایین خۆپیشاندانەکاندا کەسیان نەکوشت لە جۆزەردانی ٥٧دا ئەوە تەواو بوو، لەڕاستیدا دەستی ئینقلابییەکان لەم ڕووەوە بەسترا. لە کۆتاییەکانی پووشپەڕی هەمان ساڵدا مەلایەک بەناوی "شێخ ئەحمەدی کافی" بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست دا، ئەوەیان هێنا بەسەر ساواکدا و دیسان نارەزایەتیی تری بەدوادا هات، ئەوەش تەواو بوو نۆرەی ڕووداوی "سینەما ڕێکس" هات، کە ئینقلابییەکان ئەوەشیان لەدژی دەسەڵاتی شا قۆستەوە و نارەزایەتیی تری بەدوادا هات، جارێکیش بۆنەی ئایینیی جەژنی ڕەمەزان بووە ناونیشانی بەردەوامیی شۆڕش، ئەمە بووە هۆی پاشەکشێی دەسەڵات و کەمتر سەرکوتکردن. ئەم سەرکوتنەکردنە پێوەندیی بە "دڵی بەبەزەیی"ی شاوە نەبوو، بەڵکوو دەیانهەویست ئەو زنجیری چلە بۆ چلە بپسێنن، لێ هەر ئەم سەرکوتنەکردنە پاشەکشێی سیاسیی ڕێژیمی بەدوادا هات و خەڵک بوێرتر بوون. بۆیە لە ١٦ و ١٧ی خەرمانانی ٥٧دا خەڵک بێهیچ هۆیەک و تەنیا بۆ نەمانی ڕێژیمی شا هاتنە سەر شەقام، نەک بۆ نارەزایەتیدەربڕین بە کوژرانی کەس یا کەسانێک، ئەمە بەو واتایە شۆڕش گشتگیرتر بووەوە و ویستی گشتیی لەپشت بوو، نەک سۆزی لەدەستدانی کەس یا کەسانێک. هەرچەند لە ١٧ی خەرمانانەدا و لە مەیدانی "ژاڵە"ی "تاران" دەیان کەس کوژران، بەڵام تازە پێش بەو شاڵاوە نەدەگیرا. لە ڕاستیدا لە هەردوو ڕووەوە دەستی ڕێژیمی شا بەسترا و نەیتوانی خۆ بۆ سەرکوت ئامادە و تەیار بکات. پێشتر لە بۆنەکاندا ئاگادار بوو و زیاتری کونترۆڵ دەکرد، بەڵام لەوەبەدوا ڕەوتەکە گۆڕا.

لە بەفرانباری ساڵی ٥٦ەوە هەتا گەلاوێژی ساڵی ٥٧، ٣٥ کەس لە هەموو نارەزایەتییەکاندا کوژران، هەر لە خەرمانانی ساڵی ٥٧دا ڕۆژی ١٧یەمی لێلابدەین کە دەیان کەس کوژران، هەر لەو مانگەدا ٣٣ کەس کوژران. لە ڕەزبەردا ١٨ کەس و خەزەڵوەر ٤٥ کەس و سەرماوەز ٨٥ کەس و بەفرانبار ١٣٧ و ڕێبەندان ١٧٩ کەس کوژران؛ کەواتە ئەو ڕوانگەیەش بە بەڵگە ڕەد دەکرێتەوە کە پێیوایە "دەزگای سەرکوتی ڕێژیمی شا خەڵکی کەمی کوشت."

## پڕیشکەتەوەری لەجیات ڕێکخستن:

ڕاستە ئەو شێوازەی کە باس کرا چلە بۆ چلە دەتوانێ گەرمیی شۆڕش ڕاگرێ، یا بۆنەیەک بێ بۆ هارووژاندن و هاندانی زیاتری خەڵک، لەگەڵ ئەوەش شێوازێکی کلاسیکی و باوی شۆڕشە لە هەموو دنیادا هەر تایبەت بە ئێران نییە، بەڵام وەک باس کرا هەتا ماوەیەک کاریگەرە و دەبێتە بابەتێکی دووپاتە و خەڵک لە ڕووی دەروونییەوە ڕاناکێشێ؛ بۆیە لەجیات ئەوە و لە گەرمەی ئەوانەدا دەبێ بیر لە ڕێکخستن و ڕۆژانی دواتر بکرێتەوە، بیرێک کە هیچکام لە ئۆپۆزیسیۆن نەیانکردەوە و خەمیان لێنەخوارد و لایانوابوو هەر بە ڕێوڕەسمی ناشتنی شەهیدان دەکرێ کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا بێنن. وەک سەرەتا باس کرا، پڕیشک بۆ دەسپێکە نەک بۆ بەردەوامی، بۆ بەردەوامی ڕێکخستن و وشیاری و باوەڕ پێویستە.

### کردەوەی دژکردەوانە:

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ئەو ماوەیە و دواتریشدا نەیتوانی هەرگیز دەسپێشخەری بکات و بەردەوام دژکردەوەی نیشان داوە. بەو واتایە هەمیشە چاوی لە کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بووە، هەتا دژکردەوەی لەگوێن خۆی گونجاو نیشان بدات، بۆ نموونە چاو و گوێی لە وەزارەتی نێوخۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە هەتا ڕێکەوتی ئینتخابات دیاری بکات و ئەمانیش لەملاوە بە خەڵک بڵێن لەو ڕۆژەدا بەشداری مەکەن؛ بە واتایەکی تر هەتا زیاتر دوور کەوتینەوە لە جۆشوخرۆشی نارەزایەتییەکان، زیاتر بێبەرنامەیی و دەستەوەستانیی ئۆپۆزیسیۆنمان بۆ دەرکەوت.

### سیاسەتی پاسیڤ:

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی چاوی بڕیوەتە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانی زلهێز، بە جۆرێک بەتەواوی ئەوەی لا بووەتە باوەڕ کە هیچی لەدەست نایە و توانای ڕێکخستن و گوشارهێنانی نییە، کەواتە بەشکوو یەک لەو وڵاتانە کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنن و پێی بڵێن فەرموو بچۆ سەر تەختی دەسەڵات! سەردەمانێک یەکێک لە هێزە سیاسییەکانی ئێران زیاترین چالاکییەکانی بەدژی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵاتدا بەڕێوە دەبرد، ئێستا چاوەڕێیە سیاسەتمەدارێکی لەدەورکەوتووی وڵاتانی ڕۆژاوایی سیمینارێک بۆ ئەندامەکانیان پێک بێنێ! پێشیانوایە بەم کارە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیان شڵەژاندووە! ئەم خاڵەی ئاماژەی پێکرا زیاتر هۆکاری شادیدەربڕینە لەڕادەبەدەرەکان بەبۆنەی هێرشەکانی "ئیسرائیل" بۆ سەر دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیمان بۆ دەردەخات؛ لێرەدایە دەزانین هۆکاری ئەم شادییە یەکجار زۆرە بۆ بێدەسەڵاتیی خۆیان دەگەڕێتەوە نەک سۆزداریی زۆر بۆ ئیسرائیل.

### خۆگەورەکردنەوەی بێبنەما:

هەندێک لە کەسایەتییە سیاسییەکان و تەنانەت هەندێک لە هێزە سیاسییەکانیش خۆیان زۆر گەورە و گرنگ دەکردەوە و ئێستاش دەیکەن، ئەمە لە یەکەم ڕوانیندا بەواتای تێنەگەیشتن لە ڕاستییە و نیشان لەوەیە لە وەهمدا دەژین، دواتریش بەرپرسیارەتیگەل و کۆمەڵێک قورسایی دەخاتە سەر شان کە زوو دەردەکەوێ لە هەڵگرتنیدا لاوازن، کە ئەمەش هەم دڵساردیی خۆیانی بەدواوەیە و هەمیش دڵساردیی لایەنگرانیان. ئەم ڕوانینە کە دروست دەبێ کاریگەریی نەرێنیی چەند ڕەهەند لەسەر خەڵک دادەنێ.

## نەهاتنە مەیدانی چینی خۆڵەمێشیی کۆمەڵگە:

ئەم چینە کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەگێڕێ، لە ڕەوتی ئەم نارەزایەتییانەدا بەگوێرەی پێویست نەهاتە مەیدانەوە، هۆکاری سەرەکیی ئەم نەهاتنە مەیدانەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئۆپۆزیسیۆن نە توانای ڕێکخستن و ڕاکێشانی خەڵکی هەبوو و نە ئەوانیش متمانەی قەلبییان بە سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوەیە بوو، بۆیە ئامادە نەبوون تێچوویەک بدەن.

## نەبوونی یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن:

ئەم خاڵە گرینگترین هۆکاری سەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە بوو. لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد کە گەر ئۆپۆزیسیۆن یەکڕیز بوو، ئینجا ستارتی شۆڕش لێدەدرێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بەشە لەو ڕەوتەدا ڕووی نەدا کە هیچ، تەنانەت پێچەوانەکەشی ڕووی دا. وا دیار بوو کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاشەوە بەم خاڵی لاوازی و کێشەیەی ئۆپۆزیسیۆنی دەزانی و ئاگاداری بوو و هیواشی لەسەر هەڵچنیبوو و تەنانەت بەرنامەشی بۆی هەبوو، تا ئەو ڕادەیەی ئێستا کە پاش دوو ساڵ سەرنجی ڕەوتی ڕووداوەکان دەدەین بەشێکی زۆری ئۆپۆزیسیۆن زیاتر بە خۆیانەوە سەرقاڵن هەتا بەوەی بە کۆماری ئیسلامییەوە سەرقاڵ بن.

دەکرێ خودی ئەم بابەتە بەجیا خەسارناسیی بۆ بکرێ، بەڵام لێرەدا با بوترێ پاوانخوازیی بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنە هەردەم ڕێگر دەبێ لە پێکهاتنی یەکڕیزییەک بۆ دەرچوون لە ڕێژیمی ئێستای ئێران، لەگەڵ ئەوە ناڕوونیی بەرنامەکان، نەدانی متمانە و گەرەنتی لە دواڕۆژدا بۆ بەشداركردنی هێزەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ڕێگری سەرەکی بوو بۆ سەرنەگرتنی هاوپەیمانییەک کە پێویست بوو.

## نەبوونی ڕێکخراو و تەشەککول و فەرهەنگی حیزبایەتی:

ئەم خاڵەش یەکێکی تر لە گرینگترین خاڵەکانە کە دەبێ ئاماژەی پێبکرێ، لەوێدا کە وتمان یەکڕیزیی ئۆپۆزیسیۆن و هاوپەیمانیی ئەوان دەبێتە خاڵی دەسپێک، مەبەستمان لە ڕێکخراو و تەشەککول و حیزب بوو؛ نەک سیما و کەسایەتی و ناو. ئەمەش لەو خاڵە گرنگانەیە وا کۆماری ئیسلامی بە درێژەی تەمەنی گرنگیی پێداوە و بۆ نەهێشتنی هەموو هەوڵێکی داوە، تەنانەت ئەم هەوڵانەی هەر لە نەهێشتنی حیزبە سیاسییەکاندا بەرتەسک نەکردووەتەوە، بەڵکوو تەحەممولی ئێن‌جی‌ئۆ و سەندیکا و کانوونەکانیش ناکات و بەردەوام هەوڵی هەڵوەشاندنەوەیان دەدات. ئەمە دەرخەری ئەوەیە کۆماری



سەرچاوە
Serchawe

ئیسلامی لە کاری جەمعی و بەکۆمەڵ دەترسێ و یەکێک لە گەورەترین مۆتەکەکانی ژیانی سیاسییەتی.

## کولتووری تاکتەوەری:

ئیندیڤیجوالیزم یا هەمان تاکتەوەری، لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی وا پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە نەبینیوە، خەساری گەورەی بەدواوەیە. ئەم کولتوورە کاتێک زاڵ بوو، مرۆڤ لە سۆز و هاوسۆزی بەتاڵ دەکات و ناتوانێ بۆ قازانجە گشتییەکان هەنگاو بنێ. بە واتایەکی تر کاتێک مرۆڤێک خەمی دەبێتە خەمی خۆی و ئەوەی پێی دەڵێن "دەس بە کڵاوی خۆوەگرتن"، ئیتر ناتوانێ لە خەمی کۆمەڵ و سوودی گشتی و سۆزی هاوشێوە و هاونەوع تێبگات و مرۆڤەکان لەم حاڵەتەدا لێک بڵاو دەبنەوە و ئەم پەرتەوازەییەیەش بۆ بەشی سەرکوتی دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر ئاسانتر و لەبارترە. بەداخەوە ئەم کولتوورە دزەی کردووەتە نێو کۆمەڵەکانیشەوە، چۆن؟ بەو واتایە کە گەر تەنانەت کەسێکیش ئامادە دەبێ بە کۆمەڵێک کەسی ترەوە پەیوەست بێ، ئەو کولتوور و ئارکیتایپە لەگەڵ خۆی دەبات و سوود و قازانجی ئەو کۆمەڵە کەسەی پەیوەستیان بووە دەخاتە ئەولەویەتەوە و تەنانەت بۆ سوودی ئەو کۆمەڵە کەسە لە پرەنسیپە ئەخلاقییەکانیش لادەدات. ئەمە ڕێک خاڵی بەرامبەر بە کار و چالاکیی هەرەوەزی و بەکۆمەڵە.

## ئاکامگیری:

لە کۆتاییدا وەک چاوەڕوان دەکرێ، بەرەوڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: دەی کەواتە ئێستا دەبێ چ بکەین؟ پرسیارێکی بەجێیە و هەوڵ دەدرێ بەکورتی وڵامی پێبدرێتەوە و هیوایەکی ڕاستەقینە بگەڕێتەوە بۆ بەردەنگ. پێش لە هەرشت دەبێ بڵێین ئەم خاڵانەی وا لە سەرەوە ئاماژەیان پێدرا هەموویان بەشێکی ئیجابیشیان لە خۆیاندا حەشار داوە، واتە ئەوەی کە لاواز بووە لەو ڕەوتەدا دەبێ بەهێز بکرێ، ئەوەی کە هەبووە و زەرەری گەیاندووە دەبێ نەمێنێ، ئەوەی هەبووە و ناتەواو بووە دەبێ بەتەواوی بکرێ، ئەوەی نەکراوە پێویستە بکرێ. بەدەر لەوە با بچینەوە خاڵی سەرەتا و ڕەوتی سەرکەوتنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بێنینەوە بەرچاومان یانی دۆخی هاوسەنگیی ناجێگیر - کە ئێستاش هەیە، چەخماخەیەک، سەرهەڵدانی نارەزایەتی، هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکان و ڕێکخستنی جەماوەر لەلایەن ئەوانەوە، بەچۆکداهاتنی هێزی سەرکوت؛ ئەمە ڕەوتە سروشتییەکەی سەرکەوتن و گەیشتن بە قۆناغی شۆڕشە.


کۆمەڵگەی ئێران لەمێژە لە دۆخی شۆڕشدایە، ئەوەی لە شەقام دەبینرا و دەبینرێ بەشە دیارەکەی ئەو کێوە بەفرە بوو کە سەری لە ئاو هێنابووە دەر؛ کەواتە دۆخەکە هێشتا دۆخێکی ناجێگیرە بۆ کۆماری ئیسلامی. کۆماری ئیسلامییش پێیوانییە توانیبێتی بەتەواوی ئەو گڕە بکوژێنێتەوە، بەڵام لە هەموو توانا و پێداویستییەکانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە کەڵک

وەردەگرێ. بەواتایەکی دیکە هەم خەڵک دەزانن ئەو بزووتنەوەیە کۆتایی پێنەهاتووە، هەمیش دەسەڵات ئەوە باش دەزانێ. دەسەڵات وەک باس کرا خۆی ئامادە کردووە و دەکات، خەڵکیش هەروەتر، ئەوانیش خەریکی خۆئامادەکردنن و دەرفەتەکان هەڵدەسەنگێنن و لێکی دەدەنەوە، لەم نێوەدا ئۆپۆزیسیۆنیش دەبێ خۆ ئامادە بکات، زیاتر لە پێشووتریش؛ بە یەک هۆکاری سادە، چون ئۆپۆزیسیۆن لەچاو پێش لە دەسپێکی ئەم ناڕەزایەتییانە، نەتەنیا بەرەو پێش نەچووە بەڵکوو چەند هەنگاویکیش بەرەو پاش گەڕاوەتەوە. پێش لەو سەرهەڵدانە هەستیان دەکرد هێز و جەریانێکن، وردەوردە خۆیان لە ئاستی نفووز و خۆشەویستیی خۆیان لەنێو خەڵکدا تێگەیشتن و بۆ خۆدزینەوە لە ڕاستیی کەمکاری و کەمتەرخەمیی ڕابردوویان، دەیانهەویست بە ئاسانترین شێوە و بە دروشمی "یەک جار بۆ هەمیشە" فوو لە ئاگرەکە کەن و سواری شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان بن و لەسەر شانی خەڵک بچنە سەر کورسیی دەسەڵات و دانیشن، ئەوە نەکرا بەڵام دواکەوتنی قۆناغی سەرکەوتن، ئەو دەرفەتەی داوە بۆ خۆتەیارکردن.

بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکان بۆ لەباوەشگرتنی کۆرپەی ئازادی کاتیان دەوێ، ئەم بزووتنەوەیەش بە هەمان شێوە، بەڵام بۆ ئەوەی زووتر ئەو کۆرپەیە لە باوەش بگرن پێویست بە سێزاریەنە. وشیاری، باوەڕ، ئومێد، تێکۆشان، مکوڕبوون، تەحەززوب و ڕێکخستن ئامێرە سەرەکییەکانی ئەم نەشتەرگەرییەن. بە وتەیەکی "ئانتۆنیۆ گرامشی" کۆتاییی بە بابەتەکە دێنین، کە لە گۆڤاری "سیستمی نوێ" و لە ڕێکەوتی ٨ی مەیی ١٩٢٠دا دەڵێ: "خۆبەدەستەوەدانی کرێکارانی کارگەی "فیات" شەرمێکی تێدا نییە. ئەوەی دەبوو ڕوو بدات، بێبەزەییانە ڕووی دا... هەتا کەی؟ گەر وشیاری و باوەڕ لە جێی خۆیدا بێ، ئەگەر جەستەکان خۆیان بەدەستەوە دابێ نەک گیانەکان، ئەوە هێشتا هیچ شتێک لەکیس نەچووە".

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

# مستەفا هیجری: خەڵکی ئێران پێویستە خۆیان بەهێز بکەن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن ڕزگاریان بکات



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**ڕەوتی خێرای ڕووداوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەرگای زۆر ئەگەر و هەلومەرج و گۆڕانکاریی نوێی بەڕووی ناوچەکەدا ئاوەڵا کردوە. کاریگەریی قووڵبوونەوەی قەیرانەکانی نێوان ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی، ئەویش لە سێبەری ئەگەری پەرەسەندنی شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسڕائیل دەکرێ هەم بە هەڕەشە و هەم بە دەرفەت بۆ جووڵانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دابندرێ. "کوردستان" لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران باسی لەو گۆڕانکارییانە و شوێنداریی ڕووداوەکان لەسەر خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێران کردوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا ئەگەر بە لێکدانەوەیەکی گشتیی جەنابتان لەسەر بارودۆخی سیاسیی ئێستای ئێران، ئەویش بە سەرنجدان بە قەیرانی سیاسی و پێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی بچینە نێو باسەکەمانەوە؛**

**خوێندنەوەتان بۆ دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران چییە؟**

**مستەفا هیجری**: دۆخی ئێستای ئێران لە بواری سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرینتربوونەوەی درزی نێوان حکوومەت و خەڵک درێژەی ئەو دۆخەیە کە هەر لە ساڵەکانی سەرەتای کۆماری ئیسلامییەوە دەستی پێ کردوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بەرەو خراپتر چووە، تا گەیشتۆتە دۆخی ئێستا. پێشبینیی ئەو دۆخەش بە درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامانەی ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات، هەرێم و دونیا بەڕێوەی بردوە، شتێکی چاوەڕوانکراو بووە و بێجگە لەو ئاکامەی ئێستا شتێکی دیکەی لێ شین نەدەبوو. ڕووداوێک کە قووڵایی ئەم داماوی و کارەساتخوڵقێنییەی کۆماری ئیسلامی خێراتر و ڕوونتر دەرخست، ڕەهەندەکانی هێرشەکەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بوو کە لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ دەستی پێ کرد. ئەمن لەو باوەڕەدام پێش دەسپێکی ئەو شەڕە ئیسرائیل زانیاری لەسەر ئەو ڕاستییە هەبوو کە لەباری توانایی هێزی ئاسمانییەوە لە ئێران بەهێزترە، بەڵام درێژەی ئەو شەڕە، بەتایبەت دوای هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران لە ڕۆژی ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤، بۆ ئیسرائیل دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی لەو بوارەدا زۆر لەوە زیاتر لاوازترە کە ئیسرائیل بیری لێ دەکردەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی بە دڵگەرمی و هیوای زۆر بە توانای خۆڕاگریی حەماس و بەتایبەت حیزبوڵڵا لەو بڕوایەدا بوو ئەو دوو هێزە قەڵایەکی بەرگری بێئەملاوئەولای حکوومەتن، بەڵام ئەو شەڕە و بەتایبەت کوژرانی ئیسماعیل هەنیە لە تاران و حەسەن نەسروڵڵا لە لوبنان و دەیان ئەندامی سەرکردایەتی و فەرماندەری نیزامیی دیکەی ئەو گرووپانە، باڵادەستیی ئیسرائیلی لەباری شەڕی هەوایی و سایبرییەوە چەندقات زیاتر لە پێشوو بۆ بەرچاوی دنیا و بەتایبەت کۆماری ئیسلامی دەرخست. هەڵبەت نابێ هەڵوێستی جیاوازی ئەمجارەی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیی ناوچەکە بەرانبەر بە جۆرێک لە خەمساردی بەرانبەر بە حەماس و حیزبوڵلا لەبیر بکەین کە دەکرێ بە نیشانەی ئەگەر نەڵێین دژایەتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لاوازیی پێگەی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا سەیری بکەین. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دیارە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆشەگیرییەکی سەختی سیاسی و ئابوورییەدا گیری کردوە. بەڵام ئەوەی لە هەمووان گرینگترە، لاوازی و بێزراوبوونی زیاتری ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتە و بەهەر پێوانەیەکی لێکی بدەینەوە، دەگەینە ئەو ئاکامەی کە زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی وڵات کۆماری ئیسلامییان ناوێ.

**عەلی بداغی**: بە سەرنجدان بە قسەکانی خامنەیی و فەرماندەرانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری شەپۆلێکی دیکەی هێرشی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل هەیە. لە ئەگەری ئەو هێرشەدا و لە بەردەوامیی ئەو دۆخەدا پێتان وایە ڕەوتی ڕووداوەکان بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟

**مستەفا هیجری**: بێتوو کۆماری ئیسلامی هێرشێکی ڕاستەوخۆی دیکە ئەویش لە خاکی ئێران ڕا بکاتەوە سەر ئیسرائیل،

مەجالێکی باشتر دەڕەخسێ بۆ ئەوە ئەم وڵاتە هێرشێکی دیکە بکاتە سەر کۆماری ئیسلامی کە ئاستی وێرانکارییەکەی زۆر زیاتر بێ لە هێرشەکەی پێشوو، و شوێنە هەستیارەکان ئەو جارە بکاتە ئامانج، چوونکە بەدوای هەڵبژاردنی ترامپ دەستی ئیسرائیل بۆ هێرشێکی ئەوتۆ ئاواڵەترە. درێژە پێدانی ئەو کێبرکێیەش زیاتر بە زەرەری ئێران تەواو دەبێ و، لە دۆخێکی ئەوتۆدا، مەترسییەکانی پەرەگرتنی زیاتری شەڕیش چاوەڕوان دەکرێ و پێناچێ کاربەدەستانی ڕێژیم ئەم دۆخە نەبینن و بێ‌لێکدانەوە بیانهەوێ هێرشێکی دیکە بکەنە سەر ئیسرائیل. بۆیە من پێشبینی ڕووبەڕوونەوەیەکی توند و هەمەلایەنەی نیزامی ناکەم.

**عەلی بداغی: ئەم دۆخە سیاسی و ئەمنیەتی و نیزامییەی ئێستا چ کاریگەرییەکی بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک لە ئێران داناوە؟**

**مستەفا هیجری**: لەو دۆخە سیاسی ئەمنییەتی یەی ئێستادا کە شەڕەکە بەگشتی بە زیانی کۆماری ئیسلامی شکاوەتەوە، سەرەڕای توندوتیژتربوونی ڕێژیم بەدژی خەڵک و پەرەگرتنی ئێعدامەکان بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک، نارەزایەتییەکان دژ بە دەسەڵات هەروا بەردەوامە. خەڵک وازی لە ماف و داخوازییەکانی خۆی نەهێناوە و لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری شەڕ نین، بەڵام لە لاواز دەرکەوتنی ڕێژیم و تێکشکاندنی هێزە نیابەتییەکان خۆشحاڵن. خەڵک لە چووکەترین دەرفەت بۆ گەیاندنی پەیامی نارەزایەتی و بێزاربوونی لە ڕێژیم کەڵک وەردەگرن و هەست بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی زیاتر لە نێو گەلانی ئێران زیاتر دەکرێ. بەگشتی پێداگرتر بوون لە داخوازەکانی خۆیان، بەتایبەتی کە خەڵک لە تێکشکانەکانی ڕێژیم چ لە شەڕەکانی ڕاستەوخۆی ئەو دوو لایەنە و چ شکانی هێزە نیابەتیەکان خۆشی دەردەبڕن، و هەر ئەمە ڕێژیمی زیاتر لە پێشوو لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران خستۆتە پەراوێزەوە. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین سەرەڕای نیگەرانی خەڵک لە داهاتووی ژیان و مەعیشەتیان بەڵام هیوادارترن و لە خەبات کۆڵیان نەداوە.

**عەلی بداغی: زیاتر لە ١٠٠ ڕۆژ لە دەوڵەتی مەسعوود پزشکیان تێپەڕی و دەکرێ ئەم ١٠٠ ڕۆژی یەکەمە بە پێوەر بۆ هەنگاوەکانی دەوڵەت وەربگیردرێ. لەم بارەیەوە چۆن باس لە کارنامەی دەوڵەتی پزشکیان دەکەن؟ هەروەها لێکدانەوەتان بۆ هەندێ جووڵەی سیاسیی پزشکیان چییە، بۆ نموونە ئەوە کە بۆ یەکەم‌جار کوردێکی کردووەتە یەکێک لە جێگرەکانی خۆی، ئایا ئەمە دەکرێ بە کرانەوەی سیاسی لە کۆماری ئیسلامیدا تەعبیر بکرێت؟**

**مستەفا هیجری**: بەشێوەی گشتی سەت ڕۆژی سەرەتای دەست بەکار بوونی سەرۆک‌کۆمارەکان بە پێوەر دادەنرێ بۆ چۆنیەتیی تێپەڕبوونی باقی سەردەمی دەسەڵاتیان. بەڵام من بۆخۆم لەمێژساڵە بەو قەناعەتە گەیشتووم لە ئێراندا سیستەمێکی ڕەقی

نەگۆڕ و چەقبەستوو دینامیزمی جووڵە و کرداره لە بەڕێوەبردنی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. ئەویش ڕێبەری گشتی (وەلی فەقیهـ)ە. سەرۆککۆماریش وەکوو باقی بەشەکان لە چوارچێوەی ئەو سیاسەت و بڕیارانە کە لە بەیتی ڕێبەری دەدرێن ئەرک بەڕێوەبەرن. لە ئێستادا ئەم شارەزایی و هەڵسەنگاندنە لە ڕادەی دەسەڵاتی سەرۆککۆمارەکانی کۆماری ئیسلامی، بۆ وڵاتانی ئەمریکا و ئوروپا و بگرە هەموو وڵاتانی ناوچەکەش هەروایە. بۆ نموونە لەو ساڵانەی دواییدا زۆرجار لە بەرپرسانی پلەبەرزی ئەو وڵاتانەشمان بیستوە کە وتوویانە ئێمە لەسەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی حیساب دەکەین نەک درووشمەکانیان.

پێوەندیدار بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان دیارە دیاریکردنی کوردێک وەکوو جێگری سەرکۆمار لە ئاستی خۆیدا بە کارێکی باش دادەنێم، بەڵام نەک وەکوو کرانەوەیەک بەڕووی ئازادی و گەشەکردن لە ئێراندا. چوونکە کرانەوەی سیاسی پێناسەیەکی دیکەی هەیە کە بۆخۆی پێویستی بە شیکردنەوە و باسێکی زۆرترە. لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ماهییەتی نیزامەکە کە لە حکومەتی وەلایەتی فەقیهدا شکڵی گرتووە، هێژموونیی بەسەر سەرجەم جومگەکانی ڕێژیمەکەدا سەپاندوە و بەکردەوە دەوڵەت و یاسا و ئەوانی دیکە خاوەنی ئوتوریتەیەکی ئەوتۆ نین کە تەنانەت ئەگەر بشیانهەوێ، بتوانن ئاوڕدانەوە و کرانەوەیەک بکەن.

**عەلی بداغی**: هەر لە چوارچێوەی ئەو باسەدا و بۆ ئاکامگیرییەک لەسەر ئەو بابەتە؛ پزشکیان ناوی دەوڵەتەکەی ناوە "وفاق ملی"، واتە یەکگری و هاوپێوەندیی هەمەلایەنەی هەموو ئێرانییەکان. هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم بابەتە چییە؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەش کە پزشکیان دەوڵەتی خۆی بە ناوی "دەوڵەتی وێفاق " دەناسێنێ هەر ناوێکی بێنێوەرۆکە. لە ئێراندا باوە هەر دەوڵەتێک ناوێکی بۆ دانراوە وەکوو "دەوڵەتی سازەندەگی" یان "دەوڵەتی وێفاق" و تەنیا لەبەر ئەوەی یەکێک لە جێگرەکانی سەرکۆمار کورد و یەکیان بەلووچ و... بێ دەوڵەت نابێتە دەوڵەتی وێفاق. لە کاتێکدا لە یاسای بنچینەیی (قانون اساسی)دا دەوڵەت لەسەر شەریعەتی ئیسلامی وێلایەتی فەقیە، تەنیا یەک زمان بە فەرمی ناسراوە، قسەکردن لەسەر دەوڵەتی وێفاق میللی زۆرتر وەکوو سەهۆڵی برژاو دەچێ! ئەو وێفاق و تەباییەش کە پزیشکیان باسی لێوە دەکات، ئەوەندەی نیشانی داوە هیچ پێوەندییەکی بە کۆمەڵگە و خەڵکەوە نییە. ئەو باسی تەبایی نێوان جەناح و لایەنەکانی بەشدار لە ڕێژیمدا دەکات کە وک وتمان هیچ پێوەندییەکی بە خەڵکەوە نییە. هەرچەند بەو درز و کەلێنە فکری و ئیدئۆلۆژی و بەرژەوەندییانەی کەوتۆتە نێو بەرەجۆراوجۆرەکانی ڕێژیمیشەوە، هیچ وێناچێ دەوڵەتی پزیشکیان تەنانەت لە پێکهێنانی ئەو وێفاقەشدا کارێکی پێ بکرێ.



سەرچاوە
Serchawe

**عەلی بداغی**: بابەتێکی ڕۆژەڤی دیکە گەڕانەوەی دۆناڵد ترامپ بۆ کۆشکی سپییە. لەو بارەیەوە شرۆڤە و لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەکرێ. پێتان وایە بەڕێوەبەرایەتیی نوێی ئەمریکا دۆخێکیتر لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا دروست دەکات کە کاریگەریی لەسەر خەباتی سەرانسەریی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی دابنێت؟

**مستەفا هیجری**: دۆناڵد ترامپ کەسایەتییەکی پێشبینی نەکراو و پراگماتیکە، بۆیە زۆر بەزەحمەتە لە ئێستاوە بڵێین بەڕوونی چۆن لەسەر ئێران بەرنامەڕێژی دەکا؛ بەڵام بە پێی هەڵسوکەوتی لە ماوەی سەرۆککۆماریی دەورەی ڕابردووی و هێندێک کەسایەتی گرنگی حکوومەتەکەی کە تا ئێستا دیاری کردوون. لەلایەکی دیکەوە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە دەورەی پێشوودا، حەول دەدا کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر زەختێکی فرە ڕەهەند بە مەبەستی ئەوەی مەرجەکانی خۆی بەسەریدا بسەپێنێ، ئاکامی ئەو زەختە دەتوانێ لە ڕاستای بێهێزترکردنی کۆماری ئیسلامیدا بچێتە پێش و بواری زیاتر بۆ پەرەگرتنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە نێوخۆی وڵات و کار و چالاکی زیاتری ئازادیخوازان بڕەخسێنێ. بەڵام خەڵکی ئێران بەدەر لەو ئەگەر و نەگەرانە دەبێ بۆخۆیان بە یەکگرتوویی و خۆڕاگری و پشتبەستن بە هێزی خۆیان، خۆیان بەهێز بکەن و لە خەبات نەوەستن و بەهیوای هیچ لایەنێکی دەرەکی نەبن کە ئەوان ڕزگار بکەن.

**عەلی بداغی**: وەک دواپرسیار و ئاکامگیرییەکی گشتی لە باسەکەمان. ئەم ئەگەرانەی لە بەردەم کورد و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی‌دان و ئەو ئەرک و زەروورەتانەی کە دەبێ بە هەند وەربگیرێن کامانەن؟

**مستەفا هیجری**: ئەوەی کە تا ئێستا لە دەرەوەی وڵات بە ناوی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ناسراوە، زۆر لەوە لاوازتر و بەربڵاوترە کە بتوانێ هەلومەرجەکان بە قازانجی خەڵک بقۆزێتەوە. بۆیە کە باسی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین مەبەست ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆیە کە دەبێ خۆی سازمان بدا. بۆ ئەم کارە پێش هەموو شتێک پێویستە خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە هەموو پێکهاتەکانەوە زیاتر حیساب لە سەر هێز و بتانسێلەکانی خۆی بکات. لایەنە سیاسییەکانیش پێویستە بۆ مەسەلەی ئالترناتیڤسازی ڕوانگە و وەزەمان زیاتر ڕووی لە نێوخۆی وڵات بێ. ڕاستە ئەم کارە ئاسان نییە بەڵام پێویستە کاری لەسەر بکرێ.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەو دیمانەیە دانا

**مستەفا هیجری**: ئێوەش ماندوو نەبن

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# چارەسەری سەرەکی هەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە




**ڕەحمان گەورکی**

ماوەیەکە هەواڵەکانی پەیوەست بە چالاکییەکانی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە بۆمبی ئەتۆمی و وتووێژەکانی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چوونەتە پەراوێزەوە. ئایا ڕژێمی ویلایەتی فەقیە پاشەکشەی کردووە لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بۆمبی ئەتۆمی یان گۆڕانکاری لەم پرسەدا ڕووی داوە؟

بیرۆکەی "پاشەکشەکردنی ڕێژمی ئایینی ئێران لە چەکی ئەتۆمی" لە تراویلکە بەدەر نییە. چونکە ئەم دەسەڵاتە، هەر لە سەرەتاوە هەوڵی داوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و چارەنووسی گەلانی جیهان بەم شێوەیە بە بارمتە بگرێت و لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە!

دوای ئاشکرابوونی پرۆژە ئەتۆمییەکانی ڕێژیم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هەوڵی دا بەرەنگاری پرۆژە ترسناکەی ڕێژیم ببنەوە، بەڵام ڕێگایەکی هەڵەیان گرتەبەر. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێی وابوو بە وەستانەوە لە دژی پرۆژە ئەتۆمییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیمی ئێران و بە تایبەتی بە پێدانی باج بەم ڕێژیمە، دەتوانێت پێش بە بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی ڕێژیمی ئێران بگرێت. بەڵام ئەم ستراتیژەیش بە "تراویلکە" دەرچوو.

ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەت و ستراتیژی شەڕخوازانەی رژێمی ویلایەتی فەقیهی ئاخوندییە کە نەک هەر ناوچەکەی ئاگر تێبەرداوە، بەڵکو هەڕەشەی لەنێوبردنیشی دەکات. ئەوانەی تا ڕادەیەک واقیعبینن دەزانن سەری ڕەشەماری شەڕەنگێزی و ئاژاوەگێڕی و بناژۆخوازی ئیسلامی لە تارانە و چارەسەری سەرەکییش هەر ڕووخاندنی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامییە.

دۆخی ناوچەکە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سووریە، عێراق، یەمەن، ئێستاش ئەوەی لە لوبنان ڕوو دەدات، بەرهەمی ڕاستەوخۆی بیرۆکەی "ویلایەتی فەقیهی"یە کە لە ساڵی ١٩٧٩وە حوکمی ئێران دەکات و هەوڵی داوە بۆ فراوانکردنی تا لانیکەم دەست بەو بەشە جیهاندا بگرێت!

ڕێژیمی دیکتاتۆریی مەزهەبی ئێران، ئەوەی ڕوو لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانی کردبێت یان ئەوەی دەیکات، بۆ لەسەر پێ مانەوەیەتی لە ئێراندا. خەڵکی ئێران هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتێکی لەمجۆرەیان نەویستووە و نایانەوێت. ئەوان دیکتاتۆریی پاشایەتییان ڕووخاند، بەو هیوایەی ماف و ئازادی و دیموکراسی بێتە دی لەم خاکە دێرینەدا! بەڵام نەک هەر ئەوە ڕووی نەدا، بەڵکو دیکتاتۆرییەتێکی دزێوتر و خوێنڕێژتر هاتە سەر کار، کە بەهەندوەرگرتنی هەستی ئایینی خەڵک و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتان و فرەخوازی، لە تایبەتمەندییە دیارەکانیەتی. ئەم ڕژێمە بە هۆی سیاسەت و ستراتیجی هەڵەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە، هێشتاش حوکمی ئێران دەکات.

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خەڵکی ئێران زۆر جار ڕژاونەتە سەر شەقامەکان بۆ ئەوەی "سەری ئەم ڕەشمارە پان بکەنەوە و لە پێناویدا دەیان هەزار ڕۆڵەی بەجەرگی خۆیان کردۆتە قوربانی! ئەوەی پێویستە گەلانی ناوچەکە سەرنجی بدەنێ، ئەو ڕاستییەیە کە "شەڕی سەرەکی، بەرەنگاربوونەوەی خەڵکی ئێرانە بەرانبەر بە دیکتاتۆرییەتی ویلایەتی فەقیهی". لەم ڕوانگەیەوە، هەم پێویستە بە فەرمی دان بە مافی ڕەوای خەبات و تێکۆشان بۆ خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بنرێت و هاوکارییان بکرێت، هەمیش خۆیان پارێزراو بن لە دەستدرێژیکردن و هێرشی ئەهریمەنێکی لەو شێوەیە. جگە لەمەش هیچ چارەسەرێک نییە و هەرچییەک بێت، هارتربوونی ئەم ئەهریمەنەیە، کە بەبێ ترس بەردەوامە لە تاوانەکانی. تا ئەم شەڕە سەرەکییە یەکلایی نەبێتەوە، مەودای شەڕەکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕۆژانە ڕەهەندی فراوانتر بە خۆیەوە دەگرێت. ئەوەی ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت دەرکەوتەیەکی ئەم شەڕە سەرەکییەیە.

با بگەڕێینەوە سەر ئەو پرسیارەی لە سەرەتادا کرا. ڕێژێمی ویلایەتی فەقیهی، وەک دیاردەیەکی شێرپەنجەیی وایە دزەی کردۆتە نێو جەستەی کۆمەڵگەی جیهانییەوە و نابێ ڕێگە بدرێت بژیت و بمێنێتەوە. تێپەڕبوونی ٤٥ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی شووم و تاوان و تاڵان لە ئێران و دەستێوەردانەکانی ئەم ڕێژیمە لە کاروباری وڵاتان بەسە، بۆ ئەوەی ئەم دیاردەیە "بنەبڕ" بکرێت و دان بە مافی ڕەوای خەڵکی ئێراندا بنرێت بۆ لەنێوبردنی ئەم ڕێژیمە.

خەڵکی ئێران بەتایبەت لە کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژێمەوە خۆڕاگرییان کردوە و هەرگیز لە بەرانبەر دیکتاتۆرییەتدا سەریان دانەنواندوە و ئێستاشی لەگەڵ دابێت، لەسەر ئەم باوەڕەیە کە "ئێران شوێنێک نییە بۆ دیکتاتۆرییەت. شوێنی دیکتاتۆرییەت زبڵدانی مێژووە". خەبات و خۆڕاگرییەک کە ڕەگ و ڕیشەی لە قووڵایی کۆمەڵگەی ئێراندا هەیە و نرخێکی زۆریشی بۆ داوە.

جموجۆڵەکانی ئەم ڕێژیمە لە بواری ئەتۆمیدا، وەک چالاکییەکانی تری، بۆ درێژکردنەوەی تەمەن و مانەوەیەتی لە دەسەڵاتدا. بەڵام بە هۆی خەباتی بەربڵاو و هەمەلایەنەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران ئەم ڕێژیمە لە هەموو بوارەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێراندا تووشی قەیران بووە و جگە لە "نەمان" هیچ ڕێگایەکیتری لەبەردەمدا نەماوە. بۆیە تاکە چارەسەر بۆ کێشەی ئێران "ڕووخاندنی دیکتاتۆرییەت"ی کۆماری ئیسلامی بە پشتیوانیکردن لە خەباتی ڕەوای خەڵکی ئێرانە.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---



سەرچاوە Serchawe

# حیجابی ملیاردی!




**ئاسۆ مینبەری**

ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی کۆماری ئیسلامی و ملکەچنەبوونی توێژی ژنان لەمبارەوە بەتایبەتی، وای کردوە ڕێژیم بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم بابەتە پەنا بباتە بەر ڕێوشوێنگەلێک کە بە هیچ پێوەرێک لەلایەن خەڵکەوە قەبووڵ ناکرێن.

لە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی لەسەر پرسی حیجاب و ئەو هەموو سەرکوتکاری و قەتڵە حکوومەتییانەی ڕێژیم بۆ سەلماندنی بێتاوانبوونی خۆی! لە پرسی کوشتنی ئەم کچە کوردەدا نواندی، چەندین گەڵاڵەی جیاواز بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر ژناندا لەلایەن ڕێژیم و ناوەندە سەرکوتکەرەکانییەوە هاتنە ئاراوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە هیچکام لەم گەڵاڵانە نەیانتوانی بچنە خزمەت ڕێژیمەوە و هەرکامەیان بە جۆرێک شکستیان بەدواوە بوو.

لە ١٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، لە قوژبنێکی دیکەی ئەم جوغرافیایەدا کە ئێرانی پێ دەوترێ و لە زانکۆیەکدا کە ئەرکی سەرەکیی بەرپرسان و کارگێڕانی دەبێ پەرەدان بە زانست و ئاوەز بۆ گەشەسەندنی کۆمەڵگە بێت، هێزە حیراسەتییەکان بە

بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجابی دڵخوازی خۆیان، وەک خووی هەمیشەیی ڕێژیمەکەیان بە نواندنی توندوتیژی بەرانبەر بە کچێکی خوێندکار، بە دڕاندنی جلەکانی هەوڵیان دا ملکەچی بڕیارەکەی خۆیانی بکەن. ئەکتی مەدەنیی ئەم کچە و دەرهێنانی جلەکانی و بە نیمچەڕووتی هاتوچۆکردن لەنێو حەوشەی زانکۆکەی تاراندا، وای کرد کە بەرپرسانی ڕێژیم، بۆ کڕینەوەی ئابڕووی لەدەستچووی خۆیان دەستەوداوێنی فێڵێکی نوێ بن، ئەویش لەژێر ناوی زانستدا!

ئەو کچە خوێندکارە بەپێی زانیارییەکان هەتا ئێستاش لە ناوەندێکی چارەسەرکردنی کێشە دەروونییەکاندا دەسبەسەرە و دەوترێت کە ڕێژیم بە دەرخواردانی دەرمانگەلێک کە ئەتوانن مەترسیی جیددی بۆ سەر تەندروستیشی دروست بکەن لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکە، خەریکی سڕینەوەی گرفتە سەرەکییەکەیە.

کاردانەوە جیاوازەکان بەم توندوتیژییە، وای کرد کە بەرپرسانی ڕێژیم بیر لە ڕێگاچارەیەکی نوێتر بکەنەوە، بۆیە لە ٢٢ی خەزەڵوەری ئەمساڵدا، بەشی ژنان و بنەماڵەی ستادی ئەمر بە مەعرووفی تاران ڕایگەیاند کە لە هەوڵدان تاکوو کلینیکێکی تایبەت بە مەبەستی "چارەسەرکردنی زانستی و دەروونناسانەی بێ حیجابی" بکەنەوە!

مێهری تالبی دارستانی، بەرپرسی ئەم بەشە ڕایگەیاند کە ئەم کلینیکە وەکوو بنکەکانی وازهێنان لە خووگری ئامادە کراوە و لە ڕاستیدا کلینیکێکە بۆ وازهێنان لە پرسی بەناو بەدحیجابی، بابەتێک کە چەند ڕۆژ دواتر و لەژێر گوشارە هەمەلایەنەکاندا، زەهرا بێهرووزئازەر، جێگری مەسعوود پزشکییان لە کاروباری ژنان و بنەماڵە، ڕایگەیاند کە ئەم بابەتە لە دەوڵەتی چواردەیەمدا پەسەند نەکراوە و پێوەندییەکی بە دەوڵەتەوە نییە.

هاوکات لەگەڵ ئەم هەوڵەی دەوڵەت بۆ بێبەریکردنی خۆی، جارێکی دیکە دارستانی ڕایگەیاند کە ئەم گەڵاڵەیە ماوەیەکە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و تاکوو ئێستا لانیکەم ٢٥٥ میلیارد تمەن پارەشی وەکوو بوودجە بۆ تەرخان کراوە کە لەم بڕە، ١٠٠ میلیاردی وەکوو بوودجەی تایبەت بووە.

تەرخانکردنی ٢٥٥ میلیارد تمەن پارە بۆ کلینیکی وازهێنان لە بێحیجابی، لە کاتێکدایە کە بەو پارەیە پێش بە وازهێنان لە خوێندنی سەدان کچ بە هۆی هەژاری و نەدارییەوە دەگیردرێت.

ئەم بودجەیە و کردنەوەی ئەم کلینیکە کە کاردانەوەیەکی ئاشکرا بە ناڕەزایەتییەکان بەرانبەر بە ڕێژیم سەبارەت بە پرسی کچەکەی زانکۆی علووم تەحقیقاتی تاران بوو، بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێرپێنانی زانست و بێڕێزی بە خەڵکی زانا و

وشیاری کۆمەڵگەش بوو و ئەم پرسیارەی دروست کرد کە مەگەر حیجاب، نەخۆشییە کە پێویستی بە ناوەندێکی زەبەلاحی لەم چەشنە بۆ وازهێنان بێت؟ هەر ئەمە وای کرد دوو ئەنجومەنی دەروونناسی لە ئێران و ئەنجومەنی زانستیی ڕەوان دەرمانی لە ئێران، هاتنە دەنگ و لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕوو لە کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاند کە "کەلکئاوەژوو وەرگرتن لە دەروونناسی و ڕەوان دەرمانی بوەستێنن".

هەرچەند کۆماری ئیسلامی وەکوو پرسێکی سیاسی لە حیجاب دەڕوانێ بەڵام، لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکی کۆمەڵایەتییە و پێوەندیی بە ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە هەیە، بەڵام بەپێی خوو و خدەی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری وەک کۆماری ئیسلامی زۆر ئاساییە کە ئەم پرسە سنوورە سیاسییەکە ببڕێ و ئێستا وەکوو پرسێکی پزیشکی و دەروونی چاوی لێ بکرێ کە تووشبووانی پێویستیان بە چارەسەرووەرگرتن هەبێ!

پێداگریی ڕێژیم لەسەر پرسی حیجاب لە دوو لایەنەوە ئەکرێ خوێندنەوەی بۆ بکرێ، یەکەم ئەوەی کە ئەم دەسەڵاتە ئەمە بە ڕێگاچارەیەک بۆ سەرکوتی وزەی بەشێک لە کۆمەڵگە واتە ژنان دەبینێ و بە شێوازی جۆراوجۆر دەیەوێ، هێژموونیی خۆی لەم بوارەوە بەسەر ژناندا بسەپێنێ، بەڵام لایەنی دیکە کە پێم وایە گرینگترە ئەوەیە کە ڕێژیم بەم هەوڵانە کە هەموو جارێکیش دەبنە سەردێڕی میدیا جۆراوجۆرەکان، دەیهەوێ بە دنیای دەرەوە ڕابگەیێنێ کە پرسی ئەم کۆمەڵگەیە، نە سیاسییە، نە ئابووری بەڵکوو پرسی حیجابە و ئەمە خۆی لە خۆیدا بچووککردنەوەی پرسە سەرەکییەکە و بەلاڕێدابردنی پرسە گرینگەکەی کۆمەڵگە واتە دژایەتی لەگەڵ چییەتی و ساختار و سیاسەتی کۆماری ئیسلامییە.

تەرخانکردنی بودجەیەکی میلیاردی بۆ پرسی حیجاب، هەم پڕکردنی گیرفانی کاربەدەستانی ڕێژیمی بەدواوە دەبێ و هەم دەتوانێ دەرفەتێک بۆ سەرکوتی زیاتری خەڵک بێت، بۆیە پێویستە بە وشیارییەوە لەم پرسە بڕوانین چونکە لە کۆتاییدا ئەوەی کە بە ناوی حیجابەوە سەرکوتی دڕندانەی تووش دەبێت، نەتەوە بندەستەکان و لە سەرووی هەموویانەوە کوردستانە.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# چۆن هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسڕائیل شکستی هێنا و بووە هۆی قووڵترکردنەوەی کێشەی ناوچەیی



(دژە هێرشی ئیسڕائیل بۆ سەر ئێران گرەوە بەرزەکانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست پشتڕاست دەکاتەوە)

**ئورشەلیم پۆست – نەڤیل تەڵەر**

**و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

سەرەڕای ڕێژنەی تاوانبارکردنەکان بە شەڕئەنگێزی، کۆمەڵکوژی و لەویش خراپتر کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە ئاراستەی ئیسڕائیل دەکرێ، ئەو ڕاستییە شاراوە نییە کە ئەوە ئێرانە بە تەمای لەنێو بردنی ئیسڕائیلە، نەوەکوو بەپێچەوانە.

لە ١٣ی ئاپریلی ٢٠٢٤، ئێران، کە لە بنەڕەتدا بە مانای ڕێبەری گەورە ئایەتوڵڵا عەلی خامنەییە، هەڵەیەکی ستراتیژیکی زۆر گەورەی کرد. هێرشی بوێرانەی ئیسڕائیل بۆ بینای دیپلۆماتیکی ئێران لە دیمەشق لە ١ی ئاپریلی ٢٠٢٤، بووە هۆی

کوژرانی حەوت ڕاوێژکاری سەربازیی ئێران، لە نێویاندا محەممەدڕەزا زاهیدی، فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای قودس.

ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆ، بە شێوەی ئاسایی دبێتە هۆی تووڕەیی و بەرپەچدانەوەیەکی سەربازیی ئێران بە هێرشی هاژەکی بۆ سەر باکووری ئیسرائیل لەلایەن حیزبوڵڵا. بەڵام ئەوجار وا نەبوو. لە جیاتان، ڕووداوەکە بووە هۆی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئێراندا کە کاردانەوەی نەرێنی بۆ ئێرانی لێ کەوتەوە، بە شێوەیەک کە هێشتا کۆتایی نەهاتووە. لە لێکۆڵینەوەیەکی کۆتاییدا، ڕەنگبێ ئەوە هەڕەشەی مان و نەمان بێ.

بۆ ماوەی ٤٥ ساڵ، واتە لەو کاتەوە کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩ دامەزرا، بە پشتگیریی دارایی و دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ئەو ڕێکخراو، تاقم و میلیشیایانە کە خوزیاری هێرش بۆ سەر وڵاتی جوولەکانن، ڕێژیمی ئێران بەدوای ئەرکی خۆسەپێنراوی لەنێوبردنی ئیسرائیل و خەڵکەکەیەتی.

لە هەلێکی ئەو مەودایەی ڕووداوی ١٣ی ئاپریلی لێ کەوتەوە، خامنەیی بڕیاری دا کە کاتی گۆڕینی تاکتیکەکان هاتوە. دەبێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی چڕ لەلایەن ڕاوێژکارەکانیەوە کرابێ کە بووە هۆی ئەو بنەمایانەی کە ڕێنوێنیکەری ستراتێژیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ماوەیەکی وەها دوور و درێژدا بووە و لە کۆتاییدا ئێران یەکەم هێرشی ڕاستەوخۆی کردە سەر ئیسرائیل.

## ئیسرائیل قەت ئاوا لاواز نەبووە

فاکتەرەکانی ئەو لێکدانەوە کامانە بوون؟ "ئیسرائیل قەت ئاوا لاواز نەبووە". ئەو لە شەڕی غەززەدا گیری کردوە. نەیتوانیوە حەماس لەنێو ببات یان بارمتەکان بدۆزێتەوە. ئەو لە هەموو لاوە لەبەر ڕێژەی بەرزی کوژراوانی مەدەنی لە ژێر ڕەخنەدایە. حیزبوڵڵا ڕۆژانە هێرش دەکاتە سەر سنووری باکووری ئیسرائیل. هاژەکانی حوسییەکان لە هێڵی بەرگرییەکەیان تێدەپەڕن. لە لایەن دادگای دادی نێونەتەوەیی بە تۆمەتی کۆمەڵکوژی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە. بیر لە هێرشێکی ڕاستەخۆی ئێران بکەوە. بیر بکەوە بۆمب بەسەر شارەکانی ئیسرائیلدا ببارێن. بیر بکەوە ئیسرائیلی بە سەدان و هەزاران بکوژرێن و بریندار بن. ئیسرائیل خاکەڕا دەبێ. ڕێککەوتنی ئیبراهیم لێک هەڵدەوەشێ و، هەموو هیواکان بە بەربەرین بوونەوەی لەنێو دەچن." ڕاوێژکارە سەربازییەکانی خامنەیی دەبێ قەناعەتیان پێ هێنابێ کە ڕێژەیەکی زۆر درۆنی خۆتەقێنەوە دەبێتە هۆی نقومبوونی بەرگریی ئیسرائیل و لانی کەم ٪٥٠ هاژەکەکان دەگەنە نێو خاکی ئەو وڵاتە. هێرشە ئاسمانییەکە سەدان درۆن، هاژەکی دەریایی و هاژەکی بالیستیکی لە خۆ دەگرت.



سەرچاوە
Serchawe

لەجیات سەرکەوتنی پێشبینیکراوی سەربازیی و بانگەشەیی، هێرشەکە بووە مایەی شەرمەزاری. ئەوەی ستراتێژیستە سەربازییەکانی ئێران لە ئەژمارکردنی شکستیان هێنا ئەو پشتگیرییە یەکگرتووانە بوو کە هاوپەیمانانی ئیسرائیل لێیان کرد و هەروەها و ناخۆشەویستیی ئێران لە دنیا عەرەب دا (ئێرانییەکان ڕەنگبێ موسڵمان بن بەڵام عەرەب نین.)

ئەوان بێگومان نە حیسابیان لەسەر ئەوە کردبوو کە ئۆردون و عەرەبستانی سعودی یارمەتی دەکەن تا درۆنەکانی ئێران نەگەنە ئیسرائیل و نە چاوەڕوانی ئەوە بوون کە فەرانسە و بریتانیا لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان یاریدەی گومبەزی ئاسنین دەکەن تا هاژەکەکانی ئێرانی بخەنە خوارەوە. شکستە چاوەڕوانکراوەکەیان ئاکامی لەبەرچاو نەگرتنی بڕوابەخۆیی و کاریگەریی هێزەکانی ئاسایشی و سەربازیی ئیسرائیل بوو. دوای هێرشی ئاسمانیی ١٣ی ئاپریل، ئێرانییەکان جار لە دوای جار غافڵگیر کران.

لە ماوەی حەوتوویەکدا، ئیسرائیل بە هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر بنکەی سەربازیی ئێرانی لە سووریە و ئێران، وەڵامی دایەوە. لە پاشخانی پێکدادانەکانی تۆڵە بە تۆڵەدا، ئیسرائیل بڕیاری دا ڕاوی ئەو ڕێبەرانەی حەماس بێ کە بەرپرسی هێرشە دڕندانەکەی ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ بۆ سەر ئیسرائیل و ڕێبەرانی حیزبوڵڵا کە پشتیوانییان لێ کردن.

لەنێوبردنی محەممەد زەیف، سەرۆکی باسکی سەربازیی حەماس، لە ١٣ی جولای، تۆڵەئەستاندنەوەیەکی واتادارتر لە ئیسماعیل هانیە، سەرۆکی باسکی سیاسیی حەماسی بەدوادا هات. لە سەرشۆڕییەکی تایبەتیدا بۆ ڕێژیم، ئەو لە نێوەڕاستی پێتەختی ئێران، تاران، بە تەقینەوەیەک لە شوێنی حاوانەوەکەی دا، لە ٣١ی جولای تێدا چوو.

پاشان ١٧ و ١٨ی سێپتەمبەر هات، کاتێک ئامێرەکانی پەیوەندیگرتنی دەستی، وەکوو پەیجەر و واکی تاکی، کە بە تایبەتی بۆ حیزبوڵڵا دروست کرابوون و بە شێوەیەکی بەربڵاو لەنێو بریکارە نهێنییەکانیدا بڵاو کرابوونەوە، لە دووورەوە تەقێندرانەوە. لە ئاکامدا لانی کەم ٤٢ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٠٠٠ کەس بریندار بوون، کە زۆرینەیان بریکارە نهێنییەکانی حیزبوڵڵا بوون. ئەگەرچی ئیسرائیل خۆی لێ بەخاوەن نەکرد، بەڵام دنیا گریمانەی کرد کە دەبێ ئەو بەرپرس بێ.

دەگێڕنەوە ئالبەرت ئاینشتاین گوتوویەتی: "شێتیی ئەوەیە جار لە دوای جار هەمان کار بکەی و چاوەڕوانی ئاکامی جیاوازی لێ بکەی." خامنەیی هەر جۆرێک بیری کردبێتەوە، ڕەنگبێ لەو بڕوایە دابووبێ کە یەکەم هێرشی ئاسمانیی بۆ سەر ئیسرائیل هێندە بەهێز نەبووە، بۆیە بڕیاری هێرشی دووهەم، مەزنتر و جەختکراوتر بوو. ئەو بڕیاری دا کەڵک لە ٢٠٠



سەرچاوە
Serchawe

هاژەکی فەتتاح ١ و خەیبەر شکێن وەرگیرێت و هێرش بکرێتە سەر شوێنە سەربازیی و هەوالگرییەکان.

بەڵام، دووهەم هیرشی ئێران لە ١ی ئۆکتۆبەر، تەنیا کەمێک زەرەری لە یەکەمیان زۆرتر بوو. جارێکی دیکە، زۆربەی هاژەکەکان لە لایەن سیستەمەکانی بەرگریی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، لە ناویاندا پاپۆڕە جەنگییەکانی هێزی دەریایی وڵاتە یەکگرتووەکانی جێگیر کراو لە نزیکی ئیسرائیل، ڕێگرییان لێ کرا.

چۆن و لە چ ئاستێکدا ئیسرائیل تۆڵە دەکاتەوە، بوو بابەتی گریمانەی گەرمی مێدیاکان. یەکەم تیۆرییەکان کاتێک هاریکاری فرە نزیکی ئێران، یەحیا سینوار، لە لایەن هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل لە ١٦ی ئۆکتۆبەر کوژرا، دامرکانەوە. لە کاتێکدا سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکان، جۆ بایدن، پێشوازیی لە هەواڵەکە کرد و وەک "هەواڵێکی خۆش بۆ ئیسرائیل و بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان" وەسفی کرد، ڕوونی کردەوە کە، لە ترسی جەنگێکی هەمەلایەنە، ئەو نایهەوێ ئیسرائیل دامەزراوە ناوکی و نەفتییەکانی ئێران بە ئامانج بگرێ.

لە وەڵامی ئیسرائیل لە ٢٥ی ئۆکتۆبەر، ڕێز لە داخوازیی بایدن گیرا و تۆڵەکە لە هێرشی قورسی ئاسمانیی بۆ سەر ئامانجە سەربازییەکانی ئێرانی لە سووریە و ژێرخانی سەربازیی حیزبوڵڵا پێکهاتبوو.

کە وا بوو ئیسرائیل و ئێران بێگومان کێشەیانە، ئەگەرچی بە فەرمی لە جەنگدا نین. هەموو کەس دەتوانێ ببینێ کە هیچ ئاگربڕێک ناتوانێ قازانجێکی هەبێ.

ئامانجی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە کاتی دامەزرانییەوە لە ١٩٧٩، کۆکردنەوەی هێز و دەسترۆیشتوویی تا ئەو جێیەی بکرێ بۆ دەستەبەر کردنی ئامانجەکانی ڕێژیمە کە لە سەرەتاوە لەلایەن یەکەم ڕێبەری گەورەی ڕێژیم، ئایەتوڵڵا ڕوحوڵڵا خومەینی، دیاری کران.

خومەینی بەردەوام دووپاتی کردەوە کە ئامانجی سەرەکی شۆڕشەکەی لەنێوبردنی دیموکراسیی شێوە ڕۆژاوایی و شێوەی ژیانی ڕۆژاوایی و سەپاندنی ئیسلامی شیعە بە سەر دنیای ڕۆژاوادایە. ئەو وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیلی وەکوو ئامانجە سەرەکییەکان دیاری کرد، بەڵام یەکیەتیی سۆڤیەتی ئەو کاتیشی پێوە زیاد کرد.

خومەینی گوتی، "ئێمە دەخوازین ڕیشەی گەندەڵی زایۆنیزم، کەپیتالیزم و کۆمۆنیزم لە سەرانسەری دنیادا ویشک بکەین.

ئێمە دەخوازین خودای دەسەڵاتدار بەسەر هەموو شتێکدا، ئەو سیستەمانە لەنێو بەرێ کە ئەو سێیانە لەسەریان دامەزراون و پەرگالی ئیسلامیی پێغەمبەر زاڵ بکات".

مەبەستی نابراو لەوە، لێکدانەوە بەرتەسکەکەی شیعە لە ئیسلام، بۆ شوێنی دیکە بوو و نابراو گوتبووی شارە پیرۆزەکانی مەککە و مەدینە، کە لەنێو جەرگەی عەرەبستانی سعوودی هەڵکەوتوون، لە دەست "تاقمێکی کافری خراپ دان." ئەو ئامانجانە لەو کاتیەوە ڕێژیمیان هان داوە و هێشتا هۆی بوونی ئەوانن.

خومەینی گوتبووی، "ئێمە شۆڕشەکەمان بۆ هەموو دنیا هەناردە دەکەین. تا بانگی ئەڵلاهو ئەکبەر، لە هەموو دنیادا دەنگ دەداتەوە، خەبات درێژەی دەبێ".

بە کورتی، ڕێبەرانی ئێران دەیانهەوێ ئەو دنیایەی ئێمە دەیناسین لەنێو بەرن. ئەوان دەیانهەوەی بالادەستیی سیاسیی خۆرهەلاتی نێوەڕاستیان بەدەتەوە بێ، دێموکراسییە ڕۆژاواییەکان کە ئەمریکا نموونەیەکی ئاشکرایەتی، لە نێو بەرن، ولاتی ئسیرائیل لەنێو بەرن و ئیسلامی شیعە بە سەر دنیادا زاڵ بکەن.

**دنیا دان بەوەدا بنێ یان نا، لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ئێران، ئیسرائیل بۆ دنیای ئازاد بە گشتی دەجەنگێ.**

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## سارۆ خوسرەوی: گەلی کورد پێویستە جەژنی خاوەنکار بە بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت




وتووێژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**خاوەنکار جێژنی ئایینی یارسانەکانە کە هەر ساڵە لە چلەی پاییزدا لەلایەن پێڕەوانی ئایین یاری بە شکۆوە بەڕێوە ئەچێت. "کوردستان" بۆ باس و بابەتێکی تایبەت بە جێژنی خاوەنکار لە کۆمەڵگەی یارسان و مێژوویی ئەم جێژنە و تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە لە کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ سارۆ خوسروەی، نووسەر و لە پێڕەوانی ئایینی یاری پێکهێناوە.**

**شەهرام سوبحانی: کاک سارۆ سەرەتا پێمخۆشە بەم پرسیارە وتووێژەکەمان دەست پێ بکەم، کە جێژنی "خاوەنکار" واتای و فەلسەفەکەی چییە؟**

**سارۆ خوسرەوی**: لە پێشدا با ئەوە بڵێم، وشەی "خاوەنکار" یانی سێحەبکار، بەڵام لە ئەدەبیاتی باوەڕیی یارساندا مەبەست لە "خاوەنکار" ئافرێنەر و خاوەنی چەرخی گەردوونە. ئەم وشەیە هاوواتای خودایە و لە پەڕاوەکانی یارساندا وەک: "ساحێبکەرەم"، "پاشا"، "سوڵتانی حەقیقەت" و "شای هەورامان"یش لێک دراوەتەوە. واتای ئەوەیە کە تۆ لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ خوایەک ڕووبەروو دەبیتەوە کە وەک تۆ ئەندامێکە لە کۆمەڵگە، ئەم خودایە لە بوونی مرۆڤدا خۆی نیشان دەدات و تۆ دەتوانی ڕاوێژی لەگەڵ بکەی. لە یارساندا جەژنێک هەیە بە ناوی "خاوەنکار" و لەبەر ئەوەی "مەڕنۆ" وەک شوێنی ڕووداو یادی لێ دەکرێتەوە، ئەم جەژنە وەکوو جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوی لێ دەبرێت. ئەم جەژنە بە خاتری ئامادەبوونی "سوڵتان سەهاک" و یارانی لە شوێنی ڕووداوەکە و سەرکەوتنی تیشک بەسەر تاریکاییدا و بوونی ڕەسمیی یارسان لە فۆرمی مرۆڤدا، وەک خاڵی وەرچەرخان و بنەڕەتیی بیرۆکەی یاری، یادی لێ دەکرێتەوە و هەموو ساڵێک لە کۆمەڵگەی یارساندا پیرۆز دەکرێت. مژاری یارسان بەر لە "مەڕنۆ" تەنیا وەک ئەدەبیاتێکی باوەڕی هەبووە، ئەوەیش بەدەر لە چوارچێوەی مەدەنی، دەستووری و سیستەمی ئایینی. بەڵام دوای "مەڕنۆ" کۆمەڵگەی یارسان دەبێتە خاوەنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئایینیی تایبەت بە خۆی. جەژنی خاوەنکار، پەیوەستە بە ڕۆحی ئەوەیندارییی یارسانییەکانەوە لە مەڕ مێژووی ١٢٠٠ ساڵەی ئایینەکەیان لە چەندین قۆناغی ئەستەم و پڕ لە تێکۆشانی لەبۆ زیندووڕاگرتنی ئایین، فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردان لە نیشتمانی خۆیاندا.

**شەهرام سوبحانی**: مێژوویی جێژنی "خاوەنکار" بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**سارۆ خوسرەوی**: ئایینی یاری بە نهێنی و ئاشکرا، چەندین دەورەی تێپەڕاندووە تا گەیشتووەتە ڕووداوی مەڕنۆ. وەک دەورەی بالوول، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی بابا نائوس، سەجنار و پاشان دەورەی پردیوەر. مێژووی گشتیی سەرهەڵدان و پەیدابوونی ئایینی یاری دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ١٢٠٠ ساڵ پێش ئێستا، بەڵام تەمەنی نوێی ئەم ئاینە ٧٠٠ ساڵە، واتە لە چەرخی سێزدەی زایینی و لە کاتی سەرهەڵدانی سوڵتان سەهاک لە (دەورانی پردیوەر)، لە هەورامان جێژنی خاوەنکار لە ژێر ناوی "دەعوەتی پادشایی" بەڕێوە چووە.

**جێژنی "خاوەنکار" یا جێژنی "مەڕنۆ"یشی پێ دەڵێن، پێمان خۆشە لێرەدا باسێک لە حیکایەتی ئەو مەڕنۆوە بکەن.**

سوڵتان سەهاک بەرزنجەیی، کوڕی "شێخ عیسا"، یەکێک بووە لە گەورەکانی ناوچەکە. سوڵتان سەهاک لەساڵی ٢٦٠ی کۆچی هەتاوی لە بەرزنجەی سەر بە "عەربەت" لە پارێزگای سلێمانی لەدایک بووە. لەبەر ئەوەی لە باری بیر و بڕواوە کەسێکی جیاواز بووە، لە سەردەمی منداڵیدا، براکانی و خەڵکی ناوچەکە بەرانبەری نەرمونیان نابن و لەگەڵی

کەوتوونەتە ململانێی فیکری. پاشان لەبەر گوشار و زوڵم و زۆریی هێزە دەسەڵاتخواز و ڕادیکاڵەکان، لە ناوچەی بەرزنجەی سلێمانییەوە بەرەو هەورامان کۆچی کردوە. لە ڕێگە، لە نزیکی هەورامان و لە کێوی "شنرویَ"ی ئێستادا، هێزێکی نەیار دوایان کەوتوون و هێرشیان کردوونەتە سەر. سوپایەک لەژێر ناوی "چیچەک"، کە پێک هاتبوون لە نەیاران و تاریکپەرستانی ناوچەکە، بە هاوکاری لەگەڵ هێزی پشتیوان کە بۆ پیلانگێڕی ڕەوانەی دەڤەرەکە کرابوون، ڕووبەڕووی سوڵتان سەهاک و یارانی بوونەتەوە. سوڵتان سەهاک لەگەڵ یارانی پەنا دەباتە ئەشکەوتێک بەناوی "مەڕنۆ" و بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لە ئەنجامی هەڵکردنی با و بۆران و گەردەلوول، سوپای چیچەک لە پاش سێ ڕۆژ تەفروتونا دەبن و لە ئاکامدا بەهۆی ڕووداو و بەڵای سرووشتی، ناچار دەبن ناوچەکە بەجێ بهێڵن. سوڵتان سەهاک، لە بەر ئەوەی سوپای چیچەک نەیتوانیبوو بە ئامانجی خۆی بگا و لە پلانەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوون، دوای ڕۆژی سێهەم بڕیار دەدا جەژنێک بەڕێوە ببا بە ناوی جەژنی "خاوەنکار". ئەم جەژنە، بە جەژنی "مەڕنۆ"یش ناوبانگی ڕۆیشتوە. دوای بەڕێوەچوونی جەژنەکە، سوڵتان و یارانی درێژە بە سەفەرەکەیان دەدەن و دەگەنە هەورامان و لەوێ دەعوەتی پادشایی بەڕێوە چووە.

**شەهرام سوبحانی**: تایبەتمەندییەکانی ئەم جێژنە چییە؟ و بۆچی زۆربەی خەڵک ئاگاداری حەقیقەتی ئەم جێژنە نین، و تەنیا وەک جێژنێکی سادە و نەریتی چاوی لێ دەکەن؟

**سارۆ خوسرەوی**: دوای گەشەسەندن و سەقامگیریی ئیسلام لە کوردستان، زۆر لە ئایین و کولتوورە جیاوازەکان لەژێر کاریگەریی کولتووری زاڵدا، بە جۆرێک لەنێو چوون یان کەمڕەنگ بوونەتەوە. لەم نێوەدا، بەشێک لە باوەڕمەندانی ئایینییە زاگرۆسییەکان شانبەشانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، تێکۆشان و نەچوونە ژێر باری ئایینی داسەپاو، بەڵکوو لەسەر ئایینی دێرینی خۆیان مانەوە، کە یەکێک لەوانە پێڕەوانی ئایینی یارییە. سەرچاوەی یاسا و بیری ئایینی یاری دەچێتەوە سەر "مەڕنۆ" و لەوێوە چوارچێوە وەردەگرێ. پاشانیش خاوەنکار دەبێتە چەمکێکی نوێ و ژیان ڕەنگڕێژ دەکا و هەوڵ دەدا لە حەقیقەت بگا. بوونی یارسان بە هۆی ئەم ڕووداوەوە، سەلمێندراوە و سوڵتان سەهاک و یارانی لە پردیوەری هەورامان، ڕێساویاسای ئایینی یارییان داڕشتووە. کۆمەڵگەی یارسان هەتا چەند ساڵ پێش ئێستا لە ڕووی فەلسەفی و ئەدەبیاتی باوەڕییەوە شارەزای ڕووداوی مەڕنە و گرینگیی جەژنی خاوەنکار نەبوون، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە پەرتۆکەکانی ئایینی یاری وەک"سەرنجام و زەبووری حەقیقەت" بە شێوەی گشتی لەبەر دەست نەبوون و زۆرتر لە تەکیە و خانەدانەکانی یارسان پارێزراو بوون، بەڵام لە پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم دوو پەرتوکە و هەروەها شرۆڤەی بەشێکی زۆر لە کەلامەکان، باوەڕمەندانی یارسان باشتر لە گەوهەر و حەقیقەتی خاوەنکار تێگەیشتن.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جێژنە چۆنە؟ و فەلسەفەی بوونی "هەنار" یا "سێوی سوور" و "کەڵەشێر"ێکی تەندروست لەم جەژنەدا چییە؟

**سارۆ خوسرەوی**: نەریتی بەڕێوەبردنی ئەم جەژنە ئاوایە کە هەر بنەماڵەیەکی یارسانی لەسەریەتی کەڵەشێرێکی تەندروست کە بتوانێ بقوولێنێ، لەگەڵ برنج کە بە ڕۆنی خۆماڵی لێنرابێت، بباتە خزمەتی جەم و جەمخانە هەتا لەوێ لەلایەن سەیدەوە نزای لەسەر بخوێنرێ و پاشان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەنێوان خەڵکیدا دابەش بکرێ. جگە لەو شتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ کرا، "نیاز"یش دەکرێ لە هەنار، سێوی سوور و چەند شتی تریش پێک بێ و لە جەمدا ئامادە بکرێ. جەمی دابەشکردنی هێز و دەسەڵات، جەمی دابەشکردنی نیاز، جەمی هاریکاری و یەکیەتیی پێک دێ و ئەوجا جەمنشینان سەرقاڵی داگیرساندنی مۆم دەبن و لەگەڵ تەمبووردا کەلام دەخوێنن. لە ڕۆژی جەژندا، یارانی یاری، خۆیان بۆ سەردانی یەکتر ساز دەکەن و ئەندامانی جەمخانەکان بۆ جەژنە پیرۆزە سەردانی یەکتر دەکەن. ئەم نەریتە لە لای گشت ئەندامانی کۆمەڵگەی یارسان، جێگای خۆی گرتووە. لە ڕووی ئایینییەوە، هەنار لە ئایینی یاریدا میوەیەکی تاڕادەیەک تایبەتە و بە هێمای پیرۆزی، یەکبوون و هەرمان چاوی لێ دەکەن. پیرۆزی ئەم میوەیە لە جەژنی سێ ڕۆژەی خاوەنکار یان جەژنی پادشایی یارساندا بە ڕوونی دەبینرێت. هەنار لە دەستپێک تا کۆتایی جەژنی خاوەنکار لە جەم و خەمخانەکانی یارسان وەک نیاز دوعای لەسەر دەخوێنرێت و لە نێوان جەمنشینان دابەش دەکرێت. لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی یارساندا، هەنار چەتری یەکبوونە، وەک ئەوەی کە سەدان دانەی هەنار لەناو پێستێکدا یەکیان گرتووە. لە نێوان هەر ڕیزە هەنارێک پەردەیەکی سپی و ناسک هەیە کە ئەو پەردەیە سنووری نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، بەڵام لە گەوهەردا هەر هەموویان بەرهەمی یەک دارن و لە یەک سەرچاوە ئاویان خواردووەتەوە. ئەم بیرۆکەیە دیارە لە فەلسەفەی مرۆڤمەداریی ئایینی یاریدا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها لە باوەڕیی یارساندا، کەڵەشێر هێمای ئاگایی و بێدارییی کۆمەڵگەیە بۆ شۆڕش و تێکۆشان و پێشکەوتن. تەندروستی کەڵەشێر بۆ ئەوەیە بتوانێ بخوێنێ و کۆمەڵگە وەخەبەر بێنێ. سێویش وەک میوەی ئەوین و پەیمانی دۆستایەتی لە جەمی یاریدا دابەش دەکرێت.

**شەهرام سوبحانی**: گرینگی جەژنی "خاوەنکار" بۆ گەلی کورد بە گشتی چییە؟

**سارۆ خوسرەوی**: فەلسەفەی خاوەنکار، لەدەوری یەک کۆمان دەکاتەوە، بۆ پارێزگاری لە شوناس و فەرهەنگ و شارستانییەتی خۆمان. خاوەنکار، تێکۆشانی سەرمەستانە و هێمای بێداری گەلە لە بەرانبەر داگیرکەران و نەیاران لەسەر خاکی کوردستان. گەلی کورد پێویست دەکات وەک فەلسەفەیەکی مەعنەوی و سیستەمی فیکری چاو لە جەژنی خاوەنکار بکات

و بەدەر لە مەسەلەی ئایینی، خاوەنکار وەک بزووتنەوەیەکی فیکری و بەشێک لە شکۆ و شانازییەکانی مێژووی خۆی بزانێت.

**شەهرام سوبحانی**: کاک سارۆ سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن

**سارۆ خوسرەوی**: سپاس بۆ بەڕێزتان ئێوەش ماندوو نەبن.

٣٠ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**سەرماوەزی ٢٧٢٤ی کوردی = بۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

